بنکەی ژین


**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ١٥٦

کتێب: عەبدوڕڕەحمان بەدرخان؛ ئەوی 'کوردستان'،

یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی بڵاوکردەوە (١٨٩٨-١٩٠٢)

دانەر: مالمیسانژ

وەرگێڕ: زریان ڕۆژهەڵاتی

پیتچنین: سەهەند

لەقاڵبدان: لاس

خەت و ڕووبەرگ: ئەحمەد سەعید

نرخ: ٤٥٠٠ دینار

تیراژ: ٥٠٠

ژمارەی سپاردن: ١٣٦١ی ساڵی ٢٠١٣ی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتیەکانی پێدراوە

جێی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

ساڵی چاپ: ٢٠١٣

٩٥٦,١

م ٢٧٥ مالمیسانژ

عەبدوڕڕەحمان بەجرخان ئەوی 'کوردستان'ی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی بڵاو کردەوە (١٨٩٨-١٩٠٢)/ نووسینی مالمیسانژ

٢٥٥ل: ١٤,٨٤×٢١ سم، زنجیرە؛ ١٥٦.

١- نێژووی کورد. ٢- زریان ڕۆژهەڵاتی (وەرگێڕ) ٣- ناونیشان

**لەم سەرچاوە تورکییەوە کراوە بە کوردی:** Malmisanij, Ilik Kurt Gazetesi Kurdistani Yayimlayan Abdurrahman Bedirhan (1868-1936), Vate Yayinevi, Istanbul, 2009.



## بنکەی ژین

**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**

عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی؛ شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان،

تەلاری ژین تەنیشتی (مزگەوتی شێخ فەرید) تەلەفۆن: ٢-٣٣٠١٢٩١

ئاسیا: ٤٨٤٦٣٣٥٧٧٥ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ کۆڕەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩ س. پۆست: ١٤

ناونیشانی ئەلکترۆنی: info@binkeyjin.com ماڵپەڕ: www.binkeyjin.com

**مالمیسانژ**

# عەبدوڕڕەحمان بەدرخان

**ئەوی 'کوردستان'، یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی بڵاوکردەوە**
**(١٨٦٨-١٩٣٦)**

**وەرگێڕ**
**زریان ڕۆژهەڵاتی**

## مالمیسانژ

ساڵی (١٩٥٢) له دیاربەکر لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لەویٚ تەواو کردووە، بەڵام خوێندنی باڵای له ئەنقەره بڕیوە. له زانکۆکانی (سۆربۆن)ی فەرەنسا و (ئۆپسالا)ی سوید بەشی زمانه ئێرانیەکانی خوێندووە و له زانکۆی (لینکوپینگ)یش بەشی پەروەردەو ڕاهێنانی گەلی تەواو کردووە. جگه لەوە، ماستەری له بەشی کتێبخانەی زانکۆی (گۆتەبورگ) وەرگرتووە. له بەشی پێداچوونەوە و هەڵەبڕیی گۆڤارەکانی: (تیرێژ، هێڤی، چارچرا، چرا) کاری کردووە. ئێستایش بەرپرسی بەشی هەڵەبڕیی گۆڤاری واتایه. هەندێك له کتێبەکانی وەرگێڕدراون بۆ زمانەکانی: ئینگیزی، عەرەبی و کوردی (کرمانجیی باشوور).

دانراوەکانی:

* د. عەبدوڵڵا جەودەت و نەتەوەخوازیی کوردی له سەرەتای ئەم سەدەیەماندا، ١٩٨٦.
* فەرهەنگی دملکی (زازاکی)– تورکی، ١٩٨٧.
* هێرۆکلیتۆس، ١٩٨٨.
* فۆلکلۆری مارا چەند نموونەی، ١٩٩١.
* سەعیدی نورسی و کێشەی کورد، ١٩٩١.

* عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و "کوردستان"ی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، ژمارەی ١٧و١٨، ١٩٩٢.

* کەمال فەوزی بتلیسی و پێگەی لە ڕێکخراوەکانی کورددا، ١٩٩٣.

* کۆڕنامەکانی کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخانی و بەدرخانییەکانی جزیرە و بۆتان، ١٩٩٤.

* کرد، کرمانجی دملی یان کوردە زازاکان، ١٩٩٦.

* فەرهەنگی (کردکی، پەهلەوی، کرمانجکی)، ١٩٩٧.

* جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کوردو ڕۆژنامەکەی، ١٩٩٨.

* Kurdkist forfattaraskap och kurdisk bokutgiving, 1998

*یەکەم ڕێکخراوی قانوونیی خوێندکاری (تەلەبەی) کورد؛ جەمعییەتی هێڤی (١٩١٢-١٩٢٢)، ٢٠٠٢.

*جەمیل پاشازادەکانی دیاربەکر و نەتەوەخوازیی کوردی، ئەستەمووڵ، ٢٠٠٤.

* پیرەو لویە، ٢٠٠٤.

* ڕندێ کنجان خۆرە دانا، ٢٠٠٤.

* ڕندێ حەیوانان ناس کەنا، ٢٠٠٤.

* گوتبوون کوو.. ئەستەمووڵ، ٢٠٠٦؟

* ئێستاو ڕابردووی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی لە سووریا و تورکیا، ئەستەمووڵ، ٢٠٠٦.

ئەو کتێبانەی کە لەگەڵ نووسەرانی دیکەدا نووسیونی:

* مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی، ڕۆژنامەگەرییا کوردی لە کوردستانا باکوورا و ل ترکێ، ١٩٨٩.

* مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی، ڕۆژنامەگەرییا کوردی ل کوردستانا باکوور و ل ترکێ، بەرگی٢، ١٩٩٢.

* م. مالمیسانژ و مەحمەت ئۆزوون، ڕندێ باخچەیێ کالۆیی‌دا، ٢٠٠٤.

* م. مالمیسانژ و مەحمەت ئۆزوون، ڕندێ ڤانائێ منا، ٢٠٠٤.

* م. ماڵمیسانژ و مەحمەت ئۆزوون، ڕندێ ئوو کەیەیێ خۆ، ٢٠٠٤.

* گرووپا خەباتی یا وزاتەیی، فەرهەنگێ ترکی– کرمانجکی (زازاکی) ئۆ کرمانجکی (زازاکی)–ترکی، ٢٠٠٤.

* گرووپا خەباتێ یا وائەیی، ڕاستنووشتشێ کرمانجکی (زازاکی)، ٢٠٠٥.

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١٣ |
| ١. عەبدوڕڕەحمان بەدرخان (١٨٦٨-١٩٣٦) | ١٥ |
| ١. ١- لە جنێڤ | ١٦ |
| ١. ٢- هاوسەرگرتنەکەی | ٢٦ |
| ١. ٣- هەستیارییەکەی بەرامبەر بە کێشەی ئەرمەن | ٢٧ |
| ١. ٤- ڕووداوەکەی ڕزوان پاشا و دوورخرانەوەی بەدرخانیەکان | ٤٣ |
| ١. ٥- گەڕانەوەی ئیلیزابێت بۆ سویسرا | ٧٩ |
| ١. ٦- لە زیندانی تەرابولسی غەربدا | ٨٨ |
| ١. ٧- دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی دووەم | ٩٤ |
| ١. ٨- قوتابخانەی کوردی لە ئەستەمووڵ | ٩٩ |
| ١. ٩- دوای یەکەم جەنگی جیهانی | ١١١ |
| ١. ١٠- لە کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخاندا | ١٢٥ |
| ١. ١١- لە قۆناغی کۆماریدا | ١٢٧ |
| میقداد میدحەت بەدرخان بەپێی سجللی ئەحوال | ١٢٩ |
| ٢. کوردستان: یەکەم ڕۆژنامەی کورد | ١٣٧ |
| ٢. ١- عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و ڕۆژنامەی کوردستان | ١٤٠ |
| ٢.٢- ڕۆژنامەی کوردستان و دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم | ١٥٣ |
| ٢. ٣- کۆپییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان | ١٦٤ |

پاشکۆکان


| | |
|---|---|
| (١) نامەیەك كە بۆ لەیلای کچیی نووسیوە | ١٦٧ |
| (٢) نامەیەکی دیکە کە بۆ لەیلای کچیی نووسیوە | ١٧٨ |
| (٣) نامەیەك لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بلاّو کراوەتەوە | ١٨٠ |
| (٤) داگیرکرانی ئایدن لەلایەن یۆنانیەکانەوە، کاتێك عەبدوڕڕەحمان بەدرخان موتەسەڕیفی ئەوێ بووە | ١٨٤ |
| (٥) نامیلکەیەکی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان کە ساڵی (١٩٠٠) بلاّو کراوەتەوە | ١٩٨ |
| (٦) لیستێکی (٣٩) کەسی بۆ دوورخستنەوە | ٢٢٠ |
| (٧) لیستێکی (٧٩) کەسی بۆ دەستگیرکردن و دوورخستنەوە | ٢٣٠ |
| (٨) لە بیرەوەریەکانی نیعمەت ئارزقدا | ٢٤٢ |
| (٩) کۆڕنامە (محضر)ی دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران (مەجلیسی وکەلا) | ٢٤٦ |
| سەرچاوەکان | ٢٥٢ |

## کورتکراوەکان

Bak: بڕوانە

BOA: ئەرشیفی عوسمانلی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

C: بەرگ

DH.HKT: قەڵەمی نووسراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ

DH.SAIDd: دەفتەری تۆماری حاڵنامەی وەزارەتی دەرەوە

HR. SAID: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارگێڕیی سیجللی ئەحواڵی وەزارەتی دەرەوە

I.MTZ. (05): ئیرادەلەر میسر

MF.MKT: قەڵەمی نووسراوەکانی مەعاریف

MV: کۆڕنامەکانی ئەنجومەنی نوێنەران

Nr: ژمارە

Y. PRKAZN: یڵدز، داوای وەزارەتی مەزاهیب و کاروباری دادوەری

Y. PRK.MF: یڵدز، داوای جیاجیای وەزارەتی مەعاریف

Yagy: ئەو نووسراوانەی کە لە سەرەوە باسیان لێوە کرا

ZB: زەبتییە نەزارەتی (وەزارەتی زەبتییە)

## پێشەکی

ڕۆژنامەی کوردستان، کە بەردێکی بناغەی کەلتووری نووسراوی کوردییە، وەك یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ساڵی (١٨٩٨) لە قاهیرە، لەلایەن میقداد میدحەت بەدرخانەوە دەرکراوە. لە دوای (٥) ژمارەوە، ئیدی عەبدوڕڕەحمان بەدرخانی برای لە وڵاتی جیاواز ڕۆژنامەکەی دەرکردووە. ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن کەمال فوئادەوە دۆزراوەتەوەو لە ساڵی (١٩٧٢)شدا وەك خۆیان چاپ کراونەتەوە. لە دوای ئەوەش خوێنەران و لێکۆڵەران توانییان دەستیان بگا ب زانیاریی دروست لەسەر ئەم ڕۆژنامەیە. ساڵی (١٩٩١)، محەمەدئەمین بوز ئەرسلان نووسینەوە و چاپکردنەوەی هەمان ڕۆژنامەی بەجێ هێنا و بەو جۆرەش ڕۆژنامەی کوردستان گەیشتە جەماوەرێکی فراوانی خوێنەرانی کورد*.

www.zheen.org

لە بەرهەمەکانی کەمال فوئاد و "محەمەدئەمین بوز ئارسەلان"یشدا، ژمارەکاین ١٠، ١٢، ١٧، ١٨، ١٩ی ڕۆژنامەی کوردستان نووقسان بوون. ساڵی (١٩٩٢) ژمارەکانی ١٧و١٨ی ئەو ڕۆژنامەیەم دەست کەوت و سەرلەنوێ نووسیمەوە و وەکوو کتێبێك چاپمان کرد. هەر لەو

---

* لەم بەرهەمە و دەقە عوسمانیەکانی دیکەدا کە من کاری لە ڕوونووسینەوەم بۆ کردوون. هەندێك پیت و وشە لەنێو کەوانەدا دانراون، خۆم زیادم کردوون.

کتێبەدا هەوڵم داوە زانیاری لەبارەی ڕۆژنامەی کوردستان و عەبدوڕڕەحمان بەدرخانەوە بدەم. ئەو کاتانە زانیاریەکان لەسەر عەبدوڕڕەحمان بەدرخان زۆر کەم بوون. دوای بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە، زانیاریی دیکەم لەبارەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخانەوە دست کەوت و چەندین نووسین و بابەت و بەڵگەی ناوبراوم پەیدا کرد. ئەم کتێبەی بەردەستتان بۆ ئەوە نووسراوە کە ئەوانە بگەیەنمە خوێنەران.

سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکارم بوون لە پەیداکردنی هەندێك لەو بەڵگانەی لە کتێبەکەدا هەن، بەتایبەتی سوپاسی سەردارەك ئوچار دەکەم کە نامیلکەی قیام (ڕاپەڕین)ی کوردستانی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و وێنەیەکی ئیسماعیل حەقی بابانی پێدام. هەروەها سوپاسی عەبدوڕڕەحمان ئیتا ئەرئۆغڵوو دەکەم کە هەندێك بەڵگەو وێنەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخانی پێداوم و سوپاسی م. شەریف و لەیلاش دەکەم کە لە وەرگێڕانی دەقە فەرەنسییەکاندا هاوکارییان کردم. هیوادارم سوودبەخش بێ.

٢٠٠٩/١١/١

نیگەی ژین
www.zheen.org

## ١. عەبدوڕڕەحمان بەدرخان (١٨٦٨-١٩٣٦):

عەبدوڕڕەحمان سامی بەدرخان کوڕی میری بەناوبانگی جزیرە و بۆتان بەدرخان بەگ و دەلالی یەو سالی (١٨٦٨) لەدایك بووە. عەبدوڕڕەحمان هێشتا تەمەنی یەك ساڵ بووە كە باوكی كۆچی دوایی كردووە. لە تەمەنی منداڵییەوە لە مەکتەبی غەڵەتە سەری ئەستەمبووڵ، سەرای ئەستەمووڵ کە ئەو کاتە بە مەکتەبی سوڵتانییە دەناسرا[١].

دواتر بەشی زانستە سیاسییەکانی مەکتەبەی تەواو کردووەو پاش ئەوە کراوەتە باشکاتب (سەرنووسەر)ی بەڕێوەبەرایەتیی ئامادەیی‌یە لە وەزارەتی پەروەردە. تا سالی (١٨٩٨) بۆ ماوەی شەش حەوت ساڵ لەو پۆستەدا ماوەتەوە[٢]، بەڵام لەو کارەی خۆی ڕازی نەبوە. لەنامەیەکدا کە بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی نووسیوە لە پاریسەوە وەهای گوتووە: ((خەیاڵ و ئارەزووی تایبەتم ئەوەبوو کە بتوانم خزمەتێکی میللەتەکەم بکەم. بەڵام بەداخەوە زوڵم و ستەمەکانی ئێوە کە تەنانەت مارو مێروەکانیشی بێزار کردووە لە بەدیهاتنی ئەو داوایانەمدا ڕێگر بوون. کاتێ دەرفەتی مانەوەم

www.zheen.org

---

[١] بەگوێرەی نووسراوێکی ڕەسمی کە ساڵی (١٨٧٧) بۆ مەکتەبی سوڵتانی نووسراوە، وا دەر دەکەوێ داوا کراوە کوڕەکانی بەدرخان پاشا (میدحەت، حەسەن، کامیل و عەبدوڕڕەحمان) بە خۆرایی لەو مەکتەبە بخوێنن. ئەوکاتە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان تەمەنی (٩) ساڵ بووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Bak.BOA.MF. MKT, 47/143, Tarih: 09/R/1294 [Hicri]

[٢] کوردستان: ڕۆژناما کوردییا پێشین، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (١٨٩٨-١٩٠٢)، م. ئەمین بۆزئارسلان لە پیتی عەرەبییەوە کردوویە بە پیتی لاتینی:
CII, Deng yayinevi, Uppsala, 1991, s. 466
BOA.MF. MKT,398/2, Tarih: 10/M/1316 [Hicri]

له ئەستەموولْ نەما، فەرمانبەر و مووچەکەی خۆیشم لە پێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزەدا –کە باسم کرد– بەخت کرد. بەم جۆرەش خۆم خستە باوەشی ئازادی)).[٣]

**١.١- لە جنێڤ:**

بەم جۆرەش لە ساڵی (١٨٩٨)دا چووەتە شاری جنێڤ لە سویسرا و لەوێ هەم لەنێو گرووپی (**ئیتحادو تەرەقی**)دا دەستبەکار بووە، هەم درێژەی داوە بە چاپ وبڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان کە میقداد میدحەت بەدرخانی برای لە قاهیرە دەری کردبوو، لەگەڵ گەڕانەوەی "**میقداد**"دا بۆ ئەستەموولْ، چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستانم ڕاگیرابوو.

دیارە پۆلیسی سویسرا ئاگاداری پەیوەندییەکانی عەبدوڕڕەحمانی بەدرخان لەگەڵ جەمعییەتی ئیتحیادو تەرەقی دا بووە، چونکە کاتێ ڕەسووڵ بەگ سەرکونسوڵگەری عوسمانی لە جنێڤ پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە ((دوو کەسی فەرەنسی پێیان وتووە نوری ئەحمەد و لاردی خەریکی پیلانگێرییەکن))، عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و چەند

www.zheen.org

---

[٣] Kurdistan, rojnama kurdi ya Pesin, 1898-1902, C.II, s. 466

**کەسی[٤] دیکە کە ئەندامی ناوەندی جەمعییەتی ئیتحیاد و تەرەقی بوون لە جنێڤ، دەستگیر کراون و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە[٥].**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٤] **بۆ زانیاری لەبارەی لێپرسینەوەی ڕۆژی ٦/١٠/١٨٩٩وە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:**
Bundesarchiv-Bern, 21/14`248 (156) – (Hanioglu, M. Sukru, M. Sukru, Bir siyasal orgut olarak osmanli Ittihad ve Terakki cemiyeti ve jon Turkluk (1889-1902), C.T, Iletism yaginlar, Istanbul, 1985 (?), s. 319.

[٥] Hanioglu, M. Sukru, Bir Siyasal orgut olarak osmanli Ittihad ve terakki cemiyet: ve Turkluk s. 319.


www.zheen.org

عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و دایکی (دانیشتوەکە)

وا دەر دەکەوێ ئەو کاتەی لە جنێڤ بووە، پێوەندیی باشی لەگەڵ عارەبگێری "د. عەبدوڵلا جەودەت"ی یەکێك لە سەرکردەکانی جووڵانەوەی ژۆن تورك و دیاربەکری د. **ئیسحاق سکووتی**دا هەبوە. کەسێکی "حەیدەر" ناو لە سەرکونسڵگەریی عوسمانی بووە لە جنێڤ، لە نامەیەکدا بۆ بەرپرسانی دەوڵەت، باسی ئەوەی کردووە کە عەبدوڵلا جەودەت و عەبدوڕڕەحمان بەدرخان ((داوای چاپخانەی جووڵاویان کردووە)) و زانیاریی پێگەیشتووە لەسەر ئەوەی کە ئەو جووتە چاپخانە دادەنێن، ئەمەیش دەقی نامەکەیە:

((بۆ دەوڵەتی بالاّی عوسمانی

سەرکونسڵگەریی جنێڤ

ژمارە: ١٤٢

بۆ: بەڕێزان و گەورەکانی دەوڵەت و کاروباری باڵوێزەکان

باڵوێزخانەی بالاّی ڤیەننا

عەبدوڵلا جەودەت کە لە پزیشکی دەرکراوە، هاتووە بۆ ئێرە و لەگەڵ عەبدوڕڕەحمان بەدرخاندا کە لێرەیە، بەشێکی داوایان کردووە لە ئەڵمانیاوە ئامێری چاپخانەی موتەحەریکیان بۆ بنێرن. ئەمانە دەیانەوێ لە ڕێگەی دانانی چاپخانەوە دەست بە کاری بازرگانی بکەن، زانیاریی ئەوەش وەرگیراوە کە بەم زووانە، چەند کەسێك لە پاریسەوە دێن بۆ ئێرە. لەو بارەیەوە هەموو فەرمان و بڕیارێکی هیی ئێوەی ئەفەندییە بەڕێزەکانە.

**١٤ی مایسی ١٩٠٤**

**سەرکونسڵگەری جنێڤ، حەیدەر مۆر[٦]**

**هەر لەو کاتانەدا عەبدوڵلا جەودەت هەڵەبڕی ڕۆژنامەی "عوسمانلی" بووە کە لە جنێڤ بڵاو کراوەتەوە. وەك چۆن لە دێڕەکانی داهاتوودا باسی دەکەین، ئاشکرایە عەبدوڵلا جەودەت و ئیسحاق سکووتی و عەبدوڕڕەحمان بەدرخان هاوکاریی یەکتریان کردووە.**

**یەکێکی دیکە لەو کوردانەی کە لە جنێڤ لەنێو ژۆن تورکەکاندا کاری کردووە، حیکمەت بابان بووە. عەبدوڕڕەحمان بەدرخان پێوەندیی باشی لەگەڵ ئەویشدا هەبوە[٧]. نووسراوی سەر کارتێك کە لە ٢٠ی حوزەیرانی نزیك و دۆستانەی ئەوان دەر دەخا: ((هەوا هەوردار و مژاوییە، باران بە بەردەوامی دەبارێ. تەنانەت گردێکی بچکۆلانەی ئەو چیا بەرزانە دیار نییە. هۆلەکە پڕە لە ژن کە یەکیان لەیلایە و لە تەنیشتمان دانیشتووە. لەترسی خەڵك ناتوانین قسە بکەین. ئێمە لەبەینی خۆماندا لە گۆشەی چاوەکانمانەوە سەیری یەکتر دەکەین و**

www.zheen.org

[٦] ئەرشیڤی باڵیۆزخانەی پاریس، ٢٨٧٠؛ ئەرشیڤی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران: Irade-: Hususi, 27, sa`ban 1332/no 761969

ئەوی باسی کردووە:

Hanioglu, Dr. M.sukru, Bir Siyasal Dusunur olarak Doktor Abdulla cerdet ve Donemi, Ucdal Nesriyat, Istanbul, 1981, s.111, 218

[٧] حیکمەت بابان کە لە جنێڤ بووە، لە بینای ژمارە ٥٣ی کۆڵانی کارۆگ دانیشتووە. ڕۆژنامەی "کوردستان"یش لە ژمارە (١٦–١٨)، لە بینای ژمارە ٧ی هەمان کۆڵاندا بووە. هاوزەمان ئەوێ جێی حەوانەوەی دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت بووە (بڕوانە: هانی ئۆغڵوو، م. شوکری، د. عەبدوڵڵا جەودەت وەك بیرمەندێکی سیاسی و قۆناغەکەی، ل٧٢).




ئەو کارتە کە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لە ١٩٠٢/٦/٢٠دا ناردوویە بۆ حیکمەت بابان




**بەو زمانە زۆر شت بەیەك دەڵێین. لەو بێدەنگییەدا چی بۆ یەکتری باس دەکەین، بەڵام بێسوودە. ئێمە باس ناکەین، من دەیڵێم و ئەو تێدەگا. دەست و چاوەکانی من لەبەر ئەو دەوکەونە خۆشی و شادی!**

**عەبدوڕڕەحمان بەدرخان))**

**لەسەر کارتێکی دیکە کە ڕۆژی ١٩٠٢/١١/١٨ نووسیویەتی، وەك "برام" باسی حیکمەت بابان دەکا.**

**مەرحەبا ... برام !**

**کارتەکەتم وەرگرت، ئەمڕۆ و سبەی وەڵامەکەی دەنووسم[8].؟**

**بابانی برام))**

---

[8] ئەم چەند ڕستەیە لە پشتی کارتەکە نووسراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم کارتە جوانە ئیسکالادە Escalade بۆ تۆ. لە ڕاستیدا بەگوێرەی ساڵانی ڕابردوو، ئەمساڵ خوشتر بوو، چونکە هەوا زۆر باش بوو. بەتایبەتی جەژنە مێژوویی‌یەکە دیمەنێکی جوان بوو. بەڵام نازانم بۆ ئەمساڵ ... نەبووم[9]، لە دوورەوە سەیری هەموو کەسمان کرد. بەهەر حاڵ جگە لە نۆشی جامی مەی، نەمانتوانی هیچی تر بکەین! ... هەموو شەوێکیش بەمجۆرە کات تێپەڕ دەکەین. دەمودەست شتێکی وەهاش بۆ قەرەتاهیر بنێرم، بەڵام ئەو گرنگی بەم جۆرە شتانە نادا. لە کۆتاییدا چاوەکانی هەردووکتان ماچ دەکەم، برام)).

ئەوە دەزانرێ کە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و حیکمەت بابان[10] ساڵی ١٩٠٢ وەکوو ئەندامی کورد بەشدارییان[11] لە کۆنگرەی ژۆن تورکەکان‌دا کردووە لە پاریس[12]. دوو بابەتی کوردی و تورکی، لە ڕۆژنامەی

---

[9] ئەو وشەیەی ئێرە نەخوێندراوەتەوە.

[10] حیکمەت بابان دواتر بووەتە ئەندامی ئەو گرووپەی کە لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان جیا بوونەتەوەو ساڵی (١٩٢٠) داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە. Silopi, zinnar, Doza kurdustan, stew, Basimevi, Beyrutc?, 1969, s. 59

[11] بدل، سعید، تاریخچه جنبش‌های ملی کرد از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم (لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخستنی دەرەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣٦٣ [١٩٨٤]، ل٣٥)

-Mohseni-sadjadi chorine, Nassance ju mouvment national kurde en Iran, memoire de maitrise, universite de paris x Nanterre, Departement de sociologie, section de l`industrialization et du development, Paris septembre 1993, s. 42.

[12] جەلیلی جەلیل، باسی ئەوی دەکا کە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان سەرۆکی ئەو گرووپە کوردییە بووە کەوا ساڵی (١٩٠٧) لە پاریس بەشداریی کۆنگرەی ژۆن

www.zheen.org

کوردستان‌دا، لەسەر ئەو کۆنگرەیە بڵاو کراوەتەوە. لەو بابەتانەدا عەبدوڕڕەحمان بەدرخان، ڕووداوەکانی ناو ئەو کۆنگرەیە دەگێڕێتەوە. جێی باسە لەو کۆنگرەیەی ئازدیخوازانی عوسمانیەوە دەستتێوردانی دەرەکی بووە[١٣].

ئەوکاتەی کە لە ئەوروپا بووە، پێوەندیی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسەکانی وەك مارتن هارتمان Martin Hartimanدا هەبوە. هۆگۆ ماکاس لە کتێبێکی خۆیدا سوپاسی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان دەکا. لەبەر ئەوەی ڕوونکردنەوی لەبارەی زۆر بابەتەوە پێداوە[١٤]. عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بۆ خۆی باسی ئەوە دەکا کە کەسانێکی زۆر لە ئەڵمان و نەمسایی و ئینگلیزەکان ڕۆژنامەی کوردستانیان کڕیوە و خوێندوویانەتەوە[١٥].

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

تورکەکانی کردووە، بەلاَم ئەمە هەڵەیە، چونکە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لەوکاتەدا لە تەرابلوسی غەرب لە زینداندا بووە.

- Celil, Dr. celile, Jiyana Rewsenbiri U siyasi ya kurdan (Di Dawiya Sedsala 19a u Destpeka sedsala 200 de, Jina Nu yayinlari, Uppsala, 1985, s. 71

[١٣] کوردستان، جنێڤ، ژمارە ٣١، ای نیسانی ١٣١٨ (١٩٠٤)، ل٤.

[١٤] Celil, Dr. celile Jiyana Rewsenbiri u siyasi ya kurden, s.4.

[١٥] Kurdistan, rojnama kurdi ya pesin, ilk, kurt gazetesi 1898-1902.

محەمەدئەمین بۆزئارسلان لە پیتی عەرەبییەوە هێناویەتیە سەر پیتی لاتینی.

C. I, Deng yayinevi, Uppsala, 1991, s. 268




**حیکمەت بابان بە جلوبەرگی کوردی‌یەوە**

**١. ٢- هاوسەرگرتنەکەی:**

عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لە سویسرا کچێکی بەناوی **ئیلیزابێت ئیوگێن ڤان مۆیدن** Elisabeth-Eugenie Van Muyden (١٨٨١-١٩٦٣)ەوە ناسیوە. ئیلیزابێت هەر بە کورتی بە ئێلسا Elsa ناو براوە و ناوی باوکیشی **فرانچۆیس ڤان مۆیدن** ( Charles Facois David van Muyden) بووە. باپیری (باوکی باوکی) **ئێلسا** نیگارکێشێکی بەناوبانگ[١٦] و بنەماڵەی **ڤان مۆیدن** یەکێك لە بنەماڵە بەناوبانگە ئەریستۆکراتەکانی سویسرا بووە[١٧].

عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و ئیلیزابێت لە ئەیلوولی (١٩٠٣)دا بوونەتە دەزگیرانی یەکتر[١٨]. بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لەبەر پەنابەریی خۆی نەیتوانیوە هەندێك کاروباری ڕۆتینی ڕەسمی ئەنجام بدا. بەرپرسانی سویسرا بەفەرمی ئەو دووانەیان لەیەك مارە نەکردووە، لەبەر ئەمەش دەچنە فەرەنسە و لەوێ نیشتەجێ دەبن، پێدەچێ ئەم نیشتەجێبوونەش تەنیا لەبەر مارەبڕینەکە و شتێکی ڕواڵەتی بووبێ.

لە کۆتاییدا ئێوارەی ڕۆژی ١٣ی تەمووزی ١٩٠٤ لە فەرەنسە لە شوێنێکی نزیك بە سنووری سویسرا بە ناوی Collonges-sous sale`vesەوە بە ڕەسمی ئەو دوو عاشقە لێك مارە دەکرێن. عەبدوڵڵا

---

[١٦] Gazette de Francfort

[١٧] بە وتەی عەبدوڕڕەحمان ئیتاه ئەرئۆغڵوو، ئێستا مۆزەخانەیەك لە کۆڵانی ئارگان (Argan)ی گوندی ڤەرسۆیخ (Versoix) لە جنێڤ بە ناوی (مۆیدەن)ەوە هەیە.

[18] Suisse Liberale, 904

جەودەت یەکێك بووە لە چوار شایەتەکەی ئەو هاوسەرگرتنە و بە ناوی بەڕێوەبەری Imprimerie` Internationaleەوە بەڵگەی تۆماری هاوسەرگرتنەکەی ئیمزا کردووە[19]. لەبەر ئەوەی **ئیلیزابێت ئیوگێن ڤان مۆیدن** لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگدا لەدایك بووە، لە مانگەکانی حوزەیران و تەمووزی ساڵی ١٩٠٤دا چەندین هەواڵ و نووسراوی جۆراو جۆر لەسەر هاوسەرگرتنی ئەو دووانە لە ڕاگەیاندنەکانی سویسرا بڵاو کراونەتەوە. هەڵبەت پێشتریش هەواڵیان لەسەر مارەنەبڕانەکەیان بڵاو کردبووەوە.

### ١. ٣- هەستیارییەکەی بەرامبەر بە کێشەی ئەرمەن:

یەکێك لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بڵاوی کردوەتەوە، ئەوەیە کە لەو ڕۆژنامەیەدا بە ڕوونی بەرگری کراوە لە دۆستایەتیی کورد و ئەرمەن و هەوڵ دراوە سیاسەتەکانی ئیدارەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ بەگژادانی یەکتریی کورد و ئەرمەن ئاشکرا بکرێ و هۆشداریش دراوەتە کوردەکان کە نەبنە ئامرازی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە. دەکرێ –وەك نموونە– باسی نووسراوەکانەی ژمارەکانی ٧، ١١، ١٣، ١٤، ٢٦و ١٧ی ڕۆژنامەی کوردستان لەبارەی پێوەندیەکانی کوردو ئەرمەنەوە بکرێ. هەروەها ئاماژە بدرێ بە نووسراوێکی ژمارەی ٢٨ی ئەو

www.zheen.org

---

[19] تۆماری باری خێزانیی شارەوانی ( ١٩٠٤/٧/١٧ cdlonges-sous-sale`ves)

ڕۆژنامەیە کە باسی لەوە کردووە لیواکانی سوپای سوارەی حەمیدییە
بۆ دژایەتیکردنی ئەرمەنەکان پێك هێنراوە. هەروەها لەو بارەیەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org


## L'affaire Abdurrahman.

~~~~ On mande de Constantinople à la *Gazette de Francfort :*

« Impliqué dans le complot des Kurdes contre le chef de la police turque Redvan pacha, assassiné sur l'instigation du général Chamyl pacha et de ses complices, le lieutenant-colonel Abdurrahman a été banni dans le Yemen. En même temps, la police avait mis en prison sa femme et son jeune enfant. La femme de l'exilé est Suisse de naissance et appartient à la famille van Muyden, de Genève. Son père, accouru en toute hâte à Constantinople, s'était vu refuser la permission de rendre visite en prison à sa fille. Toutes ses démarches pour obtenir la mise en liberté de sa fille furent vaines. Le malheureux dut rebrousser chemin. Mais il ne cessa pas ses démarches. Celles-ci viennent d'aboutir. Sur l'initiative du président de la Confédération suisse, qui a su intéresser à la chose l'empereur Guillaume, la grande-duchesse de Bade et le président Fallières, les ambassadeurs français et allemand à Constantinople sont intervenus auprès du sultan, et il y a deux jours que la femme du lieutenant-colonel Abdurrahman bey a quitté avec son enfant Constantinople à bord d'un bateau français. »

Mme Abdurrahman est la fille de M. François van Muyden, ingénieur à Genève, et la petite-fille du célèbre peintre.

**Gazette de Francfort**
~~~~



N° 2


Extrait des Registres de l'Etat civil de la Commune de Collonges-sous-Salève. Haute-Savoie

L'an mil neuf cent quatre le treize juillet à cinq heures du soir par devant Nous Blanc François, Maire et officier de l'état civil de la commune de Collonges-sous-Salève, canton et arrondissement de Saint-Julien-en-Genevois, Département de la Haute-Savoie ont comparu : 1° M^r Bedirkhan Abdulrahman sujet ottoman, homme de lettres domicilié en la présente commune, précédemment à Coppet, canton de Vaud Suisse son dernier domicile à l'étranger, né à Constantinople Turquie, en l'an mil huit cent soixante-huit, fils de défunt Bedirkhan Pacha, décédé à Constantinople et de vivante Délulé Bedirkhan, domiciliée audit Constantinople d'une part et 2° M^lle Van Muyden Elisabeth-Eugénie, sans profession de Founex arrondissement de état civil de Coppet, canton de Vaud (Suisse) domiciliée à Genève (Suisse), née à Lenay (Ain) le vingt-huit août (1881) mil huit cent quatre-vingt-un, fille majeure de Van Muyden Charles François David et de Audemars Hélène-Suzanne tous deux domiciliés audit Genève, d'autre part lesquels agissant seuls étant dispensés par les lois de leur pays de produire le consentement de leurs parents comme étant majeurs nous ont requis de procéder à la célébration de leur mariage dont les publications ont été faites en cette mairie les dimanches trois et dix juillet courant, à Genève le dix juin et à Coppet le huit juin dernier, sans qu'il soit intervenu aucun opposition. A l'appui de leur réquisition les parties nous ont remis : 1° l'acte de nationalité du gouvernement ottoman tenant lieu d'acte de naissance du futur, 2° une traduction dûment certifiée dudit acte de

Bedirkhan Abdulrahman et Van Muyden Elisabeth-Eugénie 13 juillet 1904

یەکەم لاپەڕەی بەڵگەی تۆماری ڕەسمی هاوسەرگرتنی

عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و ئیلیزابێت ئیولێن ڤان مۆیدن



ماڵی باوکی ئیلیزابێت لە سویسرا

[redacted] Un écrit de Berne à la *Suisse libérale* :

29/1

Le Conseil fédéral vient de se prononcer sur un recours qui soulève une question intéressante. Exposons d'abord les faits.

Depuis 1898 habite à Genève, avec un permis de séjour, M. Abdulrahman Bedirkhan, sujet turc, condamné il y a quelques années, à cause de ses idées libérales, à une longue détention en forteresse, peine à laquelle il s'est soustrait par la fuite. Depuis lors, il vit à Genève, où il fréquente la meilleure compagnie et s'est fiancé, en septembre 1903, avec une jeune fille d'une excellente famille de Genève.

Le 9 septembre de cette même année, il demandait au Conseil d'Etat de Genève de le dispenser de la publication des bans en Turquie et de la déclaration exigée des étrangers, en vertu de l'art. 31 de la loi fédérale sur l'état civil et le mariage.

Avant de se prononcer, le Conseil d'Etat demanda à M. Abdulrahman Bedirkhan de faire la preuve que les autorités turques compétentes reconnaîtraient un mariage contracté à Genève et lui réclama un préavis de juristes compétents, qui pût lui servir de base pour la décision à prendre. Le prince — c'est le titre de M. Abdulrahman Bedirkhan — produisit alors un préavis d'un juriste turc, M. Kiazim Benzia, docteur en droit de l'Université de Lausanne, concluant « à ce qu'une publication des bans en Turquie n'était pas nécessaire, et que tout mariage contracté à l'étranger par un Turc avec une étrangère est reconnu, avec toutes ses conséquences. ».

Le préavis était accompagné de différentes pièces relatives à des précédents.


Mais le Conseil d'Etat, par décision du 27 novembre 1903, écartant la demande de dispense, le préavis du Dr Kiazim Benzia n'ayant pas de caractère officiel et ne prouvant pas, d'une manière suffisante, que le mariage projeté serait reconnu en Turquie avec toutes ses conséquences.

Pour remédier à cette lacune, l'avocat du prince s'adressa au consul général de Turquie à Genève qui lui répondit, le 14 décembre 1903, « que la formalité de la publication des promesses de mariage n'est pas en usage chez nous. Et le mariage contracté à l'étranger entre un sujet ottoman, musulman ou chrétien, et une étrangère est valable dans l'Empire avec toutes ses suites légales. »

La lettre est signée : « Le Consul général :
H. Haidar. »

Mais le Conseil d'Etat de Genève ne jugea pas encore la preuve suffisamment faite et, le 12 janvier 190[illegible]

**Suisse` libe`rale (1904)**



کردستان قیامی

محرری

بدرخان پاشا اوغلی

عبد الرحمن

( سنة ١٣١٨ - ١٩٠٠ )

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بەرگی نامیلکەی "قیامی کوردستان" کە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان نووسیویە**

دەکرێ ئاماژە بە بابەتێکی ژمارەی ٣٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بدرێ کە باسی ڕۆڵی بانگخوازو مژدەبەخشەکانی تێدا کردووە بۆ ورووژاندن و هاندان بۆ ئالۆزیەکان. خودی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لە ساڵی (١٩٠٠)دا نامیلکەی قیامی کوردستان (ڕاپەڕینی کوردستان)ی تەرخان کردووە بۆ کێشەی ئەرمەنەکان (بۆ زانینی ناوەڕۆکی ئەو نامیلکەیە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٥ی ئەم کتێبەی بەردەستتان. بۆ زانینی دانیشتنێکی ئەنجومەنی وەزیران ساڵی ١٩٠٨ لەبارەی بەیاننامەیەکی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی و ڕاپۆرتێکی کڵێسەی ئەرمەنەوە، دەتوانن بڕواننە پاشکۆی ژمارە ٩).

پێدەچێ عەبدوڕڕەحمان بەدرخان تاقە موسڵمانێك بووبێ لەو سەردەمەدا نامیلکە یان کتێبی لە بارەی ئەو کێشەیەوە نووسیبێ. ئەو پێشوەخت دەرکی بە جیددییەتی کێشەکە و مەترسیەکانی داهاتووی کردووەو داوای لە کوردەکان کردووە لەو بارەیەوە هەڵوێستی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بە نموونە وەر بگرن[٢٠]، هەر ساڵی (١٨٩٩) بانگەوازی بۆ کورد کردووەو وتوویەتی: ((ئەرمەنەکانیش وەکوو کوردەکان ستەملێکراون، بەڵام ئەوان بۆ ئازادیی خۆیان گیانفیدایی دەکەن. جاحێڵەکانی کورد نەزانن، چونکە ئەرمەنەکان دەکوژن. ئەمە بۆ کوردەکان زۆر خراپە. پێویستە زانایان تێیان بگەیێنن کە ئەو کارەی وا ئەوان دەیکەن، مرۆکوژی و قەتڵە. دەبێ کوردەکان خۆیان تووشی ئەم گوناحە نەکەن. پێویستە کورد و ئەرمەن پێکەوە ئەو فەرمانبەرانەی

[٢٠] Kurdistan, rojnama Kurdiya pesin, 1989-1902, CII, S 473, 482-483.

(دەوڵەت) کە سوڵتان بۆ حوکمڕانیی ئەوان ناردوونی، دەر بکەن. لەجیاتیی ئەوەی بچنە هاوار و یارمەتیی ئەرمەنە ستەملێکراوەکان، دەچن بۆ کوشتنیان. ئەمە هەم گوناحێکی گەورەیە، هەم مایەی شەرمەزارییە...))[21].

ئەو کاتانەی کە لە ئەوروپا بووە، پێوەندیی لەگەڵ ئەرمەنەکاندا بەستووە. جەلیلێ جەلیل[22] سەرنجی ڕاکێشاوەتە سەر پێوەندیی ناوبراو لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی دروشاکدا کە ئەرمەنەکان دەریان کردووە. هەروەها باسی لەوەش کردووە کە پێدەچێ بابەتێکی ژمارەی ٢ی ڕۆژنامەی دروشاک کە بە ناوی (کوردێک)ەوە بڵاو کراوەتەوە، بەرهەمی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بووبێ[23]. هەرچەندە "عەبدوڵڵا جەودەت"یش جاربەجار نووسینەکانی خۆی بە ناوی "کوردێک"ەوە بڵاو کردوەتەوە، بەڵام بەپێی ڕوونکردنەوەیەکی گارۆ ساسۆنی، پتر ڕێی تێدەچێ ئەو بابەتەی وا لە ڕۆژنامەی "درووشاک"دا بڵاو کراوەتەوە، لەلایەن عەبدوڕڕەحمان بەدرخانەوە نووسرابێ. بەگوێرەی ساسۆنی، ڕۆژنامەی "ترووشاک" کەساڵی (١٨٩٩) بە فەرمانی پارتی تاشناک بڵاو کراوەتەوە، ((داوای لە سەرکردەی ژۆن تورک و کوردەکانی مەقدۆنیا کردووە بابەتیان لەسەر بیرۆ بۆچوونەکانی خۆیان بۆ بنووسن، ئەو ڕێکخراوانەش داواکەی

---

[21] Kurdistan, rojnama kurdiya pesin, 1898-1902, c. I, s. 248.

[22] Celil, Dr. celile, Jiyana Rewxenbiri u Siyasi ya kurdan, s. 40

[23] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨-٥٩.

**"ترووشاك"**یان قبوولْ كردووه و دوای ئەوەش بابەتەكانیان لە مانگی یازدەی سالْی (١٩٠٠)دا بلاْو كراونەتەوه)). یەكێك لە هەلْەبڕەكانی ڕۆژنامەی **"كوردستان"**یش كە كەسایەتییەكی ڕۆشنبیری كوردە، بە ناوی **"كوردێك"**ەوە بابەتێكی بە كوردی نووسیوه و لەلایەن گۆڤارەكەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەرمەنی و بلاْو كراوەتەوە[٢٤]. تاو ئەو جێگایەی دەزانرێ، عەبدوڵلاْ جەودەت بە كوردی بابەتی دەنووسی، كەوابوو ئەگەری ئەوە هەیە كە یا عەبدوڕڕەحمان بەدرخان خۆی ئەو بابەتەی نووسیوە، یا نووسینی د. عەبدوڵلاْ جەودەت بووە و

بنكەی ژین
www.zheen.org

[٢٤] باسی پێوەندیی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لەگەلْ ئەرمەنەكاندا و بابەت/ بابەتەكانی لە سەرچاوەی جۆراوجۆردا كراوەو لە ڕۆژنامەی ترووشاك "دروشاك"دا بلاْو كراوەتەوە. بۆ نموونە، د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، لە زمانی "ئەستارجیان"ەوە باسی لەوە كردووە كە بابەتێكی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان كە بە زمانی كوردی و بە پیتی عەرەبی نووسیویە، لە "ترووشاك"دا بلاْو بووەتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: ئەحمەد، د. كەمال مەزهەر، كوردستان لە سالْەكانی شەڕی جیهانی یەكەمدا، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغداد، ١٩٧٥، ل١٣٢. ناوی ك. ئەستارجیان لە هەمان لاپەڕەدا بە ئ. ئەستارجیان هاتووە. د. كەمال مەزهەر ئەو زانیاریانەی لەم سەرچاوەیە وەر گرتووە: (استارجیان، د. ك. تاریخ الامة الارمنیة، الموصل، ١٩٥١، ص٣١٥).

الكساندر پادماكریانو گیو اقاسی، تاریخ سیاسی و اجتماعی ارمنیا، تهران، ١٣٥١ [١٩٧٢]، ص٣٤٨؛ لە: احمد شریفی. بڕوانە: خزنەدار، جمال، روزنامەگری كردی در كردستان، ترجمە: احمد شریفی، تهران (؟)، ١٣٥٧ [١٩٧٨]، ص ٥٩- وەرگیراوە.

ئەو کردوویەتی بە کوردی. ئەمەی خوارەوە دەقی بابەتەکەیە[٢٥]:
((هاوولاّتیان: ئێوەش دەزانن کە پاڵپشتکردنی کوردێك لە سکالاّکانی ئەرمەنەکان شتێکی دەگمەنە، بەلاّم ئەم سکالاّ و گلەییانە بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی کوردو دژایەتیکردنی ستەمکارانە. لەبەر ئەم هۆیانەش بە خۆشحاڵییەوە داواکانم قبووڵ کرد و بە سوودوەرگرتن لەوەش دەمەوێ چەند ڕستەیەك زانیاری لەسەر بارودۆخی ئێستای هاونەژادەکانم بدەم.

لەکاتی قەتڵوعامی ئەرمەنەکاندا، هەموو ڕۆژنامەکانی دنیای مەدەنی و پێشکەوتوو باسیان لەوە کرد کە کوردەکان ئەرمەنە دراوسێکانی خۆیان دەکوژن و شەرمەزاری و بێئابروویی لەو جۆرەیان خستە پاڵ کوردان. بەلاّم من دەمەوێ ڕاستیەکان ئاشکرا بن. کاتێ مووسا بەگ موحاکەمە دەکرا، زۆر کەس دەیزانی ئەو بە تەنیا ئەو تاوانەی نەکردووە. باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەش ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی وا مووسا بەگ تاوانبار بوو، دادگا بڕیاری بێتاوانی و پاکانەی بۆ دا.

بیرۆکەی قەتڵوعامی ئەرمەنەکان لەلایەن حکوومەتەوە، دوای جەنگی ڕووس- عوسمانی دەر کەوتووە. لەوکاتانەدا عەبدولحەمید فەرمانی دا بۆ ئەوەی کوردەکان لە کوردستان هان بدا ماڵ و موڵکی ئەرمەنەکان تالاّن بکەن و بیانکوژن. بەمجۆرەش دەیانویست ئەرمەنەکان لە نیشتمانی خۆیان دوور بخرێتەوە. دوای ئەم فەرمانەش

---

[٢٥] گارۆ ساسۆنی، جووڵانەوەی میللیی کورد و پێوەندیی ئەرمەن- کورد، بلاّوکەرەوەی ئۆرفەوس، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٦، ل١٢٣-١٢٤.

هەموو ئاغاو دەرەبەگەکانی کورد لەوان کۆ بوونەوە. شێخی گەورەی کوردەکان، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە کۆبوونەوەکەدا هەستایە سەرپێ و وتی: ((زۆر لەمێژە کورد و ئەرمەنەکان پێکەوە لەسەر ئەم نیشتمانە و خاکە وەك دراسێ دەژین. ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ ئەوان بشکێنن، سبەینێ تورکەکان ئێمەش دەشکێنن و لەناومان دەبەن. من پێم وایە کوردەکان دەرك بەمە دەکەن و کوردێکیش پەیدا نابێ ئەم کارە جەللادانەیە قبووڵ بکا)).

لەبەر ئەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا کەسایەتییەکی خاوەننفووز و کاریگەر بووە، ئەوانی دیکە گوێیان لە قسەی گرت و بەو جۆرەش کۆبوونەوەکە تەواو بوو. بەوپێیە داوا و ویستی سوڵتان عەبدولحەمید نەهاتنە دی.

دواتر سوڵتان عەبدولحەمید بۆ جێبەجێکردنی داواکانی خۆی، یەکەکانی سوپای سوارەی حەمیدییەی پێك هێنا. پلەی ئەفسەری جۆراوجۆری دا بە شوان و خزمەتکارەکان و کوردە هەژارەکانیش ئەمەیان بینی، دەستیان بە ناونووسین کرد بۆ سەربازی و چەك و جلوبەرگی سەربازیی خۆڕایییان وەرگرت. ئەو کەسەی کە تا دوێنی خزمەتکار بوو، ئەمڕۆ لەبەر پلەوپایە و ئیمتیاز، نەك هەر دەیتوانی ئەرمەنێك بکوژێ، بەڵکوو دەیتوانی باوکی خۆیشی لەناو بەرێ. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا سوڵتان عەبدولحەمید لەنێو کوردکاندا دەنگۆی ئەوەی بلاو دەکردەوە کە ئەرمەن و ڕووسەکان ڕێك کەوتوون بۆ قەتڵوعامکردنی کوردو بەو جۆرەش دەمارگیریی کوردەکانی زیاتر دەکرد. دواتریش لەڕێی

تەلگرافەوە فەرمانی لێدان و هێرشکردنە سەر (داڵڤۆریك)ی دایە زەکی پاشاو بەو جۆرەش زەمینەی شەڕی کورد و ئەرمەن خۆش کرا.

هیزان، بۆتان، جزیرەن سنجار: ئەم ناوچانە پێشتریش لەکاتی ئیدارەی عوسمانیدا دوژمنایەتییان لەگەڵ یەکدا هەبوە و لەبەشەکانی پێشتریشدا باسی لێکۆڵینەوەکانی خۆمان کردبوو لەو بارەیەوە. ئەو جۆرە نموونانە هیوای ئەوەم پێ دەبەخشن کە ئەرمەنەکان و ئەو کوردە پاکانەی کە دەستیان نەچوەتە خوێنی ئەرمەن، دەتوانن دەست بخەنە ناو دەستی یەك و پێکەوە بن. لەوانەیە ئەو کەسانەی کە ئەم ڕستانەی من دەخوێننەوە، بڵێن: ئەمە چ خەون و خەیاڵێکە! بەڵام من بڕوام بەوە هەیە کە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانج و ئایدیاکان بێئەنجام نابێ. لەبەر ئەمە لەم دنیایەدا من درێژە بە کار و چالاکیەکانم دەدەم. ئەگەر ڕێم پێ بدەن، ئەوەش دەڵێم کە من لەو کەسانە نیم زوو بێهیوا دەبن. هەڵبەت دوای مردنی ئێمەش، منداڵەکانمان بەم ڕێیەدا دەچن و بە دڵنیایی‌یەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. (...)

سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە ئەمڕۆ لەپێش چاوی هەمووتان ڕوو دەدەن، باسی گرووپێکی بچووکی نیشتمانپەروەرانی کوردتان بۆ دەکەم. ئەم گرووپە ماوەی دوو ساڵە ڕۆژنامەیەکی خۆیان بە ناوی "کوردستان"ەوە دەر دەکەن و وردە ورد بیری هاوچەرخ و پێشکەوتوو لەنێو خەڵکی کورددا بڵاو دەکەنەوە. "کوردستان" پێی وایە پێویستە، دوای ڕێککەوتن لەگەڵ ئەرمەنەکاندا، بەرگری بەرامبەر بە حکوومەتی عوسمانی بکرێ. بێگومان ئەم بانگەوازانە هێشتا لاوازن و تازە لەنێو

خەڵکدا بڵاو بوونەتەوە. بەڵام هیوادارین ئەم بانگەوازانە بە زووترین کات ئەنجامیان ببێ و لە وڵاتەکەماندا هێزێکی گەورەی دژ بە سوڵتانیش پەیدا ببێ.

"کوردێک"

عەبدوڕڕەحمان بەدرخان، هەندێک لە بەیاننامەکانی خۆی بە یارمەتیی ئەرمەنەکان دەناردەوە بۆ کوردستان. یەکێک لەو بەیاننامانەی کە بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە بڵاوی کردووەتەوە، لە "درووشاک"ی ئۆرگانی ڕاگەیاندنی "تاشناک"دا بڵاو کراوەتەوە[٢٦]. "درووشاک" لەبارەی ئەو بەیاننامەیەوە نووسیویە: ((چوار مانگ بەر لە ئێستا، (٥٠٠) دانە لەم بەیاننامەیە کە بە زمانی کوردی و تورکی بووە، نێردراوە بۆ هەڵەبڕیی دروشاک. ئەم بەیاننامەیە پێشکەوتنێکە لە بواری لێکۆڵینەوە لە کورد و لەنێو هەموو ڕۆژنامەکانی ئەرمەن و کورددا بڵاو کراوەتەوە و ئێمەیش لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە))[٢٧].

---

[٢٦] بەگوێرەی گارۆ ساسۆنی، ئەو ژمارە چوارەی کە باسی کراوە، لە حوزەیرانی (١٩٠١)دا بڵاو کراوەتەوە. لە وەرگێڕانی کتێبەکانی جەلیلی جەلیلیشدا، لە هەندێک شوێندا ئەو مێژووە بە (١٩٠٠)و لە هەندێک شوێنی دیکەشدا بە (١٩٠١) هاتووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- ساسۆنی، ل١٢٥.

- Celil, Dr. Celile, Jiyana fewsenbri u siyasi ya kurdan, s. 58, 59

- Celil, Dr. Celile, XIX. Yuzyil Osmani Importorlugunda Kurtler, Ruscadan ceviren: Nehmet Demir, Oz-Ge yayinlari, A-nkara, 1992, s. 22

[٢٧] ئەوی باسی کردووە، جەلیلی جەلیل:

Celil, Dr. Celile, Jiyann Rewsenbiri u siyasi ya kurdan, s. 59, 28-sasuni, s. 125-126

www.zheen.org
ژینەی ژین

هەندێك لە بەشەكانی ئەم بانگەوازە[28] بەم جۆرەن:

((ئەی كوردینە! ... ئێوە لە خزمەتكاری بۆ سوڵتان عەبدولحەمید و فەرمانبەرە ملهوڕەكان زیاتر هیچ ناكەن، ئەوانیش زۆر دەمێكە ئێوەیان لە هەموو جۆرەكانی پێشكەوتنی شارستانی و بەخششەكانی زانست و خۆشیەكانی ئازادی بێبەش كردووە و ناوبانگ و شەرەفی ئێوەیان لە كۆتاییی فیڵ و تەڵەكەبازیەكاندا لەپێش چاوی دنیا لەكەدار كردووە. ئامانجی دواڕۆژی پادشا ئەوەیە ئێوە بخاتە نێو زەلكاوی نەزانی. بە كەڵكوەرگرتن لە نەزانی و بێئاگاییتان و لە ڕێی پێدانی چەند مەدالیا و نیشانێكەوە كە تەنانەت سەگەكانیش قبووڵی ناكەن، ئێوەی خەڵەتاندووەو چەندین كاری خراپی پێ كردوون. ئێوە لەوە تێناگەن كە ئەو نیشان و مەدالیایانەی وا پێتان دراون، پاداشتی ژێرپێنانی شەرەفی نەتەوەیی و داهاتووتانە.

ئێوەی كورد كە جوانمێرترین و ژیرترین و ئیشكەرترین گەلن لەنێو گەلانی خۆرهەڵاتدا، داخۆ لە ماوەی ڕابوردوودا چیتان كردووە بۆ بەرگریكردن لەو خاكەی كە لەسەری دەژین؟ ئێوە كە لەپێناوی پادشادا ئەوەندە خوێنی خۆتان ڕشتووە، ئەی بۆ بەرگری لە كوردستان چیتان كردووە؟ ئایا دەزانن ئەو پادشایەی كە ئێوە ناتانەوێ ملكەچی بن، خۆی بە خەلیفە ناو دەبا، بەڵام -لەڕاستیدا- كەسێكی ملهوڕە و شایانی گەورەیە لەسەر تەختەكەی فڕێ بدرێتە خوارەوە؟ كاتێك ملهوڕی و ستەمكاریەكانی ئەو بینراوە، خەڵك سەد ڕەحمەتی بۆ

---

[28] ساسۆنی، ل١٢٥-١٢٦.

جەنگیزخان ناردووە [ئاماژەیە بە پەندێکی پێشینەی کوردی کە دەڵێ: سەد ڕەحمەت لە کفندز] ... گەورەیی و ماقووڵی و ئازایەتیی ئێوە کە ویردی سەر زمانەکانە، چۆن ڕێتان پێ دەدا ژن و منداڵی ئەرمەنەکان بکوژن؟ تا چەند گونجاوە ئێمە فریوی ئامانجە پڕ لە تاوان و خوێناوییەکانی ئەم پادشایە بخۆین؟ ئەو لە ڕێی ئەو کارانەوە کە ئێوە دەیانکەن، وەکوو کەسانێکی کێوی و دڕندە بە ڕای گشتیی جیهانتان دەناسێنێ. ئایا ناترسن لەوەی کە بە هۆی کوشتنی ئەو ئەرمەنە بێبەرگری و داماوانەوە، زەمینەی ئەوەش خۆش دەکەن کە ڕۆژێك نیشتمان و ماڵی خۆشتان کاوڵ بکەن؟ ئەو والی و موتەسەڕیفانەی کە هانتان دەدەن بۆ تاڵانو ویرانکاری، ئایا شتێکیان بە ئێوە داوە؟ بە پێچەوانەوە مەگەر ئەوان دوای وەرگرتنی هەموو شتەکان، ناموسی ئێوەشیان لەکەدار نەکردووە؟ (....)

ئێوە لە دنیاو قیامەتیشدا بەرپرس دەبن لە تێکدانی ئەو پێوەندییە ئاسایی و ڕیشەدارە لە پێناوی ئەو سیاسەتانەی سوڵتان عەبدولحەمیددا کە بۆ قەتڵوعامکردنی ئەرمەنەکان پێڕەویان دەکا. هەڵبەت ئێوەش سزای خۆتانە وەر دەگرن.

ئەی کوردینە! ئیتر ئەو دڵساف و کەمتەرخەمیانەتان کە چەندین بەڵای جۆراوجۆریان دروست کردووە، بەسە. ناموس و ناوبانگی باووباپیرانی خۆتان بە خۆڵی نامەردی داپۆشیوە. ئیدی بێزار نەبوون لەوەی کە ببنە ئامرازی داگیرکاری و تاوان و دزی بەدەست ئەو

کەسانەوە کە حوکمی ئێوە دەکەن؟ ئیدی هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی خۆشی ڕابوردوو بدەن! (...)

لەو پێناوەشدا داوا لە شێخ و سەرکردەکانی دیکەی کورد دەکەم غیرەتیان هەبێ و گرنگی بەو مەسەلەیە بدەن، چونکە بەشێکی زۆری بەرپرسیی ئەو شتانەی وا لە کوردستان ڕوویان داوە، دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان. نەزان و هەژارەکان بەدبەختن، بۆیە گوناحی ئەوانیش دەکەوێتە ملی گەورەو پیاوماقووڵ و بەڕێوەبەرەکانیان.. بۆ کۆتاییهێنان بەو زوڵم و ستەمەی کە لێتان دەکرێ، ئەرمەنەکان ئامادەن هەموو جۆرە هاوکارییەکتان بکەن. ئەرکی سەرشانی خۆتان لەبارەی ڕێککەوتن و هاوکارییەوە جێبەجێ بکەن. ئەگەر وابێ خوداش لەگەڵتان دەبێ!

عەبدوڕڕەحمان بەگی کوڕی بەدرخان بەگ

١١ی زیلقەعیدەی ١٣١٨ (١٩٠١)[٢٩]

(مۆری تایبەت)

ئەم بانگەوازەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لەگەڵ هەندێك جیاوازیی بچووکدا لەوانەیە لەبەر وەرگێڕانەکەی بووبێ، هەمان بابەتی بۆ "کوردان"ی ناوبراوە کە لە ژمارەی ٢٧ی ڕۆژنامەی کوردستان‌دا بڵاوی کردوەتەوە. بە وتەی جەلیلێ جەلیل، کورتکراوەی ئەو بانگەوازە،

---

[٢٩] لە وەرگێڕانی تورکیی کتێبەکەی **"گارۆ ساسۆنی"**دا کە پێشتر باس کرا، ئەو ڕۆژە بە (١١ ذي القيعدة ١٩٠٠-١٣١٨) هاتووە، بەڵام پێویستە (١١ ذي القيعدة ١٩٠١-١٣١٨) بێ، چونکە (ذي القيعدة)ش یەکێکە لە مانگەکانی ساڵ و (١١ ذي القيعدة)ی ١٣١٨، دەکاتە ٢ی مارتی ١٩٠١.

ساڵی (١٩٠٠) لە ژمارەی ١٢ی گۆڤاری **"پرۆئەرمینیا"**دا بە زمانی فەرەنسی بڵاو کراوەتەوە[30]. وا دەردەکەوێ عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لە ماوەکانی دواتردا کاتێ لە ئەستەموڵ بووە، درێژەی بە پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەرمەنەکاندا داوە. بۆ نموونە، باسی ئەوە دەکرێ کە ساڵی (١٩٠٩) لە کڵێسەی ئەرمەنەکاندا قسەی کردووە[31].

**١. ٤- ڕووداوەکەی ڕزوان پاشاو دوورخرانەوەی بەدرخانەکان:**

لە نووسراوێکی ڕەسمیی ساڵی ١٩٠٥دا وا دەردەکەوێ سوڵتان عەبدولحەمید لەسەر داوایەك، کە لەوانەیە داوای براکانی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بووبێ، بڕیاری لێبوردنی بۆ عەبدوڕڕەحمان بەدرخان داوە.

بۆ/ بەڕێز وەزارەتی ناوخۆ

بەپێی ئاگادارکردنەوەی باشکاتبی شاهانەی دەوڵەت و لەسەر داوایەکی بەخشین و لێبوردن، عەبدوڕڕەحمان بەگ لە بەدرخان پاشازادەکانە و ئێستا هەڵهاتووە و لە ئەورووپایە، شایانی لێبوردنی گەورەی حەزرەتی خەلیفە بینراوە و لەوبارەیەوە وەزارەتی داد ئاگادار کراوەتەوە. بۆیە داوامە لەو بارەیەوە کاری پێویست بکرێ

---

[30] Celil, Dr. celile, jiyana Rewsenbiri u siyasi ya kurdan, s. 59

[31] وتاری ڕەوانی بەدرخان پاشازادە عەبدوڕڕەحمان بەگ ئەفەندی لە کڵێسەیەکی ئەرمەندا، سەربەستی، ١٨ی شوباتی ١٩٠٩. بڕوانە: ئەم سەرچاوەیە:

(kelin, janet, claiming The Nation: The origins and Nature of Kurdish Nationalist Discourse, A thesis presented to the faculty of Princeton university in candidacy for the degree of master of arts-recommeded for acceptance by the program in Near Eastern studies, June 1990, S. 21).

www.zheen.org


**١١ی شەعبانی ٣٢٩/ ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٠٥**

**سەدری ئەعزەم**

**ئیمزا (فەرید)** [٣٢]

بنکەی ژین
www.zheen.org

[32] BOA. DH. MKT, 1005/92, Tarih: 13/B/1323 Hicri)


باب عالی
دائرۂ صدارت عظمی
۱۹۷۸
BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نووسراوی سەدری ئەعزەم سەبارەت بە لێبوردنی**
**سوڵتان عبەدولحەمید لە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان**

دوابەدوای ئەمەش لەگەڵ هاوسەرەکەی و لەیلای کچیدا کە هێشتا شەش هەفتانە بووە، گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمووڵ و لە (گەڕەکی) ئەرەنکویی نیشتەجێ بووە[33].

ڕۆژی ٢٣ی مارتی ١٩٠٦/ ١٠ی مارتی ١٣٢٢ی ڕۆمی، ڕزوان پاشا سەرۆکی شارەوانیی ئۆسکودار لەلایەن چەند کوردێکەوە کوژرا[34]. پێشتریش ناکۆکی و کێشەی شەخسی لەنێوان عەبدوڕڕەحمان بەگ بەدرخان و ڕزوان پاشادا هەبوە. ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لە ڕووداوەکە کردبوو، بە سوڵتان عەبدولحەمیدیان ڕاگەیاندبوو عەبدوڕڕەزاق بەدرخان و عەلی شامیلی مامی دەستیان لە کوشتنی ڕزوان پاشادا هەبوە و عەلی شامیل بکوژەکانی پەنا داوە. لەسەر ئەمەش سوڵتان عەبدولحەمید فەرمانی گرتن و دوورخستنەوەی هەموو پیاوەکانی بنەماڵەی بەدرخانەکان و چەندین کەسی دیکە دەدا و فەرمانەکش جێبەجێ دەکرێ.

هێشتا بە وردی نازانرێ چەند کەسی وەك ئەفسەر، سەرباز، پۆلیس و فەرمانبەری مەدەنی و حەماڵ و ئاگرکوژێنەوە و کاسبکار لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەهۆی ئەو فەرمانەوە دوور خراونەتەوە. هەندێك لە سەرچاوەکان ئەو ژمارەیە بە سەدان و هەزاران کەس لەقەڵەم دەدەن[35]. بە کەڵكوەرگرتن لە سەرچاوە نووسراوەکانی ئەو ڕۆژگارە، تەنیا توانیومە

www.zheen.org

---

[33] Echode paris, 1Juillet 1906

[34] BOA. Y. PRK.AZN, 24/155, Tarih: 30 Mart 322 (12-4. 1906)

[35] Xan, Ebdurrizaq, Autobiografiya Ebdurrizaq Bedirxan, Wesanen Kovara Havibun, Berlin, 1999, s. 10

ناوی (١٧٨) کەسیان دەستنیشان بکەم[٣٦]. بەشێکی زۆری ئەو (١٧٨) کەسانە کورد و بەشێکی زۆری کوردەکانیش لە بنەماڵەی بەدرخانەکان نەبوون، زیاتر خەڵکی وان، بتلیس، ئەرزڕۆم، مووش و هەکاری بوون. لەنێو ئەوانەشدا کەسانی وەك محەمەد ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی شکاك و باوکی سمکۆ (کەسێکی بەناوبانگ بووە) هەبوون کە لە ناوچەکانی خۆیاندا خاوەننفووز و کاریگەر بوون[٣٧].

---

[٣٦] ٤٢ کەس لەمانە ناویان لە کتێبی (میر بەدرخان)دا هاتووە. سێ بەڵگەنامەی ئەرشیڤی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی بەم جۆرە ناویان تێدا هاتووە؛ لە یەکێکیاندا ٩٧ و یەکێکی تر ٣٩ و سێیەم ٧ ناو. هەرچەند ناوی ١٨٥ کەس لەم سەرچاوانەدا هەیە، بەڵام (میر بەدرخان) تەنیا ٩٧ ناوی تێدایە، لەگەڵ بەڵگەنامەکاندا ٧یان وەك یەکن، بۆیە کە ئەوانەی لێ دەر دەکرێ، ١٧٨ کەس دەمێنێتەوە. (میر بەدرخان، ل٥٥–٥٨؛ BOA. Y. PRK. A2N. 24/55، ڕۆژی ٣٠ی ئاداری ١٣٢٢ (١٢/٤/١٩٠٦).

[٣٧] جەعفەری کوڕی محەمەد ئاغای شکاك لەلایەن بەرپرسانی ئێرانەوە داوەت دەکرێ بۆ میوان، بەڵام داوێکی بۆ دادەنێن و خۆی و دوو کەس لە پیاوەکانی دەکوژن، دواتر تەرمەکانیان هەڵدەواسن بۆ ئەوەی خەڵك بیانبینن. دوای ئەو ڕووداوە، محەمەد ئاغا لەگەڵ سێ کەس لە پیاوەکانی خۆیدا دەچێتە ئەستەمووڵ، بۆ ئەوەی داوای هاوکاری لە سوڵتانی عوسمانی بکا. یانی ئەو کاتەی لەگەڵ پیاوەکانیدا دوور خراوەتەوە، ئەویش "میوان" بووە لە ئەستەمووڵ. بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان دوور خراوەتەوە بۆ ڕۆدۆس و بەپێی هەندێك سەرچاوەی تریش ڕەوانەی ترابلوسی غەرب کراوەو لەوێ کۆچی دوایی کردووە.
بڕوانە: ئەمین، نەوشیروان مستەفا، کوردو عەجەم، مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤١١. هەروەها بڕوانە:
Celil, Dr. celile, JUiyana Kewsenbiri u Siyasi ya Kurdanm, S. 124.
BOA.YPRK. AZN, 24155, Tarih; 30 Mart 322 (12.04. 1906)

# UNE INTERVENTION DE LA FRANCE

**A propos d'un sujet suisse. — Démêlés avec le gouvernement ottoman. — Longs pourparlers. — Nous obtenons gain de cause.**

L'ambassade de France à Constantinople vient d'intervenir très heureusement en faveur d'un sujet suisse, qui avait eu avec le gouvernement ottoman de graves démêlés. Nul n'ignore que c'est la France qui est chargée de défendre les intérêts suisses dans l'empire ottoman. C'est en vertu de ce privilège que nous avons eu occasion d'intervenir en la circonstance.

Voici les faits :

A la suite de l'assassinat du préfet de police Redvan-pacha, on arrêta dans la même nuit Ali-Charuyt-pacha, gouverneur de Scutari, et Abdul-Rasak, attaché à la grande maîtrise des cérémonies, ainsi que toute leur famille. Les uns et les autres furent déportés en Tripolitaine. La femme de l'un d'eux, Abdur-Rahman, était de nationalité suisse. Son mari, affilié au parti jeune turc, l'avait épousée à Genève, où il habitait encore récemment, n'ayant réintégré la Turquie qu'en vertu d'une autorisation due à la faveur impériale. Il s'était installé à Erenkeny, banlieue asiatique de Constantinople.

Lorsque son mari fut arrêté, la femme d'Abdur-Rahman télégraphia aussitôt à son père, M. von Muyden, ingénieur à Genève. Celui-ci accourut aussitôt à Constantinople et se présenta à l'ambassade française pour y demander aide et protection. Il était urgent d'aviser, la maison de sa fille était gardée par la police et personne ne pouvait en approcher.

L'ambassade française promit son concours et obtint aussitôt l'éloignement de la police. Mais on lui refusa l'autorisation demandée par M. von Muyden d'emmener sa fille. Le gouvernement turc prétendit qu'en épousant un Ottoman la fille de M. von Muyden avait perdu sa nationalité primitive et qu'il n'était, par conséquent, pas admissible qu'un sujet ottoman quittât l'empire.

Au bout de six semaines de négociations, nous eûmes cependant gain de cause. Le drogman de l'ambassade alla chercher chez elle Mlle von Muyden, qui fut conduite dans une voiture de l'ambassade jusqu'au quai, où elle s'embarqua à bord d'un paquebot français.

Les Allemands ont fait courir le bruit que c'était grâce à leurs efforts que Mlle von Myden avait été rendue à sa famille. Ce bruit est inexact.

En cette affaire, le droit d'intervention revenait à la France seule. Nous en avons usé avec autant de fermeté que de succès.

*A. M.*

Echo de Paris. 1er Juillet

www.zheen.org

**Echode paris, 01, 07, 1906**

25

# L'ASSASSINAT DE REDVAN PACHA

*Aveux des assassins. — Les instigateurs du crime.—Bannissement.*

La commission d'enquête, placée sous la présidence de Nedjmeddine bey, procureur Impérial près de la cour d'appel correctionnelle de Stamboul, et chargée d'instruire l'assassinat commis sur la personne de Redvan pacha, préfet de la ville, a terminé sa tâche. Les dossiers ont été remis à la Chambre des mises en accusation.

Les quatre individus arrêtés avec leurs armes immédiatement après le crime, ont été reconnus comme étant les auteurs de cet assassinat. Ils ont fait des aveux complets. Ils ont ajouté qu'ils ont perpétré ce meurtre à l'instigation d'Ali Chamil et d'Abdul-Rézak, de la famille des Béderhan, lesquels avaient voué une haine mortelle à Redvan pacha.

D'autre part, l'enquête a établi que les quatre assassins de Redvan pacha faisaient partie de la domesticité d'Abdul-Rézak et que les revolvers et les cartouches dont ils se sont servis pour perpétrer le crime leur avaient été fournis par Ali Chamil, qui les avait pris des mains des officiers. Par conséquent le séjour dans la capitale de ces deux derniers et de leurs acolytes ne pouvant être toléré, sur une décision du conseil des ministres, ils ont été tous déportés dans différentes localités désignées par le gouvernement.

Quant aux quatre assassins, comme nous l'avons dit plushaut, leurs dossiers ont été remis à la Chambre des mises en accusation. Ils seront jugés et condamnés avec une sévérité qui servira d'exemple

خەزوور و ژنبرا و زاواکانی و هەندێك لە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانەکانیش دوور خرابوونەوە. لەنێو دوورخراوەکاندا –بەتایبەتی– ئەو تورك و ئەرمەن و ڕوسیانەش هەبوون کە پێوەندییان لەگەڵ عەبدوڕڕەزاق بەدرخان و عەلی شامیلی مامیدا هەبوە.

ئەو دوورخستنەوانە گرنگن بۆ تێگەیشتن لە چەمکی دادپەروەری لەلای بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی عوسمانی کە سوڵتان عەبدولحەمیدی لای عوسمانیەکان بە سێبەری خودا ناوبراو بەڕێوەی دەبرد، چونکە کەسانێك لە بنەماڵەی بەدرخانەکان کە پێوەندییان بە ڕووداوەکەشەوە نەبوەو تەنانەت ئەو کاتە لە شوێنێکی دووری وەك شام بوون و هەروەها دۆست و ئاشناکانی بەدرخانەکان و کەسانێکی زۆریش کە خزمیان نەبوون، بەهۆی ئەو ڕووداوەوە دەستگیر کراون و دوور خراونەتەوە. بەگوێرەی سەرچاوەکانی ئەو ڕۆژگارە کە هەندێك نموونەیان باس کردووە، هۆی سەیری دەسگیرکردن و دوورخستنەوەکان دەر دەکەوێ.

– **حامید بەگ**: مناڵی گەورەی بەردرخان بەگە. لەبەر ئەوەی چاوەکانی نابینین، لە شام دەستگیر کراوە.

– **لیۆن بەگ**: لەبەر ئەوەی دراوسێی عەبدوڕڕەزاق بەدرخان بووە، دوور خراوەتەوە.

– **حەسەن فوئاد باشا**: لەبەر ئەوەی وێنەی لە ماڵی عەبدوڕڕەزاق بەگ دۆزراوەتەوە، خانەنشین کراوەو دوور خراوەتەوە بۆ ڕۆدۆس[٣٨].

[٣٨] ئەمیر بەدرخان، بڵاوکردنەوەی: لوتفی، بەناوی جەمعییەتی کوردانەوە، چاپخانەی ئیجتهاد، ل٥٥–٥٨.

بنکەی ژین www.zheen.org

– ماناسترلی ئاندۆن نیکۆلاّ: باخەوانی عەبدوڕڕەزاق بەدرخان بووە.

– قەرەحیسارلی ڕاشد بن حەسەن: حەماڵی بەندەر بووە لە قادی کۆیی و هاوڕێی خزمەتکارێکی "ئیبراهیم" ناوی عەلی شامیل بووە[٣٩].

دوای کوژرانی ڕزوان پاشا، بەرپرسانی دەوڵەت ژمارەیەك لەو کوردانە کە وایان دەزانی لە بنەماڵەی بەدرخانەکانن، دوور خستەوە، بەڵام دواتر دەر کەوتووە وا نەبوەو سەر بە بنەماڵەی بەدرخانەکان نەبوون. لەو بارەیەوە ئەم تەلگرافەی خوارەوە کە لە کاتی دوورخرانەوەی مولازمێك و نەقیبێکدا بۆ یەمەن لە شامەوە بۆ پادشا نێردراوە، نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرایە:

بۆ حەزرەتی خەلیفەی پایەبەرز

پادشای من تەمەن درێژ بیّ، بە هەڵە و بە گومانی ئەوەی کە لە بنەماڵەی بەدرخانەکانین، دوور خراوینەتەوە بۆ یەمەن و لەبەر ئەوەش بنەماڵەکانمان پەرێشان بوون، بەپێی نووسراوی تایبەت بە تۆماری ڕەسمیی ٣١٥ (١٨٩٩) کە ڕەوانەی بەردەم ئێوەی پایەبەرز کراوە، دەر دەکەویّ ئێمە لە بنەماڵەی (سەیفەددین)ین. داوامانە لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە بکریّ و ڕزگار بین لەو ستەمەی کە لێمان کراوە.

٣٠ی مارتی ٣٢٢ [١٩٠٦/٤/١٢]

بەندەتان، نەقیب حسێن[٤٠] میر سەیفەددین

---

[39] BOA. Y.PRK.AZN, 24/55, Tarih: 30 Mart 322 [12.04.1906]

[٤٠] هەرچەندە لە کتێبەکەی نەزمی سەڤگەندا ناوی (حسێن ؟) نەهاتووە، بەڵام لە بەڵگەنامە عوسمانیەکاندا هەیە. بۆیە لێرەدا باسم کردووە.

بەندەتان، مولازم ئەحمەد[41]

بەگشتی، ئەو کەسانەی کە بڕیاری دوورخستنەوەیان دراوە، ڕەوانەی ناوچە دوورەدەستەکانی ئیمپڕاتۆری کراون. بۆ نموونە، زۆربەی بەدرخانەکان بۆ ترابلوسی غەرب (تریپۆلی) نێردراون. لە نووسراوێکی فەرماندەییی ناوەندیی ئەستەموولّدا ڕۆژی ٢١ی مارتی ١٣٢٢ [١٩٠٦/٤/٣] باسی ئەوە کراوە کە ((ئەو سەربازو ئەفسەرانەی وا زۆر خراپن، ڕەوانەی یەمەن دەکرێن و ئەوانی دیکەش دوور دەخرێنەوە بۆ ئیشکۆدرا))[42].

میقداد میدحەت و عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لەنێو ئەو بەدرخانیانەدا بوون کە بە پاپۆڕی مەککە دوور خرابوونەوە بۆ ترابلوسی غەرب. بەگوێرەی نووسراوێکی "مزانچویس ڤان مۆیدن"ی خەزووری عەبدوڕڕەحمان بەدرخان کە ڕۆژی ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٠٦ نووسیویە، هەموو بەدرخانەکان بەبێ جیاوازی دەسگیر کرابوون. ئەم نامەیەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخانیش کە بۆ لەیلای کچیی ناردووە، زانیاریی لەبارەی دەسگیرکردنەکانەوە تێدایە: ((.. لێرەدا باسی فەرمانێکی لەخوتوخۆڕایی و بڕیارێکی زاڵمانەت بۆ دەکەم کە منی لە تۆو دایکت جیا کردەوە، باسی گرفتەکان و شێ و تەڕاییی زیندانێکی

BOA.YPRK. AZN, 24/55, Tarih: 30 Mart 322 (12.04. 1900)

[41] ئەوی باس کردووە: سەڤگەن، نەزمی، میرنشینەکانی تورك لە خورهەلأت و باشووری خۆرهەلأتی ئەنادۆلّ، بلأوکراوەکانی ئینستیتووی لێکۆڵینەوەی کەلتووری تورك، ئەنقەرە، ١٩٨٢، ل١٣٠.

[42] BOA.YPRK.AZK. AZN, 24/55, Tarih: 30 Mart 322 [12.04. 1900]




**عەلی شامیل براگەورەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان**

**(ڕەنگە لە گریت بەجل وبەرگی تایبەت بەو ناوچەیە گیرابێ)**




**عەلی شامیل براگەورەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان**

**(ڕەنگە لە کریت بەجل وبەرگی تایبەت بەو ناوچەیە گیرابێ)**



**کوڕەکانی عەلی شامیل بەدرخان، (بەر لە ١٩٠٧)**

تاریکت بۆ دەکەم کە چەندین مانگە تێیدا دەژیم. نەهامەتییەکی سی مانگیت بۆ دەگێڕمەوە کە بەبێ تیشکی خۆر لە تاریکیدا تێپەڕ بووە.

باسی ئەم مانگە مەترسیدارانەت بۆ دەکەم کە بەبێ ئاگاداربوون لە پیاوانی بنەماڵەکەم و خزم و کەسوکارە نزیکەکانم تێپەڕم کردوون و تەنانەت مۆڵەتی خوێندنەوەشم تێیاندا لێ زەوت کرابوو. باسی ئەو ڕۆژە تاریک و بێکۆتاییيانەت بۆ دەکەم. دەمەوێ ئەوە بزانی ئەو کەسەی وا دنیا ئیدانەی دەکا و بە بکوژی گەورەو سوڵتانی خوێنڕێژ ناوی دەبا، بە داخەوە سوڵتانەکەی ئێمەیە.

بەڵێ کچی خۆشەویستم،

ڕێک سی مانگ بەر لە ئێستا، کاتێ ئێوارەیەک دەگەڕامەوە بۆ ماڵەکەم لە ئەرەنکویی. دایکت تۆی لە هەیوانچەکەدا دانیشاندبوو، زۆرم پێ خۆش بوو کاتێ تۆم بینی لەبەر زەردەی خۆرئاوا و هەتاوی مانگە مارتدا دانیشتبووی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

تۆزێک دوای ئەوە کە شەو داهات، نیهادی مامت خزمەتکارەکەی بەدوامدا نارد، کاتێ چوومە ماڵەکەی، نیهادی مامت لەوێ نەبوو. هەستم بە کارەساتێک کرد، یەکسەر جەندرمە و ئەفسەرەکانی لای (سوڵتانی سوور) پێیان گوتم ئەو دەیەوێ قسەم لەگەڵدا بکا. پرسیارم لێ کردن؛ داوای چیم لێ دەکا. پێیان گوتم سوڵتانی خاوەن نیعمەتمان سڵاوی بۆت هەیە و دەیەوێ لە کۆشکەکەی خۆی چاوی پێت بکەوێ. گوایە پرسیاریکی لێ دەکردم. ڕۆیشتم، لەڕاستیدا ناچار بووم لەگەڵ هەواڵدەرەکەی و ئەفسەرەکانیدا بڕۆم. نزیکەی سەد سەربازی لەگەڵدا بوو. سەربازی دیکەش هەبوون گەمارۆی خانوەکەمانیان دابوو و

چاودێرییان دەکرد، هەتا بەندەری کادی کۆیی بە ئوتومبیل ڕۆیشتین و لەوێشەوە بە کەشتییەکی بچووك بەرەو بەندەری سرکەجی بەڕێ کەوتین. لەوێ بە ئوتومبیلێکی سەربازی کە چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد، ڕەوانەی زیندانیان کردم. لە ماوەی لە ئەو ڕۆیشتنەدا هیچ قسەیەکم لەگەڵ جەللادە خۆشەویستەکانمدا نەکرد.

منیان خستە ناو ژوورێك. لانی کەم ١٢ جەندرمە لەبەر دەرگاکەیدا پاسەوانییان دەکرد. لەو ماوەیەدا کە بە تەنیا مابوومەوە، گوێم لە دەنگی ترافیك دەبوو. [گوێم] لە دەنگی پێی سەربازەکانی دەوروبەری گرتووخانەکە بوو، بەڵام نەمدەبینین))[٤٣].

کامەران عالی بەدرخان باسی لەوە کردووە چۆن ساڵی ١٩٠٦دا کاتێك منداڵێکی بچووك بووە و لە ئامادەیی سەرای [بەشی سەرەتاییەکەی] خوێندوویە، لەگەڵ جەلادەتی برای و نۆ ئامۆزای دیکەیدا لە قوتابخانە دەسگیر کراون :

دوای خواردنی نیوەڕۆ لە حەوشەی قوتابخانە یاریم دەکرد. زۆر تینووم بوو، بەرەو لای شیرەکانی ئاو هەڕام دەکرد. جەلادەتی براگەورەم کە دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو، لە شوێنێکی تری حەوشەکەوە هاتە لام و بانگی کردم. ڕانەهاتبووم بەوەی کە ئەو لەوێ ببینم، چونکە ئەو دوو پۆل لە پێشەوەی من بوو. تەنیا شەوان لە شوێنی خەوتن دەمبینی.

بنكەی ژین www.zheen.org

---

[٤٣] لە نامەکەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان وەر گیراوە کە ١١ی ئەیلوولی ١٩٠٨ بۆ لەیلای کچیی ناردووە.

## L'affaire Abdurrahman.

Genève, 25 juin.

Monsieur le rédacteur,

On me communique un article paru dans un de vos précédents numéros intitulé :

« L'Affaire Abdurrahman.

On mande de Constantinople à la *Gazette de Francfort*, etc. »

Bien que décidé à ne rien communiquer à la presse touchant cette affaire, je ne puis laisser passer un tel article sans y répondre, car il contient autant d'erreurs que de phrases, tout ce récit est absolument fantaisiste.

Il serait trop long et sans grand intérêt de réfuter ces erreurs, surtout en ce qui concerne les interventions dont il parle, je tiens cependant à faire savoir que mon gendre n'est nullement impliqué dans le complot des Kurdes contre Redwan-pacha qui n'était pas comme le dit cet article chef de la police turque, mais bien préfet de Constantinople.

Tous les membres de la famille Budis Khan ont été arrêtés sans exception et envoyés à Tripoli pour de là être exilés dans divers endroits. Mon gendre est simplement victime d'une mesure générale ordonnée par le sultan contre les 80 et quelques membres mâles de cette famille.

Je tiens, du reste, du ministre de la police turque lui-même que Abdurrahman n'est pas compromis.

Il est sans doute difficile, avec nos idées de liberté et de justice, de comprendre que pareils faits puissent se produire à notre époque et il faut aller à Constantinople pour se rendre compte que malheureusement de telles mesures sont fréquentes en Turquie.

J'espère, monsieur le rédacteur que vous voudrez bien insérer cette rectification et vous prie d'agréer mes salutations bien distinguées.

F. van Muyden.

١٩٠٦/٦/٢٥

www.zheen.org

**زۆر سەرم سورما کاتێ بینیم. وتی: وەرە دەچین بۆ خەوخانە.**

**– باشە، بەڵام بۆچی؟**

**– پێویستە بچینەوە بۆ ماڵ.**

**ئەو هەواڵەم زۆر پێ خۆش بوو، چونکە حەزم لە ڕاهێنان و قسەوباسەکان نەبوو، جگە لەوە دەمتوانی سود لەو چەند ڕۆژە پشوە وەر بگرم کە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بۆم ڕەخسابوو. بە ڕاکردن چووین بۆ خەوخانە. دوو کەسی چاکەت ڕەشم بینی، لەبەر دەرگا ڕاوەستابوون. سەرم سوڕ ماو ڕاوەستام، لە کاکمم پرسی: ئەم پیاوانە کێن؟ لەو کاتانەدا هەستم کرد کاکم هەندێك شتم لێ دەشارێتەوە. دواتریش هیچ کاتێ بە عەقڵمدا نەهات لە کاکم بپرسم ئەو کاتانە چی ڕووی دابوو. تەمەنم نۆ ساڵ بوو، کاکیشم یازدە ساڵان بوو. هێشتا جل‌وبەرگی دەرەوەمان نەپۆشیبوو، کە جەمال بەگ، بەڕێوەبەری قوتابخانە هاتە خەوخانەکە. ئەو پیاوێکی ڕیش ڕەشی خۆشەویست بوو، تەمەنی لە دەوری (٤٥) ساڵدا دەبوو. بە پێکەنینەوە پرسیاری لێ کردم: پێم خۆشە دەچمەوە بۆ ماڵ یا نا؟ لەڕاستیشدا یەکێك لە مناڵە هارەکانی ئامادەیی غەڵەتە سەرای بووم. یاریکردن و ڕاکردنم لەو ڕاهێنان و قسەوباسانە کە دەیانویست بەزۆر پێم بکەن، پێ خۆشتر بوو. سێ جۆر سزا هەبوو لە ئامادەیی‌یەهەبووکەدا: Prive[٤٤] retenue,[٤٥] Piqet,[٤٦].**

---

[٤٤] Piqe: **سزای ڕاوەستانە لە سەرپێ بە شێوەیەك کە ڕووی قوتابییەکە لە دیوار بێ.**

[٤٥] Retenue: **سزای ئەو قوتابیانە بووە کە بێ‌موڵەت بوون. دوای وانەکان و ڕۆیشتنەوەی هەموو کەس قوتابی لە پۆل دەهێڵرایەوەو بە چاودێریی کەسێك ڕاهێنانی دەکرد.**



**ئەمین عالی بەدرخان برا گەورەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و سێ کوڕەکەی:**
**لەڕاستەوە جەلادەت، لەچەپەوە کامەران، لە چەپەوە ئەوی ڕاوەستاوە سورەییا**
**(١٩٠٦ بەر لە دوورخستنەوە)**

---

[٤٦] Prive: **سزایەك بووە کە ڕێگای لە قوتابی تێدا گیراوە لەکاتە ناوبراوەکاندا بچێتە دەرەوە یا لە قوتابخانە بچێتە دەرێ.**

Piquet چارەکێك، retenue یەك سەعاتی دەخایاند و Priveیش دەبوە هۆی ئەوەی قوتابی ماڤ نەبێ کۆتاییی هەفتە بچێتەوە بۆ ماڵ. چوار سزای retenue سزایەکی Poiveی دەرکرد. من لە یەك هەفتەدا حەوت retenue و دوازدە سزای Poiveم وەر دەگرت. ئەمەش بووبووە مایەی نیگەرانیی براگەورەکەم "سورەییا" کە لە پۆلی بەرزی قوتابخانەکە دەیخوێند. هەروەها نۆ ئامۆزاکەشمی کە لە هەمان قوتابخانە دەیانخوێند، تووشی سەرسوڕمان دەکرد.

بێگومان پرسیارەکەی جەمال بەگ لەبارەی ئەوەوە کە ئایا خۆشحاڵم دەچمەوە بۆ ماڵ، پێوەندیی بەم بارودۆخەوە هەبوو. لەگەڵ چاودێری گشتیدا هاتینە خوارەوە. سەرمان سوڕ نەما لەوەی کە پێیان وتین بەر لەوەی بڕۆن، دەچینە لای "عەبدوڕڕەحمان بەگ"ی بەڕێوەبەری قوتابخانە. عەبدوڕڕەحمان بەگ[47] کەسایەتییەکی گرنگی ئەستەمووڵ بوو. بە ڕاستگۆیی و لیبراڵبوونی خۆی ناوبانگی دەر کردبوو، بەرامبەر بە دواکاکانی کۆشك، بەرگریی لە ئازادیی بیروڕا

www.zheen.org

---

[47] لێرەدا مەبەست مێژوونووس و سیاسەتمەدار عەبدوڕڕەحمان شەرەف ئەفەندییە. عەبدوڕڕەحمان شەرەف ئەفەندی (١٨٢٣-١٩٢٥). لە ساڵی (١٨٩٤)ەوە بۆ ماوەی (١٤) ساڵ بەڕێوەبەری ئامادەیی غەڵەتە سەرای بووە. لەکاتی مەشرووتییەتی دووەمدا پۆستەکان وەزیری مەعاریف، وەزیری ئەوقاف، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی دەوڵەتو سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی مێژووی عوسمانیی وەر گرتووە و ساڵی (١٩٢٣)ش بووەتە نوێنەری ئەستەمووڵ لە پەرلەمان. کتێبی لەبارەی مێژوو و جوگرافیاوە هەیە (ئەنسیکلۆپیدیای تورك، خانەی چاپی پەروەردەی نەتەوەیی، ئەستەمووڵ، ١٩٨٩، بەرگی١، ل٤٦-٤٧)

دەکرد. کاتیٚ گەیشتینە هۆڵە گەورەی لای ژوورەکەی بەڕێوەبەر، هەموو ئامۆزاکانی خۆمم بینی، لەویٚ کۆ کرابوونەوە. تەنیا کاکە سورەییام لەویٚ نەبوو. گرووپێك لەو پیاوە چاکەت ڕەشانەی لیٚ بوو کە پێشتر لەلای خەوخانە دوو کەسیانم لیٚ بینیبوو. ماوەی (١٠) خولەك ئێمەیان ڕاگرت و دواتر بردینیان بۆ لای بەڕێوەبەر. هیچ کات ڕوخساری ئەو کاتەی بەڕێوەبەرم لەبیر ناچیٚ. یەکێك لەو پیاوانەی کە لەویٚ بوون، لێی پرسی ئایا هەموویان لێرەن، ئەویش بە دەنگێکەوە کە نیشانەی بیٚمتمانەیی بە خۆی پێوە دیار بوو، لەپشت مێزەکەیەوە بەپێوە وەڵامی دایەوە و وتی: هەموویان لێرەن. ڕەنگی زەرد بووبوو. لەپێش هەموومانەوە تێپەر بوو. دواتر لای من ڕاوەستاو بە ئەسپایی و بە جۆرێك کە بە زەحمەت دەبیسترا، وتی: ((بچکۆلانەی داماو)) و بە هێواشی دای لە گوێم و دەستی پێدا هێنا.

دواتر وتی: ((هەموویان لێرەن یازدە کەسن)).

کاتیٚ لە هۆڵەکە دەر کەوتین، ژمارەی پیاوە چاکەتڕەشەکان زیادیان کرد. کەوتینە سەر ڕێگای گەورە، بەڵام سەرم سوڕ مابوو لەو دەرگایەوە نەچووینە دەر کە هەموو کاتیٚ لەوێوە دەڕۆیشتین، بەڵکوو لەو دەرگایەوە دەرکەوتین کە تا ئەو کاتە بە کراوەیی نەمبینیوو. ئەو دەرگایە بە تەواوی کرابووەوە. چەند ئوتومبیلێکی سەرداخراوی جۆری فایتۆن لە کۆڵانەکەدا چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد. دوو کەس دوو کەس سواری ئوتومبیلەکانیان کردین. لە هەر ئوتومبیلێکیشدا سیٚ پۆلیس هەبوو، دوویان ڕووبەڕووی یەك دانیشتبوون و یەکێکیشیان لای شۆفێرەکە دانیشتبوو.




سورەییا بەدرخان (١٩٠٦، پێش دوورخستنەوە)

لەو بەینەدا باو باران دەستی پیّ کرد. فایتۆنەکان بەرەو ئەو ڕێگایە چوون کە دەبوو لەوێوە لە دەوروبەری غەڵەتە ئێمە ببەنەوە بۆ ماڵ. هەر لە هۆڵەکەی لای ژووری بەڕێوەبەر هەستمان بە هەندێك شتی نائاسایی کردبوو. ئەوانەی کە بە تەمەن لە ئێمە گەورەتر بوون، بە کوردی پێیان دەگوتین: وریا بین. لە ڕێگا پیاوەکان پرسیاریان لیّ کردین، بە تایبەتی دەیانویست بزانن چەند پیاو لە ماڵەکەماندا هەیە.

ئێمە پێمان وابوو بۆ ئەوەی بچینەوە بۆ ماڵی خۆمان لە کادی کۆیی، دەبیّ لەلای پردی غەڵەتە دابەزین و بە پاپۆڕ بچین، بەڵام پیاوە چاکەتڕەشەکان وتیان دەبیّ تۆزێکی تر بڕۆین. لەویّ تیّگەیشتین نامانبەنەوە بۆ ماڵ. فایتۆنەکان بەرەو گەڕەکی بابی زابیتە کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشی لیّ بوو، دەچوون. بردینیانە بەر هەیوانێك کە دیوار بۆ ئەملاوئەولاکەی هەڵچنرابوو. لەوێشەوە ئێمەیان بردە ناو هۆڵێکی گەورە.

بەرپرسێك هات بۆ پرسیارکردنی ناوەکانمان، دەیویست بزانیّ هەموو ناوەکان تەواون. بەپێی تەمەن ناوەکانیان نووسیبووین. لەبەر ئەوی من لە هەموویان بچووکتر بووم. ناوم لە کۆتاییی لیستەکەدا نووسرابوو. دواتر بە تەنیایان هێشتینەوە. دوای دەستپێکردنی ئەم ڕووداوە سەیرە، یەکەمجار یازدە کوردی بچووك، یازدە بەدرخانیی بچووك توانیمان لە دەوری یەك کۆ ببینەوە. لەنێو گرووپەکەماندا سلێمانی کوڕی مامە خالیدم کە تەمەنی پازدە ساڵ بوو، لە هەموومان گەورەتر بوو. ئەو پێشتر ئاگادار بوو لەو کێشەیە کە ڕووی دابوو. ئەو

کاتە پێی وتین: چوار کورد بە فەرمانی بنەماڵەی بەدرخان ڕزوان پاشای سەرۆکی شارەوانیی ئەستەمووڵیان کوشتووە و لەبەر ئەوەش حکوومەت سورەییای کاکم و مامەکانمانی گرتووە. ئەوەشی گوت کە ئەم ڕووداوانە گرنگ نین. لە هەموو تەمەنیشمدا یەکەمجار بوو گوێم لە قسەی خراپ و جنێو بێ کە بە سوڵتان و تورکەکان دەوتران. دوای چارەکێک یەکبەیەک بانگیان کردین بۆ لێپرسینەوە. بەڵام ئەوەی کە دەڕۆیشت لە هۆڵەکە، ئیدی نەدەگەڕایەوە. لەو بەینەشدا شەو داهاتبوو، چرای گازییان بۆ هێنابووین.

– کاتێ کاکە جەلادەتی منیان بانگ کرد، لە هۆڵەکە بە تەنیا مامەوە. ئەو کاتە هەستێکم هەبوو، دەمزانی ترس نییە، بەڵکوو کین و نەفرەتە لەو کەسانەی کە نەمدەزانی کێن. کتوپڕ دەرگاکە کرایەوە و دەنگێک هات، کە هێشتا لە گوێمدا دەزرنگێتەوە: ((کامەرانی کوڕی ئەمین)). کاتێ ناوی باوکمیان بەو جۆرە تەنیا بەناوی خۆی بانگ کرد [لە توورەییدا] لە خۆم دەرچووم و سوێندم خوارد تۆڵە لە نادیارێک بکەمەوە کە بەمجۆرە ناهەقی بەرامبەر من دەکا. پیاوێکی قەڵەوی جل-ڕەش بە دەنگی بەرز ناوی بانگ کردم و دەستی خستە پشتم و منی برد. دوای ئەوەی لە چەندین ڕێڕەوی نیمچە ڕووناکەوە تێپەڕ بووین، منیان بردە هۆڵێکی گەورە قاڵیی تێدا ڕاخرابوو. لە خوارەوە دوو کەس دانیشتبوون، یەکێک لەوانە بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش بوو. کەسێکی لاوازی بچکۆلانە بوو، ئێسقانەکانی بەرچاوی دیار بوون و لە پشتی چاویلکەیەکەوە چاوە بچکۆلانەکانی خۆی شاردبوەوە. ناو و

تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوون و ناوی کەسەکانی ناوماڵی لێ پرسیم و بەتایبەتی پرسیاری ئەوەی کرد کە کاتێ باوکم لە ماڵ نەبێ کێ ماڵەکەمان بەڕێوە دەبا. باوکم موفەتیشی داد بوو لە پارێزگاکانی ئەنقەرەو قۆنیا. وتم کاتێ باوکم لەوێ نەبێ، دایکم کاروباری ماڵەکەمان بەڕێوە دەبا. وتی: ((چۆن ژنێك ماڵێکی گەورەی وەها بەڕێوە دەبا؟ پێویستە پیاوێك لەوێ هەبێ)). کاتێ لێپرسینەوەی لێ دەکردم، پۆلیسەکە لە دواوە بە توندی دەستی گوشیم. منیش وتم: ((وازم لێ بێنن، ئازارم پێ دەگەیێنێنن)). بەڕێوەبەر گوێ لە قسەکانم بوو، وتی: ((.. گوێی مەدەرێ)). لەبەر ڕق و نەفرەتەکەم بە تووڕەیی‌یەوە وتم: ((من ڕانەهاتووم درۆ بکەم)). دواتریش بە کوردی پێم وت: ((بەراز!))، بەڵام باش بوو گوێی لێ نەبوو. سەری لار کردەوە بۆ لای هاوکارەکەی ووتی: ((دەبینن بچووکەکانیشیان چۆن لە تووڕەییدا سوور دەبنەوە)).

دوای لێپرسینەوە بردمیان بۆ هۆڵێکی دیکە. جەلادەتی کاکم و مەحموودی ئامۆزام کە کوڕی حسێن پاشا بوو، لەوێ بوون. لەو کاتەدا بەشێکی ڕێگامان لە تاریکیی شەو و ژێر ڕەهێڵەی باراندا بڕی، وەك ئەوە وابوو ئاوی ناو پەرداخێك لەسەرەوە بڕێژێتە خوارەوە و زۆر دەباری. بەشێکی دیکەی ڕێگاش بە فایتۆن هاتین و سەرەتا گەیشتینە غەڵەتەو لەوێشەوە بە پاپۆڕ چووینە ئۆسکودار و دواتریش ڕۆیشتینە کادی کۆیی و پاشان ئێمەیان بردە بنکەی پۆلیسی گەڕەکەکەی خۆمان لە موهوردار. لە هەریەك لەو بنکانەدا وەکوو تاوانبارێکی مەترسیدار، لێپرسینەوەیان لێ دەکردین و زانیارییان لەسەر ڕواڵەت و شێوەمان کۆ دەکردەوە. دواجار

کاتی نیوەشەو ئێمەیان بردە ماڵ. بۆ یەکەمجار لەوێ فرمێسك و شیوەنم بینی. چاوەکانی دایکم کە خۆی ڕەشپۆش کردبوو، لەگەڵ چاوەکانی ئێلاس (دادە ڕۆمیەکەمان)دا لەبەر گریان سوور بووبوونەوە. مەحموودی ئامۆزام لە قادی کوێی لە ئێمە جیا بووبوەوە. ئەو پۆلیسەی کە ئێمەی هێنابوو، بە دایکمی وت: ((منداڵەکانی ئێوەمان هێنا، بەڵام پێویستە کەسێك ببێتە کەفیل)). دایکم وتی: بەو خوایە .. پێشتر باوك و مامەکانی منداڵەکانتان دەستگیر کردووە، دەتانەوێ کێ ببێتە کەفیلیان؟ ئەگەر متمانەتان نییە، باشتر وایە ئەمانیش وەکوو خزم و کەسوکارەکانیان دەستگیر بکەن)).

دوای چەند خولەك قسەکردن، پۆلیسەکە ئێمەی ڕادەستی دایکم کرد. بەڵام سەد مەتر لەولاوە لە کۆڵانەکە، پۆلیسەکان بەردەوام بوون لە چاودێریی ماڵەکەمان. بۆ ماوەی یەك هەفتە -کەم و زۆر- پێوەندییمان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بڕابوو. بەپێی ئەو شتانەی کە پێمان وترابوون، سەدان کەسی دوورونزیك لە دۆستان و ئاشنایان و تەنانەت ئەو دووکاندارانە کە شتومەکمان لەلا دەکڕین، دەستگیر کرابوون. دواتر فەرمانێك هات بۆ ئەوەی بچینە لای باوکم لە قۆنیە. لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٠٦[٤٨]دا، بەیانییەك زوو دەستەیەکی

---

[٤٨] هەرچەندە لە دەقە فەرەنسیەکەدا (١٩٠٥) نووسرابێ، بەڵام وا دەر دەکەوێ ئەمە هەڵە بێ. بەو پێیەی کە ڕەزوان پاشا ٢٣ی مارتی ١٩٠٦ کوژراوە، دەبێ ئەو مێژووەی ئێرەش ١٩٠٦ بی نەك (١٩٠٥).

(Bedr-Xan, Kamuran, Memories de L`Emic kamuran Bedrxan, dicte`es au Re`ve`rend pe`re Thomas Bois, O. P. a Beyrouth du 7 au 10 de-Cembre 1946, s. 10)

www.zrieen.org

سەربازی دەوریماڵیان گرتین و ئێمەیان سواری ئوتومبیلەکانیان کرد. کاتیٚ گەیشتینە گەڕاج، کاکە سوورەییا و حیکمەت و شەرەف بەگی ئامۆزامان لەویٚ بینی. شەرەف کوڕی ئەحمەد بەگ بوو کە کۆچی دواییی کردبوو. ئێمەیان خستە سەر ڕێگای قۆنیە. هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەمان لە دەوری یەك کۆ بووبووینەوە. دایکم و سیٚ کاکم و من و دوو برای بچووکم، مەزیەتی خۆشکم کە کچێکی گەنج بوو، هەموومان پێکەوە بووین. لە بەردەرگای کابینەکەی ئێمە لەنێو شەمەندەفەرەکەش جەندرمە ڕاوەستابوو. لە ڕێگا هیچ ڕووداوێك نەقەوما. بەڵام شتێکی بچووك تووشی سەرسوڕمانی کردم. ئەو کاتەش تیٚگەیشتم کەسانی دیکە لە چ جۆرە نەداری و هەژارییەکدا دەژین. لە وێستگەیەکدا وتیان نانێك هەیە زۆر جوان و خۆشە. ئێمەیش لەو نانەمان کڕی. لەویٚ چاوم بە منداڵێکی دێهاتیی بیٚچارەو داماوی تورك کەوت، دیار بوو برسییەتی، لەتێك لە نانەکەی خۆمم پیٚدا. لەتێك نانی ڕەشی لە گیرفانی خۆی دەر هێناو خستیە سەر نانە جوانەکەی ئێمە، دواتر دەستی کرد بە خواردنیان. تاقە بیرەوەریم لەو کاتانەی کە لە قۆنیە دەماینەوە، ئەمەیە: باوکم لە بینایەکی شارەوانیدا لەژێر چاودێریدا بوو. لەبەر ئەوەی حەزی لە مۆسیقا دەکرد، ڕۆژێك کاکم ویستی (پلاکێکی) مۆسیقای بۆ بخاتە سەر. کاکم ئاگای لەوە نەبوو کە لەجیاتیی مۆسیقا، (پلاکی) سروودی سوڵتانی خستوەتە سەر گرامۆنەکە. هەر لە یەکەم نۆتەکانەوە باوکم لە تووڕەییدا پلاکەکەی

نیگەی ژین
www.zheen.org

لابرد و فڕێی دا. پلاكەكەش لەبەردەم نیگای پڕ لە سەرسوڕمانی جەندرمەی بەر دەرگای هۆڵەكەدا شكا.

تاوێك دوای ئەوە پارێزگاری قۆنیە بە باوكمی وت: هەموومان بە فەرمانی سوڵتان دوور خراوینەتەوە بۆ ئیسپارتە لە ئەنادۆڵ. ئەو كاتەش باوكم ئێمەی كۆ كردەوەو وتی: ((ڕۆڵە گیان دوور خراوینەوە!)) دواتر درێژەی پێ داو، وتی: ((دەزانن بەچی تۆمەتبار دەكرێین؟ لەبەر ئەوەی هەڕەشەین بۆ ئاسایشی حەزرەتی سوڵتان و پایتەختەكەی))[49].

نووسەری بەناوبانگ "خالیدە ئەدیب ئادیڤار" كچی پێشووی "عەلی شامیل" كە لێی جیا بووبووەوە، لە بیرەوەریەكانی خۆیدا بەمجۆرە باسی ئەو ڕۆژانە كە ئەویش تێیدا ژیاوە، دەكا:

((ئێوارەیەك باوكم بە ڕوویەكی پڕ لە خەم و پەژارەوە لە كۆشك هاتەوە بۆ ماڵ. وتی ڕەزوان پاشا، لە شوێنێكی نزیك لە ماڵی عەلی شامیل كوژراوە. بكوژەكانیان هێناوە بۆ لای عەلی شامیل كە فەرماندەی ئوسكودار بووە، شەوێك دەستبەسەری كردوون، بەڵام دواتر بە داوای عەبدوڕڕەزاق بەدرخان ئازادی كردوون، ئەمەش بووەتە مایەی ناڕەزاییی سوڵتان عەبدولحەمید. لەو شەوەشدا عەلی شامیل و هەموو بەدرخانیەكانیان دەستگیر كردووە، هەر بەو شەوە عەلی شامیل بە زنجیركراوی دوور خراوەتەوە بۆ ترابلوسی غەرب.

49 Bedr-Xan, Kamuran, S. 6-11

ماڵی دادە مەخموورەش[50] لەتەنیشت ماڵەکەی عەلی شامیل پاشا گەمارۆ درابوو، بەردەوام پۆلیسێک لەبەر دەرگاکەیدا ڕاوەستابوو، نەیدەهێشت کەس بچێتە ژوورەوە. زاوا بێچارەکەشمان کە لە هەموو تەمەنیدا جگە لە دەرمانفرۆشی هیچ کارێکی دیکەی نەکردووە، بە پاپۆڕ و بە زنجیرکراوی دوور خرابوەوە. بە کورتی، هیچ پیاوێکی بەدرخان بە منداڵی دوازدە ساڵانیشەوە لە ئەستەمبووڵ نەمابوو. زۆربەیان ئاگایان لە ڕووداوەکەش نەبوو. عەلی شامیل پاشای داماو لەگەڵ ئەو کێشە و ئاژاوەیەدا نەبوو، بەڵام –لەلایەکەوە– بەهۆی کاریگەریی بنەماڵە و –لەلایەکی دیکەشەوە– بە هۆی غرووری دەربەگایەتییەوە، خۆی تووشی بەڵا کردبوو. لەوەبەدوا کەسمان نەماندەتوانی بچینە ماڵی دادە مەخموورە. شەمەندەفەری گەڕەکی حەیدەر پاشا لەلای ماڵەکەی ئەوەوە لە گەڕەکی یوکسەك سرت تێدەپەڕی. هەر کام لە ئێمە، کاتێ لەوێوە تێپەڕ دەبووین، هەڵدەستاینە سەرپێ، بەشکەم لە پەنجەرەکەوە چاومان پێ بکەوێ. لەم ڕۆژانەدا زۆر باسی ئەوەیان دەکرد کە لەبەر ئەوەی عەلی شامیل پاشا زۆر هاتوچۆی ماڵی ئێمەی کردووە، لەوانەیە باوکیشم دوور بخرێتەوە، چونکە لەشکرێك لەو سیخوڕانە هەبوون کە لەبەر مووچەی مانگانەی خۆیان یا بۆ بەدەستهێنانی شتێك و بۆ خۆنزیککردنەوە لە سوڵتان، ڕاپۆرتیان لەسەر هەموو کەسێك بەرز دەکردەوە. بەداخەوە ئەو سیستەمی سیخوڕییە کە تەواو نابێ، بووەتە نەخۆشییەکی

---

[50] مەخموورە کچی (عەلی شامیل)ە.

نیگەی ژین www.zheen.org

هەمەلایەنە لە وڵاتەکەماندا، تەنانەت دوای عەبدولحەمیدیش هاووڵاتیانی ئازادبیر، نەیانتوانی لەبەر ئەو سیخوڕانە هەناسەیەکی ئارام هەڵکێشن))[51].

لەو کاتانەدا لە کتێبێکی بچکۆلانەدا ڕەخنە لەو دەستگیرکردن و دوورخستنەوانە گیراوەو باس لەوە کراوە کە سوڵتان لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەی بەدرخانیەکان دەترسیٚ، ئەو گوشارانە دەخاتە سەریان:

((بابڵێین عەبدوڕڕەزاق بەگ پیاوکوژە و عەلی شامیلیش یارمەتیی داوە، ئەی میدحەت، موراد، حەسەن و عەبدوڕڕەحمان بەگ چییان کردووە؟ با وای دابنێین لەبەر ئەوەیە هاوتەمەنی ئەون، بەڵام ئەوی بەدری بەگ چیی کردووە کە تەمەنی ساڵێك لەگەڵ ئەودا جیاوازە؟

با بڵێین ئەویش لە ئەستەمبووڵەو ناکریٚ متمانەی پیٚ بکریٚ، بەڵام ئەی کامیل بەگ لە حەیفاو عەلی بەگ و مەحموود بەگ لە بەیرووت و حسێن باشا لە یۆزغات و ئەمین بەگ؟ لەوەش سەیرتر، ئەی ساڵح بەگ خۆی لە ڕۆدۆس لە دوورخراوەییدایە؟ ئەی نەقیب حسێن کا بە دە پشت ناگاتە بەدرخانیەکان، چییان کردووە؟ نازانم تاوانی ئەو منداڵە بچکۆلانانە چین کە هێشتا لە قوتابخانەدان و تەمەنیان لە دوازدە ساڵ تێپەڕ نەبوە؟

ئەی ژنان؟ مەحکوومە داماوەکان! ئەوان چ تاوانێکیان هەیە، بەبیٚ ئەوەی یارمەتیدەرێکیان بۆ بهێڵدرێتەوە، لەژێر چاودێریی پۆلیس و جەندرمەدا دەستبەسەر کراون؟ ئەم توندوتیژییە زۆرەی کە سوڵتان

---

[51] ئادیڤار، خالیدە ئەدیب، ماڵێك بە ئاوێزەی وەنەوشەیی، چاپی سێیەم، کتێبخانەی ئەتڵەس، ئەستەموولٚ، ١٩٧٠، ل١٢٠-١٢١.

دەرهەق بەم بنەماڵەیەی دەکا، هیچ شتێك نییە، جگە لەو ترس و سامەی کە سوڵتان لە هێزی ئاسایی ئەم بنەماڵە هەیەتی))[٥٢].

بەپێی سەرچاوە ڕەسمیەکان ئەو کەسانەی کە دەوترا ڕەزوان پاشایان کوشتووە، بریتین لە: ئەمین کە ناوەکەی تری عەبدوڵلایە، محەمەد کە ناوەکەی تری ئەسەدە، ئەحمەد، عەبدوڵلا حەسەن چاوش، مەجید، ئەلەشگردلی ساڵح[٥٣]. چوار کەسی هەووەڵی ئەو ناوانە لە دادگا سزای لەسێدارەدانیان دراوە[٥٤].

لە کتێبی ئەمیر بەدرخاندا[٥٥] لیستێکی ئەو کەسانە هاتووە کە دەستگیر کراون یا دوور خراونەتەوە. لەوێدا جۆری خزمایەتیی ئەو کەسانە لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانیەکاندا باس کراوەو زانیاریشی تێدایە لەسەر ئەوەی کە چەند منداڵیان هەبوەو بارودۆخی بەناوبانگترین و ناسراوترین کەسەکانی بنەماڵەی بەدرخانیەکان دەر دەخا.

**کوڕەکانی بەدرخان بەگ:**

(١) **حامید بەگ**، بچووکترین منداڵی بەدرخان بەگە، نابینایەو لە شام دەستگیر کراوە.

نێکەی ژین
www.zheen.org


---

[٥٢] ئەمیر بەدرخان، بلاوکردنەوەی: لوتفی بەناوی جەمعییەتی کوردانەوە، چاپخانەی ئیجتیهاد، ل٥٠-٥١.


[53] BOA.YPRK.AZN, 24/55: 30 Mart 322 [12.04.1909]

[٥٤] سەڤگەن، ل١٢٦.

[٥٥] ئەمیر بەدرخان، لوتفی بە ناوی جەمعییەتی کوردانەوە، چاپخانەی ئیجتیهاد، ل٥٥-٥٨.




عەبدوڕڕەزاق بەدرخان، ٩ی ئەیلوولی ١٣٢١ [١٩٠٥/٩/٢٢]



**عەبدوڕڕەزاق (دانیشتووی ناوەڕاست)، بەدرخانی برای (ڕاوەستاوی لای ڕاست)، زاواکانیان (ئەوانەی کە دانیشتوون)**

(٢) **بەدری بەگ:** کچێکی هەیە، ئەندامی ئەنجومەنی دەوڵەته[٥٦] [دوور خراوەتەوە]

(٣) **عوسمان بەگ:** شەش کوڕو چوار کچی هەیە، فەریق بووە، بەڵام بۆ ترابولسی غەرب دوور خراوەتەوە.

(٤) **عەلی شامیل بەگ:** دوو کوڕ و چوار کچی هەیە، بە پاپۆڕی مەککە دوور خراوەتەوە[٥٧].

[لێرەو لە ڕستەکانی داهاتووشدا کە باسی پاپۆڕی مەککە دەکرێ، واتای ئەوەیە کە بە پاپۆڕ لە ڕێگای مەککەوە دوور خراوەتەوە بۆ ترابلوسی غەرب- مالمیسانژ]

(٥) **ئەمین (عالی) بەگ:** چوار کوڕ و کچێکی هەیە، موفەتیشی داد [بوو] لە قۆنیاو ئەنقەرە. [دوور خراوەتەوە] بۆ ئیسپارتا.

(٦) **حسێن کەنعان بەگ:** دوو کوڕ و سێ کچی هەیە، موتەسەڕیفی یۆزغات [بوو]. ڕەوانەی نابلوس کرا.

(٧) **موراد بەگ:** دوو کوڕ و کچێکی هەیە. بە پاپۆڕی مەککە ڕەوانەی [ترابلۆوسی غەرەب] کراوە.

(٨) **محەمەد عەلی بەگ:** کچێکی هەیە، فەرماندەی جەندرمەی بەیرووت بوو، بۆ حەما (دوور خراوەتەوە).

نکەی ژین
www.zheen.org

---

[٥٦] نەزمی سەڤگەن، باسی ئەوە دەکا کە "سەعید بەگ"ی ئەندامی ئەنجومەنی دەوڵەت دوور خراوەتەوە (سەڤگەن، ل١٣١).

[٥٧] سەڤگەن، ل١٣١.

(٩) **میدحەت بەگ**: کوڕێك و کچێکی هەیە. بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە].

(١٠) **حەسەن بەگ**: دوو کوڕ و کچێکی هەیە، بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە]

(١١) **عەبدوڕڕەحمان بەگ**: کچێکی هەیە، بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە].

(١٢) **کامیل بەگ**: کوڕێك و کچێکی هەیە، قایمقامی حەیفا بوو، بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە]

(١٣) **تاهیر بەگ**: کچێکی هەیە. سەرۆکی [دادگا]ی تەمییزی حەڵەب [بوو] بۆ ڕۆدۆس دوور خراوەتەوە. نازانرێ چیی بەسەر هاتووە[٥٨].

(١٤) **خەلیل بەگ**: دوو کوڕو کچێکی هەیە، بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە].

(١٥) **زوبێر بەگ**: جێگری سەرۆکی شارەوانیی شام [بوو]، لە شام دەستگیر کراوە.

www.zheen.org

**نەوەکانی بەدرخان بەگ:**

(١٦) **غالیب بەگ**: کوڕی حامید بەگە[٥٩] و لە شام دەستگیر کراوە.

---

[٥٨] هەرچەندە لە کتێبی ئەمیر بەدرخاندا وەها نووسراوە، بەڵام بەڵگەنامە تایبەتەکانی ئەرشیڤی عوسمانی لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران باسی ئەوەیان تێدا کراوە کە تاهیر بەگ بۆ یانیا دوور خراوەتەوە.
(BOA.YPRK. AZN, 24/55, Tarih: 30 Mart 322 (12.04.1906)

[٥٩] حامید بەگ، ئەو کەسەیە کە ناوی لەسەرووی ئەو لیستە هاتووە.

(١٧) **عەبدوڕڕەزاق بەگ:** کوڕێکی و کچێکی هەیە، بۆ خۆی کوڕی نەجیب بەگە و بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە]

(١٨) **بەدرخان بەگ:** کوڕی نەجیب بەگەو بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە]

(١٩) **سەعید بەگ:** کوڕی نەجیب بەگەو بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە].

(٢٠) **ئیبراهیم بەگ:** کچێکی هەیەو خۆی کوڕی مستەفا بەگە، بۆ قەیسەری [دوور خراوەتەوە]

(٢١) **قەدری بەگ:** کوڕی عەلی شامیل بەگە[٦٠]، تەمەنی دوازدە ساڵەو لە بنکەی پۆلیس دەستگیر کراوە.

(٢٢) **سورەییا بەگ:** کوڕی ئەمین [عەلی] بەگە[٦١]، لە مەکتەبی سوڵتانی دەستگیر کراوەو دوور خراوەتەوە.

(٢٣) **شەرەف بەگ:** کوڕی ئەحمەد بەگە، بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە][٦٢]

(٢٤) **سەعدی بەگ:** کوڕی حەسەن بەگە[٦٣] و بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە]

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٦٠] ناوی عەلی شامیل بەگ لە لیستەکەدا لە ڕیزی چوارەمدایە.

[٦١] لە لیستەکەدا لە ڕیزی پێنجەمدایە.

[٦٢] بەپێی نووسینەکانی کامەران عالی بەدرخان، لەگەڵ ئەواندا ڕەوانەی قۆنیە کراوە. Bedr-xan-kamuran, yagy

[٦٣] ناوی حەسەن بەگ لە لیستەکەدا لەڕیزی دەیەمدایە.

(٢٥) **فەرید بەگ**: کوڕی تاهیر بەگەو بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە}

(٢٦) **فایز بەگ**: کوڕی خەلیل بەگە[٦٤] و بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە]

(٢٧) **سلێمان بەگ**: کوڕی خالید [خالید سەیفولا] بەگەو بە بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە]

(٢٨) **سالح بەگ**: کچەزای بەدرخان بەگە، بۆ ڕۆدوس دوور خراوەتەوە.

(٢٩) **فوئاد بەگ**: کچەزای بەدرخان بەگە. بە پاپۆڕی مەککە [دوور خراوەتەوە]

(٣٠) **خالید بەگ**: کچەزای بەدرخان بەگە. نەقیب، دکتۆرە، بۆ ئەوەی ڕەوانەی یەمەن بکرێ لە بەیرووت دەستگیر کراوە.

(٣١) **خالید بەگ**: کچەزای بەدرخان بەگە. لە میسر هەڵاتووە.

**خزم و ئاشناکانی دیکەیان**:

(٣٢) **غالیب پاشا**: سێ کچی هەیەو زاوای بەدرخان بەگە، موتەسەڕیفی میدللیەو بۆ ئیزمیر [دوور خراوەتەوە].

(٣٣) **ئیسماعیل بەگ**: زاوای بەدرخان بەگە، موفەتیشی داد [بوو] لە حەڵەب و ئەدەنە، نازانرێ چیی بەسەر هاتووە.

(٣٤) **عومەر بەگ**: کچێکی هەیە، زاوای بەدرخان بەگەو لە شام دەستگیر کراوە [دوور خراوەتەوە].

---

[٦٤] ناوی خەلیل بەگ لە لیستەکەدا لە ڕیزی چواردەیەمدایە.

نیگەی ژین
www.zheen.org

(٣٥) **ئەحمەد بەگ:** مولازمە، ئامۆزای بەدرخان بەگەو بۆ یەمەن [دوور خراوەتەوە].

(٣٦) **جەمیل بەگ:** دوو کوڕی هەیە، قایمقامی سەربازی [بوو]، زاوای نەجیب بەگە، بە پاپۆڕی مەککە بۆ ترابلوسی غەرب [دوور خراوەتەوە].

(٣٧) **مەحموود بەگ:** کوڕێکی هەیە، برازای بەدرخان بەگە، لە شام دەستگیر کراوە.

(٣٨) **حسێن بەگ:** نەقیبە. ئامۆزای بەدرخان بەگەو بۆ یەمەن [دوور خراوەتەوە].

(٣٩) **بەکر بەگ:** کچێکی هەیە، بەرپرسی موفەتیشەکانی دارستانە، زاوای "**حسێن کەنعان بەگ**"ە[٦٥] و لە میسر هەڵاتووە.

(٤٠) **حافز پاشازادە سەعدی بەگ:** ژنبرای موراد بەگە[٦٦]، لە جەمعییەتی ڕسوومییەوە ڕەوانەی ئەدەنە کراوە.

(٤١) **لیۆن بەگ:** لە بەرێوەبەرایەتیی گوومرگ کاری کردووە، لەبەر ئەوەی دراوسێی عەبدوڕڕەزاق بەگ بووە، دوور خراوەتەوە.

(٤٢) **حەسەن فوئاد پاشا:** چاودێری وانەی مەکتەب بووە، پلەی لیوای هەبووەو [لەبەر ئەوەی] وێنەی لە ماڵی "**عەبدوڕڕەزاق بەگ**" دۆزراوەتەوە، بۆ ڕۆدۆس دوور خراوەتەوە.

---

[٦٥] ناوی حسێن بەگ لە ڕیزی شەشەمی ئەم لیستەدا هاتووە.

[٦٦] بە موراد بەگ، لە ڕیزی حەوتەمی ئەم لیستەدا هاتووە.

www.zheen.org

[بۆ زانیاری دەربارەی ئەو کەسانەی دیکە کە دوور خراونەتەوە، دەتوانن بڕواننە پاشکۆکانی ٦و٧ی ئەم کتێبەی بەردەستتان بکەن].

دوای دوورخستنەوەی بەدرخانیەکان لە ئەستەمبوول ساڵی ١٩٠٦[٦٧]، مەحموود فایەق مەمدووح پاشا وەزیری ناوخۆ، بەیتێکی نووسیوە کە ماناکەی هاوشێوەی قسەو ناتۆری ((کوردێکی کلکدار))ە کە لەو کاتانەدا بۆ سووکایەتیکردن بە کوردکان دەوترا؛

((بی‌نوقات ئەیلە حیساب شاهی جیهان بویرغونوو

گیتی کورتلەر توتاراك بیربیرینین کویرروغونوو))[٦٨].

بەو مانایە دێت کە: بێ‌ئەملاوئەولا فەرموودەی شاهی جیهان یاخود سوڵتان جێبەجێ بکە. کوردەکان کلکی یەکیان گرت و لێرە ڕۆیشتن.

## ١. ٥- گەڕانەوەی ئیلیزابێت بۆ سویسرا:

وا دەردەکەوێ کاتێ بەدرخانیەکان لە ترابلوس لە زینداندا بوون، خانەوادەکانیان تووشی زەحمەت و کێشەی زۆر بوون. بەگوێرەی عەبدوڕڕەزاق بەدرخان، دوای ئەوەی دوور خرانەوە، ماڵەکەی تالأن کراوە

[٦٧] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ڕووداوەکانی دوای کوژرانی ڕزوان پاشاوە، بڕوانە: مالمیسانژ، عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان)، ژمارە ١٧و١٨، ستکهۆڵم، ١٩٩٢، ل٨٧-١٠١.

Malmisanij, Cizira Botanli Bediranilar ve Bedirhani Ailesi Dernegiin Tutanaklari, Avesta Yayinlari, Istanbul, Ikinci baksi, 2000, s. 123-125.

[٦٨] سەفیە، لەیلا، لەیلا: چیرۆکی شازادەیەکی کورد، ئەستەمووڵ، بڵاوکراوەکانی ئاڤێستا، ٢٠٠٤، ل٣٦؛ ئالأکۆم، ڕۆهات، کوردەکانی ئەستەمووڵی کۆن، بڵاوکراوەکانی ئاڤێستا، ئەستەمووڵ، ١٩٩٨، ل٤٩.

www.zheen.org

و خاووخێزانەکەیشی پەرێشان بوون[69]. عەبدوڕڕەحمان بەدرخانیش بەم جۆرە باسی بارودۆخی هاوسەر و کچەکەی دەکا، لەکاتێکدا ئەو دوور خراوەتەوە: ((لە ئەستەمبووڵ منیان لە دایك و هاوسەر و منداڵەکەم جیا دەکردەوە، کاتێ لەم ڕاستییە تاڵە تێگەیشتم، خەم و ماتەم دایگرتم. کچە کورپەلەکەم هێشتا شەش مانگان بوو، پێویستی بە من بوو، چونکە لە من زیاتر کەسی نەبوو، دایکە بیانیەکەی تازە هاتبوە ئەستەمبووڵ و یەك وشەی تورکیشی نەدەزانی))[70].

بەپێی هەواڵێك کە ئەو ساڵە لە لۆزان بڵاو کراوەتەوە، بە فەرمانی عەبدولحەمید: ((ژن و منداڵ و پیرەژن و تەنانەت منداڵە شەش مانگیەکانی بنەماڵەی بەدرخانیەکان دەستگیر کران و لە ماڵێکی نزیك لە کۆشك دەستبەسەر کران. دەکرێ ئەمە (بە زیندان) ناو ببرێ، چونکە هەموو جۆرە پێوەندییەکیان لەگەڵ دەرەوەدا قەدەخە کراوە. کەس ناتوانێ لە ماڵ بچێتە دەرەوەو پۆلیس و سەربازیش ماڵەکەیان گەمارۆ داوە))[71].

ئیلیزابێتی هاوسەری عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بە وردی لەلایەن پۆلیسەوە چاودێری دەکرا. کاتێك لەژێر چاودێریدا دەبێ، دەڵێ: ((هەندێك شتمان پێ بدەن با لەگەڵ کچەکەمدا لە برساندا نەمرین)). دواتریش لە یەکەم دەرفەتدا تەلگراف بۆ باوکی دەنێرێ[72] و باوکیشی

[69] بەدرخان، عەبدوڕڕەزاق، ل١٧، ٢١.

[70] لەو نامەیە وەر گیراوە کە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ١٩٠٨ بۆ لەیلای کچیی ناردووە.

[71] بابەتی Ntste`rueyse /trage`due کە ٢١ی ئابی ١٩٠٦ لە لۆزان نووسراوە.

[72] E`cho de parise, 1 Juiler 1906.

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەچێتە ئەستەموولْ. بەپێی نووسینەکانی ئەو[٧٣]، سەرەتا ڕێی پێ نادەن چاوی بە کچەکەی بکەوێ کە ماڵەکەی لەلایەن پۆلیس و سەربازەوە گەمارۆ درابوو. تەنیا دووجار دەتوانێ چاوی پێی بکەوێ.

دەوڵەتی عوسمانی بە بیانووی ئەوەی کە ئیلیزابێت لەگەڵ هاووڵاتییەکی عوسمانیدا ژیانی هاوسەریی پێك هێناوەو مافی هاووڵاتیبوونی سویسرای لەدەست داوە، نەیاندەهێشت بچێتە دەرەوە[٧٤]. ئەو کاتانە لەبەر ئەوەی سویسرا باڵیۆزخانەی لە ئەستەمبوولْ نەبوە، هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە توانیویانە لەکاتی پێویستدا سەر لە باڵیۆزخانەی وڵاتانی فەرەنسا و ئەڵمانیا بدەن. بە داوای باوکی ئیلیزابێت، باڵیۆزی فەرەنسا دەستبەکار بووەو پەرلەمانی فیدراڵی سویسرایش لەسەر ئەو بابەتە کۆ بوەتەوە. بەو جۆرە کێشەی ئیلیزابێت یەکسەر بووە بە بابەتێك بەرپرسانی باڵای چەند وڵاتێکی ئەوروپا خۆیان پێوە سەرقاڵْ کردووە. سەرۆکی کۆنفیدراسیۆنی سویسرا توانیی سەرنجی "گویلامە"ی ئیمپڕاتۆری ئەڵمانیاو "ڤالیەرێس"ی خاوەن موڵکی شەراب و سەرکۆماری فەرەنسا ڕابکێشێتە سەر ئەو بابەتەو دەستپێشخەری بکا بۆ ئەوەی باڵیۆزەکانی فەرەنساو ئەڵمانیا لە ئەستەموولْ قسە لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵْ سوڵتان عەبدولحەمیددا بکەن[٧٥].

---

[٧٣] Tribune, 18 Avril 1906.

[74] E`cho de parise, 1 Juiller 1906

[٧٥] بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانەی کە لێرە باس کراون، سوودم لە ژمارە جیاوازەکانی نیسان و تەمووزی ڕۆژنامەکانی Francfo, t, Echode paris, Tribune وەر گرتووە.



Lausanne, le 21 août.

## MYSTÉRIEUSE TRAGÉDIE

On se rappelle que vers la fin du mois de mars dernier, le préfet de Constantinople Redvan pacha était assassiné, par des Kurdes, disait-on. Il ne s'agissait pas d'un meurtre politique, ajoutait la dépêche, mais d'un acte de vengeance privée. Les assassins ou ceux que l'on arrêta comme tels dénoncèrent de prétendus instigateurs, parmi lesquels le gouverneur militaire du faubourg de Scutari et le maître des cérémonies du palais. Ces personnages, au nombre d'une douzaine, appartiennent à la famille kurde des Bédir. On sait qu'ils ont été exilés à Tripoli, mais leur culpabilité n'en est pas mieux établie pour cela.

Un Ottoman, qui paraît connaître les dessous de cette ténébreuse affaire, nous écrit à ce sujet, de Constantinople, la lettre que nous publions ci-après. Les renseignements qui y sont contenus sont de nature à intéresser très particulièrement les amis d'une famille de la Suisse romande qu'un mariage a rattachée aux Bédirkhan de Constantinople.

Constantinople, août.

Une des affaires qui préoccupent le plus le sultan est certainement celle des fils de Bédirkhan. Voici quelques renseignements sur le sort de plusieurs membres de cette malheureuse famille.

Trois mois avant le meurtre de Redvan Pacha, une querelle au sujet de la saleté des rues de la capitale avait mis aux prises le préfet de Constantinople et quelques membres de la famille Bédirkhan.

Quatre Kurdes furent accusés de l'attentat. Seuls les Bédirkhan, en leur qualité de fils du plus influent des chefs Kurdes, avaient eu assez de pouvoir pour armer le bras des assassins. Tel fut le raisonnement du sultan et de son entourage d'espions.

En conséquence le sultan ordonna d'arrêter tous les membres de la famille Bédirkhan dans une même nuit. Il en exile neuf à Tripoli, les plus suspects d'infidélité à sa personne ; les autres à l'île de Rhodes et dans différentes villes de Syrie. Il fait aussi arrêter leurs femmes et leurs enfants, depuis des bébés de six mois jusqu'à des dames très âgées, et les emprisonne dans une maison voisine du palais. On peut parler ici de « prison » car toute communication est interdite avec le dehors. Personne ne peut sortir de la maison ou y entrer ; elle est entourée d'agents de police et de soldats. Enfin le sultan fait arrêter quelques fils de ceux qu'il exile à Tripoli. Ces jeunes garçons, élèves internes au Lycée Impérial ottoman, Saadi, Sureya et Cadri, âgés de 12 à 17 ans, sont enlevés au milieu de la nuit de leur école et jetés en prison. Ces précautions sont prises pour éviter tout soulèvement de la part des Kurdes.

Les quatre Kurdes qui ont tiré sur Redvan Pacha avouent leur crime. Mais cet aveu ne suffit pas au gouvernement. Par l'intermédiaire de quelques favoris du palais dont le chef est Nedjib Melhémé, le bourreau des Arméniens, la torture est mise en œuvre : on tenaille les chairs, on allume des bougies entre les doigts, on arrache les ongles avec des pinces, etc. Les malheureux déclarent que c'est par ordre des fils de Bédirkhan qu'ils ont tué Redvan Pacha, et qu'il y a encore d'autres Kurdes désignés pour tuer d'autres ministres.

www.zheen.org

١٩٠٦/٨/٢١

**دەکرێ بەدواداچوونی زیاتر لەوبارەیەوە لە بەڵگەنامەی عوسمانیدا بکرێ: ((بۆ موتەسەڕیفی ئۆسکودار**

**زانیاریمان پێگەیشتووە لەبەر ئەوەی هاوسەری عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بیانییە، هەندێك ژنی بیانیش لەو ماڵەدا گیریان خواردووەو لەبەر ئەوەی ڕێگری دەکرێ لە هێنانی خۆراك لە دەرەوە بۆ ئەو ماڵە، ئەوانیش تووشی گرفت بوون، بۆیە ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئیدی**

پێویست بە گوشار خستنە سەر ئەوان نەماوە و بەڕێز سەدری ئەعزەم بە نووسراو ئاگاداری و فەرمانی داوە کە ئیدی پێویست بەو گوشارانە ناکا، هەروەها لەبەر ئەوەی لە قسەی وەرگێڕەکانەوە دەر کەوتووە مەبەستی ئەو سکالآیە ئەوە بووە ڕێ نەدرێ هیچ کەس لە بنەماڵەی بەدرخانیەکان دەر بچێ، بۆیە جگە لە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخان کەس لەو ماڵە باسکراوەدا نەمێنێتەوە))[٧٦].

بۆ/ موتەسەڕیفی ئوسکودار

لەبەر ئەوەی ئەو ژنەی کە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لە سویسرا هێناویەتی، لێرە بەڕەسمی مارە نەبڕاوەو تەنیا لە ئەورووپا مارەییی مەدەنیی بۆ بڕاوە، هەروەها لەبەر ئەوەی باوکیشی خەڵکی سویسرایەو بەدوای کچەکەیدا دەگەڕێ: بە هاوولآتیی دەوڵەتی پایەبەرز لەقەڵەم نادرێ، بۆیە سەدری ئەعزەم فەرمانیان داوە تا ئەو ژنە ڕادەستی باوکی بکرێ و داوا لە باڵیۆزخانەی فەرەنسایش بکرێ[٧٧] بۆ ئەوەی بیگەڕێنینەوە بۆ ولآتی خۆی. هەروەها فەرمانیشمان داوە بە نووسراوی ڕەسمی لە ئەنجامی کارەکە[٧٨] ئاگادار بکرێنەوە))[٧٩].

باڵیۆزخانەی فەرەنسا بەتایبەتی لەبارەی ئیلیزابێتەوە دانوستانی زۆری کردووە. تا دواجار ئیدارەی عوسمانی بە ناچاری لەوبارەیەوە هەنگاوی هەڵگرتووە. لە دواییدا وەرگێڕی باڵیۆزخانەکە، ئیلیزابێت و

[76] BOA.ZB, 302/51, Tarih: 24 Ni. 1322

[٧٧] لێرە وشەیەك نەخوێندراوەتەوە.

[٧٨] لێرەدا وشەیەك نەخوێندراوەتەوە.

[79] BOA. ZB, 392/64, Tarih: 41 may 1322

www.zheen.org

کچەکەی بە ئوتومبیل بردووە بۆ بەندەر و لەوێشەوە بە کەشتیی فەرەنسا ڕەوانەی سویسرا کراوە[80].

دوای ڕووداوەکەی ڕزوان پاشا، لە مانگی مارتەوە لە ڕاگەیاندنی ئەورووپادا، بە تایبەتی ڕاگەیاندنی سویسرا، بابەتی زۆر لەسەر عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و ڕووداوی ڕزوان پاشا نووسراوە[81]. دەبێ باسی ئەوەش بکەین کە زانیاریی نادروست و هەڵبەستراو لە هەندێکی ئەوانەدا هەبوە. بۆ نموونە، زانیارییەك هەیە گوایە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان دوای ئەوەی لێبوردانی بۆ دەر چووە و گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمووڵ، چەند جارێکی دیکە ژنی هێناوە، لەکاتێکدا ئەم زانیارییە ڕاست نییە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

80 E`cho de Paris, 1 Juillet 1906,

٨١ هەندێك لەو ڕۆژنامانەی کە بابەتیان لەبارەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و ڕووداوەکەی ڕزوان پاشاوە بلاْو کردوەتەوە، بریتین لە:

- Tribune (31 Mart 1906, 18 Nison 1906).
- Temps (Nisan 1906).
- matin (Nixan 1906).
- Nouvelle Presse libre (de vienne).
- Figaro (13 haziran 1906)
- Gazette de Francfort.
- E`cho de paris (1 Temmuz 1906).
- Journal de Geneve (3 Temmuz).
- Levant Herald (5 Aralik 1908).
- Stamboul (8 Aralik 1908).



ئیلیزابێت و لەیلای کچی (سویسرا ١٩٠٩)

Paris. Tribune 18 avril 1906.

**Une Genevoise séquestrée.** — Nous avions eu l'occasion l'an dernier, de parler à plusieurs reprises, du cas d'un jeune Turc, Abdurrahman-Bedir-Khan, qui eut beaucoup de difficultés pour épouser une Genevoise, Mlle V. M.

Abdurrahman finit par se marier à Collonges-sous-Salève. Il vivait tranquille à Genève lorsque sa famille, qui habite Constantinople, où elle occupe une très haute situation, le pria de revenir.

Abdurrahman (qui avait été condamné à la déportation pour faits politiques) était informé que le sultan accepterait sa soumission et lui pardonnerait ; on le priait de consentir à cet acte dans l'intérêt de sa famille, qui se sentait menacée.

Abdurrahman partit en novembre avec sa femme et son bébé, âgé de six semaines. Notre jeune compatriote fut reçue dans sa famille turque avec de grands honneurs. Elle écrivit à Genève qu'on avait beaucoup d'égards pour elle. Survint l'assassinat du préfet de police à Constantinople, Redvan pacha. Dans le procès on impliqua toute la famille de Bédir Khan et ce dernier fut arrêté avec ses frères. On dit qu'il est à Tripoli, mais on est sans nouvelles.

Mme Bédir Khan fut placée, avec son enfant, sous la surveillance de la police.

Elle put écrire à son père, M. François V.-M., qui partit pour Constantinople il y a trois semaines. Il a écrit à Genève à plusieurs reprises des lettres désolées : on ne lui laisse voir sa fille qu'entouré de soldats et de gardes, et il n'a pu la voir que deux fois encore.

M. V. M. s'est adressé à M. Constans, ambassadeur de France : on sait qu'il n'y a pas de légation suisse en Turquie et que les Suisses sont, selon les districts, placés sous la protection de l'ambassade de France ou d'Allemagne. M. Constans multiplie ses démarches et on attend de meilleures nouvelles.

D'autre part, le Conseil fédéral vient d'être mis au courant de la situation.

On croit que pour le cas où Abdurrhaman-Bédinkhan serait déporté, sa femme et son enfant seraient autorisés à le suivre.

Mais cette triste perspective même n'est pas encore certaine.

www.zheen.org

**Tribune, 18.04.1906**

avril 1906

**Une Suissesse turque.**

Un prince turc, réfugié à Genève pour cause politique, y avait épousé une jeune Genevoise. Ayant obtenu de pouvoir rentrer à Constantinople, il y amena sa jeune femme, avec leur enfant. Mais au cours de l'instruction ouverte à la suite de l'assassinat de Redwan Pacha, le jeune prince se trouva compromis et fut enlevé par la police, sans que sa femme pût savoir si on l'avait déporté ou exécuté. La malheureuse vit à Constantinople, sous la surveillance constante de la police qui n'a pas même permis à son père de la revoir seul à seule. La famille a nanti du cas le Conseil fédéral et recouru à l'intervention de l'ambassade française.

**Tribune, Nisan 1906**

avril 1906

## NOUVELLES DIVERSES

### Hymen et politique

Il y a quelque temps, un réfugié turc, Abdurrhaman Bedir Khan, de famille princière, faisait à Genève la connaissance d'une jeune dame. ...

En novembre, Bedir Khan reçut son pardon du sultan et fut invité à rejoindre son poste à Constantinople. Il partit, accompagné de la jeune dame genevoise et d'un bébé de six semaines. Malheureusement, Bedir Khan fut impliqué dans le meurtre du directeur de police de Constantinople, Redwan Pacha. Il fut emprisonné, ainsi que son frère. Dès lors, plus de nouvelles; peut-être a-t-il été déporté? Quant à sa femme, elle fut soumise à une surveillance très étroite de la part de la police.

Comme la Suisse n'a pas de représentation diplomatique près la Porte, l'intervention de l'ambassadeur de France a été réclamée. On espère que la pauvre femme pourra du moins partager l'exil de son mari. Le Conseil fédéral a pris la chose en mains.

**Nisan 1906**

### ١.٦- له زیندانی ترابلوسی غەربدا:

کەشتییەك کە (١٤) کەس لە بنەماڵەی بەدرخانیەکانی تێدا بووە، بە یاوەریی نزیکەی سەد سەرباز و ئەفسەر و پاسەوان، دوای (١٦) ڕۆژ ڕۆیشتن لەناو دەریا. گەیشتە ترابلوسی غەرب[٨٢]. عەبدوڕڕەحمان و هاوڕێکانی لەوێ زیندانی کران و لەوێش لە هەلومەرجێکی خراپ و نالەبارو ئینفرادی[٨٣]دا ماوەی سی مانگیان تێپەڕ کرد.

دوای ڕاگەیاندنی مەشروتییەتی دووەم، عەبدوڕڕەحمان بەدرخان ئازاد کرا، بەڵام لە ماوەی ئەو سی مانگەدا کە لەزیندان بوو، ڕێیان پێ نەدابوو نامە بۆ خانەوادەکەی بنووسێ. بۆ خۆی لە نامەیەکدا کە ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ١٩٠٨ بۆ کچەکەیی نووسیوە، جەخت لەو زانیاریانە دەکاتەوە:

((ئەمە یەکەم نامەیە بۆ تۆی بنووسم، چونکە لە ماوەی ئەو سی مانگەدا کە لە ئێوە دابڕام، ئەمە یەکەمجارە ڕێم پێ دەدەن بنووسم)). بەپێی نووسراوێکی ڕەسمی کە بۆ ویلایەتی ترابلوسی غەرب نێردراوە، باسی ئەوە کراوە کە ژنەکەی عەبدوڕڕەحمان شەش نامەی لە جنێڤەوە بۆ ناردووەو لە نامەکانیشدا باسی (شتی بێکەڵکی) کردووە. لەبەر ئەوە داوا کراوە بە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان ڕابگەیێنرێ کە هاوسەرەکان تەنیا دەتوانن نامەی کورت لەبارەی تەندروستیی خۆیانەوە بۆ یەك بنووسن و نابێ باسی شتی بێکەڵك بکەن، ئەگەنا ڕێ

---

[٨٢] نامەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بۆ لەیلای کچی کە لە ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ١٩٠٨دا نووسیویە.

[83] BOA.YPRK.AZN 24/55, Tarih: 30 Mart 322.

نادەن نامەكان بگەنە شوێنی خۆیان. بە واتایەك، ئەوە بەرپرسان بوون كە بڕیاریان دەدا پێویستە هاوسەرەكان چی بۆ یەك بنووسن.

((عەبدوڕڕەحمان لە بنەماڵەی بەدرخانیەكان كە لە بەندیخانەی گشتیی ترابلوسی غەرب زیندانی كراوە، شەش نامەی لە هاوسەرەكەیەوە لە جنێڤ بۆ هاتووە. دەر كەوتووە لە نامەكانیشدا باسی (شتی بێكەڵك) و ناپێویستی كردووە.

لەبەر ئەوەی نامەنێر لە وڵاتێكی بیانیدایە و هیچی لەگەڵدا ناكرێ، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو پێوەندیی و ئاگاداركردنەوانەش بە ویست و داوای تاونباری ناوبراو (عەبدوڕڕەحمان بەدرخان) دەكرێن، بە زووترین كات عەبدوڕڕەحمان بەدرخان ئاگادار بكرێتەوە كە نابێ لە نامەكاندا باسی شتی ناپێویست وبێكەڵك بكرێ ولایەنەكان تەنیا دەتوانن پرسیاری تەندروستیی یەكتر بكەن. ئەگەنا ڕێ بە نامەو نامەكارییان نادرێ. هەروەها ئەوەشی بۆ باس بكرێ كە نامە هاتووەكان بە داخراوی گەڕێندراونەتەوە. لەوبارەیەشەوە دەستەی لێكۆڵینەوە بە نووسراوی ڕەسمی ئاگادار بكرێتەوە[84].

هەر لە نووسراوێكی دیكەدا كە بۆ ویلایەتی ترابلوسی غەرب نێردراوە، باسی ئەوە كراوە كە بەدرخانیەكان دە نامەیان بۆ بنەماڵەی خۆیان لە ئەستەمووڵ ناردووە، هەندێكیان دەستەواژەی ناڕوونیان تێدایە، لە یازدەی مایسدا خەلیل و لە هەژدەی مایسیشدا میدحەدت نامەیان ناردووە، لەبەر ئەوەی دەستەواژەی ناڕوونیان تێدایە، دەستیان بەسەردا

---

[84] BOA.ZB, 456/9. Tarih: 13 Temmuz 1324.

www.zheen.org

گیراوە. بەڵام لە هەشت نامەکەی تردا شتێك نەبوە جێی سەرنج بێ، بۆیە دراوەتە دەستی ئەو کەسانەی کە بۆیان نێردراوە. لەمەبەدوا پێویستە تاوانباران نامەکانیان بە جۆرێك بنووسن دەستەواژەی ناڕوونیان تێدا نەبێ[85]. داواکراوە ئەمەشیان پێ ڕابگەیێندرێ.

عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بەمجۆرە بەسەرهاتی خۆیان لەدوای گەیشتنیان بە ترابلوسی غەرب دەگێڕێتەوە:

یەك یەك ئێمەیان لە کەشتییەکە دابەزاندو خستینیانە ناو ئەم زیندانەی کە ئێستا لەوێوە ئەم نامەیە دەنووسم. ڕۆڵەکەم! دوای سی مانگی پڕ لە ڕۆژانی سەخت و ناڵەبار، دواجار ئێستا دەتوانم بۆت بنووسم. لە ڕاستیدا ئەم زیندانە ژوورێکە شەش مەتر درێژەو دوو مەتر پان، لەژێر زەویدایە.

دووکەڵکێشی ئاگردانەکە لە سەرەوە کە نزیکەی پەنجا سانتیمەتر دەبێ، هاوکات کلاوڕۆژنەمانەو لەوێوە تیشکی هەتاومان پێ دەگا. لە عەرزەکەوە تا بنمیچی ژوورەکە نۆ مەتر دەبێ. دەرگایەکیشی تێدایە یەك مەترو بیست سانتیمەتر درێژەو هەشتا سانتیمەتریش پان. کاتێ لەم زیندانە دەر کەوی، دوای کەمێك ڕۆیشتن لە ڕێڕەوێکدا دەگەیتە دەرگای زیندانیکی دیکە. براو برازاکانم لەو ژوورانەی دیکەدا زیندانی کراون. ڕێڕەوەکە دەرگایەکی تەختەی هەیە پازدە سانتیمەتر ئەستوورە، لەو دەرگایەوە بە پلیکانە ڕێگاکە دەچێتەوە قاتی سەرەوەو لەبەر دەرگای سێیەمیشدا بەرهەیوانێك هەیە، ژمارەیەکی زۆر سەربازی

---

[85] BOA. ZB, 456/8, Tarih: 18H. 1324 (Rumi)

لێیە. ئاگردانەکە بە سێ شیشی ئاسن تەلبەند کراوەو سەربازێك ڕمێکی پێیەو پاسەوانی دەکا.

لەم ژوورەدا ئێمە چوار کەسین. بەیانیان سەعات هەشت جەندرمەیەك کە پلەکەی نەقیبە و چاودێریمان دەکا، دەرگاکان دەکاتەوەو نان و ئاوو خواردەمەنیەکانی ترمان پێ دەدا. دواتر دەرگاکان قفڵ دەکاو دەڕوا. ئێوارە سەعات حەوت هەمان کار دووبارە دەکاتەوە، دەرگاکان دەکاتەوەو خواردنمان پێدەدا، بەڵام -جگە لەوە- مۆمیشمان پێ دەداو دوای قوفڵکردنی سێ دەرگاکەش دەڕوا.

ڕۆڵە گیان! باوکت سی مانگی تەمەنی خۆی بەمجۆرە تێپەڕ کرد. لە سەرەتاکاندا تەنانەت ئەوەشمان لێ قەدەغە کرابوو هەواڵی خزم و کەس‌وکارەکانمان بزانین و داوای پارەیان لێ بکەین. لەبەر ئەوە سەعات و زنجیرو دوگمەی کراسەکانیشمان فرۆشت. لە بۆینباخەکانمانەوە بگرە تا دەرەجەو مەدالیا زیوینیەکان، هەموویمان لەدەست چوو. تەنانەت ناچار مابووم قۆندەرەیەکی نوێی خۆیشم بفرۆشم. سەرەڕای ئەوەی دەستیشمان دەگرتەوە، بەڵام پارەکانمان زوو تەواو دەبوون. ڕۆژانە ژەمێك خواردنمان دەخوارد، ئەویش شۆربای سەوزە بوو، خۆمان لێمان دەنا، بە کڕینی سەوزەو ڕۆن و خەڵووز (٤٠) سەنتم دەڕۆیشت. ڕێك هەشت پیاو بووین.

کچە خۆشەویستەکەم!

باوکت نەهامەتی و مەینەتی وای چێشتووە. هەموو ئەمانەش تەنیا لەبەر بوختانیك بوو کە بۆمان هەڵبەسترابوو. ڕاپۆرتیان لەسەر ئێمە

دابوە سوڵتان –گوایە– هەندێك کەس لە بەدرخانیەکان دەیانەوێ تیرۆری بکەن.

خۆی لەڕاستیدا هیچ لە بەڕێوبەرایەتیەکەی سوڵتان ڕازی نەبووین و من [باوکت] ڕۆژنامەیەکم دەر کردبوو بۆ شەرمەزارکردنی ڕژێمەکەی، "کوردستان". ئەو ڕۆژنامەیەم لە جنێف و قاهیرە دەر کردبوو. بەڵام بەبێ موحاکەمەکردنێکی دادپەروەرانە ئێمەیان دوور خستەوە بۆ بیابانەکانی ئەفریقا.))[٨٦]

لەو نامەیەدا کە بەر لەوەی لە زیندان ئازاد بکرێ، بۆ کچەکەیی نووسیوە، ئەمانەشی باس کردووە:

ڕۆڵە خۆشەویستەکەم!

ئەوەتا جووڵانەوەی ژۆن تورکەکان کۆتاییی هێنانە بە ملهوڕی و زۆرداریی سوڵتان، باوکی تۆش یەکێکە لە کەسە ناودارەکانی ئەو جووڵانەوەیە. بەڵێ ڕۆڵەکەم، قوربانییەکی بێشومارمان دا، بەڵام دواجار سەر کەوتین لەوەدا کە ئەو فەرمانڕەوا ستەمکارە لەسەر تەختەکەی بهێنینە خوارەوە.

ئەمڕۆ دەرگا ئاسنینەکان و زنجیرەکان لە سایەی ئەم بزووتنەوە ڕزگاریخوازەدا دەکرێنەوە. تا ڕۆژی ئەمڕۆ خەڵکی ستەملێکراو وەکو کەسانی مردوو لەژێر زەویدا دەژیان و ئەو سوڵتانە بێئامانەش کە وەك دێوەزمەیەکی ڕەش وایە، لەگەڵ وەزیرەکانیدا کە وەك خۆی نەفرەتلێکراون، زوڵمیان لە خەڵك دەکردو دەکرد [....]. خەڵکیش کە

[٨٦] نامەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بۆ لەیلای کچی، ١١ی ئەیلوولی ١٩٠٨ نووسیویە.

www.zheen.org

ئیدی پەتی تەحەمولی پسابوو، دواجار لەیەك هێرشدا ئازادیەکانی خۆی بەدەست هێنا.

بەڵێ ڕۆڵە گیان! لەمەودوا ئەرکێکی پیرۆز چاوەڕێی تۆ دەکا، وەك کچی من و بەدرخانییەك پاراستنی ئازادی بکە بە ئامانجی خۆت. ئەوەشت لەبیر نەچێ کە ژنێك بە کەلتوور باش پەروەردە کرابێ و پێگەیشتبێ، دەتوانێ لەم بوارانەدا بە ئەندازەی پیاوان و تەنانەت لەوانیش زیاتر سەرکەوتووتر بێ. کار بۆ خۆشیی نیشتمانەکەت بکە، گرنگی پەیداکردن بەوە دەبێ کە مرۆڤ کەسایەتیی خۆی بناسێ و بەرامبەر بە خۆی ڕاستگۆ بێ، ئەو شتانەی کە بڕوات پێیان نییە، هیچ کات قبووڵیان مەکە.

ڕۆڵە خۆشەویستەکەم!

خۆشبەختیی ڕاستەقینە تێربوونی مەعنەوییە. لەیلا، بڕوام پێبکە سەرەڕای ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتییەی وا لەو ڕۆژە تاریکانەدا بەسەرم هاتوون، بە هیچ جۆرێك وازم لە ئایدیال و بیرو باوەڕەکانم نەهێنا. ورەو ئازایەتیی خۆم لەدەست نەدا، تەنانەت دەتوانم بڵێم هەستم بە ناڕەحەتی و بێزاری نەکرد، چونکە دەمزانی کار بۆ ئامانجێکی پیرۆز دەکەم. لەبەر ئەوەی ئەرکەکانم جێبەجێ دەکرد، شانازیم بەخۆم دەکرد و هیوام بە داهاتووش لەسەر پێ ڕایدەگرتم. بە قورسایی‌و خۆڕاگرییەوە سینگم بەرامبەر هەموو ئەشکەنجەکان دەرپەڕاند. ئەو عەبدولحەمیدەی کە زوڵمی لێ کردین، دەیویست سووکایەتیمان پێبکا و تەنانەت ئێمەی لە ناونیشان و

ناسناوەکەشمان بێبەش کرد. دژایەتیی ئەوەی دەکرد کە پێمان بگوترێ "خان". بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵە هیچ و پووچانەیان سەر نەکەوتن، تەنانەت پاسەوانەکانی ناو زیندانیش ڕێزیان لێ دەگرتین و ئەوەشیان بۆ باس دەکردین.

ڕۆڵە گیان، لەیلا!

تۆش هیچ کات لەسەر ڕێی ڕاست لامەدە. هەرگیز ڕەفتارێك مەکە دواتر ویژدانت ئاسوودە نەبێ. هەڵە مەکە، ئەمەش خۆشبەختیی ڕاستەقینەیە. هیچ کات لەبەر هیچ جۆرە بەرژەوەندێکی ماددی، قورسایی و سەنگینی و نامووسی خۆت لەدەست نەدەی، ئەو کاتەش ژیانێکی پاك و پڕ لە خۆشبەختیت دەبێ.

ئەمانەش یەکەم ئامۆژگاریەکانی باوکت بوون بۆ تۆ. کاتێ ئەمانەت جێبەجێ کرد، ئەو کاتە منیش شانازی بەوەوە دەکەم کە کچێکی وەك تۆم هەیە. ئەگەر وا بکەی باوکت و هەموو بنەماڵەکەت خۆشحاڵ دەکەی.


بنکەی ژین
www.zheen.org

### ۱. ۷- دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی دووەم، لە ئەستەمووڵ:

ڕۆژنامەی **"شەرق و کوردستان"** کە دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی دووەم لە ئەستەمووڵ دەرکراوە، باسی ئەوەی کردووە کە بە حەسرەتێکی زۆرەوە چاوەڕوانی میقداد میدحەت و عەبدوڕڕەحمانی بەدرخانزادەکان دەکرێ:

((بەدرخانزادەکان

بە حەسرەت و تامەزرۆیی‌یەکی زۆرەوە چاوەڕوانی هاتنەوەی میقداد میدحەت و عەبدوڕڕەحمان بەگ دەکەین کە هەوڵیان داوە بۆ بڵاوکردنەوەی


بنکەی ژین
www.zheen.org

دەقی تەلگرافێکی وەزارەتی ناوخۆ کە فەرمانی ئازادکردنی چەند بەدرخانییەکی داوە، ناوی عەبدوڕڕەحمان و میقداد میدحەت بەدرخانیشیان تێدایە

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە قۆناغی بێخێری ڕابردووشدا بەرگرییان لە مافە ڕوون و ئاشکراکانی خەڵك کردووە و لەنێو دۆست و ئاشناکانیاندا بە زیرەکی و زانیاری و داناییی خۆیانەوە خۆیان دەر خستووە.

ئەمانە کەسانی ڕەسەن و ئەسڵزادەن، بە هەق و ناهەق کراون بە شەریکی چەند تاوانبارێك. بەڵام ئێمە دەمانەوێ بە زووترین کات بەپێی پلەی زانیاری و توانایییەکانیان هەریەك لەوانە لە شوێن و پێگەی گونجاودا ببینین.

شەرق و کوردستان))[٨٧]

دوای ماوەیەکی کورت، بە فەرمانی کامیل پاشا سەدری ئەعزەم[٨٨]، وەزارەتی ناوخۆ لە تەلگرافێکدا بۆ ویلایەتی ترابلوسی غەرب، داوای ئازادکردنی ژمارەیەك لە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانیەکان دەکا، میقداد میدحەت و عەبدوڕڕەحمان بەدرخانیشیان تێدا بووە.

ئەمەی خوارەوە دەقی تەلەگرافەکەیە:

(( تەلگرافنامە بۆ وەکالەتی ویلایەتی ترابلوسی غەرب

٢٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٣٤ [١٩٨٠/١٢/٧]

ئاگادارتان دەکەینەوە کە جگە لە عەلی شامیل و عەبدوڕڕەزاق بەدرخان کە بەدەر لە تاوانی سیاسی، تاوانی ئاساییشیان بەسەردا ساخ بووەتەوەو پێویستە لە زینداندا بمێننەوە، بە بڕیاری نوێنەرانی مەجلیسی مەبعووسان، پێویستە کەسانی وەك جەمیل، میدحت،

---

[٨٧] زمانی نووسراوەکە سادە کراوەتەوە.

[88] BOA.DH, MKT, 2681/82, Tarih: 19/Za/1320 (Hicri).

**حەسەن، خەلیل، عەبدوڕڕەحمان و سەعید لە بنەماڵەی بەدرخانیەکان کە دەر کەوتووە دەستیان نەبوە لە ڕووداوی کوشتنی ڕەزوان پاشادا و تەنیا لەبەر هۆی سیاسی زیندانی کراون، ئازاد بکرێن. لە سەدری ئەعزەمییەوە وەزارەتی داد لەو بارەیەوە ئاگادار کراوەتەوە.))[٨٩]**

**وەکیلی والی و فەرمانەدەی ترابلوسی غەرب، لە وەڵامی ئەو فەرمانەدا، لە نووسراوێکدا لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٣٢٤ [١٩٠٨/١٢/١٣] دا ڕایانگەیاندووە ئەو بەدرخانیانەی کە باس کراون، ئازاد کراون[٩٠].**

**دوو ساڵ دواتر لە ١٣٢٦ ی ڕۆمیدا [١٩١٠-١٩١١]، عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بووەتە ئەندامی دەستەی دامەزرێنی[٩١] جەممییەتی نەشری مەعاریفی کورد کە لە ئەستەموول دامەزرابوو[٩٢].**

---

89 BOA.DH.MKT, 268/81, Tarih: 19/ZA/1326 (Hicri)

90 BOA.DH.MKT, 268/82, Tarih: 19/ZA/1326 (Iicri).

٩١ تارق زەفەر تونای، پێی وایە جەمعییەتی نەشری مەعاریفی کورد کە لە بەدرخانییکان، ئەمین عالی بەدرخان و میقداد میدحەت و کامیل لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنی بوون، ساڵی ١٩١٩ دامەزراوە. بڕوانە: تونایا، تارق زەفەر، پارتە سیاسیەکانی تورکیا، بەرگی٢، بڵاوکراوەکانی وەقفی حوڕییەت، ١٩٨٦، ل١٨٨، ٢١٤-٢١٥.

بەڵام ئەم زانیارییە هەڵەیە و ئەو جەمعییەتە ساڵی ١٣٢٦ کە دەکاتە (١٩١٠-١٩١١) دامەزراوە، لەسەر بەرگی پێڕەوی ناوخۆ (نیزامنامە)ی جەمعییەتی نەشری مەعاریفی کوردیش کە لە ئەستەموول چاپ کراوە، هەر ئەو ساڵە دانراوە.

٩٢ تونایان تارق زەفەر، پارتە سیاسیەکانی تورکیا، بەرگی ٢، ل٢١٥.

www.zheen.org




عەبدوڕڕەحمان بەدرخان

### ١. ٨- قوتابخانەی کوردی لە ئەستەمووڵ:

دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی دووەم، قوتابخانەیەکی کوردی لە ئەستەمووڵ کراوەتەوە. لە سەرچاوەکاندا بە ناوی جیاوازەوە باسی ئەو قوتابخانەیە کراوە. لە بەڵگەیەکدا بەدەست نووسراوەو لە نێو یادداشتەکانی ئیسماعیل حەقی بابان‌دا پەیدام کردووە، کە ساڵی ١٩١١ بۆ ماوەیەکی کورت وەزیرو خەڵکی سلێمانی بووە، ناوی ئەو قوتابخانەیە بە مەکتەبی مەشرووتییەتی کورد هاتووە. وا دەردەکەوێ ئەمە ناوە ڕەسمییەکەی ئەو قوتابخانەیە بووبێ[٩٣]. لەو بەڵگانەدا ناوی هەندێك قوتابخانە هەیە کە بە پارەی نەخت پاداشت کراون. وەکوو لە خوارەوەشدا دەبینرێ، ناوی مەکتەبی مەشرووتییەتی کورد لە ڕیزی سیازدەیەمی ئەو قوتابخانانەدایە وبڕی ١٩٠٠ قوڕوشیش پاداشت کراوە. مەکتەبی مەشروتییەتی کورد یەکەم و دواین قوتابخانەیەك بووە کە لە قۆناغی عوسمانیەکان و کۆماری تورکیادا هەڵگری ناوی [کورد] بووە، لەلایەن وەزارەتەوە بە ڕەسمی هاوکاری دارایی کراوە.

| | قووروش |
|---|---|
| مەکتەبی ڕەوزەی مەعاریف | ٣٠٠٠ |
| مەکتەبی گاڵۆس سەلاتیان [؟] لەبەی ئوغڵۆو | ٤٠٠٠ |
| مەکتەبی کەنزول مەعاریف | ١٥٠٠ |
| مەکتەبی هەمازکیا | ١٩٠٠ |

---

[٩٣] جگە لەوە، بڕوانە:

Celil, Dr. Celile, Jiyana Rewsenbiri u siyasi ya kurdan, S. 88.

| | |
|---|---|
| مەکتەبی ئیتحادو تەرەقی لە ساماتیا | ۱۹۰۰ |
| مەکتەبی حیساری ئەنەدۆڵی ئیتحادو تەرەقی | ۱۹۰۰ |
| مەکتەبی یەحیاپاشا لە قادرگا | ۲۰۰۰۰ |
| مەکتەبی تەرەقی لە بێشکتاش | ۱۹۰۰ |
| مەکتەبی بێ زمان لە سەلانیك | ۲۳۷۵ |
| مەکتەبی بەزایان لە ماکرکوێی | ۱۹۰۰ |
| مەکتەبی دایك لە ئەستەمووڵ | ٦۲۷۰ |
| مەکتەبی ڕۆن– فەرەنسی لە قادیکۆیی | ٤۷٥۰ |
| مەکتەبی مەشرووتییەتی کورد | ۱۹۰۰ |
| مەکتەبی حاخامی یەهوودی لە داغحەمامی | ۹٥۰ |
| مەکتەبی وەسیلەی تەرەقی | ۱۹۰۰ |
| مەکتەبی ئیتحادی ئوناس لە ماکرکوێی | ۱۰۰۰۰ |
| | ٦٦۱٤٥ |

بنکەی ژین www.zheen.org

یارمەتیدانی قوتابخانەیەکی کوردی، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، خاڵێکی جێی سەرنجە. لەمەشدا یەکسەر ڕۆڵی ئیسماعیل حەقی بابان بە عەقڵی مرۆڤدا دێ[٩٤]، کە وەزیری پەروەردەو ئەندامی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد[٩٥] بووە، چونکە بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی کە لە خوارەوە هاتوون، تەنیا چەند ساڵ بەر لەوە وەزیرێکی پەروەردە

[٩٤] ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد، ئۆرگانی ڕاگەیاندنی بیرو بۆچوونەکانی جەمعییەتە، ئەستەمبووڵ، ژمارە۳، ٦ی کانوونی یەکەمی ۱۳۲٤ (۱۹۰۸/۱۲/۱۹)، ل۲۲.




**عەبدوڕڕەحمان بەدرخان، ئیلیزابێتی هاوسەری، لەیلای کچی و باوکی ئیلیزابێت**
**(سویسرا ١٩٠٩)**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

**[٩٥] جێی خۆیەتی لێرەدا سەرنجتان ڕابکێشم بۆ چەند دێڕێك لەبارەی دەست-لەکارکێشانەوەی بابانزادە ئیسماعیل حەقی لە پۆستی پەروەردە (نەزارەتی مەعاریف) کە لە گۆڤاری (هەتاوی کورد)دا بڵاو کراوەتەوە.**

**بابانزادە ئیمساعیل حەقی لە مەبعووسی (ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران)یەوە بووە بە وەزیری مەعاریف، توانایی و شایستەگییەکی گەورەی لە ماوەی یەکدوو مانگدا پیشان داوە، بەڵام بەهۆی فێڵ و پیلانە سیاسیەکانەوە، دەستی لەکار کێشاوەتەوەو خزمەتکردنی لە بواری بڵاوکردنەوەدا لە (تەنین) هەڵبژاردووە [تەرجەمەی حال، هەتاوی کورد، ئەستەمبووڵ، ژمارە ٣، ٢٩ی کانوونی یەکەمی ١٣٢٩–١٩١٤/١١/١١]، ل٧.**




**عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و ئیلیزابێتی هاوسەری و باوکی هاوسەرەکەی**
**لەنێو ئۆتۆمبیلەکەی باوکی ئیلیزابێتدا**




عەبدولڕحمان بەدرخان‌و لەیلای کچی،
لەنێو کەشتیدا کاتێک لە سویسرا دەگەڕێتەوە (١٩٠٩)



ئیسماعیل حەقی بابان



**بەڵگەنامەیەك دەریدەخا وەزارەتی مەعاریفی عوسمانی یارمەتیی ژمارەیەك قوتابخانەی داوە، یەكێكیان مەكتەبی مەشرووتییەتی كورد بووە**

تەنانەت فەرهەنگی کوردیی قەدەغە کردبوو، چ بگا بەوەی کە یارمەتیی قوتابخانەیەکی کوردی بدا.

((وەزارەتی پەروەردەی گشتی

نووسراوی قەڵەم

ژمارە: ۲۹۵

بۆ/ بەڕێز وەزارەتی ناوخۆ

بەرێز دەوڵەتدار

سەرکاتب (باشکاتب)ی پادشایی بە نووسراوێکی تایبەت، فەرمانێکی حەزرەتی خەلیفەی سەبارەت بە قەدەغەکردنی تەواوی هەم فەرهەنگی زمانی کوردی کە مۆڵەتی ڕۆژی ۳۱۰ی هەیەو هەم نامیلکەکانی ئەلفوبێی ئەلبانی کە بێمۆڵەت چاپ کراوە، ڕاگەیاندووە. لەبەر ئەوەی بەپێی ئەو فەرمانەی پادشا هەموو بەڕێوەبەرێتیەکانی مەعاریف ئاگادار کراوەنەتەوە لەکاتی بینینی ئەو کتێبانەدا لە کتێبفرۆشیەکانی ویلایەتەکانی پادشاییدا، یەکسەر کۆ بکرێتەوەو ڕەوانە بکرێن. داوا لە وەزارەتی بەڕێزتان دەکرێ بە شێوەیەکی شایستەی وەزیران، هەوڵ و هیممەتی خۆتان بخەنە گەڕ بۆ جێبەجێکردنی پێویستیەکانی ئەو فەرمانە.

وەزیری مەعاریفی گشتی

(ئیمزا)

۱۲ی جومادیل ئەووەلی ۲۱/۱۳۲٤ی حوزەیرانی ۱۳۲۲[۱۹۰٦/۷/٤][96]

---

96 BOA, DH. MKT, 1097/41, Tarih: 15/ca?1327 (Hicri)

ساڵی ١٣١٠ [١٨٩٤] بە مۆڵەتی وەزارەتی مەعاریف، کتێبی (الهدیة الحمیدیة في اللغة الکردیة)ی یووسف زیائەددین پاشا لە ئەستەمبووڵ چاپ کرابوو. لەوانەیە کتێبی مۆڵەتپێدراوی کوردی کە لێرەدا باس کراوە، هەمان ئەو کتێبەی یووسف زیائەددین پاشا بێ.

سێ ڕۆژ دوای ئەو نووسراوە ڕەسمییەی سەرەوە، لە نووووسراوێکی ڕەسمیی دیکەدا کە لەلایەن قەڵەمی وەزارەتی ناوخۆوە دەر چووە، فەرمان دراوە ئەو کتێبانە یەکسەر کۆ بکرێنەوەو لەناو ببرێن.

((قەڵەمی نووسراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ

بۆ/ ئەمینی شاری حیجاز، یەمەن، ترابلوسی غەرب، بەنغازی، باجەکان، پۆلیس، پۆستەو تەلگراف و چاپەمەنیەکان

ئاگادارکردنەوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی فەرمانێکی حەزرەتی سوڵتان دراوە سەبارەت بە قەدەغەکردنی تەواوەتیی هەم فەرهەنگی کوردی کە مۆڵەتی ڕۆژی ٣١٠ی هەیەو نامیلکەکانی ئەلفوبێی ئەلبانی کە بێمۆڵەت چاپ کراون و بەڕێز وەزیری مەعاریفیش فەرمانەکەی ڕاگەیاندووە (...) فەرمانی شاهانە بۆ ئەوەیە نوسخەکانی ئەو کتێبانە دەستبەجێ کۆ بکرێنەوەو لەناو ببرێن))[٩٧].

ساڵی ١٩٠٨یش بڵاوکراوە کوردی و ئەلبانیەکان قەدەغە کراون: ((وەزارەتی مەعاریف، بەڕێوەبەرایەتیی باجەکانی لە فەرمانێکی بابی عالی ئاگادار کردوەتەوە سەبارەت بەوەی کە بە مەرجێك مۆڵەتی ڕەسمیی هەبێ، دەکرێ کتێبە ئەلبانیەکان بڵاو بکرێنەوە.

---

[97] BOA.DH. MKT, 1097, Tarih: 15LcaL1324 (Hicri)

www.zheen.org

بەڵام ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بەڕێزە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکەدا دەکەوێتە گومان لەسەر چۆنیەتیی فەرمانە کە پرسیارێکی لە منی خزمەتکار کردبوو. لەبەر ئەوەی منی خزمەتکاریش پێم ڕاگەیاندن ئەمە پێچەوانەی فەرمانێکی شاهانەیە سەبارەت بە کۆکردنەوەو قەدەغەکردنی کتێبەکانی فەرهەنگیی کوردی و ئەلف‌وبێی ئەلبانی کە ٢٤ی حوزەیرانی ١٣٢٢ لەڕێی سەرۆکایەتیی شاهانەوە بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە نێردراوە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتیەکە جارێکی دیکە ڕاستەوخو داوای ڕوونکردنەوەی لە وەزارەتی مەعاریف کردو دوێنێ وەڵامێکی بۆ مەعاریف نارد.

ئەو زانیارییەش هەیە کە موفەتیشی ڕۆمەلیی شاهانەش ناڕازییە لە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە کتێبانە. منیش بەپێی ئەرك و فەرمانبەرێتیی خۆم، پێم وایە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی لەو جۆرانە بە زمانەکانی کوردی و ئەلبانی، زیانێکی زۆر بە سیاسەتی ئێستای دەوڵەت دەگەیێنن. فەرمانی بەڕێزتان))[٩٨].

دوابەدوای ئەوە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش لە قۆناغی دەسەڵاتی ئیتیحادو تەرەقیشدا هەوڵی کۆکردنەوەی کتێبی کوردیی داوە[٩٩].

سورەییا بەدرخان، ناوی ئەو قوتابخانەیەی کە لەسەرەوە باسم کرد، بە "مەکتەبی نموونەییی کوردی" بردووەو بە کورتی لە کردنەوەو

---

[98] BOA. Y.PRK. MF, 5132, Tarih: 29/2/1325 (Hicri).

[٩٩] دوندار، فوئاد، جفرەی تورکیای نوێ: ئەندازیاریی ئەتنیکیی ئیتیحاد و تەرەقی (١٩١٣-١٩١٨)، بڵاوکراوەکانی تیلەتیشم، ٢٠٠٨، ل٤٠٥.

نەوەی ژین www.zheen.org

داخستنەکەیشی دواوە؛ ((حکوومەت، کوردستانی بە بەشێك لە نیشتمان نەدەزانی و بڵێم: لەکاتی خۆیشیدا دەیگوت ئەم کوردایەتیە چ شتێکە؟ مەگەر ئێوەش نەتەوەن؟ چەند قوتابخانەتان هەیە؟ بەرامبەر حکوومەتێك کە شەرمی لەو جۆرە قسانە نەدەکرد، جگە لە ڕاپەڕین و نافەرمانی هیچ ڕێیەك لەبەردەم کورددا نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کورد ئەو دوایین ڕێگەچارەیەیان نەگرتە بەرو بە پارەی خۆیان قوتابخانەی تایبەتیان کردەوە، تا کوردستان لە ڕووناکیی هونەرو زانست سوودمەند بێ. ساڵی ٣٢٥ (١٩٠٩-١٩١٠) لە ئەستەمبووڵ جەمعییەتێکی نەشری مەعاریفی کورد دامەزرا، قوتابخانەیەکی نموونەییی لە دەوروبەری سوڵتان مەحموود کردەوە.

مەبەستی جەمعییەت لە کردنەوەی ئەو قوتابخانەیە ئامانجێکی پیرۆز بوو، سەبارەت بەوەی کە دوای چەند مانگ ئەزموون و تاقیکردنەوە، لقی قوتابخانەکە لە هەموو لایەکی کوردستان بکاتەوەو بەو جۆرەش هەوڵی ڕۆشنگەری لەناو میللەتدا بدا.

ئیتیحادو تەرەقی کە وەکوو باوەقووش هەر کاتێك ڕووناکییەکی دەبینی ناوچاوی گرژ دەکرد، بەو بیانوەی کە هەبوونی وشەی کورد لە تابلۆکانی (مەکتەبی نموونەییی سەرەتاییی کورد"دا، جەمعییەتی نەشری مەعاریفی کورد، بە مەبەستی بلاْوکردنەوەی زانست و ڕۆشنگەری نییەو ئامانجی کوردایەتی و ئامادەکاریی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لەپشتە، دەستی کرد بە پیلانگێری بۆ بلاْوەپێکردنیان.

www.zheen.org

ئیتیحادو تەرەقی نەیدەوێرا بە شێوەی ڕاستەوخۆ فەرمانی داخستنیان بدا، بەڵام ناڕاستەوخۆ ئامانجەکانی خۆی بەدی هێنا. جەمعییەت بەرامبەر بە گوشار و هەموو بێزارکردنێکی حکوومەت ئارامی نەماو بڵاوەی لێ کرد. لەڕاستیشدا دوای ئەمە بوو کە ئیدی دەست بە کاری سیاسی کرا. کوردەکان هیچ گۆڕانێکیان لەنێوان ئێستاو ڕابوردوودا بەدی نەدەکرد، دڵنیاش نەبوون لەوە کە داهاتوویان چۆن دەبێ، بۆیە زۆر ئاسایی‌یە لەمەودوا ئاگایان لە چارەی خۆیان بێ و بڵێن: دوو دەست بۆ سەرێکە و چییان لە دەست دێ بۆ گەشەپێدانی ئاستی زانستیی وڵاتەکەیان بیکەن))[١٠٠].

هەندێك سەرچاوە لەوە دەدوێن کە قوتابخانەی کوردی هاوشێوەی ئەو قوتابخانەیە، لە کۆڵانی حاجی پاشا[١٠١]، ساڵی ١٩٠٨ لە (چەمبەرلی تاش) کراونەتەوە[١٠٢]. عەبدوڕڕەحمان بەدرخان، بەڕێوەبەری[١٠٣] قوتابخانەی مەشرووتەی کورد بووە[١٠٤]. بەگوێرەی هەندێك لە سەرچاوەکان،

بنکەی ژین
www.zheen.org

[١٠٠] نەزانین و برینە کۆمەڵاتیەکانمان، کوردستان (ڕۆژنامەیەکی کوردییە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی کورد و پازدە ڕۆژ جارێك بڵاو دەکرێتەوە)، قاهیرە، ژمارە ٥، (١٥ی موحەڕەمی ١٣٣٦ (١٩١٧).

[١٠١] جەلیل، د. جەلیلی، ژیانا ڕەوشەنبیری ئوو سیاسییا کوردان، ل٨٦-٨٨.

[102] Chirguh, Le Docteur Bletch, La Question Kurds Ses origins et ses causes, publication de la ligue Nationale Kurde Hoyboun, Le caire, 1930, 5. 19.

[١٠٣] بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە، ئەحمەد رامز بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بووە (بڕوانە: ئەم سەرچاوەیە: سلۆپی، ل٢٦).

[104] Chirguh, s. 19

جەلیل، د. جەلیلی، ژیانا ڕەوشەنبیریی ئوو سیاسییا کوردان، ل٨٨.

عەبدورڕەحمان بەدرخان لەکاتی کردنەوەی قوتابخانەکەدا[105] بڕی سی لیرەی یارمەتیی داوەو بەڵێنیشی داوە هەموو مانگێك هاوکاریی داراییی قوتابخانەکە بدا. لەو کاتانەشدا سی لیرە پارەیەکی کەم نەبوە. بۆ نموویە هەر لەو ساڵەدا مووچەی کارمەندێکی پلە مامناوەند، ١٢٠٠ قوروش بووە. ئەو قوتابخانەیە سەرەتا سی خوێندکاری هەبوە، بەڵام دواتر ئەو ژمارەیە زیادی کردووە[106]، بەگوێرەی کەمال مەزهەر، زمانی خوێندن لەو قوتابخانەیەدا کوردی بووە[107].

### ١. ٩- دوای یەکەم جەنگی جیهانی:

عەبدورڕەحمان بەدرخان، ماوەی چەند ساڵێك موتەسەڕیفی بیوك ئادا بووە. کاتی یەکەم جەنگی جیهانی، کە دەگوترێ ئەسپەکان کۆ بکەنەوە بۆ جەنگ، دوای ئەو قسەیە ئەسپەکانی نەجمەددین مەلای کۆ کردوەتەوەو ڕادەستی سوپای کردوون، نەجمەددین مەلا، پێشتر وەك وەزیری داد، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی دەوڵەت و جێگریی سەدری ئەعزەمی هەبوە. لەبەر هەوڵەکانی وەك دژایەتیکردنی نەجمەددین مەلا سەیر کراوە، وەك ئەوەی دوور بخرێتەوە لە پۆستی موتەسەڕیفی بیوك

www.zheen.org

---

[105] بەگوێرەی جەلیلی جەلیل، ڕۆژنامە ئەرمەنیەکانی وەك: هۆریزۆن، ئازادەمارت و جاماناك کە لە ئەستەموولّ بلاّو کراونەتەوە، لەبارەی کردنەوەی ئەو قوتابخانەیەوە وتاری دوورودرێژیان بلاّو کردوەتەوە (بڕوانە: جەلیل، د. جەلیلی، ژیانا ڕەوشەنبیری ئوو سیاسییا کوردان، ل٨٨).

[106] جەلیل، د. جەلیلی، ژیانا ڕەوشەنبیری ئوو سیاسییا کوردان، ل٨٦، ٨٨.

[107] ئەحمەد، د. کەمال مەزهەر، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەمدا، ل٣٧.

ئاداوە کراوەتە موتەسەڕیفی ئایدین. ئەویش دوای نیشتەجێکردنی ژن و منالّەکانی لە ئیزمیر، چووەتە ئادیدین[١٠٨]. سالاّنێك بەر لەو نەجیبی براگەورەی موتەسەریفی ئایدن بووەو عەبدوڕڕەزاقی کوڕی نەجیبیش لە قەلەم و کاروباری نووسینی سەنجاقی ئادین کاری کردووە[١٠٩].

عەبدوڕڕەحمان بەدرخان، ماوەیەکی زۆر وەك موتەسەریفی ئایدن نەماوەتەوەو کاتی ڕۆیشتنەکەیشی بۆ ئەویّ لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا بووە. بە وتەی خۆی، وەك ((بەڕێوەبەری بێبەختی ئایدین))، ڕۆژی ٢٥ی مایسی ١٩١٩ گەیشتوەتە شوێنی کارەکەی. بەگوێرەی هەندێك لە سەرچاوەکان، عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بۆ ڕێگرتن لە ڕووداوو کارەساتەکانی هاوشێوەی ئەوانەی کە لە ئیزمیر ڕوویان دابوو، گەورەو پیاوماقوولاّنی شاری (ئایدین)ی بانگ کردوەتە لای خۆی و بەیاننامەیەکی پیّ ئامادە کردوون و بلاّوی کردوەتەوە. لەو بەیاننامەیەدا ئامۆژگاری کراوە کە هیچ جۆرە دەستدرێژی و بەرگرییەك بەرامبەر بە هێزە داگیرکەرەکان نەکریّ[١١٠].

www.zheen.org

---

[١٠٨] عەبدوڕڕەحمان ئیتاھ ئەرئۆغلوو نەوەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان ئەم زانیاریانەی داوە.

[١٠٩] بەدرخان م. سالّح، بیرەوەریەکانی، ڕەوشەن بەدرخان کردوویە بە عەرەبی، دیمەشق، ١٩٩١، ل١٨.

BOA. HR. SAID, 714, Tarih: 20/S/1316 (Hicri).

[١١٠] تۆران، مستەفا، ستەمکاریی یۆنان (ئیزمیر، ئایدین، مانیسا، دەنیزلی ١٩١٩-١٩٢٣)، بلاّوکراوەکانی ناوەندی لێکۆلّینەوەی ئاتاتورك، ئەنقەرە، ١٩٩٩، ل١٤٠-١٤١؛ ئەوی باسی ئەمەی کردووەو گێڕاویەتەوە: دەمیرئایاك، سەعددەین،


بنکەی ژین
www.zheen.org

**لەیلاو مەوەددەت، کچانی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان (ساڵانی ١٩١٠)**

---

**دەرکەوتنی قووای میللییە لە ئایدین چالاکییکانی یوروك عەلی ئەفەو دەمیرجی محەمەد ئەفە، چاپی سێیەم، ئایدین، ٢٠٠٧، ل١٣.**

ئاسف گویكبەل، زانیاریی وردی لەسەر ڕووداوەكانی ئەو ڕۆژگارە داوە. بەڕێوەبەری نوێی ئایدین لە ١٥ی مایسی ١٩١٩دا لەڕێی ئیزمیرەوە هاتوەتە ئایدین. بەڕێوەبەری نوێ كەسێكی بەتەمەنی عەبدوڕڕەحمان بەگ ناو بووە.

بەڕێوەبەری كاروباری نووسینی ویلایەت و دادوەر و دەفتەردارو فەرماندەی جەندرمەو بەرپرسانی دیكەی حكوومەتی لە وێستگەی ئایدین پێشووازیان لە عەبدوڕڕەحمان بەگ كردووە، گەیشتوە جێ و نەگەیشتوە یەكسەر چووەوە بۆ شوێنی كارەكەی خۆی و دەرگای لەوانە كردەوە كە سەریان لێ دا. دواتر فەرمانی دا بە "محەمەد بەگ"ی كۆمیسەری پۆلیس (محەمەد ئایئایدین فەرمانبەری خانەنشینكراوی هاوسەرگرتن) كە گەورەو پیاوماقوولانی ئەوی بێنێتە شوێنی كارەكەی.

عەبدوڕڕەحمان بەگ، كاتێ بە شەمەندەفەر لە ئیزمیرەوە هاتبوو، لە وێستگەی جاملك چاوی بە گرووپێك لە هێزەكانی یۆنانیەكان كەوتبوو. دیارە لە كۆبوونەوەكەدا سەرنجی داوە كەسانی ڕۆمی، ئەرمەن و جوولەكە لەنێو پیاوماقوولان و گەورانی شارەكەدا نین و لە قسەكانیدا وتی: ((ئەفەندیەكان، من بەڕێوەبەری بێبەختی ئایدینم. دەمتوانی لەم قۆناغە هەستیارەدا ئەم ئەركەش قبوول نەكەم. بەلام لەبەر ئەوەی پێم وایە لەوانەیە بتوانم كارێك بكەم و خزمەتێكی نەتەوەو نیشتمانەكەم بكەم، هاتووم. ئەو هێزە یۆنانیانەی كە لە (چاملك)دان، لەوانەیە ئەگەر ئەمڕۆ نەگەن، سبەینێ بگەنە ئایدین. داوایەكم لە ئێوە هەیە؛ با ڕێ نەدەین

www.zheen.org

ڕووداو و کارەساتە خەمناکەکانی ئیزمیر لێرە دووبارە ببنەوە)). دوای ئەم قسانە، عەبدوڕڕەحمان بەگ دەستی کرد بە گریان[111].

دوو ڕۆژ دواتر لە ٢٧ی مایسدا سوپای یۆنان شارەکەی داگیر کردو ڕۆژێك دوای ئەویش عەبدوڕڕەحمان بەگ وەك موتەسەڕیفی ئایدین بە شێوەیەکی نووسراو داگیرکردنی شارەکەی لەلایەن فەرماندەی یۆنان شەرمەزار کرد.

لە ٢٠ی حوزەیرانەوە شەڕ لەنێوان تورك و یۆنانیەکاندا لە ئایدین دەستی پێکرد. دەکرێ لەڕێی داواکانی بەرپرسانی بالأوە ئاسانتر لە بارودۆخی ئەو ڕۆژانەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان تێ بگەین. عەلی کەمال، وەزیری ناوخۆ فەرمانی توندی بۆ نارد سەبارەت بەوەی کە پێویستە چی بکا، بۆ نموونە، ٢٣/٢٢و ٢٤ی حوزەیراندا وەهای وتووە:

((بۆ/ موتەسەڕیفی ئایدین

چەندین جار وتوومە نەجووڵانەوەی ئێوەو هاوڕێکانتان بەگوێرەی فەرمانە ڕوون و ئاشکراکان، بووەتە هۆی ڕوودانی ئەو کارەساتانە. ئەم داگیرکارییە چەندە ستەمکارانەش بێ، ئەمڕۆ ئێمە لە ڕێی سیاسییەوە بەرگری لە مافە زانراوەکانی خۆمان دەکەین..

من بە گوێرەی ئەو هەواڵانە کە لە سەدری ئەعزەم پاشاوە -کە ئێستا لە پاریسە- دەگەن، قسە دەکەم. کەوابوو ئەو ڕێیەی وا ئێوە گرتووتانەتە بەر، لە خۆتوخۆڕایی خەڵکی موسڵمان تووڕە دەکا،

---

[111] گویكبەل، ئاسف، ئایدن لە تێکۆشانی نەتەوەییدا، ئایدین، ٢٠٠٥، ل٩٧؛ دەمیری ئایاك باسی کردووە: ل١٦-١٧.

بنکەی ژین www.zheen.org

هەوڵە سیاسیەکانی ئێمەش بێئەنجام دەهێڵێتەوە. لەڕێی هەستەکان و پابەندیی زیادەوە بە نیشتمان، جارێکی دیکە هۆشداری بدەنە ئەو کەسانە کە هەوڵی وەها دەدەن. ئێمە لە بارودۆخێکدا نین لەڕێی جەنگەوە کۆتایی بەم پرسە گرنگە بهێنین. سەرمان لە نوێنەرانی وڵاتانی هاوپەیمانمان داوە، لە پاریسیش ئەمە کراوە. بەم نزیکانە بە یۆنانیەکان ڕادەگەیێندرێ پاشەکشە بکەن بۆ ئەو سنوورانەی کە دیاری کراون، ئیدی پێشڕەوی نەکەن. ئێمە هیوادارین ئەمە بکرێ، پێویستە ئێمەیش ئاسایش لەو شوێنانەی کە ئەوان چۆڵیان دەکەن، بەرقەرار بکەین و بە هەموو توانایی‌یەکانەوە ڕێ لە دوژمنایەتی و نەفرەتی نێوان خەڵك بگرین و تەنانەت هەوڵی ئاساییکردنەوەی پێوەندییە مرۆیی‌یەکانیان بدەین. ئەمە ڕێی ڕاستە، لەکاتێکدا کۆنفرانسی ئاشتی خەریکی گوێگرتنە لە ئێمەو دەیەوێ بڕیار لەسەر مافەکانمان بدا، لادان لەم سیاسەتە خیانەتە بە نیشتمان. دووبارە ڕایدەگەیێنم ئەو کەسانەی وا پابەندی ئەو بەیاننامە پێشکەشکراوە نابن، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ)).

بۆ/ موتەسەڕیفی ئایدین

لە ئەنجامی هەوڵەکانمانەوە لێرەو لە پاریس، دەوڵەتانی هاوپەیمان بە ڕەسمی بە یۆنانیەکانیان ڕاگەیاندووە؛ نابێ داگیرکارییە کاتییەکەی یۆنان ئەو سنوورانە تێ پەڕێنێ کە کۆنفرانسی ئاشتی دەستنیشانی کردوون. هیوادارین یۆنانیەکانیش بەگوێرەی ئەو هۆشدارییە بجووڵێنەوەو ئیدی لە خاکی وڵاتەکەماندا پێشڕەوی نەکەن و لە

www.zheen.org

هەندێك قەزاو سنجاقەكانیشمان بكشێنەوە. لەم ساتە گرنگانەدا كاری ژیرانە و ئەركی شەرەفی نەتەوەییمانە بەرژەوەندی باڵای نیشتمان لە سەرووی هەموو نیگەرانیەكانەوە دابنێین و ئاسایش و ئارامیی ئەو شوێنانە كە چۆڵ كراون، بە هیچ جۆرێك تێك نەدەین. كێ دەبێ با ببێ، هەرگیز لەو كەسانە خۆش مەبن كە ئاسایش و ئارامی تێك دەدەن.

ئەو ڕووداوانەی كە لەبارەی نازیللی‌یەوە بیستوومن، بیرهێنەوەی هاتنی یوروك عەلی ئەفە و هێزەكانیەتی بۆ نازیللی. ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، كارەساتێكی تەواوە بۆ دەوڵەت و نەتەوە، چونكە دوژمنەكانمان هیوای شتێكی وایانەو لە چاوەڕوانیی ئەو جۆرە ڕووداوانەدان. با پاراستنی گیان وماڵی خەڵكی مەسیحی ببێتە یەكەمین ئامانجمان، تەنانەت فەرمانبەرێك كە تێگەیشتن و لوژیكێكی كەمیشی هەبێ، بەپێچەوانەی ئەمەوە ناجووڵێتەوە. لێدان و پێكدادان و هاتوهاواركردن و لاساریكردن، نیشتمانپەروەریی گەورە نین.

عوسمانیەكان دەتوانن سیاسەتێكیان هەبێ، ئەویش بە وردی و بە شێوەیەكی ژیرانە ڕزگاركردنی ئەم خەڵكە بێچارەیەیە. ئەم ڕاستیانە بۆ خەڵكی موسڵمان باس بكەن. ئێمە دەتوانین لەڕێی باسكردنی كوشتارو نامەردیی یۆنانیەكانەوە بۆ لایەنە بچووك و گەورەكانی هاوپەیمانەكان، هەوڵی بەدیهاتنی دادپەروەری بدەین. بەڵام بە مەرجێك بە شێوەیەكی سەنگین و پێگەیشتوانە بجووڵێینەوەو ژیرانە ڕەفتار بكەین))[112].

---

[112] گویكبەل، ئاسف، ئایدین لە تێكۆشانی نەتەوەییدا، ئایدین، ٢٠٠٥، ل١٥٦-١٥٧؛ ئەوی باسی كردووە: د. میرنایاك، ل١٣٠-١٣١.

عەبدوڕڕەحمان بەدرخان هەوڵی داوە بەپێی ئەو فەرمانەی کە لە وەزیرەوە پێی گەیشتووە، ڕەفتار بکا و نووری بەگی فەرماندەی پێگەی (ئایدین)ی لەگەڵ خۆیدا بردووە و چووەتە کۆپرووباشیو لەوێوە بە تەلەفۆن ئەم قسانەی بۆ سەرهەنگ (ئالبای) شەفیقی فەرماندەی تومەنی (٥٧) کردووە:

((.. ئەمڕۆ تەلگرافێك لە سوڵتان حیسارەوە، بە ئیمزای "حوسنی"ی سەرۆکی چەتەکانەوە هاتووە بۆ هەندێك لە پیاوماقووڵان. لە تەلگرافەکەدا دەگوترێ: بەدوای هێزەکانی دوژمن، یەعنی یۆنانەکانەوەین، لە بەردەمماندا هەڵدێن، ئامادەین. هەر کاتێ لە ئایدین تەقەی تفەنگ هات، ئێوەش دەست بۆ چەك بەرن. ئەوانەی کە ئاگایان لەم تەلگرافەیە، ترسیان لێ نیشتووە. فەرمان بدەنە نەقیب کە کاری وەها نەکا. ئەگەر چەتەکان بێنە ناو ئایدین، لەوانەیە خوێنی زۆر کەسی بێتاوان بڕێژرێ. لێرەوە دەستەیەکی ئامۆژگاری دەنێرم بۆ لای حوسنی بەگ لە سوڵتان حیسار. سوپای یۆنان نازیللی چۆڵ کرد، بەم زوانە لە ئایدینیش پاشەکشە دەکا))[١١٣].

ڕۆژانی ٢٣و ٢٤ی حوزەیرانی ١٩١٩، دیسان ئەم قسانەی بۆ سەرهەنگ شەفیق کردووە: ((دوێنی بە شەمەفەندەرێکی تایبەت لەگەڵ "مۆسیۆ هۆتدەر"دا کە بۆ ئەرکێکی تایبەت هاتوەتە ئێرە، چووینە

---

[١١٣] ئاکەر، م. شەفیق، تومەنی ٥٧ لە شەڕی سەربەخۆیی و تێکۆشانی نەتەوەییی ئایدیندا، ئەنقەرە، ١٩٣٧، (بەشی مێژووی دەستەی سەربازیی ١٠٤)، بەرگی ٢، ل٨٨-٨٩؛ ئەوی باسی کردووە: دەمیرئایاك، ل٩٧.

www.zheen.org

دەنیزلی. ئەو شوێنانە کە سوپای یۆنانیان تێدا نییە، یەعنی لە نازیللی‌یەوە هەتا دەنیزلی، ئاسایش بەرقەرارە، بەڵام لە نازیللی‌یەوە هەتا ئایدین نیشانەکانی بەربەرێتی و دڕندەییی یۆنانەکان دەر کەوتن. بەداخەوە یوروك عەلیش کە لە چەتەکانە، بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و مەزهەب، دوای پاشکەکشەی یۆنانیەکان و بە سوودوەرگرتن لە نەبوونی هێزی پۆلیسی خۆمان، دەستی کردووە بە کوشت و بڕو تالأنکاری و هەموو شتێکی کردووە. وەکوو پێشتریش باسم کردبوو بۆتان، بۆ ئەوەی ئەگەر یۆنانیەکان لە ئایدین پاشەکشەیان کرد، یوروك عەلی و چەتەکانی وەکوو ئەو نەتوانن کاری وەها دووبارە بکەنەوە، پێویستم بەوە هەیە هێزی سەربازیم بۆ بنێرن.

ڕائید حەقی بەگ فەرماندەی سەربازیی نازیللیم بینی، پرسیاری ژمارەی هێزەکانیم کرد، وتی: پێنج سەد کەسن، (وتم) ئایا دەتوانن (٢٠٠) سەربازیان تەرخان بکەن بۆ ئێمە تا لە پردی مەندەرەس یان هەر شوێنێکی کە خۆتان دیاریی دەکەن، چاوەڕوان بن؟ بەڵام وەڵامی نەبوو.

ئەمڕۆ لە کۆشك ئەفسەری دەستەی ڕەهاوێژم بینی، بۆ مەندەرەس دەچوو، زۆر بەمە خۆشحاڵ بووم هەندێك چەتە لە دەوروبەری ئایدین هەن، دەیانەوێ ئایدین لەدەست داگیرکاریی یۆنان ڕزگار بکەن. تەنانەت پێوەندیم بە یەکێکیشیانەوە بەست، پێم گوتن هەتا ئەو کاتەی سوپای یۆنان لێرەیە، ئێوە مەیێنە ئایدین. دەبێ لە ترسی ئەو چەتانە بێ کە یۆنانیەکان هەموو هێزەکانیان لە ئینجیرلی ئۆڤاو دەوروبەریەوە هێناوەتە ئایدین. هێزەکانیان پێکەوەن. نووری بەگی فەرماندە ئێستا

دەڵێ، نزیکەی سێ هەزار سەربازیان هەیە. موسڵمان و مەسیحیەکان و هەموو کەس لە ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورەدان.

لە بەشی ئایدینەوە هەتا ڕووباری مەندەرەس، سەربازی یۆنانی لەبەر هەبوونی چەتەکانمان لەوێ، کەس ناچێتە پێوشوێنی سۆراخی کارو جووتیاریی خۆی، فەرماندەی یۆنانیەکانیش دەڵێ مۆڵەتم نییە سەرباز ڕەوانەی ئەو ناوچەیە بکەم، بەپێی فەرمانێکی وەزارەتی جەنگ کە پێم گەیشتووە، دەبێ هێزەکانی خۆتان بچنە ئەو ناوچانە کە چۆڵ دەکرێن.

وەزارەتی جەنگ فەرمانێکی وەهای بە ئێوەش داوە؟ ئەگەر هەندێك سەرباز ڕەوانەی ئەو شوێنانەو ئاسایشەکەی بەرقەرار بکەن، شتێکی باش دەبێ. داوتان لێ دەکەم ئەو کارە بکەن. ئەگەر وابێ دەتوانین دادپەروەری و مەدەنییەتی عوسمانی بەرامبەر بە سوپای یۆنان و خەڵکی مەسیحی نیشان بدەین. داواکانی من ئامانە بوون: "بێگومان ئەوە ڕاستە کە بە هۆی بە نهێنی هێشتنەوەی پاشەکشەی یۆنانیەکان و بڕینی تەلەکانەوە، هەندێك ڕووداو و تاوان لە هەندێك شوێنی بەینی نازیللی و ئایدین ڕوویان داوە. میستەر هۆتدەر کە بەتایبەتی لە ئەستەمووڵەوە هاتووەو لەگەڵ مندا هەتا دەنیزلی گەشتی کردووە، ئەو بارودۆخەی بە چاوی خۆی بینی. ئەوەم بە ئەفسەرانی جەندرمەی فەرەنسا و ئیتاڵیاش گوت کە لێرە بوون. ئەوان دوێنی ڕۆیشتن بۆ ئیزمیر و لەوێ بە نوێنەرانی خۆیانی دەڵێن.

سوپاسی فەرماندەکەتان دەکەم بۆ هاتنی ڕائید "حەقی بەگ" و هێزەکانی بۆ ئومورلوو. ئێستا ئیدی دڵنیام ئەگەر خودا بیەوێ کاتێ

ئایدین چۆڵ کرا، ئارامی و ئاسایشی ئێرە تێك ناچن. بۆ پیاوماقووڵان و گەورانی ڕۆمەکانم دووبارە کردوەتەوە، ئەگەر سوپای یۆنان دوازدە سەعات بەر لە چۆڵکردنی ئێرە ئاگادارمان بکاتەوە، هیچ ڕۆمییەك تووشی کێشەو ئازار نابێ، بەڵام ئەگەر وانەبێ، لەوانەیە کارەسات ڕوو بدا، ئەوا هەواڵیان بۆ فەرماندەی یۆنانیەکان ناردو داوایەکی وایان لێ کرد، ئەوانیش بەڵێنیان داوە لە پاشەکشەیان ئاگادارمان بکەنەوە.

ئەگەر هێز ڕەوانەی دەوروبەری (ئینجیرلی ئۆڤا) بکەن کارێکی زۆر لە جێی خۆی دەبێ، چونکە زۆر کەس هەن لە کێڵگەکانی ئەوێ کار دەکەن و ئێستا ناتوانن بچنە ئەوێ. هەتا مەندەرەس سەربازی یۆنانی لێ نییە. داوام وایە ئەگەر دەکرێ هەندێك سەرباز ڕەوانەی ئەوێ و ئاسایشی ئەوێش بەقەرار بکەن.

هێشتا زانیاریی ڕەسمیم نییە لەسەر ئەوەی کە یۆنانیەکان ئایدین چۆڵ دەکەن یا چ کاتێك ئەو کارە دەکەن؟ "مۆسیۆ هۆتدەر" دوێنێ چوو بۆ ئیزمیر، ڕاپۆرتێك بەپێی زانیاری و تێبینییەکانی ئەو دەدرێ و ئەنجامەکەش بەگوێرەی ئەوە دەبێ.

بنکەی ژین www.zheen.org

هیچ نیشانەو شتێك نییە لەوبارەیەوە کە لە ئایدین دەر بچن. چەتەکان دەستیان کردووە بە دەستدرێژی. دەمەوێ والی ئاگادار بکەمەوە کە هێشتا نەمدۆزیوەتەوە. هیچ یەکێك لەو نوێنەرانە لێرە نین. ئەگەر وەڵامێکم لە والی دەست کەوت، ئاگادارتان دەکەمەوە[١١٤].

---

[١١٤] ئاکەر، م. شەفیق، تۆمەنی ٥٧ لە شەڕی سەربەخۆییدا و تێکۆشانی نەتەوەیی ئایدین، ئەنقەرە، ١٩٣٧ (بەشی مێژووی دەستەی سەربازیی ١٠٤) بەرگی ٢، ل٩٣-٩٥، ئەوی باسی کردووە: دەمیرئایاك، ل١٢٤-١٢٧.




عەبدوڕڕەحمان بەدرخان، ئەلیزابێت و

منداڵەکانیان لەچەپەوە: لەیلا، فەریت، کەریم، مەوەددەت

ئەم بەياننامەيەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان كە وەك موتەسەڕيف ئامادەی كردووە، لەلايەن جەندرمەوە بڵاو كراوەتەوە: ((بە فەرمانی دەوڵەتە هاوپەيمانەكان، يۆنانەكان هەندێك لە شوێنەكانی ويلايەتيان چۆڵ كرد. لەبەر نيازپاكی و حاڵ و گوزەرانمان لەم ڕۆژە ڕەشانەدا، ئايدين چۆڵ دەكرێ. داواتان لێ دەكەم ئەم كاتەنە لەدژی سوپای يۆنان چەك بەكار مەهێنن و بە ميهرەبانی و بەزەيی لەگەڵ كەسانی غەيرە موسڵماندا كە وەك ئامانەت دراونەتە دەستی ئێمە، ڕەفتار بكەن))[115].

بەگوێرەی هەندێك لە سەرچاوەكان، عەبدوڕڕەحمان بەدرخان هەوڵی داوە ڕێ لە دروستبوونی قووای ميللييە بگرێ لە ئايدين[116]. عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لە ٢٩ی حوزەيراندا لەلايەن هێزەكانی يۆنانەوە دەسگير كراوەو پاش ڕەوانەكردنی بۆ ئيزمير، لەوێ خراوەتە زيندان. خۆی واتەنی: ((بەهۆی دەستوەردانی نيازپاكانەی نوێنەرانی هێزە هاوپەيمانەكانەوە، دوای ٢٥ی ڕۆژ ئازاد كراوە))[117].

ئەو كاتانە كە ئەو موتەسەڕيفی ئايدين بووە، كوردێكی سلێمانيەيی بەناوی عيززەت بەگەوە واليی ئەوێ بووە[118]. لەبەر ئەوەی

---

[115] گويكبەل، ئاسف، ئايدين لە تێكۆشانی نەتەوەييدا، ئايدين، ٢٠٠٥، ل١٥٣؛ ئەوی باسی كردووە: دەميرئاياك، ل١٢٩.

[116] دەميرئاياك، ل١٢٩.

[117] بەدرخان، عەبدوڕڕەحمان، پوختەی بارودۆخی ئايدين، (٢٥ی مايسەوە هەتا ١ی تەمووزی ١٩١٩).

[118] عيززەت بەگ بە قەمبوور عيززەتيش ناسراو بووەو مامی شەريف پاشايە كە بەر لە ئيمزاكردنی پەيمانی سيڤەر لە پاريس نوێنەری كورد بووە.

ئەو کاتانە ئیزمیر ناوەندی پارێزگای ئایدین بووە، عیززەت بەگ لەوێ نیشتەجێ بووە.

ڕائیدێکی ئینگلیزەکان بەناوی "نۆئێل"ەوە لە بیرەوەریەکانی خۆیدا بەم جۆرە باسی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان دەکا: ((.. ماوەی پازدە ساڵ لە سویسرا ژیاوە و لەگەڵ کچێکی خەڵکی ئەوێدا ژیانی هاوسەریی پێك هێناوە[119]. وەك کەسایەتییەکی هاوچەرخ و پێشکەوتنخوازو متمانەپێکراو دەناسرێ. کاتی ئاژاوەکانی نێوان تورك و یۆنانیەکان لە ئایدین، موتەسەڕیفی ئەوێ بووە و دەگوترێ هەڵوێستی زۆر باشی هەبوە))[120].

عەبدوڕڕەحمان بەدرخان، لە بابەتێکدا کە بە زمانی فەرەنسی نووسیویەتی و تائێستا بڵاو نەکراوەتەوە، وردەکاریی زیاتر لەسەر ئەو ڕۆژانە دەدا کە موتەسەڕیفی ئایدین بووە (وەرگێڕدراوی تورکی ئەو بابەتە لە پاشکۆی ٤ی ئەم کتێبەی بەردەستتاندا هەیە).

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[119] لە وەرگێڕانەکەی بولەنت بیرەردا، لەجیاتیی کچێکی سویسرایی، کچێکی سویدی هاتووە.

(Noel, Edward William Charles, Kurdistan, 1919 Binbasi Noelin Gunlugu, Avesta Yayinlari, Istanbul, 1999, s. 95)

یادداشتەکانی مێجەر نوئیل، بڵاوکراوەکانی ئافێستا، ١٩٩٩، ل٩٥.

[120] Noel, Edward William Charles, Diary of major Noel on Special Duty in Kurdistan, Bagdate, 1919, P.55.

**١. ١٠- له كۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخانیدا:**

شەش کوڕ و دوو نەوەی بەدرخان بەگ، له مانگی مایسی ساڵی (١٩٢٠)دا له ئەستەموولْ کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخانییان دامەزراندووە. عەبدوڕڕەحمان بەدرخان له دامەزرێنەکانی ئەو کۆمەڵەیە بووەو له کۆی (١٨) کۆبوونەوەی کۆمەڵەکە، بەشداریی له (١٦) کۆبوونەوەیاندا کردووەو ماوەیەکیش به شێوەی کاتبێ ژمێریاری کۆمەڵەکە بووە. له دووەمین کۆبوونەوەی کۆمەڵەکەدا ئەمین عالی بەدرخان پێشناری کردووە دەستەیەکی سێ کەسیی ژنان که له خوشك و برازاو خۆشکەزاکانیان پێك بێن، بەشداری له کۆبوونەوەکانیدا بکەن و خاوەنی دەنگیش بن. بەڵام خەلیل ڕەحمی بەگ و عەبدوڕڕەحمان بەگ دژایەتیی ئەو پێشنیارەیان کردووە، تەنانەت ڕایانگەیاندووە ئەگەر ئەو پێشنیارە قبوولْ بکرێ، ئەوان دەست لەکار دەکشێنەوە. بەڵام ئەوەش دەزانین که دواتر شەش ژن له خزم و کەس‌وکارەکانیان بەشدارییان له کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمەڵەیەدا کردووە[١٢١].

له یەکێك له کۆبوونەوەکانی ئەو کۆمەڵەیەدا باسی کێشەی حەماڵ [حەماڵە کوردەکان] کراوەو لەسەر سکاڵای حەماڵەکانی ئیسکەلە سەبارەت بەوەی که فەرمانبەری ناوەندی "ئەمین ئینەنۆ" و جێگری کۆمیسیاری تاهتەقەلە گوشار دەخەنە سەریان، بڕیار دراوە عەبدوڕڕەحمان و جەلادەت عالی بەدرخان سەر له بەڕێوەبەرایەتیی

---

[١٢١] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو کۆمەڵەیە، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: مالمیسانژ، بەدرخانیەکانی جزیرەو بۆتان و کۆرنامەکانی کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخانی، ل١٧-٣٤.

www.zheen.org

پۆلیس بدەن و هەوڵی ڕێگرتن لە دەستوەردانە ناقانوونیەکانی ئەو فەرمانبەرانە بدەن[122].

بەپێی کۆڕنامەکانی هەمان کۆمەڵە، دەر دەکەوێ ئەو قۆناغە هەندێك لە بەدرخانیەکان بەشێوەی زارەکی و نووسراو سەبارەت بە بارودۆخی کوردو کوردستان قسەیان لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتە بەهێزەکانی وەك بەریتانیا و فەرەنسادا کردووە. عەبدوڕڕەحمان و جەلادەت عالی بەدرخان ئەو یادداشت و نووسراوانە کە دەدرانە نوێنەرانی دەوڵەتانی بیانی، دەکردنە فەرەنسی. بۆ نموونەی یەکێك لەوانە، چوارچێوەی یادداشتێکی کامەران عالی بەدرخان بەگە سەبارەت بەوەی جزیرەی ئیبن عومەر بخرێتە سەر کوردستانی ئۆتۆنۆم یا لکاندنی خاك و بەشە باکووریەکانی مووسڵ، لەکاتێکدا مافی لکاندنی ئەو ناوچەیە بە حکوومەتی سەربەخۆی کورد پەسند کراوە. هەروەها ڕێ خۆش بکرێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەو مافە بدرێ.

عەبدوڕڕەحمان یەکێك بوو لەو برا بەدرخانیانەی کە هەندێك جار لە ئەستەمووڵ یادداشتنامەیان دەدایە باڵوێزە بیانیەکان[123]. بەگوێرەی سەرچاوە ئینگیزیەکان، بەرپرسانی بەریتانیایی پشتگیریی

---

[122] مالمیسانژ، بەدرخانیەکانی جزیرەو بۆتان و کۆڕنامەکانی کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخانی، ل٣٤..

[123] هەمان سەرچاوە، ل٣٠، ٣٣.

عەبدوڕڕەحمان بەدرخانیان کردووە تا لە نیسانی ١٩٢١دا[١٢٤] بچێتە بەیرووت بۆ ئەوەی سەبارەت بەو ناوچەیەی کە کوردەکان دەیانەوێ لەوێ دەوڵەت دابمەزرێنن، زانیاری بداتە فەرەنسیەکان، بەڵام وەك بەرپرسانی ئینگلیز ڕایانگەیاندووە، ئەوە هەوڵێکی بێسوود بووە[١٢٥]. لەوانەیە ئەمەش دوایین هەوڵێکی ناوبراو بووبێ کە لەبارەی کێشەی کوردەوە داویەتی.

### ١. ١١- لە قۆناغی کۆماردا:

لە قۆناغی کۆماردا ناوی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان زۆر نەبیستراوە، دوایین ساڵەکانی تەمەنی خۆی وەکوو کەسێکی خانەنشین بەبێدەنگی تێپەڕ کردووە[١٢٦]. لەبەر کێشەی دارایی، لەم قۆناغەدا هەندێك لە

---

[١٢٤] م. ر. هاوار ئەو ڕۆژەی بە ١٩٢٠/٢/١ زانیوەو ناوی عەبدوڕڕەحمان بەدرخانیشی بە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان نووسیوە: بڕوانە ئەم سەرچاوەیە کە هاوار، م. ر، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩١ن ل١٩.

[125] Fo 371/6346, no521, 25 mayis,

لە ڕومبوڵەوە بۆ کورزن، ١ی حوزەیرانی ١٩٢١، ئەوەی (لە ڕومبوڵەوە بۆ ئامری) وەری گرتووە: ئۆڵسۆن، ڕۆبەرت، سەرچاوەکانی نەتەوەخوازانی کوردی و ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعید، بلاوکراوەکانی ئویزگە، ئەنقەرە، ١٩٩٢، ل١٠١.

[١٢٦] عەبدوڕڕەحمان و منداڵەکانی پێوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کوڕەکانی ئەمین عالی بەدرخاندا کە چووبوونە دەرەوەی تورکیا، نەما. مووەددەتی کچی، جارێك چووەتە پاریس و لەوێ تەلەفۆنی بۆ کامەران عالی بەدرخانی ئامۆزای کردووە،

www.zheen.org

کەل‌وپەلەکانیان فرۆشتووە. لەگەڵ ئەوەشدا "ئیلیزابێت"ی هاوسەری لە کۆلێژی کچانەی ئەمریکایی لە ئاڕناڤۆدکۆیی ئەستەموول دەستی بە وتنەوەی وانەی فەرەنسی و پیانۆ کردووەو تا ساڵی ١٩٤٦ ئەو کارە بەردەوام بووە.

دوای دەرچوونی یاسای پاشناو، عەبدوڕڕەحمان پاشناوی "چنار"ی هەڵبژاردووەو ساڵی ١٩٣٦ کۆچی دوایی کردووەو مەزارەکەیشی لە گۆڕستانی (قەرەجە ئەحمەدی) ئەستەموولە. ئیلیزابێتی هاوسەریشی بۆ ئەوەی لەکاتی مردندا لەتەنیشت ئەو بەخاك بسپێردرێ، لە کۆتاییی ساڵانی چلدا خۆی کردوەتە موسڵمان و ناوی "ئەمەل"ی لە خۆی ناوە، کاتێکیش لە ساڵی ١٩٦٣دا کۆچی دواییی کردووە، لەسەر بەردی مەزارەکەی ناوی "ئەمەل چنار" نووسراوە.

عەبدوڕڕەحمان و ئیلیزابێت چوار منداڵیان هەبوە، بە ناوەکانی: لەیلا، مووەدەت، کەریم و فەرید. فەرید، بەهۆی نەخۆشیی وەرەمەوە جوانەمەرگ بووە. کەریم، لەگەڵ عەونی شاسادا کاری بازرگانیی کردووەو ساڵی ١٩٩٤ کۆچی دواییی کردووە. مووەدەت، دایکی پرۆفیسۆر "ئەمرە گوینەنسا"یە کە ساڵی ١٩٩٦ لەکاتی حکوومەتی پارتی ڕێگای ڕاستدا وەزیری دەرەوە بووە، هێشتا (ساڵی ٢٠٠٨) لەژیاندایە.

---

بەڵام کامەران پێی وتووە: چاودێری دەکرێم، ئەگەر یەك ببینین زیانت پێ دەگەیێنم، لەبەر ئەوە یەکتریبان نەبینیوە.

**میقداد میدحەت بەدرخان بەپێی (سیجللی ئەحواڵ)[*] :**

ئەحمەد میقداد بەگ کوڕی بەدرخان پاشازادەیە. ساڵی ١٢٧٣ی کۆچی (١٨٥٦-١٨٥٧) لە کرید لەدایك بووە. لە مەکتەبی ڕوشدییەی سەربازیی ئوسکودار دەرسی خوێندووەو بۆ ماوەی دوو ساڵیش لە مەکتەبی سوڵتانی بووە. بە زمانی تورکی خوێندوویە، زمانەکانی عەرەبی، فارسی و فەرەنسیشی زانیوە.

سەرەتاکانی ساڵی ١٢٩٥ی کۆچی، تەمەنی ٢٢ ساڵ بووەو لە موتەسەڕیفیی ئۆسکودار بە مەبەستی ڕاهێنان و فێربوون بەبێ مووچە لە بەشی تەحریرات کاری کردووەو لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵیشدا لە دادگای تەمیزی تاوانەکان و سەرەتاکانی ساڵی ١٢٩٧ی کۆچیش چووەتە قەڵەمی داواکاری گشتیی تەمیزی ویلایەتی ئەنقەرە. لە مانگی ڕەمەزانی شەریفی هەمان ساڵدا وەك جێگری داواکاری گشتیی دادگای بەراییی قیرشەهیر بە مووچەیەکی هەزارو چوارسەد قوروشی دامەزراوە. لە زیلقەعیدەی ساڵی ٩٩دا لەسەر کار لابراوەو مانگی شەووالی ١٣٠٠ بەو مووچەیەوە وەك فەرمانبەر ڕەوانەی داواکاریی گشتیی دادگای بەراییی سەنجەقی ئیزمیر کراوە. لە موحەڕڕەمی ساڵی ٣٠٥دا هەر بەو مووچەیەوە چووەتە جێگریی داواکاریی گشتیی سەنجەقی ئورفە. زیلحیجەی ئەو ساڵە بە هەمان مووچەوە گوازراوەتەوە بۆ جێگریی داواکاری گشتیی سەنجەقی ئیسپارتە.

---

[*] سجیللی ئەحواڵ، بەڕێوەبەرایەتییەکی سەردەمی عوسمانیەکان بووە، ژیاننامەی فەرمانبەرانی دەوڵەتی تێدا تۆمار کراوە. [وەرگێڕ]

بەگوێرەی تێبینیەکانی والی و داواکاری گشتیی قۆنیە و ئەو تێبینیانەی کە بە چاودێریی دادگای بەراییی سەنجەقی حامید نووسراون، ناوبراو هەوڵی داوە بە ڕاستی و دروستی ئەرکەکانی جێبەجێ بکا، ئەو گەواهییەی ویلایەتیش لەلایەن وەزارەتی پڕشکۆی دادەوە پەسند کراوە.

ناوبراو، تۆمەتبار کراوە بەوەی کە کاتێ لە داواکاریی گشتیی قیرشەهیر بووە، لە ژمێریاریی ئەوقافی دادەوە گوللەی خستوەتە ناوماڵی عوسمان ئاغای بازرگان و لەگەڵ ژنەکەی حاجی بەکتاشلی مەحمووددا پێوەندیی بەستووەو لەسەر ئەوانەش سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە. بۆیە بەپێی نووسراوی وەزارەتی داد، موحاکەمە کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ یەکێك لەو تۆمەتانەی بەسەردا ساغ نەبوەتەوە، بڕیاری بێتاوانیی دراوە. بەگوێرەی ئاگادارکردنەوەیەکی بەشی تاوانەکانی دادگای تەمیزی ئەنقەرەو بەپێی جەختکردنەوەکان، ئەو جێگری داواکاری گشتییەی کە ناوی براوە، بە شێوەیەکی باش کارەکانیی بەڕێوە بردووە و لاساریی نەبوەو ئەمەش دراوەتە وەفدی داد و لە نووسراوەکانی ١٧ی زیلقەعیدەی ٩٩و ٣ی سەفەری ٣٠٥و ٢٧ی ئابی ٣٠٤دا بە شێوەی نووسراوی پشت-ڕاستکراو و نهێنی هەیە.

لەبەر ئەوەی ئەو بەڕێزە بەپێچەوانەی سیفەتی فەرمانبەری و ئاین جووڵاوەتەوە و قسەی بێجێوڕێ و زماندرێژیی کردووە، لەلایەن ویلایەتی قۆنیەوە داوای گۆڕینی کراوە، بۆیە لە دوایین ڕۆژی موحەڕەمی ساڵی ١٣٠٧ [١٨٨٩]دا لەسەر کارەکەی لابراوە. ٦ی

ڕەبیعول ئەووەلی ٣٠٧ و ١٩ی تشرینی یەکەمی ٣٠٥ [١٨٨٩/١٠/٣١] بەپێی وەلآمنامەیەکی سەرۆکایەتیی شارەوانی کە لە ٥ی شوباتی ٣١٦دا نووسراوە، ناوبراو حەوتی جومادیل ئەووەلی ساڵی ١٣٠٨ [٦ی کانوونی یەکەمی ٣٠٦ (١٨٩٠)] بە فەرمانی حەزرەتی پادشا، بە مووچەیەکی هەزارو چوارسەد قوروشی وەك جێگری بەڕێوەبەری قەڵەمی ئەمینی شار (شەهرەمانەتی) [پۆستێکی هاوشێوەی سەرۆکایەتیی شارەوانی بووە– وەرگێڕ] دامەزراوە.

پلەی ناوبراو، لەبەر خزمەت و هەوڵە باشەکانی، لە بیست و نۆی ڕەمەزانی ساڵی ١٣١٠دا بەرز کراوەتەوە بۆ دووەمی پلەی باڵآ. ناوبراو لە بیستوسێی مانگی زیلقەعدەی هەمان ساڵدا [٢٧ی مایسی ٣٠٩ (حوزەیرانی ١٨٩٣)] بە دووهەزارو پێنج سەد قوروش مووچە کراوەتە بەڕێوەبەری هەشتەمین بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی. ناوبراو لە یازدەی ڕەبیعول ئاخەری ساڵی ١٣١٢دا [٣ی تشرینی یەکەمی ٣١٠] بە هەمان مووچە گوازراوەتەوە بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی شەهرەمانەتی (شارەوانی). مووچەی ناوبراو، لە بیستوشەشی ڕەبیعول ئاخەری ١٣١٦دا [٢ی ئابی ٣١٤(١٤ی ئابی ١٨٩٨] بۆ چوار هەزار قوروش زیاد کراوە. لە شەشی شەووالی ١٣١٨شدا پلەی یەکەمی پلەی باڵآی پێ بەخشراوە[١٢٧].

[١٢٧] ئەم بڕگەیە لە دەستنووسی دەقەکەدا لەگەڵ بڕگەکانی سەر و خواری خۆیدا جیاوازە. ئەمەش مانای وایە ئەم بڕگەیە لەلایەن کەسێکی دیکەوە نووسراوە.



**لەچەپەوە: میقداد میدحەت بەدرخان، عەبدوڕڕەحمان بەدرخان، ژنبراکانی میقداد میدحەت (لەڕاستەوە دووەمو سێیەم کەسن)، پێش ساڵی ١٩٠٧**

* بەگوێرەی دەفتەری تۆماری ٢٥ی نیسانی ٣٢٥ی لقی ئامازەپێکراوی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە، مووچەی ناوبراو لە ٢٥ی ڕەبیعول ئەووەلی ساڵی ١٣١٦دا بۆ سێ‌هەزار وپێنج سەد قورووش زیاد کراوە.

* بەپێی فەرمانێکی باڵا لە سیازدەی زیلحیجەی ساڵی ١٣١٨دا [٢١ی مارتی ٣١٧ (٣ی نیسانی ١٩٠١)]دا مووچەی ناوبراو کراوەتە شەش هەزار قورووش.

بەپێی ئەو یادداشتەی کە باس کرا، مووچەی ناوبراو لە بیست‌وهەشتی ڕەبیعول ئاخەری ١٣١٩دا [١ی ئابی ٣١٧ (١٤ی ئابی ١٩٠١] لەلایەن تەعجیلاتی گشتییەوە کەم کراوەتەوە بۆ پێنج هەزارو چوارسەد قورووش. ڕۆژی ٢١ی جومادیل ئاخەری هەمان ساڵ (١٢ی ئەیلوولی ١٣١٧) بڕیار دراوە بۆ هاوکاری و بەخشش‌دان بە ناوبراو، مووچەکەی بە ئەندازەیەکی گونجاو زیاد بکرێ. بەپێی ئەو یادداشتەی کە باس کرا، مووچەکەی ناوبراو لە بیست‌وهەشتی ڕەجەبی هەمان ساڵدا [٢٨ی تشرینی یەکەمی ٣١٧ (١٩٠١/١١/١٠] زیاد کراوە بۆ شەش هەزار و چوارسەد قورووش.

لە بیست‌وحەوتی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٢٣دا پلەی دووەمی نیشان و مەدالیای باڵای عوسمانی بەخشراوەتە ناوبراو. لەبەر ئەوەی دەر کەوتووە بەدرخان پاشازادەکان دەستیان لە ڕووداوی کوشتنی "ڕزوان پاشا"ی سەرۆکی پێشووی شارەوانیدا هەبوە، مەجلیسی تایبەتی نوێنەران بەپێی ویست و ئیرادەی باڵا [وەرگێڕ: مەبەست پادشایە] بڕیاری دوورخستنەوەی ئەوانەی داوە و لەو چوارچێوەیەشدا ناوبراو

بۆ سەنعا[١٢٨] دوور خراوەتەوەو بەگوێرەی وەڵامنامەی ٢٥ی نیسانی ٣٢٥، تۆماری ناوبراو لە ٢ی سەفەری ٣٢٤ [١٥ی مارتی ٣٢٢ (٢٨ی مارتی ١٩٠٦)]ەوە لە ژمێریاریی بەڕێوەبەرایەتیەکەی سڕ دراوەتەوە. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە سەرەتا ناوبراو دەربارەی خۆی داونی، ناوی "ئەحمەد میقداد"ی نووسیوەو بەو جۆرە تۆمار کراوە، بەڵام بەگوێرەی دواین داواکاریی کە پێشکەشی کردووەو بەگوێرەی یادداشتی وڵاتنامەی عوسمانی، ناوەکەی میقداد میدحەت بووەو ئەوەش لە نووسراوەکاندا ڕاست کراوەتەوە.

بەگوێرەی وەڵامنامەیەکی ڕۆژی ٣ی ئەیلوولی ٣٢٩ لەناو بەڵگەکانی سەدارەت (سەدری ئەعزەم)دا، لەبەر ئەوەی دەر کەوتووە ناوبراو دەستی لە ڕووداوی کوشتنی "ڕزوان پاشا"دا نەبوەو تەنیا لەبەر هۆی سیاسی دەستگیر کراوەو هەروەها لەبەر ئەوەی لێبوردنی گشتی بۆ ئەو کەسانە دەر کراوە کە لەبەر هۆی سیاسی دەستگیر کراون، دوای ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی داد، مەجلیسی نوێنەران لە ٢٣ی ئابی ٣٢٤دا بڕیاری ئازادکردنی ناوبراوی داوە. ناوبراو لە بیستوسێی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٣٠دا [٣٠ی ئابی ٣٢٨/ ٥ی

---

[١٢٨] هەرچەندە ناوبراو بەپێی ئەم نووسراوە دوور خراوەتەوە بۆ سەنعا، بەڵام بەگوێرەی چەندین بەڵگەی دیکەی میقداد میدحەت بەدرخان دوور خراوەتەوە بۆ تەرابلوسی غەرب. بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- BOA. ZB. DH.MKT, 2681/82;

– میر بەدرخان، لوتفی بەناوی جەمعییەتی کوردانەوە بڵاوی کردوەتەوە، چەپخانەی ئیجتیهاد.

ئەیلوولی ١٩١٢)] بە هەمان مووچەی خۆیەوە گوازراوەتەوە بۆ موتەسەڕیفیی مەلاّتیە[١٢٩].

ناوبراو لە ١٧ی ئەیلوولی ٣٢٨ [٣٠ی ئەیلوولی ١٩١٢] تا ٢٩ی ئەیلوولی بە سێیەکی مووچەکەیەوە لە پۆستی وەکالەتی والیی مەعموورتول عەزیزدا بووە. بەگوێرەی نووسراوی ١٦ی شوباتی ٣٢٨ی ئەنجومەنی بەڕێوبەردنی ئەو پارێزگایە، ناوبراو لەو کاتانەدا هیچ [زیادەیەکی] وەر نەگرتووە و سەرپێچیی لە بڕینی مووچەکە نەکردووە. ناوبراو، لە ١٧ی ئەیلوولی ٣٢٨ [٣٠ ئەیلوولی١٩١٢]ەوە تا ١٣ی شوباتی ٣٢٨ [٢٦ی شوباتی ١٩١٣] موتەسەڕیفی سەنجەقی دەرسیم بووەو لە نووسراوی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ناوچەییدا کە ١٣ی شوبات نووسراوە، باس لەوە کراوە کە ناوبراو پابەند بووە بە بڕیاری ڕاگرتنی مووچەکە. بەلاّم دواتر دەر کەوتووە، سەرەڕای ئەوەی لە ٤ی شوباتدا گوازراوەتەوە بۆ موتەسەڕیفیی مەلاّتیە، تا ١٣ی شوبات لە دەرسیم ماوەتەوەو لەگەڵ ئەوەدا پێویست بووە نیوەی مووچە وەر بگرێ، مووچەی تەواوی وەر گرتووە و بەڕێوەبەری ژمێریاریش لەمە ئاگادار کراوەتەوە.

بەهۆی ئەو سکالاّیەوە کە ٤ی شەووالّی ١٣٣١ [٢٤ی ئابی ١٣٢٩ (٦ی ئەیلوولی١٩١٣] لەسەری هەبوە، ناوبراو بە مووچەی پێنج هەزار قوروشەوە گوزراوەتەوە بۆ سەنجەقی ئەرتۆغروڵ. ناوبراو لە ١٨ی شوباتی ٣٢٨ەوە تا ٢٤ی ئابی ٣٢٩ بە مووچەی شەش هەزار قوروش

---

[١٢٩] دواتریش سالّی ١٩١٩ خەلیل ڕەحمی بەدرخانی برای میقداد میدحەت بووەتە موتەسەڕیفی مەلاّتیە.

و لەو ڕۆژەشەوە هەتا ١ی ئەیلوولی ٣٢٩بە نیوەی مووچەیەکی تایبەتی پێنج هەزار قوروشییەوە موتەسەڕیفی مەلاتیە بووە و بە گوێرەی وەلامنامەی ١٧ی کانوونی یەکەمی ٣٢٩، ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی لیوای ناوبراو لە نووسراوی ٤ی ئەیلوولی ٣٢٩دا ئەوەی پشتڕاست کردوەتەوە کە ناوبراو پابەند بووە بە بڕیاری بڕینی مووچەکەو سەرپێچیی لێ نەکردووە.

١٠ی شوباتی ٣٢٩

(ئیمزا) نازمی

هەرچەندە بەگوێرەی نووسراوی ١٣ی شوباتی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی لیوای دەرسیم، ئەو کاتەی کە ناوبراو لەوێ موتەسەڕیف بووە، مووچەی تەواوی وەر گرتووە و ئەمەش لە تۆماری ناوبراودا زیاد کراوە، نووسراوی ٢٥ی شوباتی ٣٢٩ی ویلایەتی مەعموورەتول عەزیزی ناوبراو لەوکاتەدا کە باس کراوە نیوەی مووچەی وەر گرتووەو دەر کەوتووە پارەی زیادی وەر نەگرتووە. بۆیە ئەوە لە تۆمارەکەدا ڕاست کراوەتەوە.

١٧ی مارتی ٣٣٠[١٩١٤]

(ئیمزا)

سەرچاوە: BOA, DH.SAID d, 26/305, Tarih: 29/Z/1273

www.zheen.org

## ٢. "کوردستان"، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی

ڕۆژنامەی کوردستان کە بەردێکی بناغەی کەلتووری نووسراوی کوردییە، میقداد میدحەت بەدرخان (میقداد ئەسوەد بەدرخان) ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ بە زمانی کوردی لە قاهیرە بڵاوی کردوەتەوە[١٣٠].

ئەم ڕۆژنامەیە شایانی ئەوەیە لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ. یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئەم ڕۆژنامەیە ئەوەیە کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە. تا ئەو کاتانە زۆربەی بەرهەمە کوردییەکان بە شێوەی مەنزووم نووسراون، بەڵام بەرهەمەکان لە ڕۆژنامەی کوردستان‌دا بە پەخشان و نووسینی ئاسایی نووسراون و ئەمەش بە ڕیفۆڕم و چاکسازی لە زمانی کوردیدا لەقەڵەم دەدرێ. جگە لە تایبەتمەندیەکانی دیکە، هەر بەو تایبەتمەندیانەوە کە باس کران، ڕۆژنامەی کوردستان و میقداد میدحەت بەدرخان کە وەك یەکەم ڕۆژنامەنووسی کورد ئەو ڕۆژنامەیەی بڵاو کردوەتەوە، لەگەڵ عەبدوڕڕەحمان بەدرخانی برایدا کە دواتر ڕۆژنامەکەی لەگەڵدا بڵاو کردوەتەوە، شوێنێکی گرنگیان لە مێژووی کورددا هەیە.

بەگوێرەی هەلومەرجەکانی ئەو ڕۆژگارە، ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆڵی بەرقەرارکردنی پێوەندیی لەنێوان نیشتمانپەروەرانی کورد[١٣١].

---

[١٣٠] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر میقداد میدحەت بەدرخان، دەتوانن بڕواننە ئەم سەرچاوەیە: مالمیسانژ، بەدرخانیەکانی جزیرە و بۆتان و کۆڕنامەی کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخانی، ل١٨٧-١٩٧.

[131] Chiguh, S. 19.

میقداد میدحەت بەدرخان، لەگەڵ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان‌دا کارتێکی بۆ هەندێك کەس ناردووە، ئامانجی خۆی لە بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە تێدا ڕوون کردووەتەوە[132]. دەقی ئەو نووسراوە فەرەنسییە کە بە ئیمزای شازادە میقداد میدحەت نێردراوە، بەم جۆرەیە:

((بەڕێز،


شانازی دەکەم بەوەوە کە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"تان بۆ دەنێرم، بە تازەیی لە قاهیرە بلاوم کردووەتەوە.

نەتەوەکەم، نەتەوەی کورد، دانیشتوانێکی شەش ملیۆنیی لە ئاسیای بچووکدا هەیەو بە زمانێکی زۆر کۆن قسە دەکا. ئەمە یەکەم جارە ڕۆژنامەیەك بەو زمانە بلاو بکرێتەوە. ئامانجم لە بلاوکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە بلاوکردنەوەی حەزو خۆشەویستی زانست و پەروەردەیە لەنێو نەتەوەکەمدا. دەمەوێ کوردەکان هان بدەم تا لە ڕێی شارستانیی مۆدێرندا پێش بکەون و لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبیاتە نەتەوەیی‌یەکەیان پێ بناسێنم.

لەبەر ئەوەی شازادە (میر) بەدرخانی باوکم شەڕی بۆ سەربەخۆییی کوردستان لەدژی دەسەلاتی سوڵتان عەبدولمەجید کردبوو، ئەو [پادشایە] مانەوەی هەموو بنەماڵەکەمی لە نیشتمانەکەی خۆمان قەدەغە کرد، لەبەر ئەو هۆیەش هاتوومەتە میسرو لەڕێی دووریشەوە بێ دەمەوێ خۆم تەرخان بکەم بۆ بەختەوەری و بەرژەوەندی مرۆڤەکانی نیشتمانەکەم و پێش‌خستنی ئاستی زانیارییان.

---

[132] خەزنەدار، مارف، کوردستان، ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨، ڕۆژنامەوانی، گۆڤارێکی وەرزییە، هەولێر، ژمارە ٨ (نیسانی ٢٠٠٢)، ل٦١.



**Monsieur,**

J'ai l'honneur de vous adresser le premier numéro du journal **KURDISTAN** que je viens de fonder au Caire.

La nation Kurde, ma nation, compte aujourd'hui en Asie-Mineure plus de 6 millions d'habitants qui parlent une langue très ancienne.

C'est la première fois que se publie un journal en cette langue. Mon but, en le fondant, est de répandre l'amour de l'instruction dans ma nation, d'encourager les Kurdes dans la voie des progrès de la civilisation moderne et en même temps de leur faire connaître leur littérature nationale.

Mon père, le prince Bederkhan; ayant fait la guerre pour l'indépendance du Kurdistan contre le gouvernement d'Abdul-Medjid, celui-ci interdit à toute ma famille le séjour de notre patrie. Voilà pourquoi, retiré en Égypte et désireux de voir l'ordre et la paix régner en Kurdistan, je veux, par le canal de ce Journal, me consacrer de loin à tout ce qui concerne les intérêts, le bonheur et l'élévation intellectuelle de mes compatriotes.

Le prince MIKDAD MIDHAT

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەو نووسینە کە میقداد میدحەت بەدرخان ساڵی ١٨٩٨ لەگەڵ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بۆ هەندێك کەسی ناردووە (سەرچاوە: گۆڤاری "ڕۆژنامەوانی"، هەولێر، ژ٨، نیسانی ٢٠٠٢)

**دەمەوێ لە ڕێی ئەم ڕۆژنامەیەوە ئەو کارانە لە کوردستان بکەم کە ئارەزوومە بەرقەراربوونی سیستەم و زاڵبوونی ئاشتییان تێدا ببینم))[١٣٣]. سورەییا بەدرخان کە دواتر هەر لە قاهیرە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی بلاو کردوەتەوە، لەو بارەیەوە ئەم ڕوونکردنەوە سەیرەی هەیە:**

---

[١٣٣] خەزنەدار، مارف، ل٥٧.

هەندێك لە بەگزادەكانی كورد كە هیوایان بە ئانجامدانی ڕیفۆڕم لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە نەمابوو، بۆ بەدەستهێنانی (ئۆتۆنۆمیی كارگێڕی) و (ڕزگاركردنی كورد لە چنگی قەومەكانی عوسمانی كە بەهۆی زوڵم و ستەمەكانیانەوە دەیانناڵاند) ساڵی ١٨٩٧ كۆمەڵە (جەمعییەت)ێكی نهێنییان دامەزراندبوو. میقداد بەدرخانیش ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە ڕۆژنامەی "كوردستان"ی وەك ئۆرگانی ڕاگەیاندنی ئەو (جەمعییەتە) بڵاو كردووەتەوە[١٣٤]، بەڵام هیچ سەرچاوەیەكی دیكەم نەدۆزیوەتەوە ئەو ئیددیعایەی سورەییا بەدرخان پشتڕاست بكاتەوە[*].

### ٢.١- عەبدوڕڕەحمان بەدرخان و ڕۆژنامەی كوردستان:

لەبەر ئەوەی عەبدولحەمیدی دووەم نەیهێشت[١٣٥] لە میسر بمێنێتەوە، میقداد میدحەت نەیتوانی درێژە بە بڵاوكردنەوەی ڕۆژنامەی كوردستان بدا[١٣٦]، بەڵام عەبدوڕڕەحمان بەدرخانی برای كە

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١٣٤] دەستەی نووسەرانی كوردستان، بۆ خوێنەرەكانمان، كوردستان (ڕۆژنامەیەكی كوردییە بۆ پاراستنی بەرژەوەندەكانی كوردان و پازدە ڕۆژ جارێك بڵاو دەكرێتەوە، قاهیرە، ژمارە ١، ١٥ی زیلقەعیدەی ١٣٢٥، ل٢.

[*] [وێنەی دوو لاپەڕە ٣و ٤ی ژمارەیەكی ئەو خولە لەبەردەستدایە، لە ژمارەیەكی گۆڤاری "ڕۆژنامەنووس"دا بڵاو بووەتەوە. ئەم دواییەیەیش بەڕێز عەبدوڵلا زەنگەنە دوو ژمارەی خولی دووەمی "كوردستان"ی لە توركیا دۆزییەوە- بنكەی ژین]

[١٣٥] كوردستان، ڕۆژناما كوردییا پێشین ١٨٩٨-١٩٠٢، بەرگی ١، ل١٧٧.

[١٣٦] هەندێك لە سەرچاوەكان نووسیویانە: میقداد میدحەت بەدرخان نەخۆش كەوتووە و دوای ئەمە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان درێژەی داوە بە بڵاوكردنەوەی ڕۆژنامەی كوردستان

لەو بچووکتر بووە، ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ و لە ژمارەی شەش بەدواوە وەك (خاوەن و نووسەر) دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان[١٣٧]. بە وتەی خۆی، لەبەر نیشتمانپەروەری و خزمەتکردن بە نەتەوە و نیشتمان لە وڵاتی سوڵتان هەڵاتووەو چووە بۆ وڵاتانی بیانی[١٣٨]. عەبدوڕڕەحمان بەگ لە ژمارەی ١٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا وەهای وتووە: ((لەم کاتەدا قەومی کورد زیاتر لە هەموو بەشەکانی ئۆمەتی مەزڵووم لەژێر گوشار و نەزانیدا دەچەوسێندرێتەوە. بەو هیوایەوە کە لەوانەیە بتوانم کەمێك کوردەکان ئاگادار بکەمەوە، ئەوە ساڵێکە ئەم ڕۆژنامە کوردییە بڵاو دەکەمەوە کە ناوی "کوردستان"ە))[١٣٩].

---

[بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستان، دەورەی سێیەم، ١٩١٧-١٩١٨، چریکەی کوردستان، ژمارە ٣، ل٦٠]. بەر لەوەی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بچێتە میسر، میقداد میدحەت بەدرخان لە ئەستەمبووڵ ماوەتەوە. مانگی ١٠ی ١٨٩٤ وەك ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی دامەزراوە. دوای بڵاوکردنەوەی پێنجەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕۆژی ٢٧ی موحەڕیمی ١٣١٦ [حوزەیرانی ١٨٩٨]دا، گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمووڵ. بەگوێرەی سەرچاوەیەك، ڕۆژی ١٣ی ئابی ١٨٩٨، یانی نزیکەی دوو مانگ دوای بڵاوکرانەوەی پێنجەمین ژمارەی کوردستان، مووچەکەی بەرز کراوەتەوەو ئەمەش ئەوەمان بۆ دەر دەخا کە ناوبراو دووبارە وەك فەرمانبەر دەست بە کار بوەتەوە.

بڕوانە: ئەم سەرچاوەیە: BOA, DH. SAIDd, 26/305, 29/Z/1273

[137] Chirguh, S. 19

[١٣٨] کوردستان، ڕۆژناما کوردییا پێشین (١٨٩٨-١٩٠٢)، بەرگی ١، ل١٧٧.

[١٣٩] ئاگادارکردنەوەی تایبەت، کوردستان، جنێڤ، ژمارە ١٨، ٢١ی ئەیلوولی ١٣١٥ (١٨٩٩).

بنکەی ژین www.zheen.org

دەزانرێ ژمارەی ٣١ی ئەم ڕۆژنامەیە بڵاو کراوەتەوە، بەڵام زانیاری نییە لەوبارەیەوە کە دوای ئەوش بڵاو کراوەتەوە یان نا. هەرچەندە گرووپی کەمینەی کۆنگرەی ١٩٠٢ی ژۆن تورکەکان لە پاریس، بە پێشەنگایەتیی ئەحمەد ڕەزا بەگ ڕایگەیاندوە درێژە دەدەن بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان کە پێشتر بە هاوکاریی جەمعییەت و لەلایەن عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بەگەوە دەر کراوە[١٤٠]، بەڵام دوای ئەو کۆنگرەیە، تەنیا ژمارە ٣١ وەکوو دوایین ژمارە دەر کراوە.

هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەی کوردستان چوار لاپەڕە بوو و ژمارە (١-٢٤) ئەم ڕستەیەی لەسەر نووسراوە: ((ڕۆژنامەیەکی کوردییە ١٥ ڕۆژ جارێك بڵاو دەکرێتەوە. بەڵام لە ژمارەی (٢٤)دا ئەو ڕستەیە بەم جۆرە گۆڕاوە: ڕۆژنامەیەکی کوردییە مانگانە بڵاو دەکرێتەوە)). لەسەر ژمارەکانی (٢٥-٣١)یش ئەو ڕستەیە وەها گۆڕاوە: ((ڕۆژنامەیەکی کوردی و تورکییە، مانگانە بڵاو دەکرێتەوە))، بەڵام لە دوای پێنج ژمارەی سەرەتاوە، ڕۆژنامەکە درەنگتر لە کاتی خۆی بڵاو کراوەتەوە.

لەگەڵ ئەوە کە هەندێك لە ژمارەکانی تەنیا کوردین، زۆربەی ژمارەکانی بە کوردی و تورکی بڵاو کراوەتەوە. میقداد میدحەت، پێنج ژمارەی سەرەتای ڕۆژنامەکەی لە قاهیرە بڵاو کردووەتەوەو عەبدوڕڕەحمان بەدرخانیش ماوەی چوار ساڵ لەم وڵات و ئەو وڵات

---

[١٤٠] هانیئۆغڵوو، م. شوکری، ڕاگەیاندنی ژۆن تورك، ئەنسیکلوپیدیای تورکیا لە تەنزیماتەوە تا کۆمار، بڵاوکراوەکانی ئیلەتیشم، ئەستەموول، ١٩٨٥، بەرگی ٣، ل٨٤٩.

درێژەی بەم کارە دا و بە ڕیزبەندی "کوردستان"ی لە سویسرا، میسر، بەریتانیاو سویسرا بڵاو دەکردەوە.

| ژمارە | شوێنی بڵاوکردنەوە | ساڵی بڵاوکردنەوە |
|---|---|---|
| ١–٥ | قاهیرە | ١٨٩٨ |
| ٦–١٨ | جنێڤ | ١٨٩٨–١٨٩٩ |
| ٢٠–٢٣ | قاهیرە | ١٨٩٩–١٩٠٠ |
| ٢٤ | لەندەن | ١٩٠٠ |
| ٢٥–٢٩ | فۆلکستۆن | ١٩٠٠–١٩٠١ |
| ٣٠–٣١ | جنێڤ | ١٩٠٢ |

به گوێرەی ڕۆژنامەی (عوسمانلی)، ڕاگەیاندنی ناوەندی ژۆن تورکەکان کە بە بەڕێوەبەرایەتیی عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکووتی دەر چووەو هەردوکیشیان کوردو لە سەرکردەکانی جووڵانەوەی ژۆن تورکەکان بوون، دەر دەکەوێ زوو زوو شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامەکە (کوردستان) گۆڕاوە:

١٥/١٠/١٨٩٨:

((برامان عەبدوڕڕەحمان بەگ لە بەدرخان پاشا زادەکانەو لە میسر ڕۆژنامەی "کوردستان"ی دامەزراندووەو بڵاوی کردوەتەوە، بۆ درێژەپێدان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە هاتوەتە شارەکەمان و

ژمارەکانی شەش و حەوت و ڕۆژنامەکەی لە چاپخانەکەمان چاپ کردووەو بڵاوی کردوەتەوە))[141].

:١٨٩٩/١٢/١

((یەکێك بووە لە خانەدان و بنەماڵە کۆنەکانی کوردستان و لەکاتی عەبدولمەجیددا ..[142]، عەبدوڕڕەحمان بەگ یەکێکە لە کوڕەکانی خوالێخۆشبوو بەدرخان پاشا کە بە شێوەی پشتاوپشت فەرمانڕەوای جزیرەو بۆتان بووە. ئەم (عەبدوڕڕەحمان)ە بە مایەی شانازیی بنەماڵەی بەدرخان لەقەڵەم دەدرێ و ماوەی نزیکەی دوو ساڵە لە جنێڤ لەبەر خاتری ڕۆشنکردنەوەی بیری میللەتی ئازای کورد و پاککردنەوەی ڕەوشتەکانی، ڕۆژنامەیەکی بە دەستەواژەی کوردی بڵاو دەکردەوە. ئەمجارەیان لەبەر ئەوەی پزیشکەکان پێیان ڕاگەیاندووە جەستەی بەرگەی سەرمای سەختی جنێف ناگرێ‌و بە ئامۆژگاریی ئەوان، میری ناوبراو جنێڤی بەجێ هێشتووەو بۆ تێپەڕکردنی زستان بەرەو قاهیرە بەڕێ کەوتووە.

www.zheen.org

هەم ئابوونەکانی ڕۆژنامەی کوردستان و هەم ئەو کەسە بەڕێزانەی کە پێوەندییان لەگەڵ میری ناوبراودا هەیە، ئاگادار دەکەینەوە کە سەر لە ناونیشانەکەی بدەن لە قاهیرە. ئەوەشتان پێ ڕادەگەیێنین کە لە

---

[141] عوسمانلی، جنێڤ، ژمارە ٢٢، ١٨٩٨/١٠/١٥، ئەوی وەری گرتووە: توتەنگیل، جاوید ئۆرهان، ڕۆژنامەگەریی تورکی لە بەریتانیاوە لەپاش عوسمانییە تازەکانەوە (١٨٦٧-١٩٦٧)، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی بەڵگە، ١٩٨٥، ل٩٢.

[142] وشەیەك لێرەدا نەخوێندراوەتەوە.

ماوەیەکی کەمدا ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە چاپ دەکرێ و ئێوەش دەتوانن بیخوێننەوە))[١٤٣].

١ی ئابی ١٩٠٠:

((هەرچەندە برامان عەبدوڕڕەحمان بەدرخان هاتووەتە لەندەن بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی، بەڵام بەهۆی تەواونەبوونی کەموکورتیەکانی چاپخانەکەمانەوە، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك دواخراوە))[١٤٤].

ئەو ڕوونکردنەوانە زانیاریشمان لەبارەی ئەو زۆری و زەحمەتیەوە کە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی هاتوونەتە بەردەم عەبدوڕڕەحمان بەدرخان پێ دەدەن. جگە لەوە، ئەو کاتانە کە خۆی بە کێشەکانی وەك چاپخانەوە سەرقاڵ کردبوو، دیپلۆمات و سیخوڕەکانی عوسمانلی چاودێرییان کردووەو وەك لەم نموونەیەی خوارەوەشدا دەر دەکەوێ، زانیارییان لەبارەی ئەوەوە داوەتە کۆشك:

بنکەی ژین
www.zheen.org

((بەڕێز سەرکاتبی شاهانەی جەنابی مابەینی هۆمایۆنی حەزرەتی گەورەی بەبەزەیی،

عەبدوڕڕەحمان بەگی بەدرخان پاشازادەکان لێرەیەو هەوڵی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی و تورکی دەدا، بەڵام پێمان ڕاگەیێنراوە

---

[١٤٣] عوسمانلی، جنێڤ، ژمارە ٤٩، ١/١٢/١٨٩٩.

[١٤٤] عوسمانلی، لەندەن، ژمارە ٦٥، ١ی ئابی ١٩٠٠.

تا ئێستا نەیتوانیوە پیتەکانی چاپخانە دابین بکا. لەوبارەیەوە فەرمان هیی بەڕێزتانە کە فەرماندارن.

٨ی تەمووزی ١٣١٦ (٢١/٧/١٩٠٠)

باڵیۆزی گەورەی لەندەن

(مۆر)"[١٤٥]

وەك پێشتریش باسم کرد، عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لەم قۆناغەدا پێوەندی باشی لەگەڵ عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکووتیدا هەبوە. بۆ نموونە، عەبدوڵڵا جەودەت بابەتی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا نووسیوە[١٤٦]. شیعری (گەیشتنە پاریس)، لە ژمارە ١٧ی ڕۆژنامەکەدا هیی ئەو بووە[١٤٧]. عەبدوڵڵا جەودەت هەروەها شیعرێکی فارسیی پێشکەشی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان کردووە[١٤٨]، خۆی وتوویە ((لە کەناری لاك لەمان نووسیومە))[١٤٩] و بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

بنکەی ژین
www.zheen.org


[145] BOA.ZB, 35/108, Tarih:23/Ra/i318 (Hicri)

[١٤٦] هانیئۆغڵوو، م. شوکری، ژۆن تورکەکان، جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقیی عوسمانی وەك ڕێکخراوێکی سیاسی، ل٦٢٨.

[١٤٧] جەودەت، د. عەبدوڵڵا، قەهرییات، چاپی دووەم، چاپخانەی ئیجتیهاد، میسر؛ ئەوی باسی کردووە: پیربال، فەرهاد، زنجیرەی بووژاندنەوەی نووسراوە عوسمانیەکان -٤، یەکگرتن؛ گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی تیۆرییە، کۆپنهاگ، ژمارە ١٥ (١٩٩٢)، ل٧٠.

[١٤٨] دەکرێ ئەو بەیتە شیعرە بەم جۆرە وەری بگێڕین: ((بێئۆقرەییمان لە داخی ڕۆژگار خرۆشاوە، با شەرابەکەمان لە خوێنی پادشای ستەمکار بێ)).

[١٤٩] لاك لەمان Lak Le`man، دەریاچەیەکە لەنێوان فەرەنساو سویسرایە.




کارتێکی ۱۹۰۱، دەوری دەریاچەی لاک لەمان نیشان دەدا، نێردراوە بۆ حیکمەت بابان کاتێك لە جنێڤ بووە. ڕۆژی ۱۹۰۱/۵/۲۷ لەپشتی وێنەکە نووسراوە

**((پر جوش شد ز قهر زمان اضطراب ما**
**باشد ز خون شاه ستمگر شراب ما))[150]**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە، عەبدوڕڕەحمان بەدرخان یارمەتیی دەرچوونی ڕۆژنامەی "عوسمانلی"ی داوە کە لە جنێڤ بڵاو کراوەتەوە[151]، بەڵام ئەو تەنها یارمەتیی ڕۆژنامەی عوسمانلیی نەداوە،**

---

[150] جەودەت، د. عەبدوڵڵا، قەهرییان، چاپی دووەم، چاپخانەی ئیجتیهاد، میسر، ئەوەی باسکردووە: پیرباڵ، فەرهاد، ڕۆژنامەی کوردستان دەورەی یەکەم (۱۸۹۸–۱۹۰۲)، کوردستان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، ۲۰۰۰، ل۱٦.

[151] جەلیل، د. جەلیلی، ژیانا ڕەوشەنبیری ئو سیاسییا کوردان، ل٤١، ٥٧.

ساڵی ١٩٠٤ کاتێ بەرپرسانی سویسرا عەبدوڵڵا جەودەت سنووورداش دەکەن کە لە جنێڤ گۆڤاری "ئیجتیهاد"ی دەر کردووە، ناوبراو بەڕێوەبردنی گۆڤارەکەی بۆ حسێن تۆسۆن بەگ بەجێ هێشتووە. دوای ئەوەش (ئیجتیهاد) بۆ ماوەیەك ((لە سایەی بەڕێوەبەرایەتیی حسێن تۆسۆن بەگدا و بە یارمەتیی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان چالاکیی بڵاوبوونەوەی خۆی درێژە پێ داوە))[152]. هەندێك سەرچاوەش هەن پێیان وایە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بابەتی لە گۆڤاری ئیجتیهاد نووسیوە[153].

جێی خۆیەتی لێرەدا باس لەوە بکەم کە شەریف ماردین پێی وایە عەبدوڵڵا جەودەت لە جنێڤ هاوکاریی خزمەکانی بەدرخان پاشای نەکردووە کە لە جنێڤ وەك ئۆپۆزسیۆنێکی کوردی جووڵاونەتەوە[154]، بەڵام ئەو –شەریف ماردین– بەهەڵەدا چووە، چونکە ئەو ڕوونکردنەوانەی کە لەسەرەوە باس کران، دەریدەخەن عەبدوڵڵا جەودەت هاوکاریی ئەو بەدرخانیانەی کردووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[152] هانی ئۆغڵوو، م. شوکری، عەبدوڵڵا جەودەت وەك بیرمەندێکی سیاسی و قۆناغەکەی، ل٥٤.

[153] ئەنسیکلۆپیدیای تورك، خانەی چاپی پەروەردەی نەتەوەیی، ئەنقەرە، ١٩٧٢، بەرگی ٢٠، ل١٨.

[154] ماردین، شەریف، بۆچوونە سیاسیەکانی ژۆن تورکەکان (١٨٩٢–١٩٠٨)، بڵاوکراوەکانی ئیلەتیشم، ئەستەموول، ١٩٨٣، ل١٦٤.




**کارتێك وێنەی د. ئیسحاق سکووتیی دیاربەکریی دامەزرێنێکی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقیی عوسمانیی پێوەیە (نەزمی ساڵحی ئەندامی ناوەندیی جەمعییەت لە جنێڤو پیتچنی ڕۆژنامەی "عوسمانلی" ناردوویە بۆ حیکمەت بابان کە ئەوسا لە جنێڤ بووە. ڕۆژی ١٩٠٢/٥/٦ لە پشتی کارتەکە دراوە)**

"ئیسحاق سکووتی"ش کە ناوی لە بڵاوکراوە کوردیەکاندا بە ئیسحاق سکووتیی کوردی هاتووە[155]، وتارێکی بەناوی کوردو ئەلبانیەکانەوە لە ڕۆژنامەی "عوسمانلی"دا بڵاو کردووەتەوە، سەرەتا بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان"ی نووسیبوو[156]. عەبدوڕڕەحمان بەدرخان، داوای لە ئیسحاق سکووتی کردووە، وتار بۆ ڕۆژنامەی کوردستان بنووسێ و جارجارەش نامەی بۆ ناردووە[157]. ئیسحاق سکووتی، لە نووسینێکدا پەسنی ئەحمەدی خانێ و (مەم و زین)ی داوەو داوای لە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان کردووە ئەو بەرهەمە بڵاو بکاتەوە:

((شێخ ئەحمەدی خانێ، لە ئەدیبەکانی کورد بووەو بە شیعرە حەکیمەکانی خۆی ئەدەبیاتی کوردیی زیندوو کردوەتەوە. ناوازەترین بەرهەمیشی مەم و زین، یانی مەحموود و زەینەبە کە بە شێوەی مەنزووم نووسراوە. ئەم بەرهەمە لەلایەن کەسێکەوە کە ناوەکەی نایەتەوە بیرمان، وەرگێڕدراوە بۆ ئەڵمانی و لە بەرلین چاپ کراوە. تەنانەت وەرگێڕانە عەرەبییەکەیشی هەیە. برامان عەبدوڕڕەحمان بەگی

www.zheen.org

---

[155] جەمیل، ئەحمەد، سەردانە پزیشکیەکان بۆ شوێنی تەماشاکردن و سڵاو لە ئیسحاق سکوتیی کوردی، ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد، ئۆرگانی ڕاگەیاندنی جەمعییەتە، ئەستەموول، ژمارەی ٥، (٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٣٢٤ [١٩١٩]، ل٣٤.

[156] هانیئۆغلوو، م. شوکری، بە پشتبەستن بە ڕوونووسی Arkivi Qendror، ١٩/١٠١/٦٩١/١١-١٣ نووسیویە، ژۆن تورکەکان و جەمعییەتی ئیتحادو تەرەقیی عوسمانی وەك ڕێکخراوێکی سیاسی، ل٦٢٨.

[157] هانیئۆغلوو، م. شوکری، ژۆن تورکایەتی و جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقیی عوسمانی وەك ڕێکخراوێکی سیاسی، ل٦٢٨، ٣٦١.

بەدرخان پاشازادەکان دەقە کوردیەکەی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بە زنجیرە دابەزاندووە، دڵخوازو هۆگرانی مەعریفەت (زانست)، هیوادارن میری ناوبراو ئەو کتێبە بەنرخە چاپ بکا))[158].

کاتێك دکتۆر ئیسحاق سکووتی کۆچی دوایی کردووە، ڕۆژنامەی کوردستان بە ناونیشانی: (زیانی گەورە)ەوە هەواڵی مەرگی ناوبراوی بڵاو کردوەتەوەو ئەو تۆمەتانەی بیر هێناوەتەوە کە دراونە پاڵی و وەهای نووسیوە: ((.. ئەو کەسانەی کە تۆمەتباری دەکەن بە مووچەیەکی ١٥٠٠ فرەنگییەوە لە باڵیۆزخانەی ئیتاڵیا کاری پزیشکیی کردووە، بۆ خۆشیان باش دەزانن ئەو کارەی کە ڕەحمەتی قبووڵی کردووە، تەنیا لەبەر ئەوە بووە بتوانێ بەگوێرەی شەرەف و ئابڕووی نەتەوەییی خۆی کە دەمێکە لەو پێناوەدا کار دەکا، بجووڵێتەوە. ژیانی پڕ لە نەداریی ناوبراو لەگەڵ ئەو قەرزانە کە پاش مردنی بەجێ ماون، گەورەترین بەڵگەی ئەمەن. بەکورتی، لەڕاستیدا مەرگی ڕەحمەتی ئیسحاق سکووتی زیانێکی گەورەیە بۆ نەتەوەکەمان و لەو کەسانەیە کە شوێنیان بە ئاسانی پڕ نابنەوە. ئەو بۆ نەتەوەکەی مردو نەتەوەکەشی کاتێ خەم و پەژارەی ئەو بەبیر دەهێنێتەوە، فرمێسکی ژان و ئازار دەڕێژێ))[159].

---

[158] سکووتی، ئیسحاق، کوردو ئەلبانیەکان، عوسمانلی، جنێڤ، ژمارە ٥١، [١ی کانوونی دووەمی ١٩٠٠] .

[159] زیانی گەورە، کوردستان، جنێڤ، ژمارە ٣٠، (٤ی زیلحەجەی ١٣١٩/١ی مارتی ١٣١٨ [١٩٠٢/٥/٦]، ل٤.

میقداد میدحەت بەدرخان کە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی دەر کردووە، لە ژمارەکانی چوارەم و پێنجەمدا ڕایگەیاندووە ئەم ڕۆژنامەیە لە چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستان لە میسر چاپ دەکرێ، بەڵام -جگە لەو قسانە- هیچ زانیارییەکی دیکە لەوبارەیەوە لە بەردەستدا نییە.

ئەوەش دەر دەکەوێ کە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لەکاتی دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا -لانی کەم- بۆ ماوەیەك یارمەتیی لە جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی وەر گرتووە. بۆ نموونە، لە نووسراوێکی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقیدا وەها دەگوترێ: (("عوسمانلی" بە هەزار یارمەتی و خەرجییەکی زۆر و زەحمەت بڵاو دەکرایەوە، بەبەڕووحی دەر نەدەچوو، ئەویش بڵاو کرایەوە. "کوردستان"یش بڵاو کرایەوە. لەبەر ئەوە ئەفەندی و کویلەش وەك ئەوەیان لێ هات کە هەورەبرووسکە لێی دابن))[١٦٠].

ئەم ڕستەیە لە ژمارەی (٦-١٩)ی ڕۆژنامەی کوردستاندا هەیە: ((ل مەتبەعا جەمعییەتا تیفاق ئو قەنجییا موسلمانا تەبع بوویە))، ئەوەش هەر ئەو چاپخانەیەی جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی بووە لە جنێڤ کە د. عەبدوڵڵا جەودەت و د. ئیسحاق سکووتی بەڕێوەیان بردووە. وەکوو دەبینرێ، عەبدوڕڕەحمان بەدرخان، ئیتیحادو تەرەقیی بە شێوەی (تیفاق ئو قەنجییا موسلمانا) کردووە بە کوردی. دواتریش کاتێ ڕۆژنامەی کوردستان لە بەریتانیا و سویسرا بڵاو دەکرێتەوە، هەر لە

---

[١٦٠] ئەوی باسی کردووە: هانی ئۆغلوو، م. شوکری، ژۆن تورکایەتی و جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقیی عوسمانی وەکوو ڕێکخراوێکی سیاسی، ل٥٣٥.

چاپخانەی ئیتیحادو تەرەقی چاپ کراوە[١٦١]. شوکری هانی ئۆغڵوو باسی لەوە کردووە[١٦٢] کە جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەقی (کۆنترۆڵی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی گرتبوە دەست، کە لەلایەن عەبدوڕڕەحمان بەدرخانەوە –کە بووبوە ئەندامی جەمعییەت– دەر دەکرا. هەڵبەت ئەندامانی دامەزرێنی وەك: عەبدوڵلا جەودەت، ئیسحاق سکووتی بابەتیان بۆ ئەو ڕۆژنامەیە دەنووسی، بەڵام هەندێك لە ئەندامانی ئیتیحاد و تەرەقی بڵاوکردنەوەی "کوردستان"یان لەلایەن عەبدوڕڕەحمان [بەدرخان]ەوە بە بەڵایەکی دیکە دەزانی[١٦٣].

### ٢. ٢- ڕۆژنامەی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتیی عەبدولحەمیدی دووەم:

دوای بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی "کوردستان" لە قاهیرە، بەڕێوەبەرایەتیی عەبدولحەمیدی دووەم، دەسبەجێ و بەر لە دەرچوونی ژمارەی دووەم، هێنانی ڕۆژنامەکەی بۆ ناو پارێزگاکانی ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی قەدەغە کردووە؛ ((بەپێی فەرمانی بەڕێوەبەرایەتیی جەنابی سوڵتان، هێنانی ڕۆژنامەیەکی کوردی کە بە ئیمزای میقداد میدحەت بەدرخان پاشازادە لە میسر دەر دەچێ، بۆ

www.zheen.org

---

[١٦١] عوسمانلی، ژمارە ٦٥، ١ی ئابی ١٩٠٠.

[١٦٢] هانیئۆغڵوو، م. شوکری، ژۆن تورکایەتی و جەمعییەتی ئیتیحاد وتەرەقی عوسمانلی وەك ڕێکخراوێکی سیاسی، ل٢٨٢.

[١٦٣] لە خەلیل مووەفەق بەگەوە بۆ ئیسحاق سکووتی، نامەیەکی بێڕۆژ Arkivi Qendrar ١٠٦/١٩-٣/١٢٨/٨٨٧. ئەوی باسی کردووە: هانیئۆغڵوو، م. شوکری، ژۆن تورکەکانی و جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی وەك ڕێکخراوێکی سیاسی، ل٦٣٢.

هەموو پاریزگاکانی پادشایەتی، بەتایبەتی پارێزگاکانی ئەنادۆڵ، قەدەغەیە، لەوبارەیەوە فەرمان فەرمانی وەلیی ئەمرە.

١٨ی زیلحیجەی ١٨/١٣١٥ی نیسانی ٣١٤ (١٨٩٨/٤/٣)[١٦٤]


نووسین و نووسینکاری بۆ قەدەغەکردنی ئەو ڕۆژنامەیە لە ساڵانی دواتریشدا بەردەوام بووە. بۆ نموونە، لە تەلگرافێکی ویلایەتی بتلیسدا بۆ وەزارەتی ناوخۆ وەها نووسراوە: ((... لێرە قەدەغەکردنی هێنان و بڵاوکردنەوەی کاغەزی نەفرەتیی کوردی کە لە میسر لەلایەن عەبدوڕڕەحمان بەدرخانەوە دەر دەچێ، بە وردی جێبەجێ دەکرێ. بەڵام ئەو کاغەزە بەسەر ئەو حاجیانەی خەڵکی ئێرەدا دابەش دەکرێ کە لە ڕێی سویس و ئەسکەندەرییەوە لە حیجاز دەگەڕێنەوە. بۆیە داوا ئەوەیە فەرمان بدرێ کاتێ حاجیەکان هاتنە دەرسەعادەت [ئیستانبووڵ] و ئەسکەندەرییە، یاخود ئەو بەندەرانەی کە پێوەندییان بە کوردستانەوە هەیە، لەبەر ئەو کاغەزە بپشکێنرین، فەرمان.

٤ی نیسانی ١٣١٧ [١٩٠١/٤/١٧][١٦٥]

دوای ئەو تەلگرافەش ڕێوشوێنەکان زیاد کراون. بەگوێرەی ئەو نووسراوەی کە لەخوارەوە هاتووە، بەو پێیە کە گومان هەبوو لەوانەیە ڕۆژنامەی کوردستان دابەش بکرێ بەسەر ئەو حاجییە کوردستانیانەدا کە کاتی گەڕانەوە لە حەج لە سوێس و ئەسکەندەرییەوە تێپەڕ دەبن، داوا کراوە لە ئەستەمووڵ و ئەسکەندەرییە و ئەو بەندەرانەدا کە

164 BOA. I.MTZ. (05), 30L1685, Tarih: 08/Z/1318 (Hicri)
165 BOA. DIt. MKT, 2473L105, Tarih: 97/Z/1318 (Hicri)

بنکەی ژین
www.zheen.org


باش کتابت دائرەسی

١٤٨٨٤

I.MTZ.OS 30/1685

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ئەو نووسراوە ڕەسمییە کە بەڕێوەبەرایەتیی عەبدولحەمیدی دووەم هێنانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی بۆ پارێزگاکانی ئیمپڕاتۆریاکەی پێ قەدەغە کرد**

پێوەندییان بە (ڕێگای) گەڕانەوەوە هەیە بۆ کوردستان، کەلوپەلی حاجیەکان بە وردی بپشکێنرێن؛

((بۆ/ بەڕێز بەڕێوەبەرایەتیی گوومرگ

ڕۆژی ٢١ی مارتی ٣١٧(١٩٠١/٤/٣)و...[١٦٦] لە فەرمانێکی بەڕێوەبەرایەتیی پایەبەرزی حەزرەتی سوڵتان و...[١٦٧] ئاگادار کرابوونەوە، سەبارەت بە ڕێگرتن لە هێنانی کاغەزێکی گڵاوی مەلعوونانە –مەبەستی ڕۆژنامەی "کوردستان"ە– بۆ ناو خاکی ویلایەتەکانی پادشایی، کە لەلایەن یەکێك لە هەڵاتووەکانەوە بەناوی عەبدوڕڕەحمان بەدرخانەوە لە میسر بە زمانی کوردی و تورکی بۆ کوردان بڵاو دەکرێتەوە. لە وەڵامی ئەو ئاگادارکردنەوەیەدا پارێزگای بتلیس لە تەلگرافنامەیەکدا ڕایگەیاندووە، بینراوە کە ئەو کاغەزە دابەش دەکرێ بەسەر ئەو حاجیە کوردستانیانەدا کە لە ڕێی سوێس و ئەسکەندەرییەوە دەگەڕێنەوە. لەبەر ئەوەی ئاگادارکردنەوەی پێویست دراوە سەبارەت بە پشکنینی ئەو کاغەزانەی نێو کەلوپەلی ئەو حاجیانە کە دێنە ئەستەموڵ، ئەسکەندەرییەو ئەو شوێنانەی وا پێوەندییان بە کوردستانەوە هەیە. لەوبارەیەوە داوا دەکرێ فەرمان بدەن لەکاتی پشکنینی کەلوپەلی حاجیەکاندا لەلایەن گوومرکەوە، گرنگیی زیاد بدرێ بەو بابەتەو پێشوەخت ئاگاداریو ڕێنماییی پێویست بدرێ)).[١٦٨]

---

[١٦٦] لێرە سێ وشە نەخوێندراوەتەوە.

[١٦٧] لێرە سێ وشە نەخوێندراوەتەوە.

[168] BOA. DH. MKT, 2476/88, Tarih: 05/M/1319 (Hicri)

((مانگەکانی دواتریش فەرمانی تایبەت بە قەدەغەکردنی ئەو بڵاوکراوانە، کە لە دەرەوە دەر دەچوون، دراوە، بەڵام سەرنجڕاکێشە ئەگەرچی فەرمانی قەدەغەکردن و کۆکردنەوەی هەندێك ژمارەی تایبەتی ئەو بڵاوکراوانە دەر چووە، سەبارەت بە ڕۆژنامەی کوردستان، بەبێ دیاریکردنی ژمارە فەرمانی قەدەغەکردن بۆ هەموو ڕۆژنامەکە دراوە))[١٦٩].

لەو ڕوونکردنەوەیەکدا لە ژمارەی دووەمی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا کە بەزمانی کوردی نووسراوە، باسی ئەوە کراوە کە ٢٠٠٠ نوسخەی هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەکە دەنێردرێتە کوردستان و بەخۆڕایی بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرێ، بەڵام لە ڕوونکردنەوەیەکی تورکیدا (هەر لەو ژمارەیەدا) وەها نووسراوە:

((هەر کاتێك چاپ دەکرێ ٢٠٠٠ نوسخە دەنێردرێ بۆ والییە گەورەکانی کوردستان و لەڕێی ئەوانیشەوە بەسەر گوندو قەزاکاندا دابەش دەکرێ و بڵاو دەکرێتەوە. بڕی ئابوونەی ساڵانە بۆ هەر شوێنێکی دەرەوەی کوردستان (٨٠) قورووشە. بەخۆڕاییش دەنێردرێ بۆ ئەو کەسانەی کە لە کوردستانەوە بەتایبەتی داوای دەکەن)).

خاڵی سەیر و سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە دوای قەدەغەکردنی هەتا ژمارە (٣٠)، ئەو ڕستانەی هەر لە گۆشەی سەرەوەی ڕۆژنامەکەدا نووسراون. دواجار لە ژمارەکانی (٣٠و ٣١)دا بەشێك لەو ڕستانە لابراون و تەنیا ئەمانە ماونەتەوە:

---

169 BOA, DH. MKT< 2545/78, Tarih: 04/B/1319 (Hicri)

((بڕی ئابوونەی ساڵانە بۆ هەر شوێنێکی دەرەوەی کوردستان (٨٠) قوروشە. بەخۆڕاییش دەنێردرێ بۆ ئەو کەسانەی کە لە کوردستانەوە بەتایبەتی داوای دەکەن)).

سەرەتا ٢٠٠ نوسخەی ڕۆژنامەکە بۆ خۆڕایی ڕەوانەی کوردستان کراوە. هەرچەند لە ڕۆژنامەکەدا وەهاش نووسرابێ، بەڵام زەحمەتە بڕوا بکرێ بەگوێرەی هەلومەرجەکانی ئەو کاتە ئەو ژمارەیە لە ڕۆژنامەکە گەیشتبێتە کوردستان. جگە لەوە، بڵاوکردنەوەیشی لەلایەن والیەکانەوە کارێکی مەحاڵ بووە. میقداد میدحەت بەدرخان خۆی لە وەڵامی خوێنەرێکدا کە ناوەکەی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو کراوەتەوە، وەهای نووسیوە: ((... هەر جارێك (هەر ژمارەیەك) پەنجا نوسخەی بۆ دەنێرم، بەڵام لەبەر ئەوەی حکوومەت هێشتا مۆڵەتی نەداوە بە ڕۆژنامەکە، ناتوانم لەڕێی پۆستەوە بوت بنێرم. بە شێوەیەکی دیکە بۆت ڕوانە دەکەم و دەیگەیێنمە دەستت.))

وەك لە خوارەوە دەیبینین، هەر کاتێك شوێن و شاری بڵاوکردنەوەی ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەکە گۆڕاوە، بڕی ئەو نوسخە بە خۆڕایی نێردراوانەش بۆ کوردستان گۆڕاون، بۆیە پێدەچێ ئەوە (نووسینی سەر ڕۆژنامەکە) لە هەڵەیەکی تەکنیکی چاپ یا دیزاینەوە سەرچاوەی گرتبێ.

www.zheen.org

| شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامە | بڕی دانەی نێردراو بە خۆڕایی |
|---|---|
| قاهیرەو جنێڤ (ژمارەکانی ١-١٨) | ٢٠٠٠ |
| قاهیرە | ٢٠٠ |
| لەندەن | ٢٠٠٠ |
| فولکستۆن | ٢٠٠ |
| جنێڤ | ... |

لەلایەکەوە وەزارەتی ناوخۆ، فەرمان و ڕێنمایی ناردووە بۆ لایەنە پێوەندیدارەکان، لەبارەی قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە لەناو سنوورەکانی عوسمانیدا، لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسانی عوسمانی هەواڵیان بۆ میقداد میدحەت بەدرخان ناردووە کە ئەگەر کۆتایی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە نەهێنێ و نەگەڕێتەوە بۆ ئەستەموول، سەبارەت بەو کاتانە کە فەرمانبەر بووە، بوختانێکی بۆ دەکەن و بە بڕیاری ئەو دادگایەی کە ئاگای لەوە دەبێ، داوا لە حکوومەتی میسر دەکەن بەزۆر ناوبراو ڕادەستی ئەوان بکاتەوەو بەو جۆرەش هەڕەشەی لێ دەکەن[170]. لەبەر ئەو هۆیانەش میقداد میدحەت بەدرخان لە هەریەکە لە ژمارەکانی (٤، ٥)ی ڕۆژنامەکەدا، نامەیەکی بۆ سوڵتان عەبدولحەمید ناردووەو داوای لابردنی ئەو قەدەغەیەی لێ کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوشارەکانی سەر ڕۆژنامەکە ڕانەگیراون.

ئەو کاتانەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان ڕۆژنامەکەی بڵاو کردوەتەوە، گوشارەکان زیاتر بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوبراو بۆ ماوەیەکی

---

[170] کوردستان، ڕۆژنامەیا کوردییا پێشین (١٨٩٨-١٩٠٢)، بەرگی ١، ل١٦٨-١٦٩.

درێژ ڕۆژنامەکەی بڵاو کردوەتەوە. بۆ نموونە، دوای ئەوەی کاتێ براکانی: (ئەمین، عالی، موراد، حەسەن و کامیل بەگ)[171]، ویستوویانە لە ئەستەموولەوە بچن بۆ کوردستان، دەستگیر و ئەشکەنجە دراون، ناوبراو لە ژمارەی حەوتەمی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا وەهای نووسیوە: ((ئەگەر ئەشکەنجەدانی براکانم بەو جۆرە، گەڕاندنەوەی من بۆ ئەستەموولْ و پەشێمانکردنەوەم بێ لە بڕیارەکەم، سوێند بەخوا کە ئەو جۆرە ڕێوشوێنانە جگە لە بەهێزکردنی بڕیارو خۆڕاگریەکەم، خزمەتی هیچ شتێکی تر ناکا. چەندە گورز و زەبر لە شێر بدرێ، بەو ئەندازەیەش پەنجەکانی بەهێزتر دەبن.

عەبدوڕڕەحمان بەدرخان، لە دەیەمین ژمارەی ڕۆژنامەکەیدا باسی کردووە بە هەندێك گفت و بەڵێنەوە بانگیان کردووە بۆ ئەستەموولْ، بەلاّم ئەو بەڵێنانە بۆ ئەو گرنگ نین و گەڕانەوەیشی بۆ ئەستەموولْ پێوەستە بە هەندێك مەرجەوە. ژمارەیەك لەو مەرجانەشی زیاتر پێوەندییان بە بەڕێوەبردن و بەرپرسانەوە هەبوەو داوای ئەوەشی کردووە مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی لە ئەستەموولْ پێ بدەن. ((پێنجەم ئەوەیە بۆ سوودمەندکردن و گەیاندنی ڕێنوێنەکانی زانست بە قەومەکەم کە قەومی پاك و نەجیبی کوردەو هەروەها لەبەر ئەوەی سەڵتم و کەسێکی قەناعەتکاریشم و نامەوێ ببمە بار بەسەر بەیتولمالەوە، داوامە حکوومەتی پایەبەرز ئیمتیازی

---

[171] عوسمانلی، ژمارە ٢، ١٥ی ئەیلوولی ١٨٩٨. بڕوانە: لوتفی [ئەحمەد ڕامز] میر بەدرخان، بڵاوکراوەکانی BGST، ئەستەموولْ، ٢٠٠٧، ل١١٨.

ڕۆژنامەی کوردستان کە ماوەیەکە چاپ و بڵاوم کردوەتەوە، بداتە من و ڕێم بدا لە ئەستەموول بڵاوی بکەمەوە، بۆ ئەوەی بتوانم داهاتی ژیانی خۆمی پێ دابین بکەم)).

گوشاری زۆر خرایە سەر خوێنەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"یش؛ یەکێك لە پیاوماقووڵانی دیاربەکر لە نامەیەکدا کە لەوێوە ناردوویە، لە ژمارە (١٣)ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو کراوەتەوە، سکاڵای لەو جۆرە گوشارانە هەبوە: ئەوە دووسێ مانگە ڕۆژنامەی کوردستان دێت بۆ نیشتمانەکەمان. بەڵام کاربەدەستانی حکوومەت ناهێڵن بە ئازادی بیخوێنینەوە، لێمان وەر دەگرن و بەدەست کێوە بیگرن، ڕەوانەی زیندانی دەکەن و ئەشکەنجەی دەدەن)).

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کرایەوەو درێژەی بە بەربەرەکانیی دەسەڵاتی عوسمانی دا، دواجار ساڵی ١٩٠٠ بە فەرمانی پادشا دادگایەکی تایبەت پێك هێنرا و بەشێوەی پاشملە عەبدوڕڕەحمان بەدرخانی تێدا بە تاوانبار لەقەڵەم درا، ئەمەش لە ڕۆژنامەکانی ئەستەمووڵدا بڵاو کراوەتەوە[١٧٢].

بەگوێرەی کاردانەوەی ناوبراو بەرامبەر بەو بڕیارە، دادگا تایبەتەکە بڕیاری دابوو دەست بەسەر سامانەکەیدا بگیرێ. عەبدوڕڕەحمان بەدرخانیش ئەم پرسیارەی لە پادشا کردووە: ((ئێستا دەتوانن بیر لەوە بکەنەوە یەکێك لەو ئازایخوازانەی وا لەبەر ستەم و زۆرداریی ئێوە

---

[١٧٢] کوردستان، ڕۆژناما کوردییا پێشین (١٨٩٨-١٩٠٢)، بەرگی ٢، ل٤٦٥.

پەنای بردوەتەوە بەر بیانیەکان، لە ترسی ئەوەی کە دەست بەسەر ماڵ و سامانەکەیدا نەگیرێ، خۆی بخاتە چنگی ئێوە؟))[١٧٣].

بەڕێوەبەرایەتیی عەبدولحەمیدی دووەم، بیری لەوە دەکردەوە بە بیانووی بەجێهێشتنی فەرمانبەریی حکوومەت، ناوبراو لە هاووڵاتیبوونی عوسمانی دەربکا[١٧٤].

بەگوێرەی ژمارەیەکی ڕۆژنامەی "نوردار" کە ساڵی ١٩٠٠ بڵاو کراوەتەوە، ڕۆژنامەی کوردستان هەوڵێ داوە ((لەو شوێنانەی کە ئەلبانی، ڕۆمانیایی، ئاشووری، عەرەب، ئەرمەن و کوردەکان دەژین، ڕژێمێکی فیدراڵی پێك بێ و ڕژێمی سوڵتان بڕووخێ))[١٧٥]. سەرەڕای ئەوەی کە بۆچوونەکانی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لەوبارەیەوە ڕوون نین، بەڵام وەك جەلیلی جەلیل باسی کردووە، هەرچی بووە لێبراڵبوونەکەی ناوبراو جێی خۆی داوەتە توندڕەوی))[١٧٦].

هەرچەندە ئەو قۆناغە -لەبنەڕەتدا- بەرگریی لە یەکێتی عوسمانی و بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لەناو سنوورەکانی عوسمانیدا

www.zheen.org

---

[١٧٣] هەمان سەرچاوە، ل٤٦٦.

[١٧٤] بەگوێرەی شوکری هانیئۆغڵوو، بەڵگەنامە ڕەسمیەکان لەوبارەیەوە، لە ژووری بەڵگەنامەکانی (بابی عالی)دایە، بەشی ڕۆیشتووی ناوخۆی ئەرشیڤی سەرۆکایەتیی وەزیران (٩٩-٣/١٦٤٠/١١٤٧٣١). بڕوانە: هانیئۆغڵوو، م. شوکری، عەبدوڵڵا جەودەت وەك بیرمەندێکی سیاسی و قوناغەکەی، ل٢١١.

[١٧٥] نوردار، ژمارە ٢٢٦؛ لە جەلیلی جەلیل، ژیانا ڕەوشەنبیری ئو سیاسییا کوردان، ل٤٠، وەرگیراوە.

[١٧٦] جەلیل، د. جەلیلی، ژیانا ڕەوشەنبیری ئۆ سیاسییا کوردان، ل٤٥.

کردووه، توانیویه ئەم شتانەش بە کوردەکان بڵێ: ((پێنج سەد ساڵ بەر لە ئێستا هیچ تورکێك لەم وڵاتەی ئێمەدا نەبوو. هەموو ئەم تورکانە لە تورانەوە هاتوونەتە ئێرەو لە وڵاتی خۆمان فەرمانڕەواییمان دەکەن. هەموو پادشا خوێنڕێژو ملهوڕەکانیان ناونیشانی خەلیفە لە خۆیان دەنێن و بەو جۆرەش هەموو ستەمێك دەکەن (...)

ماوەیەك بەر لە ئێستا خاوەنی دەنگ و حکوومەت بووین. بەڵام مەخابن ئەو خۆشییەمان لەکیس چوو. ئێستا کەوتووینەتە دەستی خوێڕی و خۆهەڵکێشەکان. ئەمەش ناهێڵێ یەك بگرین (...) فەرمانڕەواو بەگی وامان تێدایە چاکەو میهرەبانیی لە هەناودایە. با سەرۆکەکەمان کورد بێ، بۆچی ژێردەستەی تورکان بین (....)

ئەرمەنەکانیش لەو بارەیەوە هاوپەیمانییان لەگەڵدا دەکەن. هەموو تا پێکەوە ئایندەیەکی باش بنیات بنێن و خۆتان لە زوڵم وستەمی تورکەکان ڕزگار بکەن. هەندێك جار هەندێك کەس دەنێرمە لای ئێوە، پێویستە فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەن. ئەگەر خودا بیەوێ، ڕۆژێك خۆشم لە سنوورەکانی کوردستانەوە دێم کە ئێرانە. بە یارمەتیی خودا ئەو کاتەش کوردەکان لە کۆیلایەتیی عوسمانیەکان ڕزگار دەکەم و بە پێچەوانەی ئەوەوە کە عەبدولحەمید ڕایگەیاندووە، ئەوە پیشانی دنیا دەدەم کە کوردان لەو مرۆڤانە نین کەوا خەڵکی لاواز و بێهێز-کوژ بن. ڕاستە کوردان ئەرمەنەکانیان کوشتووە، بەڵام دەیسەلمێنم ئەوان بە هاندانی عەبدولحەمید ئەو کارەیان کردووە))[١٧٧].

---

[١٧٧] کوردستان ڕۆژناما کوردییا پێشین (١٨٩٨-١٩٠٢)، بەرگی٢، ل٤٧٢-٤٧٣.

سەرنجڕاکێشە کە ئەو هەر لە ساڵی ١٩٠١ەوە بە شێوەیەکی ڕوون کە تا ئەو کاتە هاوشێوەی نەبوە، ڕایگەیاندووە کێشەکە هاتنی تورکانە لە تورانەوە بۆ وڵاتی کوردان و فەرمانڕەواییکردنیانە لەوێ. پێشنیاریشی کردووە کوردو ئەرمەن پێکەوە خۆیان لە زوڵم و ستەمی تورکان ڕزگار بکەن. بەگوێرەی ئەو، ((عوسمانی (دەوڵەتی عوسمانی) قوتابخانە لەو شوێنانەدا کە تورکەکان لێی دەژین، دەکاتەوە. حکوومەت پارە لە کوردان وەر دەگرێ بۆ تورکانی خەرج دەکا. کوردە بێچارەکانیش دیلی ئەو حکوومەتەن))[178].

لە بانگەوازێکیشدا بۆ کوردەکان، ئەلبانیەکانی وەك نموونە پیشان داوە: ((... کوردینە! پێویستە ئێوەیش وەها بکەن. ئەگەر [بەرپرسانی دەوڵەت] گوێتان لێ نەگرن، ئێوەش شمشێرەکانتان هەڵکێشن، گوێ لە شمشێرەکانتان دەگرن!))[179].

### ٢. ٣- کۆپیەکانی ڕۆژنامەی کوردستان:

تا ئێستا چەند جارێك ژمارە بەردەستەکانی ڕۆژنامەی کوردستان چاپ کراونەتەوە: بەغداد (١٩٧٢)، ئۆپسالا (١٩٩١)، باشووری کوردستان (١٩٩٨)، قاهیرە (٢٠٠٥)، تاران (٢٠٠٦).

لە چاپکراوەکانی بەغدا و ئۆپسالادا، ژمارەکانی (١٠، ١٢، ١٧، ١٨، ١٩) کەم بوون. لەناو ئەو ژمارانەدا کە نەبوون: ژمارەکانی (١٨، ١٩)م

---

[178] کوردستان ڕۆژناما کوردییا پێشین (١٨٩٨-١٩٠٢)، بەرگی ١، ل١٧٩.

[179] کوردستان ڕۆژناما کوردییا پێشین (١٨٩٨-١٩٠٢)، بەرگی ١، ل٢٠١.

بنکەی ژین
www.zheen.org

پەیدا کردو نووسینەکانیانم لە پیتی عەرەبییەوە هێنایە سەر پیتی لاتینی و ساڵی ١٩٩٢ بلاۆم کردنەوە[١٨٠]. دواتریش جەلیلی جەلیل لەناو ئەو ژمارانەدا کە بەردەست نەبوون، ژمارەکانی (١٠و ١٢)ی پەیدا کرد، بەلاّم ژمارەی (١٩) تا ئێستاش نەدۆزراوەتەوە. لە چاپەکانی قاهیرە (٢٠٠٥) و تاران (٢٠٠٦)دا تەنیا ژمارەی (١٩) کەمە. جگە لەوە، ئەم ڕۆژنامەیە ساڵی ٢٠٠٠ کراوە بە کوردی- سۆرانی و بەناوی (کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨-١٩٠٢)ەوە لە باشووری کوردستان بلاّو کراوەتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

[١٨٠] مالمیسانژ، عەبدوڕڕەحمان بەدرخانو یەکەم ڕۆژنامەی کوردی: کوردستان، ژمارە ١٧و ١٨، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.

# پاشکۆکان

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پاشکۆی (۱)

## نامەیەك کە بۆ لەیلای کچیی نووسیوە[۱۸۱]

**۱۱ی ئەیلوولی ۱۹۰۸**

لەیلای خۆشەویستم،

ئەمڕۆ تەمەنت دەبێتە سێ ساڵ و ئەگەر لە کۆڵان بتبینم ناتناسمەوە. ئەمە یەکەم نامەیە بۆتی دەنووسم، چونکە لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا کە لە ئێوە دابڕاوم، ئەمڕۆ بۆ یەکەم جار ڕێیان پێ دام بنووسم.

کچە بچکۆلانە خۆشەویستەکەم

کاتێ دایکان و باوکان نامە بۆ منداڵەکانیان دەنووسن، ماچ و خۆشەویستیان بۆ دەنێرن و لێوانلێوی دەکەن لە هەستە جوانەکانی هاوشێوەی ئەوانە. بەڵام منداڵە خۆشەویستەکەم! باوکت لەم یەکەم نامەیەدا کە بۆ تۆی ناردووە، هیچ یەکێك لەو قسانەی نەنووسیوە. بەڵێ، ڕۆڵەکەم، هیچ یەکێك لەو قسە شیرینانەی تێدا نابینی و هیچ یەکێك لەوانەت بۆ نانووسم.

لێرەدا باسی فەرمانێکی لەخۆتوخورایی و بڕیارێکی زاڵمانەت بۆ دەکەم کە منی لە تۆ و دایکت جیا کردەوە. باسی گرفتەکان و شێ و

---

[۱۸۱] بەگوێرەی عەبدوڕڕەحمان ئیتاه ئەرئۆغڵووی نەوەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان کە ئەم نامەیەی داوە بە من، نامەکە بە فەرەنسییەو لەلایەن لەیلای دایکیەوە کە نامەکەی بۆ نێردراوە کراوە بە تورکی.

تەڕیی زیندانێکی تاریکت بۆ دەکەم کە چەندین مانگە تێیدا دەژیم. نەهامەتییەکی سێ مانگیت بۆ دەگێڕمەوە کە بەبێ تیشکی خۆر لە تاریکیدا تێپەڕ بووە.

باسی ئەم مانگە مەترسیدارانەت بۆ دەکەم کە بەبێ ئاگاداربوون لە پیاوانی بنەماڵەکەم و خزم و کەس‌وکارە نزیکەکانم تێپەڕم کردوون و تەنانەت مۆڵەتی خوێندنەوەشم تێیاندا لێ زەوت کرابوو. باسی ئەو ڕۆژە تاریك و بێکۆتاییيانەت بۆ دەکەم. دەمەوێ ئەوە بزانی، ئەو کەسەی وا دنیا ئیدانەی دەکاو بە بکوژی گەورەو سوڵتانی خوێنڕێژ ناوی دەبا، بەداخەوە سوڵتانەکەی ئێمەیە.

بەڵێ، کچی خۆشەویستم،

ڕێك سێ مانگ بەر لە ئێستا، کاتێ ئێوارەیەك دەگەڕامەوە بۆ ماڵەکەم لە ئەرەنکۆیی، دایکت تۆی لە بالکۆنەنەکەدا دانیشاندبوو، زۆرم پێ خۆش بوو کاتێ تۆم بینی لەبەر زەردەی خۆرئاوا و هەتاوی مانگی مارتدا دانیشتبووی.

تاوێك دوای ئەوە کە شەو داهات، نیهادی مامت خزمەتکارەکەی بەدوامدا نارد، کاتێ چوومە ماڵەکەی، نیهادی مامت لەوێ نەبوو، هەستم بە کارەساتێك کرد، یەکسەر جەندرمە و ئەفسەرەکانی لای سوڵتانی سوور پێیان وتم، ئەو دەیەوێ قسەم لەگەڵدا بکا. پرسیارم لێ کردن داوای چیم لێ دەکا. پێیان وتم سوڵتانی خاوەن نیعمەتمان سڵاوی هەیە و دەیەوێ لە کۆشکەکەی خۆی چاوی پێت بکەوێ، گوایە پرسیارێکی لێ دەکەم. ڕۆیشتم، لە ڕاستیدا ناچار بووم لەگەڵ

هەواڵدەرەکەی و ئەفسەرەکانیدا بڕۆم. نزیکەی سەد سەربازی لەگەڵدا بوو. سەربازی دیکەش هەبوون گەمارۆی خانوەکەمانیان دابوو، چاودێرییان دەکرد هەتا بەندەری کادی کۆیی بە ئوتومبیل ڕۆیشتین و لەوێشەوە بە کەشتییەکی بچووك بەرەو بەندەری سیرکەجی بەڕێ کەوتین. لەوێ بە ئوتومبیلێکی سەربازی کە چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد، ڕەوانەی زیندانیان کردم. لە ماوەی ئەو ڕۆیشتنەدا هیچ قسەیەکم لەگەڵ جەلادە خۆشەویستەکانمدا نەکرد.

منیان خستە ناو ژوورێك، لانی کەم (١٢) جەندرمە لەبەر دەرگایەکدا پاسەوانییان دەکرد. لەو ماوەیەدا کە بەتەنیا مابوومەوە، گوێم لە دەنگی ترافیك دەبوو. [گوێم] لە دەنگی پێی سەربازەکانی دەوروبەری گرتووخانەکە بوو، بەڵام نەمدەبینین.

سەعات چواری بەیانی دەرگاکان بە دەنگەدەنگی چەند دەستێکی بەهێز کرانەوە. نزیکەی بیست جەندرمە و بەڕێوەبەری پۆلیسم لەبەردم خۆمدا بینی. گیرفانەکانی منیان پشکنی و هەرچییان تێدابوو بردیان؛ کاغەز، نامە، پارەو چەقۆ. دواتر منیان ڕادەستی چەند کەسێکی چەکدار کرد. گوێم لێ بوو بەڕێوەبەری پۆلیس بەم جۆرە ئاگاداری دەکردنەوە: ((هەتا کەشتیەکە بەتوندی بیگرن)). کاتێ گوێم لە وشەی کەشتی بوو، پەرێشان بووم. منیان لە ئەستەمووڵ و لە دایك و ژن و منداڵەکانم دوور دەخستەوە. کاتێ ئەو ڕاستییە تاڵەم زانی، خەم و پەژارە دایگرتم. لەو ناوەشدا کچە بچکۆلانەکەم کە هێشتا شەش مانگانەو جگە لە من کەسی تری نییە، پێویستی بە من هەبوو، چونکە

دایکە بیانیەکەی، لەبەر ئەوەی تازە هاتوەتە تورکیا، تەنانەت یەك وشەی تورکیشی نەدەزانی.

منیان لە زیندانەکە هێنایە دەرێ و سواری ئوتۆمبیلێکیان کردم، ئوتومبیلەکان لە حەوشەکەدا ڕاگیرابوون، لەو کاتەشدا چاوم بە براو برازاکانم کەوت. هەموو پیاوان و کوڕانی بەدرخانیان وەکوو من دەستگیر کردبوو. تەنانەت دوای ئەوەش کە منیان سواری ئۆتۆمبیلەکە کرد، بەڕێوەبەری پۆلیس هەر دەستی گرتبووم. مولازمێکی جەندرمەش کە لەلای چەپەوە دانیشتبوو، بە توندی قاچی گرتبووم. بەم جۆرەش لەناو ئەو ئوتومبیلانەدا کە لەناو حەوشەکەدا ڕیز کرابوون، تێپەڕ بووین. هەزاران سەربازی ڕمبەدەست لەگەڵ بەدرخانیەکاندا بوون. کاتێ گەیشتینە سیرکەجی، بەلەمێك ئێمەی بردە لای کەشتییەکی گەورە. منیان خستە ژوورێکی کەشتیەکەوە و دوو جەندرمەشیان وەك پاسەوان لەبەر دەرگاکەی دانا. لەو کاتەشدا دەمویست بزانم سوڵتانە ڕەسەنەکەمان دەیەوێ ئێمە بۆ کوێ دوور بخاتەوە.

سەعات حەوتی بەیانی کاتێ تیشکی هەتاو سێبەرەکانی شەوی پەرتوبڵاو دەکردەوە، کەشتیەکەمان کەوتە ڕێ. کەمێك دوای ئەوەش سەرای بۆرنوو وەك خاڵێك لە ئاسۆدا دەرکەوت. کەشتی بەخێرایی دەڕۆیشت و سات‌بەسات منی لە خۆشەویستەکانم دوورتر دەخستەوە. دابڕانێکی وەها لە خۆشەویستەکانم، زۆر ناڕەحەتی کردبووم، ماوەی (٢٤) سەعات دوای بەڕێکەوتنی کەشتییەکە، باوبۆرانیش بوونە هاوڕێی ئێمە. کەشتیەکە ئەملاوئەولای زۆری دەکردو ئێمەش نەماندەتوانی بە

پێکەی ژین
www.zheen.org

پێوە ڕابوەستین. کە شەو داهات، باوبۆران و تۆفانەکە بەهێز بوون و ئێمەش ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە بووینەوە. کەشتیەکەمان مەحکەم و پتەو نەبوو. ئەوەش وەك هەموو گەمیەکانی عەبدولحەمید لە بەلەمێکی شەق‌وشڕ دەچوو. هەر سات ناساتێك ڕێی تێدەچوو نوقمی ژێرئاو ببین. لەو بەینەشدا پاسەوانەکان کەوتبوونە دەردی گیانی خۆیان و ئێمەیان بەحاڵی خۆمان هێشتبوەوە. هەموو کەسێك ترسابوو. هاتنە ژوورەکەی من و پرسیان پێکردم. منیش هەوڵی ئارامکردنەوەو دڵدانەوەیانم دەدا. بەختی ئەوەمان هەبوو لەو کاتانەدا پەنا ببەینە بەر یەکێك لەو بەندەرانەی کە لە تەنیشتیانەوە تێپەڕ دەبووین، بەڵام ئەم بڕیارە دەیتوانی سوڵتان تووڕە بکا، بۆیە بەناچاری لە ڕێیەکەی خۆمان بەردەوام بووین.

ئەو کەشتییەی کە ڕێك (١٤) ئەندامی بنەماڵەی بەدرخان و نزیکەی سەد سەربازو ئەفسەرو پاسەوانی تێدا بوون، بۆ ماوەی پێنج شەو بەبێ ئەوەی بزانرێ بەرەو کوێ دەچێ، وەکوو توێکڵی گوێز بەسەر شەپۆلە بەهێزەکانەوە ئەملاوئەولای دەکرد و لار دەبوەوە، بەردەوام ئاو دەهاتە ناو کەشتیەکەو چەندی پێنەچوو ئەملاوئەولاکردن و لاربوونەوەی کەشتیەکەش زیاتر دەبوو. گوێم لێ بوو یەکێك لە کەشتیوانەکان بانگی هاوڕێیەکیی کردو وتی: هەڕا کەن، وەرن، ئاو هاتوەتە ناوەوە، نوقم دەبین! یەکێکی دیکەش لەولاوە بۆڵەی دەکرد و دەیگوت: تەواو بوو، ئیدی کۆتاییمان هات، دەستاژۆی کەشتیەکەش نایگرێ.

دوا جار لە شەوی شەشەمدا هەر کەس خەم دایگرت و نائومید بوو. لەگەڵ هاتنی شەپۆلێکی بەهێزدا کە دووئەوەندەی کەشتیەکە گەورە

بوو، زیاتر لار بووینەوە. سەربازو پاسەوانەکان بە ئەڵڵا ئەڵڵا هاتوهاواریان بوو. هەندێك کەسیش بە دەنگی بەرز دەگریان. کەشتیوانێك هاتە ژوورەکەم و منیش بارودۆخەکەم لێ پرسی، لە وەڵامی پرسیارەکەمدا وتی: ((ئەگەر کەشتیەکە تۆزێك بەرگە بگرێ، لەسەر ئاو دەمێنینەوە)).

ئیدی لەو کاتانەشدا کاپتن تێگەیشتبوو گوێگرتن و ملکەچی بۆ فەرموودەی سوڵتان کارێکی شێتانەن. لەبەر ئەوە بڕیاری دا لە نزیکترین بەندەردا لەنگەر بگرێ. ڕۆژی دواتر لە دوورگەی (زانتە) نزیك بووینەوە. بیستوچوار سەعات دوای ئەوە دەریا ئارام بووەوەو ئێمەش درێژەمان بە ڕێیەکەی خۆمان دا. دوای شازدە ڕۆژ ڕۆیشتن لە دەریادا، گەیشتنیە لیبیا (تریپۆلی) لە باکووری ئەفریقا. یەکبەیەك ئێمەیان لە کەشتیەکە دابەزاندو یەك یەك ئێمەیان لە کەشتیەکە دابەزاند و خستینیانە ناو ئەم زیندانەی کە ئێستا لەوێوە ئەم نامەیە دەنووسم.

ڕۆڵەکەم، دوای سێ مانگی پڕ لە ڕۆژانی سەخت و نالەبار، دواجار ئێستا دەتوانم بۆت بنووسم. لەڕاستیدا ئەم زیندانە ژوورێکە شەش مەتر درێژەو دوو مەتر پان، لەژێر زەویدایە. دووکەڵکێشی ئاگردانەکە لە سەرەوە کە نزیکەی پەنجا سانتیمەتر دەبێ، هاوکات کلاورۆژنەمانەو لەوێوە تیشکی هەتاومان پێ دەگا. لە ئەرزەوە تا بنمیچی ژوورەکە نۆ مەتر دەبێ. دەرگایەکیشی تێدایە یەك مەترو بیست سانتیمەتر درێژەو هەشتا سانتیمەتریش پان. کاتێ لەم زیندانە دەر کەوی، دوای تاوێك ڕۆیشتن لە ڕێڕەوێکدا دەگەیتە دەرگای

زیندانێکی دیکە. براو برازاکانم لەو ژوورانەی دیکە زیندانی کراون. ڕێڕەوەکە دەرگایەکی تەختەی هەیە، پازدە سانتیمەتر ئەستوورەو لەو دەرگایەوە بە پلیکانە ڕێیەکە دەچێتەوە نهۆمی سەرەوەو لەبەر دەرگای سێیەمیشدا بەرهەیوانێك هەیە، ژمارەیەکی زۆر سەربازی لێیە.

ئاگردانەکە بە سێ شیشی ئاسن تەلبەند کراوە، سەربازێك ڕمێکی پێیەو پاسەوانیی دەکا. ئێمە لەم ژوورەدا چوار کەسین. بەیانیان سەعات هەشت جەندرمەیەك کە پلەکەی نەقیبەو چاودێریمان دەکا، دەرگاکان دەکاتەوەو نان و ئاوو خواردەمەنیەکانی ترمان پێ دەدا. دواتر دەرگاکان قفڵ دەکاو دەڕوا. ئێوارە سەعات حەوت هەمان کار دووبارە دەکاتەوە، دەرگاکان دەکاتەوەو خواردنمان پێ دەدا، بەڵام جگە لەوە مۆمیشمان پێ دەداو دوای قفڵکردنی سێ دەرگاکەش دەڕوا.

ڕۆڵە گیان،

باوکت سی مانگی تەمەنی خۆی بەم جۆرە تێ پەڕاند. سەرەتا تەنانەت ئەوەشمان لێ قەدەغە کرابوو هەواڵی خزم و کەسوکارەکانمان بزانین و داوای پارەیان لێ بکەین، لەبەر ئەوە سەعات و زنجیرو دوگمەی کراسەکانیشمان فرۆشت. لە بۆینباخەکانمانەوە بگرە تا دەرەجەو مەدالیا زیویەکان، هەموویمان لەدەست چوو. تەنانەت ناچار بووم قۆندەرەیەکی نوێی خۆیشم بفرۆشم. سەرەڕای ئەوەی کە دەستیشمان دەگرتەوە، بەڵام پارەکانمان زوو تەواو دەبوون. ڕۆژانە ژەمێك خواردنمان دەخوارد، ئەویش شۆربای سەوزە بوو، کە خۆمان لێمان

www.zheen.org

دەنا. بە کڕینی سەوزەو ڕۆن و خەڵووز (٤٠) سەنتم دەڕۆیشت. ڕێك هەشت پیاو بووین.

کچە خۆشەویستەکەم!

باوکت نەهامەتی و مەینەتی وای چێشتووە. هەموو ئەمانەش تەنیا لەبەر بوختانێك بوو کە بۆمان هەڵبەسترابوو، ڕاپۆرتیان لەسەر ئێمە دابوە سوڵتان، گوایە هەندێك کەس لە بەدرخانیەکان دەیانەوێ غافڵکوژی بکەن.

خۆی –لەڕاستیدا– لە بەڕێوەبەراتیەکەی سوڵتان هیچ ڕازی نەبووین و من [باوکت] ڕۆژنامەیەکم "کوردستان" دەر کردبوو بۆ شەرمەزارکردنی ڕژێمەکەی. ئەو ڕۆژنامەیەم لە جنێڤ و قاهیرە دەر کردبوو. بەڵام بەبێ موحاکەمەکردنێکی دادپەروەرانە ئێمەیان دوور خستەوە بۆ بیابانەکانی ئەفریقا.

ڕۆڵە خۆشەویستەکەم!

ئەوەتا جووڵانەوەی ژۆن تورکەکان کۆتاییی هێنا بە ملهوڕی و زۆرداریی سوڵتان. باوکی تۆش یەکێکە لە کەسە ناودارەکانی ئەو جووڵانەوەیە. بەڵێ ڕۆڵەکەم، قوربانییەکی بێشومارمان دا، بەڵام دواجار سەر کەوتین لەوەدا کە ئەو فەرمانڕوا ستەمکارە لەسەر تەختەکەی بهێنینە خوارەوە.

ئەمڕۆ دەرگا ئاسنینەکان و زنجیرەکان لە سایەی ئەم بزووتنەوە ڕزگاریخوازەدا دەکرێنەوە. تا ڕۆژی ئەمڕۆ خەڵکی ستەملێکراو وەکوو کەسانی مردوو لەژێر زەویدا دەژیان و ئەو سوڵتانە بێئامانەش کە

ژنان
www.zheen.org

وەك دێوەزمەیەكی ڕەش وایە، لەگەڵ وەزیرەكانیدا كە وەكوو خۆی نەفرەتلێكراون، زوڵمیان لە خەڵك دەكرد.  بەڵێ لەیلا تۆش ئیدی ئەندامێكی ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازییەی، تۆ بەو قۆناغانەدا تێپەڕ نەبووی كە من دەربازم كردوون. نازانی لەژێر دەسەلاّتی ڕژێمێكی ملهوڕ و زۆرداردا چەندە زەحمەتە و قورسە.

ڕێك لە ماوەی سی ساڵ فەرمانڕەوایی و سەڵتەنەتی عەبدولحەمیددا هەزاران قوربانی دران. لەڕاستیدا ئەوانە لە باوكی تۆ بێبەختتر بوون، چونكە ئەوان بەر لەوەی ڕۆژانی ڕزگاری ببینن، كۆچیان كردو ڕۆیشتن.

بەڵێ، خەڵكەكەمان وەكوو كۆیلەی هەژار ژیاون. ئەم فەرمانڕەوا دڕندەیە زۆر كەسی بێتاوانی لە گەنج و پیرەكان لەناو زیندانەكاندا داڕزاند. خەڵكیش كە ئیدی پەتی تەحەمولی پسابوو، دواجار لەیەك هێرشدا ئازادیەكانی خۆی بەدەست هێنا.

بەڵێ، ڕۆڵە گیان! لەمەودوا ئەركێكی پیرۆز چاوەڕێی تۆ دەكا، وەكوو كچی من و بەدرخانییەك پاراستنی ئازادی بكە بە ئامانجی خۆت. ئەوەشت لەبیر نەچێ كە ژنێك بە كەلتوور باش پەروەردە كرابێ و پێگەیشتبێ، دەتوانێ لەم بوارانەدا بە ئەندازەی پیاوان و تەنانەت لەوانیش زیاتر سەركەوتووتر بێ. كار بۆ خۆشیی نیشتمانەكەت بكە، گرنگی پەیداكردن بەوە دەبێ كە مرۆڤ كەسایەتیی خۆی بناسێ و بەرامبەر بە خۆی ڕاستگۆ بێ، ئەو شتانەی كە بڕوات پێیان نییە، هیچ كات قبووڵیان مەكە.

ڕۆڵە خۆشەویستەكەم،

خۆشبەختیی ڕاستەقینە تێربوونی مەعنەوییە. لەیلا.. بڕوام پێ بکە سەرەڕای ئەو هەموو چەرمەسەری و نەهامەتیەی وا لەو ڕۆژە تاریکانەدا بەسەرم هاتوون، بە هیچ جۆرێك وازم لە ئایدیا و بیروباوەڕەکانم نەهێنا، ورەو ئازایەتیی خۆمم لەدەست نەدا، تەنانەت دەتوانم بڵێم هەستم بە ناڕەحەتی و بێزاری نەکرد، چونکە دەمزانی کار بۆ ئامانجێکی پیرۆز دەکەم. لەبەر ئەوەی ئەرکەکانم جێبەجێ دەکرد، شانازیم بە خۆم دەکردو هیوام بە داهاتووش لەسەر پێ ڕایدەگرتم. بە قورسایی و خوڕاگرییەوە سنگم بەرامبەر بە هەموو ئەشکەنجەکان دەرپەڕاند. ئەو عەبدولحەمیدەی کە زوڵمی لێ کردین، دەیویست سووکایەتیمان پێ بکا و تەنانەت ئێمەی لە ناونیشان و ناسناوەکەشمان بێبەش کرد، دژایەتیی ئەوەی دەکرد کە پێمان بگوترێ (خان)، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵە هیچوپووچانەیان سەر نەکەوتن. تەنانەت پاسەوانەکانی ناو زیندانیش ڕێزیان لێ دەگرتین و ئەوەشیان بۆ باس دەکردین. هەموو ئەمانەمان قبووڵ کرد بۆ ئەوەی لەدژی ناهەقیی ڕاوەستین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕۆڵە گیان لەیلا،

تۆش هیچ لەسەر ڕێی ڕاست لامەدە. هەرگیز ڕەفتارێك مەکە دواتر ویژدانت ئاسوودە نەکا، هەڵە مەکە، ئەمەش خۆشبەختیی ڕاستەقینەیە. هیچ کات لەبەر هیچ جۆرە بەرژەوەندێکی ماددی، قورسایی و سەنگینی و نامووسی خۆت لەدەست نەدەی، ئەو کاتەش ژیانێکی پاك و پڕ لە خۆشبەختیت دەبێ.

ئەمانەش یەکەم ئامۆژگاریەکانی باوکت بوون بۆ تۆ. کاتیٚ ئەمانەت جێبەجێ کردن، ئەو کاتە منیش شانازی دەکەم کە کچێکی وەك تۆم هەیە. ئەگەر وا بکەی، باوکت و هەموو بنەماڵەکەت خوشحالٚ دەکەی.

بەو هیوایەی لە زووترین کاتدا بتبینم، بە بەزەیی و میهرەبانییەوە لە باوەشت دەگرم.

باوکت عەبدوڕڕەحمان بەدرخان تۆی زۆر خۆش دەویٚ

تریپۆلی (تەرابولسی غەرب)

بنکەی ژین
www.zheen.org

**پاشکۆی (٢)**

**نامەیەکی دیکە کە بۆ لەیلای کچیی نووسیوە[١٨٢]**

**١٩٠٨/١٠/٥**

**تریپۆلی (تەرابولسی غەرەب)**

**کچی خۆشەوەیستم،**

**چوار ڕۆژی دیکە سێساڵی تەمەنت تەواو دەکەین[١٨٣]. بەداخەوە کە ناتوانم لەو ڕۆژە خۆشەی تۆدا لەگەڵت بم و لە باوەشت بگرم.**

**بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە خۆشی و شادی دەکەم، چونکە لەگەڵ ڕاپەڕینی نەتەوەکەماندا دەسەڵاتداریێتیی ئەو فەرمانڕەوا ملهوڕەش کۆتاییی هات. بەڵێ، ئەومان لەسەر تەختەکەی لابرد و ئیدی من و هەزاران باوکی وەکوو من دەتوانین بگەینە ڕۆڵەکانمان. زانینی ئەمە ئاسوودەم دەکا. جگە لەوە دڵنیام لەوەی کە سەرەڕای بەندکرانم بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو لە زینداناو سەرەڕای فەرمانەکانی پادشاو ملهوڕیی جەللادەکانی،**

---

[١٨٢] بەگوێرەی عەبدوڕڕەحمان ئیتاھ ئەرئۆغڵووی نەوەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان کە ئەم نامەیەی داوە بە من، نامەکە بە فەرەنسییەو لەلایەن دایکیەوە کە نامەکەی بۆ نێردراوە، کراوە بە تورکی.

[١٨٣] لە وەرگێرانە تورکیەکەی نامەکەی (١١ی ئەیلوولی ١٩٠٨)ی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان‌دا باسی ئەوە کراوە کە لەیلا لە ١١ی ئەیلوولدا بووەتە سێ ساڵان. دیارە هەڵەیەك هەیەو لەوانەیە ئەو هەڵەیەش لەو کەسەوە بێ کە نامەکەی پیتچن کردووە.

www.zheen.org

بەم زوانە دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەمان و بە تۆ و بنەماڵەکەم دەگەم. زۆر خۆشحاڵم کە دەزانم دەتوانم پڕ بە دڵی خۆم لە باوەشت بگرم.

جگە لەوە، کاتێ دەزانم دایکت بە وردی و میهرەبانییەوە ئاگای لە تۆیە، ئاسوودەییم زیاتر دەبێ. دڵنیام لەوەی کە خزمانی دیکەش ئاگاداریان کردوون. بە تەواوی دڵنیام کە هیچ کەموکوڕییەکی ماددی و مەعنەویتان نییە.

کچی خۆشەویستم،

مادام توانیمان بەزۆر ئازادیەکەمان وەر بگرینەوە، وەکوو ئەوە وایە داهاتوو هیی ئێمە بێ. ئیدی ئازارەکانی ئەو ڕۆژە تاریکانە کە لەیەك جیا بووین، بەبا دەدەین و ئەو ڕۆژانە فەرامۆش دەکەین.

ڕۆڵە گیان،

هێشتا تەمەنت سێ ساڵە. ژیانێکی پڕ لە جۆش‌وخرۆش و ژیانێکی ڕووناك و درێژت لەبەردەمدایە، دەچیتە خۆرئاوا خۆرهەڵات و وڵاتی زۆر دەبینی. هەموو ئەمانەش لەڕێی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی کەسێکی دروست و ڕاستگۆوە لە ژیاندا مومکین دەبێ. لەو میانەشدا شکستدانی دوژمنێك کە ئازادیەکانی لێ زەوت کردبووین، خەڵاتێکی بەجێیە بۆ من.

بەو هیوایەی کە لە زووترین کاتدا بگەمە تۆو دایکت و بنەماڵە خۆشەویستەکەم و بە خۆشەویستی و میهرەبانییەوە لە باوەشت بگرم، پیرۆزبایی ڕۆژی لەدایکبوونت لێ دەکەم.

باوکت

عەبدوڕڕەحمان بەدرخان

**پاشکۆی (۳)**

**نامەیەك کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو کراوەتەوە**

**ئەمە دەقی نامەیەکە کە لە کوردستانەوە پێم گەیشتووە**

**(ئەڤ کاغەذ من ژ وەلات ستاند، ئەز عەینەن هرە دەرج دکەم)**[١٨٤].

**برای نەجیبزادەو ڕەسەنم**

**جگە لە یەك ژمارە، دوابەدوای یەك لە [هەموو] ژمارەکانی "کوردستان"م کۆڵییەوە. زانایی و لێوەشاییی یەکەم هەنگاو لەم ڕێی پێشکەوتنە کەلتوورییەدا هیی ئێوەیە. هەوڵی پڕئیجتیهاد و بڕیاردانتان بۆ فێرکردنی ئەلفوبێ بەم میللەتە، شایانی پێزانین و پیرۆزبایی‌لێکردنە. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی من، کورد زیرەکترین و لێهاتووترین قەومی ناو قەومەکانی ئاسیایەو خوویەکی باشی هەیە. لێکۆڵینەوە ئەتنوگرافیەکان و مێژووی شارستانی ئەم ئیددیعایەی من دەسەلمێنن. لەوانەیە هەندێك کەس ناڕەزایی‌یان هەبێ و بڵێن: ((بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە زمانی ئەم قەومەی کە لە هەزار کەسیدا یەکێکی دەتوانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە، چ سوودێکی هەیە؟)). ئەوانەی وا ئەم جۆرە قسانە دەکەن، نازانن هەندێك جار خێراییی هۆشیاربوونەوەی میللەتێك بەهۆی هەوڵ و کۆششی یەکدوو کەسەوەیە، بەتایبەتی لەناو قەومێکی وەکوو کورددا کە شاعیری**

---

[١٨٤] ئەم نامەیەم کە وڵاتەوە پێگەیشتووە، لێرە وەك خۆی بڵاوی دەکەمەوە.

وەکوو: فزووڵی و سەربازی وەك سەلاحەددینی ئەییووبیی تێدا هەڵکەوتوون، بۆچی ژمارەیەکی کەم لە ڕۆشنبیران نەتوانن ڕۆشنگەری بکەن؟ لە دنیادا هیچ شتێك ون نابێ، هەروەکوو چۆن ناکرێ ئەتۆمێك کە هەبوونی لە مەیدانی خوڵقێندراوەکاندا سەلمێنراوە، لەناو ببرێ، بە هەمان شێوە لە جیهانی بیروبۆچوونیشدا نابووتکردنی بیرۆکەیەکی پیشکەشکراو مومکین نییە. هەروەها چۆن زەبرگەیاندن بە شتێك دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی ئەتۆمی، بە هەمان شێوە بەرکەوتنی زەبری بیرۆکەیەکیش لەگەڵ یادگەو تێگەیشتنی میللەتێکدا دەبێتە هۆی دروستکردنی گۆڕانکاری. فێرکردنی مافە سەرەتاییەکان و مافە سیاسیەکانیان بە خەڵك، ئەرکی مرۆیی و ویژدانیی کەسانێکی دەستبژاردەی وەکوو ئێوەیە.

لەوانەیە ئەمڕۆ خەڵك لەنێوان دەستی جەللادو دەستە خوێناویەکانی دەستەلاّتدارێکی ملهوڕدا کە ماڵ و منداڵەکانی زەوت کردوون و لەناوی بردوون، لەگەڵ دەستی میهرەبانی و خاوەنداریێتیکردندا کە بۆیان درێژ کراوە، هەست بە هیچ جیاوازییەك نەکەن، بەلاّم ئەمە چ بایەخێکی هەیە! من دڵنیام هەوڵ و کۆششی جوامێرانەی ئێوە بۆ ئەوە نییە کە ئەمڕۆ یان سبەی بەرهەمی کارەکانتان ببینن. ئێوە گوتووتانە ((دووری و نزیکی لە ڕێی هەوڵ و هیممەتدا نییە))و بیر لە دووریی مەنزڵگەی هیواکانتان ناکەنەوە، پێویستە هەر بەو جۆرەش بێ.

یەکێك لەو ڕاستییە سەلمێندراوەکانی مێژوو ئەوەیە کە بەبێ کەڵك-وەرگرتن لە کات بۆ ئەنجامدانی شتەکان، ناتوانرێ تەنیا لەڕێی

بنکەی ژین
www.zheen.org

پارێزگاریکردنەوە شانازییان پێوە بکرێ. کوردان تائێستا نەیاندەزانی واتای (خەلیفە) چییە، باسکردنی ئەمە غیرەت و ئازایەتییە [کی] گەورەیە. کوردەکان وایاندەزانی هەموو کردەوەکانی حکوومەت ڕاست و ڕەوان، وایان دەزانی هەموو ڕەفتارەکانی پادشا هاوکاری و بەخشندەیییە. ئێوە خەڵك فێر دەکەن ئەو شتانە بەو جۆرە نین و هەرکەس خاوەنی مافێکە و ئەمانەشیان پێ دەخوێننەوە. ئەو شەڕی قەڵەمەی کە ئێوە دەستتان پێ کردووە، غەزایەکی ئابڕوومەندانەی پڕشان‌وشکۆیە.

لەوانەیە ئەم زۆرانبازیی قەڵەمە درێژە بکێشێ [و] تەمەنتان بەشی ناکا، بەڵام هەردوو چاوەکەم عەبدوڕڕەحمان بەگ، دڵنیا بن بەرهەمداریی سروشتیی زانین، لە بەهرە دیارەکانی مێشکی مرۆڤە. ئەو بەهرەو بەرهەمدارییە پیرۆزە بەردەوام یارمەتیدەر و هاندەری هەوڵەکانی ئێوەیە. تەنیا پێویستە ئیرادەو هیممەتتان سست نەبێ، تەندروستی و سەلامەتییە پیرۆزەکەتان تێك نەچێ، بە یارمەتیی خودا سەرکەوتن هیی ئێوەیە. تا ئێستا تاریکی و زۆرداری باڵادەست بوون، لەمەودواش ڕۆشنایی و دادپەروەری زاڵ دەبن.

ئیدی بە زمانی جەستە دەڵێ: ((ماوەیەکی زۆرە لەناو گوماندا بووین، ئێستا ئیدی دەمانەوێ بزانین)). پێویستە ڕاستییە سیاسی و مێژوویی‌یەکان و –بەکورتی– هەموو جۆرە ڕاستییەك بۆ کوردو تورك و عەرەب‌و لازو چەرکەسەکان [ڕوون بێ] و –بەکورتی– چەندە دەتوانین هەموو مرۆڤەکان فێری [ڕاستییەکان] بکەین‌و دووبارەو چەندبارە ئەو ڕاستیانە بڵێینەوە زیانی نییە. هیچ کاتێك دووبارەکردنەوەی

www.zheen.org

ڕاستیەکان مایەی شەرم نییەو دەرکەوتنی ڕاستیەکانیش هیچ وەخت زیانبەخش نەبوە. لە هەوڵ و کۆششدا بن برا ڕەسەکانم. پەسندانی خۆتان بە شیعری فەخرییەی[185]: ((ڕۆژەکانمان لە دوورەوڵاتیدا تێپەڕ بوون، بەڵام جێی خەم نییە، چونکە ڕۆشنکردنەوەی خۆرهەڵات بەرهەمی ڕۆیشتنمان بوو بۆ دوورەوڵات))[186]، بەهەق شایستەی ئێوەیەو جێی خۆیەتی شانازی بەخۆتانەوە بکەن. ئیدی بەردەوامیی هەوڵ و کۆشش و ئیجتیهادەکانمان[187].

کوردێك

تێبینی: مالمیسانژ، زمانەکەی سادە کردوەتەوە. بڕوانە: کوردستان، جنێڤ، ژمارە ١٧، ٨ی ڕەبیعول ئاخەری ١٣١٧-١٥ی ئابی ١٣١٥ [١٨٩٩].

بنکەی ژین
www.zheen.org

[185] ئەم بەیتە لە شیعرێکی "عەبدوڵڵا جەودەت" وەر گیراوە کە پێشکەشی "عەبدوڕڕەحمان بەدرخان" کراوە. بەیتەکە لەبنەڕەتدا بە فارسی نووسراوەو بەم جۆرەیە:

ایام ما گذشت به غربت، ولی چه غم
اشراق شرق شد اثر اغتراب ما

[186] فەخرییە، بریتییە لەو بەرهەمە مەنزوومانەی کە شاعیرانی کۆن لەبارەی توانایی و لێهاتوویییەکانی خۆیانەوە نووسیویانن.

[187] وشەی ئیجتیهاد بە واتای جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێ.

**پاشکۆی (٤)**

**داگیرکردنی ئایدین لەلایەن یۆنانیەکانەوە**

**کاتێك عەبدوڕڕەحمان بەدرخان موتەسەڕیفی ئەوێ بووە**

**پوختەی بارودۆخی ئایدین[١٨٨] (٢٥ی مایس تا ١ی تەمووزی ١٩١٩)**

**دوای ئەوەی نیوەڕۆی ٢٥ی مایسی ١٩١٩، گەیشتمە ئایدین، یەکسەر هەندێك لە ناودارانی تورك و ڕۆمیی قەشە (مەتران، مەترۆپۆل) و شارەکە سەریان لێ دام. تاقە بابەتی قسەکانمان داگیرکاریی سوپای یونان بوو کە لە ماوەیەکی نزیکدا ڕووی دەدا. کۆمەڵگەی تورکی زۆر دەترسان و کۆمەڵگەی ڕۆمیش ئارام و لەسەرخۆ بوون و بە وریاییەوە دەجووڵانەوەو بەجۆرێك خۆیان دەر نەدەخست ببنە مایەی بریندارکردنی هەستی تورکان، پێکەوە بڕیارمان دا دوو قەشەی گەورەی ڕۆمی و چەند کەسێکی ناوداری تورك و ڕۆمی بچنە ئەیبەلی (وێستگەیەکی ڕێی ئاسنە (١٠) کیلۆمەتر لە ئایدینەوە دوورە)، تا ئەم داوایانەی خوارەوە بدەنە فەرمانده‌ی سوپای یۆنان:**

**(١) خەڵکی ئایدین، هیچ هەل و دەرفەتێکی بەرگریکردنی نییەو دژ بە داگیرکردنی شارەکەیان لەلایەن سوپای یۆنانەوە ناوەستنەوە. موتەسەڕیفێتی بۆ ڕێگرتن لە تالان و خوێنڕشتن، هەر جۆرە ڕێوشوێنێکی گرتوەتە بەر. بەڵام هەموو کاتێك ڕێی تێدەچێ**

---

[١٨٨] ئەم نووسراوە لە بنەڕەتدا بە زمانی فەرەنسی بووە.

کەسانێك بە سەربەخۆشی یا لە نیازخراپیی خۆیانەوە هەندێك تەقە بکەن. موتەسەڕیفێتی داوا لە فەرماندەی سوپای یۆنان دەکا ئەگەر ئەگەر شتێکی وەها ڕووی دا، تەنها تاوانباران سزا بداو فەرمانی تەقە لە هەموو شارەکە نەدا.

(٢) موتەسەڕیفێتی داوا لە فەرماندەی سوپای یۆنان دەکا، ڕۆژی هاتنیان بۆ ناو شار دەستنیشان بکا. فەرماندەی یۆنانیش ڕایگەیاندبوو داواکان لەبەرچاو دەگرێ و ڕۆژی سێشەممە ٢٧ مایس [لەگەڵ هێزەکانیدا] دێتە ناو شار، جگە لەوە، سوپاسی کۆمسیۆنەکەشی کردبوو. لەگەڵ هاتنمدا، هەموو شوێنەکانی مەیفرۆشتنم داخستبوو. جگە لەوە، بۆ ڕۆژی ٢٧ی مانگیش هاتوچۆی هەموو دانیشتوانی شارەکەو کردنەوەی دووکانەکانم قەدەغە کردبوو. سەعات شەشی ئێوارەی ڕۆژی ٢٧ی مایس، بەبێ ئەوەی هیچ ڕووداوێك قەومابێ، سوپای یۆنان هاتە ناوشار. ڕۆژی دواتریش دانیشتوانی شارەکە هاتنە ناو کۆڵان و دووکانەکان کرانەوەو – کەموزیاد– ژیان بە شێوەی ئاسایی بەردەوام بوو.

ڕۆژی دواتر بە شێوەیەکی نووسراو داگیرکردنی شاری ئایدینم لەلایەن فەرماندەی سوپای یۆنانەوە شەرمەزار کرد. ئەویش دوای پێنج ڕۆژ لە وەڵامی مندا ڕایگەیاند بەگوێرەی فەرمانی بەرپرسەکانی لە ئیزمیر جووڵاوەتەوە.

سەری لێ نەدام، چەند کەسێك هاتنە لام و لەسەر "ئەمین بەگ"ی سەرۆکی شارەوانی ڕاپۆرتیان پێ دام. وتیان "ئەمین بەگ"، ئاڵای یۆنانی بەماڵەکەیدا هەڵواسیوەو بە نهێنی لەگەڵ هەندێك کەسی

www.zheen.org

بەناوبانگی ڕۆمیدا کار لەدژی بەڕێوەبەرایەتیی تورك دەکا. کاتێ لێم پێچایەوە، ئەمین بەگ وتی: لەبەر پاراستنی گیانی خۆم ئالأی یۆنانم بە ماڵەکەمدا هەڵواسیوە. ئەوەشی قبووڵ کرد کە تەلگرافێکی لەگەڵ نزیکەی بیست کەسایەتیی ناوداری ڕۆمیدا ئیمزا کردووە بۆ ئەندامانی چوار دەوڵەتی گەورە لە پاریس نێردراوە. وتیشی: لەبەر ئەوەی فەرەنسی نازانێ، لە ناوەڕۆکی تەلگرافەکە ئاگادار نییە. بەلأم ئەوەشی وت: پێیان وتم لە تەلگرافەکەدا پێشنیار کراوە قەزای ئایدین بکرێتە شوێنی دەرچوونی هەموو ناردنێك بۆ دەرەوەو ڕەوانەکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئیزمیر. خاینەکەم لە پۆستەکەی لابردو ئەویش بە یۆنانیەکانی وت من دوژمنێکی توندڕەوی یۆنانیەکانم و خۆیشی وەکوو ڕاوێژکاری فەرماندەی یۆنانیەکان درێژەی بە کارەکانی دەدا.

چەند ڕۆژێك دواتر [داگیرکاریەکەی یۆنان] دەبێتە چەند مانگ. سەربازە یۆنانیەکان [هەندێك] لەو ژنە تورکانە کە بە تەنیا پێیان دەگەیشتن، زۆریان بۆ دەهێنان، سکالأیان لێ دەکرا، بەلأم لێپرسینەوە لە تاوانباران نەدەکرا. سوپای یۆنان بە بیانووی ئەوەوە کە هیی بەشی سەربازییە، عەمباری، ڕۆن کە بۆ پێداویستیی کاربەدەستانی تورك تەرخان کرابوو، دەستیان بەسەردا گرت، هەروەها دەیانویست کۆلیژێکی گەورەی تورکیش داگیر بکەن. دوای ئەوەی لای بەڕێز "گرانت" و بەڕێز "ویتال"ی نوێنەرانی بەریتانیا سکالأم کرد، ئەو دوو بینایەیان بۆ گەڕاندینەوە.

لە ئودەمیش گرووپێکی چەتەی ڕێگر کە تورك بوون، چوار ژنیان کوشت و لەکاتی داگیرکرانی (نازیللی)دا چوونە ڕیزەکانی سوپای

بنکەی ژین
www.zheen.org

یۆنان. سوپای یۆنانیش ئەوانەی هێنایە ئایدین و دوای ئەوەی بێچەکی کردن، بڕیاری لێبوردنیشی بۆ دان. پاش ئەوە جەندرمەی تورك دوو کەسی لێ دەستگیر کردن، بەڵام جەندرمەی یۆنان داوای دەستگیرکراوەکانی کردو پاش ئەوەش ئازادی کردن.

دەوروبەری ١٥ی حوزەیران بوو کە چەند تورکێکی ناوداری خەڵکی ئایدین هاتنە لای من و ئاگاداریان کردمەوە کە گرووپێکی چەتەی نەتەوەیی لە دەوروبەری شار هەن. ئەوانم ڕاسپارد چەتەکان بدۆزمەوەو داوایان لێ بکەن هیچ جۆرە هێرشێك نەکەن.

چەند سەعاتێك لەوەبەدوا مەحمەت ئەفەندی هاتە لام و ئاگاداری کردمەوە کە گرووپێکی دیکەی چەتەی نەتەوەیی بەنیازن لە تاریکاییی شەودا بێنە ناو شار. مەترسییەکی گەورەو نزیك لەئارادا بوو، ئەگەر ڕووی بدایە ئاڵۆزیی دروست دەکرد. لەبەر ئەوە تەنیا لەگەڵ "مەحمەت"دا بە سواری ئەسپ بەرەو شوێنی چەتەکان کە ماوەی سەعاتێك لە خۆرئاوای شارەوە دوور بوو، بەڕێ کەوتین، دەمویست قسەیان لەگەڵدا بکەم.

www.zheen.org

سەرۆکی چەتەکان نەقیبێکی خانەنشین بوو بە ناوی "قەدری بەگ"ەوە، جلوبەرگی مەدەنیی لەبەردا بوو، حەفتا پیاوی لەگەڵدا بوو، هەموویان ماوزەریان پێ بوو. زۆربەیان عەنتەرو قەبەدایی و چەقاوەسوو بوون، بەڵام چەند پیاوێکی گەنجیان تێدا بوو، خوێندەواری و پەروەردەیەکی باشیان هەبوو.

قەدری بەگ، پێی گوتم شەو بە فەرماندەی سوپای یۆنان دەڵێ: پێویستە شاری ئایدین کە بەبێ مۆڵەتی دەوڵەتانی هاوپەیمان داگیری کردووە، چۆڵ بکا، ئەگەنا بە زۆری چەك شاربەدەری دەکا.

باسی مەترسییەکانی بڕیارەکەیم بۆ کرد و پێم وت دەوڵەتانی هاوپەیمان ڕازی نەبوون بەو داگیرکارییەی سوپای یۆنان و ئەوانیش بۆ خۆیان پاشەکشە دەکەن و باشتر وایە چاوەڕوان بێ. دوای دوو سەعات گفتوگۆ، قەدری بەگ ڕازی بوو بەر لە هێرشکردن چوار ڕۆژ مۆڵەت بدا. کاتێ گەڕامەوە ئەو کەسە بەناوبانگ و پیاوماقووڵانە کە ئەرکی چاوپێکەوتنی چەتەکەی دیکەم بەر نابوون، بینیمن. ئەمەش دەری-خست کە تەنیا یەك گرووپی چەتە هەیە.

باسی ئەو دیدارەم بۆ فەرماندەی سوپای یۆنان نەکرد، چونکە ڕێی تێدەچوو یەکە سەربازیەکانی ڕەوانەی لای چەتەکان بکا و شەڕ بقەومێ. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە هەموو ئاماژەکان لە چەند ڕۆژ بەر لەوەوە دەریان دەخست بەنیازن شارەکە چۆڵ بکەن. ئەمەم بە سەرۆکی چەتەکان گوتبوو، بۆیە دواخستنی هێرشەکەی قبووڵ کردبوو.

نامەیەکی فەرمانده (ڕائید) حاجی شوکری بەگم[189] لە ١٩ی حوزەیراندا پێ گەیشت: ((بەرامبەر بە داگیرکرانی ئایدین بەبێ مۆڵەتی دەوڵەتانی هاوپەیمان، خەڵکی تورك خەریکە دەست بۆ چەك دەباو بەنیازە ڕاپەڕێ. سەرەڕای ئەو هەموو ڕێوشوێنە کە گرتوو[مەتە] بەر، ئەمشەو

---

[189] بینباشی (ڕائید) حاجی شوکری بەگ، لەوکاتەوە جێگری فەرماندەی فەوجی ١٧٥ بووە.

هێرش دەکا.)) کاتێك کۆمیسیاری پۆلیسی تورك هات بۆ ئاگادارکردنەوەم لە هاتنی نەقیبێکی هێزی دەریای بەریتانیایییەکان بەناوی بەڕێز هۆتدەرەوە، کە بۆ زانینی ڕووداوەکانی [ناوچەی نێوان] ئایدین و دەنیزلی لە ئەستەنبوولەوە هاتبوو، من لە کۆڵانەکە خەریك بوو سواری ئوتومبیلێك ببم بۆ ئەوەی سەر لە شوکری بەگ بدەم. [کۆمیسیاری پۆلیس] نامەیەکی بەڕێز پارێزگاری پیٚدام وا کە پێویستە هاتا دەنیزلی یاوەریی [هۆتدەر] بکەم. بەڕێز هۆتدەر دەیویست هەمان ڕۆژ بەڕیٚ بکەویٚ. بەلاٚم کاتیٚ لە نامەکەی شوکری بەگ ئاگادار بوو، دەرکی بە گرنگی و پێویستیی ڕێگرتن لە هێرشەکە کردو سەفەرەکەی دوا خست و هەتا پردی مەندەرەس لەگەڵ مندا هات. لەویٚ چاومان بە شوکری بەگ کەوت و هۆشداریمان لەسەر مەترسیەکانی هێرشەکە کردو سەفەرەکەی دواخست وهەتا پردی مەندەرەس لەگەڵ مندا هات. لەویٚ چاومان بە شوکری بەگ کەوت، هۆشداریمان لەسەر مەترسیەکانی هێرشەکە پیٚ دا. ئەویش حەوت کەسی ڕۆمی گرتبوو، ئەرکیان بڕینی تەلی تەلگراف بوو، داوای ئەوانەشم لیٚ کردو ڕادەستی خاوەنەکانیم ''سالکیسلیی ئوڵوو'' کردنەوە.

ڕۆژی دواتر من و بەڕێز هۆتدەر ڕۆیشتین بۆ دەنیزلی. لە مەودای نێوان ئایدین و دەنیزلیدا چاومان بە دیمەنەکانی ئەو کوشتارو تالاٚنانە کە تورك و ڕۆمیەکان کردبوویان، کەوت. بەلاٚم ناوچەی نێوان نازیللی تا دەینزلی کە سوپای یۆنان نەچووبوە ئەویٚ، بارودۆخەکەی بە تەواوی ئارام بوو. ڕۆمی و تورکەکان بەباشی لەگەڵ یەکدا هەڵیان دەکرد.

٢٠ی حوزەیران، چەتەیەکی نەتەوەیی کە ئاگاداری پێکهاتەکەی نەبووم، لە خۆرئاوای شارەوە هێرشێکی کردە سەر سوپای یۆنان، دوو سەعاتی خایاند. ڕۆژی دواتر بیستم زۆر کەس لەلای یۆنانیەکان بریندار بوون و ئەفسەرێکیشان کوژراوە. ڕووداوەکان تەشەنەیان کرد بۆ دەرەوەی شارو پاسەوانە یۆنانیەکان ڕێگرییان لە هەموو جۆرە پێوەندییەك لەگەڵ دەرەوەی شاردا دەکرد. ئاگاداری لایەنی تورکی نەبووم، دوای ئەو هێرشە تیرۆر دەستی پێ کرد.

سەربازانی یۆنانی و ئەو کەسانەی دانیشتووی شار کە ئەوان چەکداریان کردبوون، لە دەوروبەری شار دەستیان کرد بە کوشتنی هەر تورکێك بە تەنیا دەیانبینی. برایەکی کۆمیسیاری پۆلیس و هاوڕێیەکی لە باخچەی خۆیان کاریان کردبوو، دوو گوللەیان پێوە نابوون و کوشتبوویانن. هەندێك تورکی دیکەش دەهاتن و گازندەو سکاڵایان بەوە دەکرد کە بە قۆناغە تفەنگ لێیان داون و بە نووکی ڕمی چەك برینی سێ تا چوار سانتیمەتری کراوەتە جەستەیان، بە برینەکانیشیان ئەو قسانەیان دەسەلماند. منیش لیژنەیەکم پێك هێنا بۆ دەستنیشاکردنی هەموو ڕووداوەکانی دەستدرێژی، کوشتن و دزی کە ڕوویان دابوو.

چەتە نەتەوەپەرستەکانی تورکیش تەقەیان لە سوپای یۆنان دەکردو بەرامبەر بەو ڕووداوانە لە دەوروبەری شار ڕۆمیەکانیان دەکوشت. تیرۆر زاڵ بووبوو. نە ڕۆمیەکان و نە تورکەکانیش، کەس نەیدەوێرا بچێتە دەرەوە. بەروبوومی کشتوکاڵی زیانی پێ گەیشت و بەرهەمی هەنجیر کە دەوڵەمەندییەکی ئەو ناوچەیەیە، لەبەر ئەوەی کەس ئاگای لێ نەدەبوو، –کەموزۆر– بەتەواوی لەناو چوو.

www.zheen.org

ژمارەیەکی کەم لە تورکەکانی ناوشار دەیانوێرا دووکانەکانیان بکەنەوە. ئەو کاتانە نزیکەی بیست کەس لە ناوداران و پیاوماقوولانی تورک و ڕۆمی هاتنە لای من و داوایان لێ کردم چاوم بە فەرماندەی یۆنانیەکان بکەوێ و خەڵك ئارام بکەمەوە، پێشنیارەکەم قبوولّ کرد. بۆیە یەکەمجار فەرماندە و چەند ئەفسەرێك هاتنە شارەوانی، پێکەوە بە سەرتاسەری شاردا گەڕاین و داوامان لە خەڵك کرد بگەڕێنەوە سەر ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەو ئاسایی خۆیان. بەڵام بێسوود بوو! چونکە ڕووداوەکان بۆ خۆیان هەموو شتێکیان دەردەخست. ڕۆژی دواتر سەرم لە فەرماندە "ئیسکوینا"دا و بەو جۆرەش پێوەندیی نێوانمان بەرقەرار بوو. باسی هەبوونی چەتە نەتەوەپەرستەکانم بۆ کردو پێم گوت هەوڵی ئارامکردنەوەیانم داوە. ئەویش وتی: شتێکی وەهام بیستووە.

تیرۆر بەبێ دابڕان بەردەوام بوو. دووکانەکان زۆر کات داخراو بوون و کۆڵانەکانیش چۆڵ. کەس نەیدەوێرا کارێکی بێعەقڵانەی وەها بکا بچێتە دەرەوەی شارو سەیری موڵك و زەویوزارەکەی خۆی بکا. ئەو کاتانە پارێزگار فەرمانی پێدام، ئەم بایاننامەیە لە ئایدین و هەموو قەزاکانی بڵاو بکەمەوە.

((ئەو شارانەی کە سوپای یۆنان بێڕەزامەندیی دەوڵەتانی هاوپەیمان داگیریان کردوون، دەکرێ تەنیا لەڕێی پێوەرە دیپلۆماتیەکانەوە داوا بکرێنەوەو بۆ ئەمەش وەزیری ناوخۆو منیش کاری پێویست دەکەین؟

هەر جۆرە ڕێوشوێنێکی چەکداری کە خەڵك بیگرێتە بەر، لە ڕووی دیپلۆماتییەوە خراپەی گەورەی بۆ وڵات لێ دەکەوێتەوە. کەوابوو

پێویستە خەڵك بە وریاییەوە خۆی لەو جۆرە ئامرازانە دوور بگرێ و ئەگەر سوپای یۆنان سنوورەکانی ئەو دەسەڵاتەی کە پێی دراوە، بەزاند، پێویستە سوپای یۆنان و منی لێ ئاگادار بکرێتەوە)).

کۆپییەکی زۆرم لەو بەیاننامەیە گرت و دام بە پۆلیسەکە تا لە دەرو دیوارەکاندا هەڵیانواسێ، بەڵام دوای هەڵواسینی یەکەم بەیاننامە، جەندرمەی یۆنان لە ڕێی ڕۆمییەکەوە بەیاننامەکە وەردەگێڕێ و دەست بەسەر هەموو نوسخەکانی بەیاننامەکەی لای پۆلیسەکەدا دەگرێ.

فەرماندەی سوپای یۆنان لە ٢٧ی حوزەیراندا داوای لێ کردم بانگەوازێك بۆ چەکدارانی هەموو خەڵکی تورك و ڕۆمی، ئاڕاستەی هەموویان بکەم. من بانگەوازەکەم کرد، بەڵام فەرماندەی یونانیەکان لەلایەکی ترەوە خەڵکی مەدەنیی ڕۆمی چەکدار دەکرد. ڕۆژی دواتر بەڕێز هۆتدەر بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرت سەری لە ئیزمیر دابوو، دەگەڕایەوە بۆ ئایدین، داوای (١٠) جەندرمەی لە من کردبوو تا لەکاتی گەڕانەوەدا یاوەریی بکەن و پردێك کە بەهۆی بۆمبەوە زیانی پێ گەیشتبوو، ئاوەدان و چاك بکەنەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

کاتی گەڕانەوەی لە نازیللی، سەعات نۆی شەوی ٢٨ی حوزەیران لە وێستگەی (ئومورلوو) لە هەشت کیلۆمەتریی ئایدین چاوی بە سەرۆکی چەتەیەکی نەتەوەییی هەزار کەسی دەکەوێ، دواین ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی چەتەکانی بۆ هێنام. ئەو ئاگاداری کردینەوە کە نزیکەی پازدە کەس ئیمزایان کردبوو، داوای تێدا لە من کرابوو بە فەرماندەی سوپای یۆنان بڵێم بەبێ ڕەزامەندیی دەوڵەتانی هاوپەیمان ئایدینی داگیر کردووەو پێویستە لە ماوەی چوار ڕۆژدا

شارەکە چۆڵ بکا، ئەگەنا بەرپرسیی ڕژانی هەر دڵۆپە خوێنێکی دەکەوێتە ئەستۆ کە لەوانەیە بەو هۆیەوە بڕێژرێ. بەرپرسیی ئەو خوێنڕێژییە لە ئەستۆی فەرماندەی یۆنانیدایە کە وەکوو جەردە شارەکەی زەوت کردووە. ئەگەر لەوێش دەر نەچێ، ئەوا بە زۆری چەك دەری دەکەن. نوسخەیەکی ئەو ئاگادارکردنەوەیە هەمان شەو لەلایەن بەڕێز "هۆتدەر"ەوە داربووە پارێزگار.

بەیانی سەعات هەشت، ئەفسەرێکی یۆنانی لەگەڵ چوار سەربازی ڕمبەدەستدا منیان گرت و بردمیان بۆ لای فەرماندە "ئیسکوینا". فەرماندە پێی گوتم: لەبەر بەیاننامەکە ناچارە من دەستگیر بکا. پێم وت: ناوەڕۆکی بەیاننامەکە هیچ شتێکی تێدا نییە، زیان بە سوپای یۆنان بگەیێنێ و منیش لەبەر ئەوەی فەرمانم لە سەرووی خۆم وەرگرتووە، نەمتوانیوە بە شێوەیەکی جیاواز ڕەفتار بکەم. ئەوەشم پێوت کە ئەو بەیاننامەیە لەلایەن سوپای یۆنانەوە دەستی بەسەردا گیراوە، لە پۆستەخانەکانی ئیزمیر و ئایدینەوە هاتووە و لەگەڵ چەند نووسراوێکی دیکەدا دوای سانسۆرکردن گەیشتووەتە دەستی من. بە کورتی، ئەوەشم پێ ڕاگەیاند کە ئەو بەیاننامەیە لە هەموو شارە داگیرکراوەکانی ژێر دەستی سوپای یۆنان -بە ئیزمیریشەوە- بڵاو کراوەتەوە. بەڵام هیچ یەکێك لەو ڕوونکردنەوانە کاریان نەکردە سەر بڕیارەکەی فەرماندە و بە بڕیاری[190] ئەو ڕەوانەی ژوورێکیان کردم،

[190] فەرماندەی یۆنانیەکان، ٢٩ی حوزەیران لە تەلگرافێکدا بۆ وەها فەرماندە باڵاکانی خۆی نووسیوە: ((لەبەر ئەوەی بەشدارییان لە ڕاپەڕین و نافەرمانیدا

چەند سەربازێك كە تفەنگەكانیان ڕمیان پێوە بوو، پاسەوانییان لەبەرە دەرگاكەیدا دەكرد. خولەكێك دواتر سەرۆكی دادگای ئایدین و داواكاری گشتی و چەند بازرگانێكی شارو كارمەندێكی ڕێژی (گوومرگ)یان هێنا.

هەمان ڕۆژ كە یەكەم ڕۆژی جەژنیش بوو (٢٩ی حوزەیران) دەنگی چەكمان دەبیست، ئەوانەی دوا ئاگاداركردنەوەی هێرشەكەیان دابوو، زووتر دەستبەكار بووبوون. سەعات چواری دوانیوەڕۆ شەڕ گەرم بوو، دەنگی تۆپ دەهات. گەڕەكی توركەكان ئاگری گرت. نازانم بۆچی و چۆن ئەوە ڕووی دا. نزیكەی سەعات پێنج جێگری فەرماندە هات و پێی وتین: توركەكان لە پەنجەرەكانی خانوێكەوە بە تفەنگ تەقە لە یەكەكانمان دەكەن. هەمووتان لەگەڵ سەربازەكانماندا بڕۆن و داوایان لێ بكەن تەقەی تفەنگەكانیان ڕابگرن. ئەگەنا سەرتاسەری شارەكە بە پیاو و ژن و منداڵەوە دەسووتێنم!

من و هاوڕێكانم پێشنیارەكەمان قبووڵ كردو لەبەردەم بارەگای سوپای یۆناندا داوای ئاڵایەكی سپیمان كرد، ئامادەكاریەكان دەست پێكران. بۆ ئەوەی زیاتر كار بكەینە سەر تەقەكەران، دەمانویست موفتی لە ماڵەكەی بهێنینە دەرێ، بەڵام فەرماندە نەیهێشت. لەگەڵ

---

كردووە، موتەسەڕیف، دادوەر و داواكاری گشتی دەستگیر كراون. موتەسەڕیفی ئایدین بەیاننامەی بە دیوارەكاندا هەڵواسیوە بۆ كاركردنە سەر خەڵك)). بڕوانە: گویكبەل، ئاسف، ئایدین لە تێكۆشانی نەتەوەییدا، ئایدین، ٢٠٠٥، ل١٨٦-١٨٧. ئەوی باسی كردووە: دەمیرئایاك، ل١٩١.

ئەوەشدا دامانابوو گوللەباران دەکرێن و ویستمان کاری پێویست بکەین، نازانم لەبەر چ هۆیەك بوو ئەفسەرەکە بۆچوونەکەی گۆڕی و ئێمەی ڕەوانەی زیندان کردەوە. شار بە بەردەوامی دەسووتاو ئاگریش بەخێرایی پەرەی دەسەند و دەنگی تۆپ دەهات.

سەعات سێی بەیانی لەگەڵ پەنجا "ئەڤزونس"[191]دا، کە ڕمیان کردبوو بەسەر چەکەکانیانەوە، بە لێدانی قۆناغەتفەنگ و سووکایەتی-پێکردن –جگە لە من– ئێمەیان برد بۆ گردی (ترالّی `Trale).

سوپای یۆنان لەکاتی چوونە دەرێ لە نازیللی، (٤٢) دەستگیرکراویشی لەگەڵ خۆیدا بردبوو و دواتر گوللەبارانی کردبوون. ئێمەش چاوەڕوانی کۆتاییەکی وەها بووین. بەڵام بەبێ ئەوەی پێشبینیەکانمان بێتە دی، خۆر هەڵات. شارەکەیان چۆڵ کردو کەلوپەلەکانیان بە ئەسپ و هێستر دەگواستەوە. لەگەڵ ئەم سوپایەدا کە فەرماندەو هەموو ئەفسەرەکانیشی تێدا بوون، بەڕێ کەوتین. فەرماندە ئیسکوینا بەنازکییەوە ئەسپێکی پێدام و بەو جۆرەش منی لەوە ڕزگار کرد مەودایەکی درێژ بەپێ بڕۆم.

بەر لەوەی بگەینە ترالێ، سوپای یۆنان شەش کەسی دیکەشی لە خەڵك گرت و بۆ لای ئێمەیان هێنا. سەعات هەشتی شەو کاتێ گەیشتینە ئەیبەلی، ئێمەیان ڕادەستی نزیکەی دە جەندرمە کرد و سواری شەمەندەفەرێکی تایبەتیان کردین. سێ کەسیان لەو پیاوانە لە ئێمە جیا کردەوەو ئیتر چاومان پێیان نەکەوتەوە. کاتێ گەیشتینە

[191] ئەڤزۆنس: ناوی دەستەی سەربازیی پیادەو شاخی یۆنانی کۆنە.

ئیزمیر، ڕەوانەی زیندانیان کردین. جێگری بەڕێوەبەری زیندان لە ژوورەکەی خۆیدا کاتێ ناو و پۆستی هەندێك لەو هاوڕێکانمی دەخوێندەوە، مشتی لە زگ و دەموچاومان دەدا. بەهۆی هەوڵ و کۆششی نوێنەرە نیازپاکەکانی هێزە هاوپەیمانەکانەوە لە ئیزمیر، دوای (٢٥) ڕۆژ ئازاد کراین[١٩٢].

[١٩٢] مووسڵڵیزادە حاجی ئەحمەد بەگ کە هەمان ڕۆژ لە ئایدین لەلایەن یۆنانیەکانەوە دەستگیر کراوە، بەم جۆرە باسی ئەو ڕۆژە دەکا: ((بە پاڵپێوەنان بردینیانە دەرەوە. ئێمەیان بردە ماڵی پزیشکی ددان یۆرگانجی ئۆغڵوو کە بەرامبەر بە شوێنی فەرماندە بوو و دەسگیریان کردین. لەوێ عەبدوڕڕەحمان بەگی موتەسەڕیفی ئایدین، ئیسماعیل حەقی بەگی دادوەری سزا، شەوکەت بەگی داواکاری گشتی و نەقیب مەحمەت ئەفەندیی بایندرلی فەرمانەدەی دەستەی جەندرمە دەستگیر کرابوون. نیو سەعات تێپەر بوو عیززەت بەگیان هێنا، یەکێك بوو لە پیاوماقووڵانی (ئای ئایدین). دوو سەعات دوای ئەوەی عومەر ئەفەندیی کارمەندی (ڕەژی)یان هێنا. نیوەڕۆژبوو، ئاگر گەیشتبوە لای مزگەوتی ڕەمەزان پاشا. "تریاندا فیلیدیس"ی جێگری فەرماندە هاتە شوێنەکەی ئێمە، وتی:
– ئێوە بەرپرسی ئەم شارەن. چەگتان دا بەخەڵك. ئێستا لە ماڵەکانەوە تەقە لە سەربازەکانمان دەکرێ. ئاڵای سپیتان دەدەمە دەست، دەچنە ئەو ماڵانەی کە تەقەیان لێوە دەکرێ و چەکەکان کۆ دەکەنەوە، بەڵێنتان پێ دەدەم هیچ لە ئێوەو تەقەکەرانیش ناکەم.
دوای ئەوە ئاڵا سپیەکانی دایە دەستمان، ئەوکاتە نەقیبی یۆنانی "سۆلۆمادی" کە دۆستی خۆشەویستی خوشکی فوئاد بەگی بەڕێوەبەری کاروباری نووسین بوو، هات لەگەڵ فەرماندەدا قسەی کرد. پاشان ئاڵاکانیان لێ وەر گرتینەوەو دووبارە بردینیانەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی زیندانی کرابووین. نیو سەعات دواتر فوئاد بەگی بەڕیوەبەری کاروباری نووسین و نەقیب "ئیسپیرۆ" و"سۆلۆمادی" بەسەر پێوە هەندێك قسەیان کرد. تکامان لە "فوئاد بەگ" کرد، ئەویش وتی خەمتان نەبێ و ڕۆیشت. بەرەو بەیانی بردینیانە دەرەوە، ئەحمەد ئەفەندیی سەعاتچی و پیرەمێردێکی خەڵکی ئینجیرلی ئۆڤای

**عەبدوڕڕەحمان بەدرخان**

**لە فەرەنسییەوە وەرگێڕانی ئەم دەقە، مالمیسانژ.**

---

"ئیبراهیم" ناو و جەندرمەیەك و دوو گەنجی (میلاس)یان تێکەڵ بە گرووپەکەی ئێمە کرد. بردینیانە شوێنێکی وەك دەروازەی بنکەیەکی سەربازی لە ڕێی پنارباشی و تۆپ-یاتاغی. سەربازی یۆنانی و چەکداری ڕۆمی -خەڵکی ڕۆمیی نیشتەجێی ئەوێ- لە دەوربەرمان بوون. ئیدی لە مەرگ نزیك دەبووینەوە.

چاوشێکی یۆنانی لە سەربازەکانی پرسی: بۆچی تائێستا ئەم کەسانەتان نەکوشتووەو چاوەڕوان ماونەتەوە؟ ئەوانیش لە وەڵامدا وتیان: هێشتا فەرمانی تەقەمان پێ نەدراوە. نیو سەعات تێپەڕ بوو، یەکێك لە ئێمە ناوی عیززەت بەگ بوو کوڕی ئایدینلی حاجی ئاپۆستۆلی ناسییەوە، پێشتر دەیناسی، بانگی کردە لای خۆی و پێی وت:

– ئەگەر تاوانێکمان هەیە با موحاکەمە بکرێین، ئەگەر سزاکەشمان مەرگە ئامادەین بۆ مەرگ. بەڵام گوللەبارانکردن بەبێ موحاکەمەکردن لە دادپەروەریی یۆنانیدا جێی نابێتەوە. نیو سەعات دوتر، فەرمان لە فەرماندەیی‌یەوە هات کە گوللەباران ناکرێین و ڕەوانەی ئیزمیرمان دەکەن، لەوێ لە دادگای جەنگ موحاکەمە دەکرێین.

یۆنانیەکان کە لە جەنگدا شکستیان خواردبوو، ئێمەیان لەگەڵ خۆیاندا برد. لەڕێگە سەرەتا گوندی (کەمەر)یان سووتاندو ئاژەڵەکانیان لەسەر ڕێگا کوشت. دوای سەعات و نیوێك ڕۆیشتن، لەڕێگە گەیشتینە ئینجیرلی ئۆڤا، ئەویشیان سووتاند. لە ئەربەیلی ناوەکانیان نووسین و سواری شەمەندەفەریان کردین. دوو گەنجەکەی میلاس و جەندرمەکەیان هەر لەوێ کوشت. ڕۆژانی دوای ئازادکردنم لەگەڵ ئەو ڕۆمییە کە ئێمەی لەماڵی خۆمان دابوو بەگرت، یەکمان بینی. کاتێ هۆی بردنەکەم (دەستگیرکردنەکەم) لێ پرسی، وتی: فوئاد بەگی بەڕێوەبەریی کاروباری نووسین لیستێکی دوازدە کەسیی ئامادە کردووەو داویەتیە فەرماندەی یۆنانییکان.)) (گویکبەل، ئاسف، ئایدین لە تێکۆشانی نەتەوەییدا، ئایدین، ٢٠٠٥، ل٢٧٤-٢٧٥، ئەوی باسی کردووە: دەمیرئایاك، ل٢٠٣-٢٠٤).

## پاشکۆی (٥)

## نامیلکەیەکی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان

## ساڵی (١٩٠٠) بڵاو کراوەتەوە

ئەم دەقەی خوارەوە، لە بنەڕەتدا ساڵی (١٩٠٠) بەناونیشانی (قیام کردستان– ڕاپەڕینی کوردستان) بڵاو کراوەتەوە. تا ئەو جێیەی بۆم کراوە، هەوڵم داوە دەقەکە وەك خۆی بنووسمەوە، بەڵام لەجیاتیی هەندێك پیتی (د) پیتی (ت)م نووسیوە کە لە زمانی تورکیی ئەمڕۆدا بەکار دێ. بەرامبەر بەو وشانەی کە دڵنیا نەبووم لە دروست خوێندنەوەیان، نیشانەی پرسیارم لەناو کەوانەدا داناوە.

**ڕاپەڕینی کوردستان**

**نووسینی: عەبدوڕڕەحمان بەدرخان پاشا**

**ساڵ: ١٣١٨/١٩٠٠**

بنکەی ژین
www.zheen.org

(١)

لە ماوەی پێنج تا دە ساڵەوە هەندێك کوشتاری نامرۆیی‌یانە لە کوردستان ڕوو دەدەن. ئەرمەنەکان، هاوار دەکەن، حکوومەت، ئەو حکوومەتە داماو و نەزانە هاوار دەکا. تەنانەت دەوڵەتە بیانیەکانیش کە دەیانەوێ هەر دڵۆپە خوێنێکی ڕژاو لە هەموو لایەکی ئەم جیهانەدا بکەنە دەرفەتێك بۆ بەدەستهێنان و دابینکردنی بەرژەوەندکانیان، هاوار دەکەن، کەس پێیان ناگا، کام لایەن هەقبەدەستەو کامیان ناهەقی دەکا.

یەکێك دەقیڕێنێ و ئەوی دیکە هاوار و بانگ دەکا، یەکێك هەڵدێ و یەکێك دەر دەکەوێ. بە کورتی: ئەگەر پرسیاری ستەملێکراوەکەی بکەی، ستەمکار خۆی دەر دەخا. ڕاستیی ڕووداوەکە ئەوەیە کە ئەرمەن و مەقدۆنی و ڕۆمی و بولگاری و عەرەب و هەموو ئەو میللەتانەی کە بێچارەی دەستی تاکڕەوی و زۆرداریی شێتانەی ئەنگلیزیسیۆذ[ێکن] (دادگای پشکنین) کە حکوومەتی عوسمانی بە هەیئەی ئیجتماعییە (دەستەی کۆمەڵایەتی) ناوی ناوەو ئەو میللەتە داماوانەش لەجیاتیی داواکردنی سەربەخۆیی، پەنایان بردوەتە بەر داواکردنی مانەوەو ژیان.

بەخت یار نییە تا بتوانین مێژووی دووروودرێژی ڕوودانی ئەو ئارەزووە بەوردی بنووسین. بە کردەوە دواین ویست و ئارەزوەکانیان لە کۆنفرانسی بەرلین ئاشکرا کرد، بەڵام کارەکە پەك خراو ئەو پزیسکی ئاگرە بە خۆڵێکی زۆر پیسی فەرامۆشییەوە داپۆشرابوو. بەڵام مەخابن لەناو فەرمانبەرو ئەرکدارانی دەوڵەتی عوسمانیدا کەسانێکی[193]، لەو جۆرە سیاسەتانەی ئەرمەنەکان ئاگادار بوون. ئەو گەورە بەڕێزانە هەر لەزووەوە دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە بۆ ئاگاداربوون. ئەرمەنەکانیش -وەکوو وتم- هەرچەندە مەیلی هەڵچوون و خرۆشانیان تێدا بوو، بەڵام کپ کرابوونەوە. ((هەر کە زخم خورد البتە فغانی دارد)) (هەر کەس بریندار بێ، هەڵبەت ئازارێکی هەیە)، بەڵام لەبەر ئەوەی فەرمانبەرو کاربەدەستە نەزانەکان هەوڵیان دەدا لە ڕێی بوختانهەڵبەستنەوە، پلەوپایەی خۆیان بەهێز بکەن،

---

[193] لێرەدا دوو وشە نەخوێندرانەوە.



هێندێ سەرخێڵ بۆ وەرگیران لە لیواکانی حەمیدییە لە ماردین کۆ بوونەتەوە (١٩٠٤) (لەوانەیە -بەپێی پەلکی درێژی قژیان- ئێزدی بن)

بنکەی ژین
www.zheen.org



هێندێ سەرخێڵی خەلەجان، بۆ پێکهێنانی لیواکانی حەمیدییە لە ماردین کۆ بوونەتەوە (١٩٠٢)

ئەرمەنەکانیش گوتیان: ((مادام بەبێ ڕاپەڕین، بە یاخی لەقەڵەممان دەدەن، ئێمەش ئەوەی لەدەستمان بێ، ئەنجامی دەدەین)) و دوای ئەوەش ڕووداوی ئەو کڵێسەیەی کە دەزانرێ قەوما.

لە تورکیا هیچ شتێك لە خراپە هەمەگیرتر نییە. ئەگەر فەرمانبەرێك خراپەو گەندەڵییەك بکا، هەموو ئەوانەی (فەرمانبەرانەی) کە گوێیان لێی بووە، لاساییی خراپەکەی دەکەنەوە. لە هەموو لایەکەوە دەگوترا ((ئەفەندم! لای فلأنە ئەرمەن ئەو کاغەزە دۆزراوەتەوە))، یان فلأنە ئەرمەن دووکان وتوویەتی: ئاخ چیمان بەسەر دێ. هەرچەندە لەناو متمانەپێکراوانی شاردا (؟؟)[١٩٤] فلأنە ئەرمەن هیچی نەگوتبێ و هیچ شتێکیشی پێوە نەگیرابێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێی تێچووە شتی لەلابێ و گومانی لێ کراوە، دەست کراوە بە قسەکردن لەبارەی ئەوەوە کە باشتر وایە بۆ فلأنە شوێن دوور بخرێتەوەو شتی لەو بابەتە بەرگوێ دەکەون. تەنانەت ئەوەشمان بیستووە لە شوێنێکی ئانادۆڵ کە هیچ ئەرمەنێکی تێدا نییە، پارێزگار هەوڵی داوە کەسێکی پایەبڵندی موسڵمان کە بەگی بەگەکانی ڕۆمەلی بووە، بە تۆمەتی [هەوڵدان] بۆ میرنشینی ئەرمەنی لەناو بەرێ. ئەرمەنەکان بە ئەندازەی بوڵگارو مەقدۆنیەکان لە فێڵەکانی ڕاپەڕین و شۆڕشدا شارەزاو لێهاتوو نین. لە ڕووی فیکریشەوە بە ئەندازەی ئەوان پێش نەکەوتوون و نەگەیشتوونە شارستانێتیی هاوتەرازی ئەوان. ئەو بێچارانەش لەم شۆڕشەدا وتیان: ((کەواتە.. ئێمەش ئەوەندە گرنگین توانیومانە ئەم حکوومەتە سەرقاڵ

---

[١٩٤] لە دەقە ئەسڵییەکەشدا دوو نیشانەی پرسیار دانراوە.

بکەین)) و درێژەیان بە کێشەو گرفتەکە دا. یەکەمجاریش پارێزگارەکان هەڕەشەی توندیان لێ کردن و دواجاریش هاوولاّتیان دەستیان کرد بە لێدان و کوشتاریان و بەو جۆرە کارێکیان پێ کردن وەك ئەوە وابوو پێستەکانیان دەر بێنن.

بابی عالی، چ ڕێبازێکی سەیروسەمەرەی گرتبوە بەر! ئەو فەرمانبەرانەی کە کوردستان و ئەنادۆڵیان تەخت و تالاّن کردبوو، (کە لە باوەشی وەفای ئەودا [پادشا] پێ گەیشتبوون و گەورە بووبوون)، ئەو منداڵە وەفادارانە چۆن باوکی خۆیان فەرامۆش دەکرد؛ یانی هیچ (بابی عالی)یان فەرامۆش دەکرد کە بیر و بۆچوونەکانی وەك ڕەنگی دیوار بەردەوام لە مێشکیاندا بوو!

لە ولاّتانی عوسمانیدا کە دەریایەکی گەورەی بەزەیی و میهرەبانی و ئۆقیانووسی دادپەروەری و نەرمی نواندنە، بە زمانێکی ناسك و نەرم وەرگرتنی فیدیەی ڕزگاربوون لە ئەرمەنەکان کە لە یاسای سزادا حاشا! بە بەرتیل ناو دەبرێ[195]، کارێکی تایبەت بوو بە پشتیوانەکانی فەرمانبەرە گەورەکانی بابی عالی. ئەوانە زۆر جار ئەو جۆرە کارانەیان بەناوی ((خزمەتکردن))، ((دۆزینەوەی چارەسەر))، ((سزادان))، ((دیدار))، ((هەڕەشە)) و هەندێك جاریش بەناوی دیارییەوە ئەنجام دەدا. بەلاّم ئەی پادشا چیی دەکرد؟ ئاگای لەم بارودۆخانە نەبوو؟ ئەنجامەکانی ئەو بارودۆخە وەك ئەنجامی ئەوە نەبوون کە نامەبەری

[195] لە دەقە ئەسڵییەکەدا ئەم وشەیە بەپێتی عەرەبی بە (تسمیسە) نووسراوە، بەلاّم وادیارە ئەوە هەڵەیەو دروست (تسمیە)یە.

وان جووتیٚ پشیله بنێریٚ، بەڵکوو دەیتوانی دواجار ببێته هۆی ئەوەی کە گرنگیی بەشێك لە دەوڵەت لەکیس بچیٚ و کوردەکان لەو بەینەدا بۆ خۆیان بمێننەوەو وڵاتانی عوسمانی تووشی بەڵایەکی خراپتر بن لەوەی کە بەسەر ڕۆمەلیەکەیدا هاتووە.

دەبیٚ ددان بەوەدا بنێین کە ڕەوتی جووڵانەوەو ڕەفتاری پادشا لەم بارەیەوە، هێشتا بە تەواوی ڕوون نەبوەتەوە. لەبەر ئەوەی کەسانێك لەناو ئەرمەنەکاندا هەبوە گیانی خۆیان بەخت بکەن، جاربەجار لە ڕێی لێبوردنێکی گشتییەوە دڵی ئەرمەنەکانی خۆش دەکرد، هەرچەندە وای دەردەخست کە لێدانی خەنجەرێکی کوشندە لە دڵی هێزی مەعنەویی حکوومەت خەون و خەیاڵە، بەڵام دوای دەستوەردانێکی کەم و بچووکی ڕووسیا لە ڕووداوەکەی ئەستەمووڵ، عەبدولحەمید کە ترسنۆکیی کردبوە پیشەی خۆی، وتی: ((ئێمە لە ئەستەمووڵ لە یەکدوو ماسیگری ئەرمەن ترساین و هیچمان پیٚ نەکرا، بەشکەم ئێوە لە کوردستان شتێك بکەن)) و سەربازی بەکار هێنا بۆ ئەوە لە کوردستان شتێك بکەن و سەربازی بەکار هێنا بۆ لێدان و لەناوبردنی خاووخێزان و کەسانی ستەملێکراو و بیٚتاوان. بەوجۆرەش هەبوونی ناهاوسەنگییەکی وەها لە ڕەفتارەکانیدا عەقڵەکانی ڕادەوەستاند. کارەکان بەو جۆرە چوونە پێشەوە، وردەوردە کوشتوکوشتار و تاڵانی بچووك سەریان هەڵدا. چۆنیەتیی ڕوودانی هەموو ئەو ڕووداوانە بەپێچەوانەوە بە حکوومەتی ناوەندی ڕاگەیێنرا. هەروەها ئەوەش ڕاگەیێنرابوو کە ئاڵۆزیەکە لە هەندێك شوێندا زۆرتر بووەو لەوانەیە

هەندێك شت ببنە هۆی ئەوەی كە ڕووداوەكان تەشەنە بكەن و بگەڕێنەوە ئەستەمووڵ خۆی. بە بۆچوونی هەژارانەی من، ئەوانە بوونە هۆی وورووژاندنی قین و نەفرەتی پادشا خۆی. ئەو كاتەش بوو كە زەكی پاشا دەستبەكار بوو.

پادشای ناوبراو زۆر بەوردی لێكۆڵینەوەی لە ڕووداوە وردو بچووكەكان دەكرد. بەڵام بە تەبیعەتی حاڵ– ئەویش پیاوێكی باش نەبوو. ئەو موبارەكەش لە ڕیزی تاڵانچییەكان بوو، لەو جۆرە موتەسەڕیفە بچووك و پارێزگارە كەم‌وكورتانە نەبوو كە تاڵانی شوێنی ڕووداوەكە بەشی بكا. ئەو، خەیاڵی سەرچاوەیەكی فراوان و –كەم‌وزۆر– گەورەی زێڕو زیوی خستبوە مێشكی خۆی. نازانین لە ئەستەمووڵ چیی كردووە (سەعادەتول نازم ئەفەندیی بێچارەی كاتبی تایبەت ئەو شتانە دەزانێ كە ئەو بۆ ئەدەنە دووری خستوەتەوە)، هەرچیی كردووە كردوویەتی. لێكۆڵینەوەو هەوڵدانێكی بچووكە بۆ تێگەیشتن لە ڕاستیی ئەوەی دەر دەخست كە گومانێكی بچووكیش نییە لەوەی كە ئەو باشترین و دەسپاكترین بەڕێوەبەر بووە بۆ ئەستەمووڵ، بەوجۆرەش وەكوو برووسكەی بەڵاو نەهاتی، چەندین ئاژاوەو كێشەی خستەی سنووری دەسەڵاتی سوپای چوارەم. خوێن دەڕژاو لە مێژووی دنیاشدا ئەوەندە ڕەفتاری نامەردێتی و كاری شێتانە نەبینراوە. ئەگەر كوردستان بەپێی سروشتی خۆی شێتخانەش بوایە، دیسان بەو ئەندازەیە بارودۆخی سەیروسەمەرەی تێدا دروست نەدەبوو.

زاڵم و مەزڵووم، هەردوكیان دەبوونە ستەملێكراو! زەكی پاشاش هەم بەشێك لە كوردەكانی سەركوت دەكرد، هەم ئەرمەنەكان؛ نەدەزانرا چ

لایەنێك هێرشکەرەو کام لایەنیش ستەملێکراوە. زەکی پاشا، بەر لە هەموو شتێك پیاوەکانی کوردی حەمیدییەی بردە لای خۆی کە ڕەحمەتی موشیر شەوکەت پاشا بە مەبەستێکی نیازپاکانە پێشنیاری دامەزراندنی کردبوو. ئیمتیازگەلێکی هاوشێوەی ئەو ئیمتیازانەی کە شەش سەد ساڵ بەر لە ئێستا بۆ پاپا گرنگ بوون) دران بە هەریەك لەو پیاوانە.

بۆ نموونە، نەدەبوو هیچ یەك لەوانە لە هیچ دادگایەکدا موحاکەمە بکرێن. دادگا سەربازیەکان، سەربازبوونی ئەوانەی پەسند نەدەکرد، دادگا مەدەنیەکانیش بە پاساوی ئەوەی کە ئەمانە سەربازن، نەیاندەتوانی موحاکەمەیان بکەن. زەکی پاشا، دوای وەرگرتنی مۆڵەتی پادشا، بە شێوەیەك کە ئەوانە بەرپرس نەبن، هەریەك لەوانەی نارد تا هێرش بکەنە سەر شوێنێك. ئەمانە مەترسیدارترین چەتەو خوێنرێژەکانی دنیا بوون، چونکە پارێزراو بوون، ناوی مرۆترسێنی حەمیدییەشیان هەڵگرتبوو. کاتێ دەچوونە هەر گوندێکی ئەرمەن، کورد و تورك، نابووتیان دەکرد و بە کوشتارو تالأن سەفەرەکانی خۆیان دەست پێ کرد. ئەمانە، یانی گەورەکانی کورد، پشتیان بەوە بەستبوو کە بەهۆی وەرگرتنی بەشێکی کەم لە دەسکەوتەکان، ئەوانیش دەوڵەمەند بووبوون[١٩٦]. وەك چۆن لەناو هەموو میللەتێکدا کەسانی خراپ هەن، ئەم کەسانەش لە خراپترین کەسەکانی ناو کوردان هەڵبژێردرابوون و لەبەر ئەوەی دەیانزانی سزای هیچ یەك لەو تاوانانە کە ئەنجامیان دەدەن، وەر ناگرن، تەنانەت بەربەرەکانییان لەگەڵ کوردە

---

[١٩٦] ئەم ڕستەیە لە دەقە ئەسڵییەکەدا ناتەواوە.

بەناموسەکانیش دەکرد. ئەو بەربەرەکانییە جێی شانازی بوو بۆ ئەوان و زەکی پاشاش لە ئەنجامی ئەو شانازیکردنانەی ئەوانەوە کە مایەی شەرمەزاری بوون بە گەواهیی نەملیزادەکان دووسەدوسی هەزار لیرەی لە بانك هەڵگرتبوو، ئەمەش دەستکەوتێکی سووك و هیچوپووچە. لەو دواین جارەی کە شاکر پاشا لە کوردستان بوو، ئەو بڕە پارەیە سەدوپەنجا هەزار لیرە بووە کە بەهۆی سەبری ئەفەندییەوە لە ئەرزڕۆم، لە ترابزوون دەخەوێنرا. زەکی پاشا بۆ خۆی پیاوەکانی حەمیدییەی کردووە بە جزیەگوزار [و: جزیە جۆرە باجێك بووە لەسەر ناموسڵمانەکان لە وڵاتانی ئیسلامیدا]، نێوان پێنجسەد لیرە تا دووهەزار لیرەشی بەگوێرەی گەورەیی و بچووکییان لەو خێڵانە وەر گرتووە کە بۆ گەیشتن بە لێبوردنێکی ڕەها یا خۆپاراستن، دەیانویست ناوی ئەندامانی خۆی لە بەشی پیاوەکانی حەمیدییەدا تۆمار بکەن.

تا ئێرە لەناو قسە و گێڕانەوەکانماندا سێ شت هەن، نامانەوێ بە بوختان و درۆودەلەسە لەقەڵەم بدرێن. ئەرکانی حەمیدییە بەبێ هەڵەو کەموکوڕی دادەنرێ. وتبوومان ئەوانە سزا نادرێن و تا ڕۆژی ئەمڕۆش هیچ یەکیان سزا نەدروان. ئەوانەی بڕوا ناکەن با لێکۆڵینەوە لە بانگەوازەکانی قولی خان و ڕزۆ بەگ[197] و ئەمین پاشا بکەن.

---

[197] باسی ڕزۆ بەگو قولی خان لە لاپەڕە ٤ی ١مارە ٢٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا کراوە، بەڵام بەهۆی هەڵەی چاپەوە لەبریی قولی خان "قولینجان" نووسراوە. ئەو ڕستەیە کە ناوی ئەو دوو کەسەی تێدا هێنراوە، بەم جۆرەیە: ((کە ڕزۆ بەگو قولینجان لەناو خۆتاندان، وەك شتێکی دژ بە ناموسی نەتەوەییی خۆتان لەقەڵەمی بدەن.)) م. ئەمین

مەخڵووقێکی وەك ڕزۆکە بەپێی بەڵگەو شایەتەکان، کوشتنی چل‌وپێنج کەسی موسڵمان و مەسیحیی بەدەستی خۆی و وێرانکردنی خانوەکانی چەندین قەزاو ناحیە و دەسدرێژیکردنە سەر ناموسی خەڵکی بەسەردا ساغ بوەتەوە، لەگەڵ شەست سواردا هاتوەتە بەردەم شارەوانیی بتلیس و پارەی بەسەر هەژارو نەداراندا بڵاو کردوەتەوەو لەلایەن هەموانەوە چەپڵەی بۆ لێ دراوەو دروشمی (بژی)ی بۆ گوتراوە. جگە لەوە، لە بازاڕی پارێزگادا چوارپێنج بەدبەخت کە سکاڵایان لەسەری هەبوە، دارکاریی کردوون و دوای چەند ڕۆژ خوشگوزەرانی و ڕابواردن، بەبێ ئەوەی سەر لە گەڕەکی حکوومەت بدا، گەڕاوەتەوە بۆ شوێنی خۆی. ئەم زانیاریانەمان لە نامەیەکی گرنگ و دووردرێژەوە وەر گرتووە کە ئەو کاتە لە بتلیسەوە پێمان گەیشتبوو و ئێمەش بەم زوانە بە ئینگلیزی و فەرەنسی بڵاوی دەکەینەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

بۆزئارسلان نووسراوەکانی ئەو ڕۆژنامەیەی نووسیوەتەوە، ئەم ڕستەیەی وەها نووسیوە: ((کە ڕزڤیکاری قولانجان لەناو خۆتاندان، وەك شتێکی دژ بە ناموسی نەتەوەییی خۆتان لەقەڵەمی بدەن.)) (کوردستان، ڕۆژناما کوردییا پێشین، ١٨٩٨–١٩٠٢، بەرگی ٢، ل٤٤٣.) بۆزئارسلان لە پەراوێزی وشەی (قولانجان)دا کە هیچ مانایەکی نییە، ئەمانەی نووسیوە: ((وا دەر دەکەوێ ئەم وشەیە قوڵ ئاچان بێ کە مانای کەسێك دەدا چاودێریی دەوروبەر بکا)). بۆزئارسلان ئەو ڕستەیەی بەم جۆرە سادە کردوەتەوە: ((ئەگەر کەسانێکی پیس‌خۆر کە چاودێریی دەوروبەریان دەکەن، لەناوتاندا بن، ئەوە بە پێچەوانەی ناموسی نەتەوەییی خۆتان بزانن.)) (کوردستان ڕۆژناما کوردییا پێشین، ١٨٩٨–١٩٠٢، بەرگی ٢، ل٤٤٩).

جگە لەوە، "قولی خان بەگ"، لە گوندێکی سنووری نێوان بتلیس و حەسەن قەلە، بیست‌وحەوت کوردی موسڵمان و نزیکەی نۆ دە کەس ژن و منداڵی ساوای کوشتووە، سەرەڕای ئەوەش- لە بازاڕی ئەرزڕۆم نێرگەلەی کێشاوەو هیچ کەس تەنانەت پرسیارێکیشی لێ نەکردووە. ئەمانەش هەمووی لە نامەیەکی خزمێکی قولی خان‌دا هەیە کە بۆ ئێمەی ناردووەو دەتوانین بۆ هەموانی بڵاو بکەینەوە.

زوڵم و ستەمە تاقەت‌پڕووکێنەکانی "ئەمین پاشا"، لە دەوروبەری (وان)، لە ئاستی جیهاندا ئەوەندە سەیروسەمەرە بوون کە تانانەت حکوومەتەکەشمان شەرمی لێ دەکردن، ناتوانین بڵێین شەرمی کرد، بەڵکوو ترسا و بە شێوەیەکی شکۆدار و ڕێزدارانە ئەو کابرایەی دوور خستەوە. دواجاریش هەوڵی ئەوەمان پێ گەیشت کە لێی بوردوون.

(٢)

حکوومەتی ناوەندی، یانی بابی عالی -بە گوزارشتێکی دروستتر- عەبدولحەمید چی دەکا؟ با بڵێین گواستنەوەی پارێزگارەکانی دیاربەکرو سیواس و ترابزوون و بە گوزارشتی بابی عالی ئەدەب دادان و تەمێکردنی ئەرمەنە بێ‌مێشکەکان وەك فەرمانبەرێکی دەوڵەت ئەرکی زەکی پاشا بووە. با بە وردی بیر لەم کارە بکەینەوەو بیهۆنینەوە. با وای دابنێین لە ڕاستیدا ئەرمەنەکان یاخود بەشێك لە کوردە پاکەکان، یاخی بوون و پێویستە سەرباز بنێردرێتە سەریان و حەمیدییەیان بۆ ڕەوانە بکرێ و چی دەبێ با ببێ و ئەمەش بە ئەرکی حکوومەت لەدژی دوژمنانی بزانین، بەڵام ئەی خەڵك و هاووڵاتیان چی دەکەن؟ ئەوان بۆچی دەست لەو کارە وەر

دەدەن؟ ئەوان نازانن بۆچیو دەست لە چی وەر دەدەن؟ ئایا هێرش دەکەنە سەر دوژمنانی دینو ناموسی نەتەوەییمان؟ ئەگەر پێویستە خەڵك هێرش بکاتە سەر ئەو دوژمنانە، ئایا پێویست نەبوو لە ئەستەموولەوە دەستیان پێ بکردایە؟ بۆ نموونە، ئایا جەنابی موسیۆ ماکسیمۆڤ گەورە وەرگێڕی باڵیۆزخانەی ڕووسیا کە خێرخوازانی سەڵتەنەتی گەورەی عوسمانییە، بە گۆچانەکەی خۆیەوە سەرپەرشتیی ڕووداوی بانکەکەی نەکرد؟ زللەی لە کەسێکمان نەدابوو؟ ئەو کاتە وەرگێڕی بەڕێز بە دەستە چەپەڵەکانی خۆی وەك شەڕەنگێز زللەیان لە دڵی پاکی موحەمەد نەدابوو؟ بۆچی خەڵکی دۆست و نیازپاك لەوکاتەدا هیچیان نەکردبوو؟ نەیاندەتوانی هیچ بکەن!

ئەم حکوومەتە، نەك هەر نایەوێ هاووڵاتیان دەست لە کاروباری مەسەلەیەکی گشتی وەر بدەن و بەشداریی تێدا بکەن، بەڵکوو نایەوێ کارەکانی خۆشییان ئەنجام بدەن. جگە لەوە، هەتا دواین دڵۆپی خوێنی ئەو کەسانە دەکا بە قوڕگیاندا کە دەڵێن: ((گیانە من بەناهەقی زیانم بەرکەوتوو)) و تەنانەت قەناعەت بەو سزایانەش ناکا. ئەمە حکوومەتێکی بێعەقڵ و بێهەست و فرمێسكڕێژە. بەڵێ، ئەو خەلیفەیەی کە بە عەبدولحەمید ناو دەبرێ، حکوومەتێکی وەهای پێك هێناوە. لەبەر ئەوە هاووڵاتیان خوێنی خۆیان خواردەوەو سەیری ئەو ڕووداوەیان کرد، چونکە موسڵمانەکان دڵنیان لەوەی کە ئەوان – لەچاوی خەلیفەکەیانەوە– لە ئەرمەن و بوڵگارو یۆنانی و قەرەداخیەکان [مۆنتینیگرۆ] خراپترن، چونکە ئێمە بەوەی ئەوان

www.zheen.org

تێکشکاین و ئێمەش هیچمان لەوان نەکردبوو. باوك و منداڵانی دانیشتوانی گرید بە یۆنانیەکان لێدانیان خوارد و کوژران. شەرەف و نامووسیان پێشێل کرا.

دواتر وەك ئەوەی کە جارێکی دیکە ئەو جۆرە ستەمکاریانە ڕوو نادەنەوە کە زمانداڕەکانیان دەهێنایە گریان، ((ئەو کەسانەی کە هاتنە ژێر باڵی پڕ لە بەختەوەری و سەلامەتیی خەلیفە - سێبەری خودا-" لەلایەن عەبدولحەمیدەوە بۆ ترابلووسی غەرب دوور خرانەوە.

بە سادەیی باسی بکەین: کارەکەی کوردستان بەم جۆرە نەبوو، ئەی خوێنەر، ئاگات لە ئەرمەنە داماو و بێچارەکان بێ.

باسی داماو و بێچارەکانیان دەکەم، مەبەستم کەسانی وەك ئونجیان و ئاپیك و چایان ئەلباس دادیان ئارتین[198]نییە کە سەعات پێنج لەگەڵ خاتوو ماکسیمۆڤدا چا دەخۆنەوەو لە قاسەکانیاندا پارەیان زۆرەو دەسەڵاتیان هەیە. حکوومەت بەرامبەر بە دەستدرێژیی هاووڵاتیان بۆ سەر هەندێك لە بێچارەکانیان [ئەرمەنەکان] چاوپۆشیی کردووە. لەلایەکەوە لەو شوێنانەی کە دەستدرێژییەکان لەوێ ڕوویان دابوو، فەرمانبەران بە ڕاستی و دروستی ڕووداوەکانیان وەك خۆی نەدەنووسی، یانی ئەرکدار کرابوون بەوەی کە نەیاننووسن. لەلایەکی دیکەوە، حکوومەتی ناوەندی وەك عاشقێك کە (پەردەی کچێنی)ی خۆی ببەخشێتەوە [خۆشەویستەکەی- وەرگێڕ] بە نووسراوی ڕەسمی بە پارێزگاری ڕاگەیاندووە بەرامبەر بە دەرکەوتنی خراپەکاری و

---

[198] دەبوو وێرگول لەنێوان ئەو ناوانەدا هەبوایە، بەڵام دەقە ئەسڵییەکە تێیدا نییە.

یاخیبوون ڕاوەستێ و ڕێ نەدا "ئاسایش و ئارامیی هاوولاّتیانی دڵپاك تێك بچێ و بۆ ئەوەش لەکاتی پێویست و کاتی ڕووداوەکاندا هێزی پۆلیس بەکار بێنێ‌و مەقامی پایەبڵندی سوپاسالاریش ئاگادار کراوەتەوە لەکاتی پێویستدا [پارێزگار] بتوانێ سوود لە هێزی سەربازیش وەربگرێ)).

ئەم حکوومەتە بە هیچ جۆرێك تەحەمولی دەستوەردانی هاوولاّتیانی لە کاروبارەکاندا نەدەکرد. ئەمە جۆرە پەشێمانییەك بوو؟ حاشا، ئەو حکوومەتانەی کە دەرك بە تاوانەکانیان دەکەن، پەشێمان دەبنەوەو شەرم دەکەن. ئەی چی بوو؟ وا دیارە ئەوە گرتنەبەری ڕێوشوێن و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندێکی شەخسی بوو، بەرامبەر بە دەمارگیریی کوردەکان و هەرجۆرە ئەگەرێکی دیکە. بەڵێ وەها بوو. ژیان لەلای کورد زۆر هەرزانە. بەشێکی هەیە بەهۆی هەوڵدان و کۆششی چەندین ساڵەی حکوومەتەوە [و. دەمارگیریەکەیان] گەیشتوەتە پلەی کۆتایی. ئەوان بە جۆش‌وخرۆشێکەوە ڕق و نەفرەتی حکوومەتیان لە ئەرمەنەکان و هەموو دوژمنانی دین پەسند کردووەو هەندێك لە هەژاران و نەزانەکانیش دەستدرێژییان کردووەتە سەر ژمارەیەك کەسی لە خۆیان هەژارتر و داماوتر و چاویان بڕیوەتە مریشك و مەڕەکانیان. ئایا [هەوڵدان] بۆ ئەمەی بەو جۆرە ڕەفتار بکەن، کارێکی وردو زیرەکانەی دیپلۆماتی نییە؟ ئەویش بەو کارە دیپلۆماتیەی خۆی شادمان بوو کە سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە تەفروتووناکردنی خەڵکانێکی چوار ملیۆن کەسی و ئێستایش لە شادی و خۆشیدایە.

لەلایەکی دیکەوە، بەشداریکردنی خەڵك و دانیشتوان لە کوشتارەکانی کوردستان و ئەنادۆڵدا ڕەهەندێکی دیکەی هەیە. فەرمانبەران و کاربەدەستانی حکوومەت پێویستییان بە دەسکەوتەکانی خەڵك هەبوو. ئەگەر لەسەر کارەکەی لابرا [و. چی دەبێ] چوار مانگ بەر لە ئێستا موتەسەڕیف بەگ پێنج سەد لیرەی داوەتە حاجی ئاغای خزمەتکاری سەدری ئەعزەم.

هێشتا دوو [و. ؟] بووە کە لە ڕێی مەکتووبی بەگەوە ژمارەیەك قاڵی و بەرماڵی بابیی سەدوپەنجا لیرە ناردووە بۆ سەعید بەگی مۆردار تا کوشکەکەی فەرش بکا؟ ئەی چی بە والییە بێچارەکە بگوترێ؟ دوێنێ دوو بەگی کاتبی تایبەتی [و. پارێزگار] هەزار و شەشسەد لیرەی لە بانك وەر گرتووە. ئەو پارەیە بۆ ... بەگە کە لە هاودەمو کەسانی نزیکی پادشایە. ئاخ! دەروێش پاشاش مرد. ئەگەر ئەو بمایە، والی پاشا ئەوەندە بێکردە دەمایەوە؟ جگە لەوە، موفتی ئەفەندی دوژمنی فلانە خێڵە. لەگەڵ یەکێك لە داروودەستەکەی زولفیقار پاشای ئەندامی ئەنجومەندا نێوانی خراپە. والی پاشا بە شێوەیەکی سیاسی، هەردوولای بەڕێوە دەبرد و دڵی هەردوولای ڕادەگرت. لەبەر ئەوەش پێویست بوو وەڵامێك بۆ دوورخستنەوەی بنێرێ بۆ ئەستەمووڵ.

بابی عالی، خۆی لە خۆیەوە نامەبەرێکی ناردووەو ئەو ئاماژە نهێنیانەش بە شاراوەیی ماونەتەوە. (...) بەگ سەرەتا کراوەتە جێگری عەمباری خۆراکی ترابزوون و دواتر کراوەتە مۆردار و دواتریش پلەکەی بۆ قەڵەمی تایبەتی بەرز کراوەتەوەو دواتریش ئەم

حکوومەتە ڕێزگرو قەدرزانە، هەمان ئەو پلەی یەکەم و دووەمی باڵای عوسمانییەی کە بە ڕەحمەتی کەمال بەگی دابوو، بەخشییە نامەبەرەکە. هاووڵاتیان و دانیشتوان بەم جۆرە بەشدارییان لە کوشتارو تاڵانەکاندا کرد. با عەبدولحەمید هیچ گومانێکی نەبێ لەوەی کە ئەم جۆرە دەستوەردانانە ڕۆژێك کاریگەرییەکی پێچەوانەی توندو ئازاربەخشیان دەبێ. ئەو خۆی لە خۆیدا هەر کارێك دەکا، لەدژی خۆی ئەنجامی دەدا. ئەوەی کە ئەو بە خۆی کردووە، لەم دنیایەدا هیچ کەس و هیچ ناڕازی و هیچ دوژمنێکی لەدژی ئەو نەیکردووە. ئاگادار بە و گوێت بزرنگێنەوە ئەی سەرای پیتەرهۆف!

حکوومەت لەوبارەیەوە وردو لێهاتوو بووە کە ناتوانین بەبێ باسکردنی تێپەڕ بین. ئەمڕۆ ئەو شوێنانەی کە کوشتارو تاڵانکردنی ئەرمەنەکانیان تێدایە، هیچ هاووڵاتیەکیان تێدا دەوڵەمەند نییە. هیچ تاکێك لەو ئاستە تێپەر نەبوە کە بەر لە کوشتارەکە هەیبوە. وەك جاری جاران هەموویان پێپەتین و ساوەرەکەیان زیخی تێدایەو عەبایەکی ئاساییشیان لەبەردایە. ئەی ئەو شتە وردانەی کە ئەوان دەیانبرد، چیی لێ هات؟ بەڵام ئەم حکوومەتە تاڵە قاپی دۆشاو و هەنگوینەکەشی لێسایەوە. تەنانەت لەو کاتانەدا حکوومەت پەنجەی هەندێك لەو کەسانەشی قرتاندو خوارد کە دۆشاوو هەنگوینیان کۆ دەکردەوە.

بەر لە کوشتارەکان، سەروەت و سامانی خەڵك بە شێوەیەکی ڕێژەیی [باش] بوو. بەڵام ئێستا بارودۆخەکە خراپە. تەنانەت موسڵمانەکانیش ناوێرن کاری بازرگانیی هێنان و بردن بکەن. لە

نامەیەکدا کە بە ئینگلیزی و فەرەنسی تەرجومە کراوە، باسی وردەکاریەکانی شەڕێکی نێوان خەڵك و پیاوەکانی حەمیدییەم کردووە لە گوندی (بیسمل) کە نۆ سەعات لە دیاربەکرەوە دوورە. بازرگانەکان چۆن دەوێرن کارەکانیان بکەن. سیواس، بە تەواوی خاپوور بووە. ناوەندی پارێزگای خەرپووت لە گوندێکی خراپتری لێ هاتووە. موسڵمانە دەسترۆ و دەوڵەمەندەکان ماڵەکانیان گواستوەتەوە بۆ ئەستەموولٚ و شوێنەکانی دیکە. لەناو ئەرمەنەکاندا ئەوانەی توانیویانە بۆ ڕووسیا و ڕۆمانیا هەڵاتوون. ئەوانەش کە هەڵنەهاتوون و ماونەتەوە، ئەو هەژارو داماوانەن کە توانای دارییان بۆ شوێنێك لە دووریی دوازدە سەعاتەوە دوور بکەونەوە.

ئەو وڵاتانەی کە ئەم جۆرە شتانەیان تێدا بێ، سامان و ئاوەدانییان لێ هەیە؟ بتلیس، بە بەردە ڕەشەکانەوە وەك گۆڕستانێکی ترسناکی لێ هاتووەو ئاوەدانترین بیناکانی ئەرزڕۆم بوونەتە سەربازگە و بنکەی سەربازیو[ئەو شارەش] وەك بنکەی سەربازیی زوڵم و ستەمی لێ هاتووە. پارێزگارە بەناموسەکان خەمناك و دڵگران و بێناموسەکانیش -کە زۆرینە پێك دێنن- بە بەردەوامی خەریکی ستەمکارین. دەوڵەتی گەورەی ئیسلامی پەڕۆیەکی دەست ناکەوێ تا [برینەکانی خۆی - و] پێ داپۆشێ. لە هەر شوێنێك هەموو کەس دەگرین، زاڵم و مەزڵووم دەگرین، هەژارو دەوڵەمەند دەگرین، بایەقوشەکان و بێگیانەکانیش دەگرین. وەکوو ئەوە وایە خۆری خێرو بەرەکەت لەوێ بۆ سووتاندنی هەژاران هەڵبێ. مانگ ڕێ بە پیاوکوژێك

نیشان دەدا، ئەستێرەکان بە سەرسوڕماوییەوە سەیر دەکەن. هەتاو بە خەمناکی و دڵگیرییەوە نهێنی و ئاشنایی دەر دەخا [هەڵدیٚ- و].

ئەی عەبدولحەمید، ئەی پادشا، ئەی خەلیفە، ئەی ئەو کەسە چەپەڵەی کە دەبیتە سێبەری خودا، ئەم بارودۆخە چییە؟ ڕوخساری ئەم میللەتە ڕۆژێکی هیوا نابینیٚ؟

له دنیادا ئێمەین، ئێستا وتەی هەمیشەیی بڵیٚ
ئەی خودا کەرەمێك، تاهەتایە بە منەتی دیدار

(٣)

ئەی چی دەبیٚ؟ ئەم بارودۆخە بەردەوام دەبیٚ؟

ئێمە لەبەر کزیی نیشتمانپەروەری و لەجیاتیی مردن، مانەوەو بەردەوامبوونی ئەم بارودۆخەمان هەڵدەبژارد، بەڵام ئایا ئەمە شتێکی شایستەو گونجاوە؟ یاساکانی سروشت ڕیٚ بە بەردەوامیی ئەم بارودۆخە دەدەن؟ ڕووسیا بە هیوای ئەوەیە دەوڵەتی عوسمانی لە خۆیەوە لەناو بچیٚ و نابووت ببیٚ و ئەوانیش بە ئاسانی فەتحی بکەن. ئەگەر بارودۆخەکە بەم جۆرە بەردەوام بیٚ، ئەو هیوایە لە جێی خۆی دەبیٚ. بۆ نموونە، ئەگەر ڕووسیا بیست ساڵ بەر لە ئێستا، یانی پێنج ساڵ دوای جەنگ، لەشکرکێشیی بکردایەتە سەر خاکەکەمان، ئەوا نیشتمانەکەمانی دەگرت. بەڵام ئەمڕۆ موسیۆ نەلیدۆف[١٩٩] بەبیٚ ئەوەی تەنانەت کەسێکیش ڕەوانە بکا، عەقڵ و نامووس و دین و داهاتوو و

---

[١٩٩] باڵوێزی ئەو کاتەی ڕووسیا لە ئەستەموولٚ.

سیاسەت و ڕۆحمانی داگیر کردووە. ئەگەر ئەم بارودۆخە بەردەوام بێ، لە ئەنجامدا بەم زوانە فەتح یان تەسلیمبوون بە ڕەسمی ڕوو دەدا. بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەم بارودۆخە وەها بەردەوام نابێ و ورچێکی باکوور گەورەترین بەش قووت نادا. ئەو میوانداری و خوانە گشتییەی کە لافۆنتەن ڕێکی دەخا، مۆسیقایەکی بێئاهەنگ و کێشەی زۆری دەبێ.

بەختەوەری و کامەرانیمان لە سیاسەتی گشتیدا نییە. وتبوومان ((ڕاپەڕینی کوردستان))، با ئەوە وێنا بکەین:

ئایا کوردستان لەم بارودۆخەدا دەمێنێتەوە؟ نامێنێتەوە؟ پارێزگارەکان ئازارو مەینەتییەکی زۆریان بەسەر دیاربەکرو جزیرەدا هێناوە. کوردەکانیش وەك ئەلبانیەکان ڕازی نابن بخەڵەتێنرێن و دوای ئەوەی نەوازشیان دەکەن، وردە وردە لە کۆتاییدا زللەیان لێ بدرێ. لە عیراق، لە پارێزگاکانی بەغدا، دیاربەکر و مووسڵ، کارەسات و ستەمی یەزیدانەی زۆر ڕوو دەدەن. کاری پێچەوانەو دژ بەو کارەساتانە ئەوەیە کە ئیدی دانیشتوان و هاووڵاتیان پەشێمان ببنەوە لەوەی کە یەکتری بخۆن و دژایەتیی یەك بکەن. کاتێ "زەکی باشا" لە وەرزی ڕاودا چەند ڕاوچییەکی ئەرمەن لەگەڵ خۆیدا دەبا، ئیدی کێشەکە سارد بووەتەوە، ئەگەر ئەمساڵ دوو خراپکار بە ناوەکانی فۆرشی[٢٠٠] ڕووسی و ئانترانیك لە ساسۆن دەرنەکەوتایە، دانیشتوان و هاووڵاتیان هیچیان نەدەکرد (سەیری وەرگێڕانی ئەو نامەیە بکەن کە پێشتر باسم کردبوو).

---

[٢٠٠] نازانم ئەم وشەیە لەڕاستیدا چۆن دەبێژرێ، لێرە وەها نووسیومە.

هەر ساڵ لە هەموو لایەکەوە زۆر کەس دەیویست بچێتە ناو حەمیدییە، بەڵام ئەمساڵ لە دەوروبەری وان، جگە لە چەند نەفەرێك، هیچ کەس نەیویستووە ئەو کارە بکا. هەر کەس تێگەیشتووە کە دوژمنی ڕاستەقینەی دین و میللەت لە ناوەڕاستی وڵاتدا لە کۆشکەکانی حکوومەتدا دانیشتووە. حکوومەتیشیان لەمە تێ ناگا، یا لەبەر بەرژەوەندەکانی خۆی، خۆ لە ڕووسیا ناگەیێنێ و بۆ ئەوەی خۆی بەرامبەر بە ڕووسیا شیرین بکا، هەموو جۆرە خراپەیەك دەکا. ئێستە چ پێوەندییەکمان لەگەڵ ئەو کانگای (عەقڵ و حیکمەتە)دا –کە بە ئینگلتەرە دەناسرێ– هەیە، ئیتر هیچ مامەڵەیەکمان لەگەڵ ئەو داهاتوو و بەختەوەری و مانەوەیەی خۆماندا نەماوە.

لە هەموو لایەکی کوردستان، هاووڵاتییەکی زۆر بە شێوەیەکی زاڵمانە لەلایەن ناوەندەکانی حکوومەتەوە دوور خراونەتەوە. دوژمنانی ئەمانە پیاوان و کەسانی نەزانی خێڵەکانن کە سێ، پێنج قورووش بەرتیلیان داوەتە فەرمانبەران و کاربەدەستانی حکوومەت و بە سەدان و هەزاران کەسیان لە دادگاکاندا بە شێوەیەکی پاشملە مەحکووم کردووە. هەموویان ترسنۆکن و...[٢٠١] و کارەکەیان ئەوەیە کە تانەو تەشەر لەو کەسانە بدەن کە دێن و دەچن و نەوەو منداڵەکانی ناوەندەکانی حکوومەتیش بە [و.پارەی] تۆڵەی باوکەکانیان دەژین.

زاناکانی کوردستان زۆر چاوکراوەن، تەنازول ناکەن چاویان بەو کۆڵکە مەلاو تاربێژانە بکەوێ کە حکوومەت ڕەوانەی ئەوێی کردوون.

---

[٢٠١] لێرە وشەیەك نەخوێندراوەتەوە.

زۆربەی ئەو زانایەنەش ستەمی حکوومەتیان چێشتووەو لەمێژە دوور خراونەتەوە، ناتوانن کەمتەرخەم بن بەرامبەر بەو شتانەی کە ڕوو دەدەن. هیچ هێزێك ناتوانێ درز بخاتە کاریگەری و نفووزی هەریەك لەمانە، چونکە هەریەك لەوانە لەلای کوردان بە هێزێکی مەعنەوی لەقەڵەم دەدرێ. ئەم پیاوانە هەم ئاگایان لە خۆیان دەبێ و هەم ڕێگاچەرەیەك بۆ ڕزگاریی کوردە هەژارەکانیش لەم زوڵم و ستەمە دەدۆزنەوە. ئەگەر حکوومەت بە هۆی ئەم قسانەی ئێمەوە بڵێ: هەرچی زانای بەناموس و شێخ و مەشایخە کۆیان بکەنەوەو دووریان بخەنەوەو بۆ ئەوەش نووسراوی ڕەسمی بۆ پارێزگاکان بنێرێ، ئەو کاتە دەبینێ پێچەوانەی ئامانجەکانی دێنە دی.

حەمیدییەکانیش بێزار بوون. خانوو نەما بۆ ئەوەی بیڕووخێنن. زەکی باشا، سیاسەتێکی گرتە بەر کە بووە هۆی ئەوەی وا حکوومەت وردەوردە گومانی لێ بکا. ئەم [٢٠٢]سیاسەتە هەرچەندە کۆن و فێڵبازانەش بێ، حکوومەتەکەمان ناتوانێ هیچی لێ بکا و ئاڕاستەی بکا. وەك چۆن دەخوازێ وەها قبووڵ دەکرێ. کێ دەزانێ لەوانەیە زەکی پاشا، جگە لە پاراستنی پۆست و پلەوپایەی تازەی خۆی، ئامانجی دیکەشی هەبووبێ.

برای ڕزۆ بەگی حەمیدییەیی کەسێکە لە جەنگی پێشوودا پێشوازیی لە نزیکەی بیست سواری ڕووس کردووە کە هەتا (مووش) هاتووەو پاسەوانیی لێ کردوون. تەنانەت بە پارە بەرگری و پاسەوانیی

[٢٠٢] لە دەقە ئەسڵییەکەدا لەجیاتیی ئەم وشەیە، بە هەڵە (پۆ) دانراوە کە دروستەکەی (بو)ە.

له هەندێك له خراپەکارانی ئەرمەنە کردووە که ژمارەیان له سنوورەکاندا زۆرن. با حکوومەت ئەم قسه گرنگانه یادداشت بکا.

ژمارەیەکی زۆر کەم لەو جۆرە کەسه سووك و خراپانەی ناو کوردان، لایەنگریی ڕووسیان و زۆربەی زۆری کورده باش و نەجیبەکان لایەنگری دین و ناموسی خۆیانن، ئیدی تەحەمولی ئەو هەموو ستەم و زیانکارییه ناکەن. ئەمەش به تەواوی بۆ حکوومەت دەر کەوتووە. ئەگەر کوردانیش وەك مرۆڤەکانی دیکه دڵنیا بوونایه لەوەی که دەستدرێژی ناکرێته سەر گیان وماڵیان، ئەوانیش ئەو دەستدرێژیانەیان نەدەکرد. زۆربەی ئەو کارانەش بۆ خۆپاراستن بووە له شەپۆلی هێرشیان و کاریگەرییه مرۆترسێنەکانیان لەسەر خۆیان. ئەوانه ناچار بوون کەشتیەکانی خۆیان به خێرایی و به توندی ببەنه پێشەوەو هەوڵی بەرگرییەکی مەعنەوییان داوە. ئەوەی چاکەی بینیبێ، خراپەی ناوێ و نایبینێ. ئەوەی چاودێرو بینەره، ئەم تاریکستانه نابینێ، هەرچی نیگا پاڵ به هەتاوەوە بنێ، کانی دنیا تاریکتر دەبێ.

[مالمیسانژ له پیتی عەرەبییەوە هێناویەتیه سەر به پیتی لاتینی]

بنکەی ژین
www.zheen.org

**پاشکۆی (٦)**

**لیستێکی (٣٩) کەسی بۆ دوورخستنەوە**

دوای کوژرانی ڕزوان پاشا"، ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە پێوەندییان لەگەڵ عەلی شامیل بەدرخان‌دا هەبوو، دوور خرانەوە. لەخوارەوە لیستێکی (٣٩) کەسی هەیە لەوانەی کە دوور خراونەتەوە. لەکاتی ڕوونووسکرانەوەی دەقەکەدا خۆم ژمارەم بۆ داناون.

(مالمیسانژ)

فەرماندەییی ناوەندیی ئەستەمووڵ و فیرقەی یەکەمی شاهانە

بەڕێوەبەرایەتیی باڵای حەزرەتی خەلیفە ....[٢٠٣] ئەمشەو ئاگادار کراوەتەوە لە ناوی ئەو کەسە هیچ‌وپووچ و خراپانەی کە خزم و دەست‌وپێی دوورخراوەکان، عەلی شامیل و عەبدوڕڕەزاقن. داوا کرابوو ناوەکانی ئەوانەی کە دەستگیر کراون و لەبەردەستدان، بەپێی گرنگی و پۆستەکان و پێوەندیەکانیان، هەتا بەیانی لە دەفتەرێکدا بنووسرێ. ناوی ئەو کەسە هیچ‌وپووچ و خراپانەی کە پێوەندیەکانیان بە سوپاوە هەیە و لە ناوەند دەستگیر کراون، لەو دەفتەرەدا تۆمار کراوە کە پێشتر پێشکەش کرابوو و درابوە لایەنی باڵای سەردەستەی سەربازی و بەپێی ... ...[٢٠٤] دەسەڵاتی باڵای حکوومەت خراپترین

[٢٠٣] وشەیەک لێرە نەخوێندرایەوە.

[٢٠٤] وشەیەک لێرە نەخوێندرایەوە.

فەرماندەو زابیتەو کەسەکانیان دوور خراونەتەوە بۆ یەمەن و ئەوانی دیکەش دەستگیر کراون و بانگ کراون ڕەوانەی فیرقەی سەربازیی ئیشکۆدرا بکرێن و ناوەکانیشیان بەپێی پۆست و کارەکانیان ڕوون کراونەتەوەو لە دەفتەرێکدا ڕێك خراون و پێشکەشی بەڕێزتان کراون. لەوبارەیەوە فەرمان هیی بەڕێزتانە کە حەزرەتی خاوەن فەرمانن.

٢١ی مارتی ٣٢٢ [١٩٠٦/٤/٣]

یاوەری بەڕێزی حەزرەتی شەهریاری

فەرماندەی ناوەندیی ئەستەموولْ و فیرقەی یەکەمی شاهانە

جێگیری فەرماندە

موشیر (سەعادەددین) (مۆر)

فەرماندەی ناوەندیی ئەستەموولْ و فیرقەی یەکەمی شاهانە

(١) عەمید (یاربای) شاکر بەگ، سەرۆکی بیناسازیی بنکەی سەربازیی شاهانەی سەلیمییە، عەلی شامیلی دوورخراوە، شەو و ڕۆژ ئەم کەسەی لە ماڵەکەی خۆیدا و لە بنکەی سەربازیی سەلیمییە بەکار گرتووە بۆ خزمەتی تایبەتی خۆی و لە هەموو کارێکی نایاساییدا لەگەڵیدا بووە.

(٢) نازم بەگ، قایمقامی پزیشکی لیوا (ئالآی) چواری تۆپچی سەییار (گەڕۆك)، پزیشکی تایبەتی عەلی شامیلی دوورخراوە، شەو و ڕۆژ پیکەوە بوون و خزمەتی تایبەتی کردووەو لە هەموو کارێکی نایاساییدا لەگەڵیدا بووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٣) ساڵح ئەفەندی، مامۆستای ڕائید بووە لە ئالآی سێیەمی تۆپخانەی گەڕۆك: خزمەتی تایبەتی عەلی شامیلی دوورخراوەی کردووەو هەموو کات پێکەوە بوون و لە هەر کارێکی نایاساییدا لەگەڵیدا بووە.

(٤) ڕەزا ئەفەندی، ڕائیدی ئالآی سێیەمی تۆپخانەی گەڕۆك: خزمەتی تایبەتی عەلی شامیلی دوورخراوەی کردووەو هەموو کات پێکەوە بوون و لە هەر کارێکی نایاساییدا لەگەڵیدا بووە.

(٥) ئیبراهیم ئەفەندیی گەورەی دەستەی پزیشکانی تابوور (یەکەیەکی سەربازیی عوسمانی بووە)ی سێی ئاگر کوژانەوە. خزمەتی تایبەتی عەلی شامیلی دوورخراوەی کردووەو هەموو کات پێکەوە بوون و لە هەر کارێکی نایاساییدا لەگەڵیدا بووە.

(٦) خالید ئەفەندیی، نەقیبی دەستەی دووەمی تابووری چواری ئاگر کوژێنەوە: خزمەتی تایبەتی ئەو دوورخراوەی کردووە کەناوی براو هەمیشە لەگەڵیدا بووەو لە کارە نایاساییەکانیدا هاوکاریی کردووە.

(٧) حەسەن ئەفەندیی، نەقیبی دەستەی سێیەمی تابووری چواری ئاگرکوژێنەوە: لە خزمەتی تایبەتی ئەو دوورخراوە ناوبراوەدا بووەو هەمیشە لەگەڵیدا بووەو لە کارە نایاساییەکانیشیدا هاوکاریی کردووە.

(٨) ئەحمەد ئاغا، نەقیبی تۆپخانە، فەرمانبەری زیندانی بنکەی سەربازیی شاهانەی پیادەی سەلیمییە: کاتێ دەستەی ناوبراو بەرەو یەمەن بەڕێ کەوتوون، ئەحمەد ئاغا لە ماڵی خۆیدا عەلی شامیلی دوورخراوەی خۆی شاردوەتەوەو پاسەوانیی کردووە، دواتریش بۆ لێدان و ئەشکەنجەدانی دەستگیرکراوان لە زیندان دامەزراوە. [و. ئێستا] لە مەرکەز دەستگیر کراوەو دوای ئاگادارکردنەوەی فەرماندەیی

لەلایەن دیوانی یەکەمی جەنگەوە[٢٠٥] لێپرسینەوەی لێ دەکرێ. ناوبراو لە هەر کارێکی نایاساییدا هاوکاریی عەلی شامیلی کردووە.

(٩) نەقیب عیززەت ئەفەندیی، یاوەری فەرماندەییی ئوسکودار: یاوەرو کاتبی تایبەتی عەلی شامیلی دوورخراوە بووەو بە هەموو شێوەیەك خزمەتی ناوبراوی کردووەو لە کارە نایاساییەکانیدا لەگەڵیدا بووە.

(١٠) مولازمی یەکەم ئیبراهیم ئەفەندی، سەنجەقداری ئالآی سێیەمی نیزامییە، لە یاوەریی عەلی شامیلی دوورخراوەدا دامەزراوەو کاتێ عەلی شامیل چەکەکانی بکوژەکانی ڕزوان پاشای شاردوەتەوە، ئەویشی لەگەڵدا بووە. ناوبراو بە هەموو شێوەیەك لە خزمەتی عەلی شامیلدا بووەو لە کارە نایاساییەکانیشیدا بەشدار بووە.

(١١) مولازمی دووەم سەلاحەددین ئەفەندیی، یاوەری فەرماندەییی ئوسکودار: لە یاوەریی دوورخراوەی ناوبراودا کاری کردووەو هەموو جۆرە خزمەتێکی شەخسیی کردووەو لە کارە نایاساییەکانیدا بەشدار بووە.

(١٢) ئیسماعیل ئەفەندیی لە مولازمە دووەمەکانی دەستەی تایبەتی تەلگراف: کاروباری نووسینی تایبەت و خزمەتی تایبەتی شەخسیی بۆ دوورخراوی ناوبراو کردووەو لە هەموو کارە نایاساییەکانیشدا لەگەڵیدا بووە.

(١٣) زەکی ئەفەندیی مولازمی دووەمی دەستەی دووی ئالآی پێنجەمی تۆپخانەی گەڕۆك: کاروباری نووسینی تایبەتی بۆ عەلی شامیلی دوورخراوە ئەنجام داوەو لە کارە نایاساییەکانیشدا هاوکار بووە.

---

[٢٠٥] وشەیەك لێرەدا نەخوێندراوەتەوە.

www.zheen.org بنکەی ژین

(١٤) حوسەین ئەفەندیی، مولازمی یەکەم و فەرمانبەری تەوقیفخانەی تۆپخانەی بنکەی سەربازیی شاهانەی سەلیمییە: بەتایبەتی لە خزمەتی عەلی شامیلی دوورخراوەدا بووەو هەمیشە لەگەڵیدا بووە و لە کردەوە نایاساییەکانیشدا هاوکار بووە.

(١٥) حەمدی ئەفەندیی، مولازمی یەکەمی دەستەی یەکی ئالآی سێیەمی تۆپخانەی گەڕۆك: لە خزمەتی تایبەتی عەلی شامیلی دوورخراوەدا بووەو هەمیشە لەگەڵیدا بووەو لە کارە نایاساییەکانیشدا لەگەڵیدا بووە.

(١٦) حەمدی ئەفەندییەکی دیکە، مولازمی یەکەمی دەستەی یەکەمی ئالآی سێیەمی تۆپخانەی گەڕۆك، لە خزمەتی تایبەتی عەلی شامیلی دوورخراوەدا بووەو هەمیشە لەگەڵیدا بووەو لە کارە نایاساییەکانیشدا هاوکار بووە.

(١٧) مستەفا ئەفەندیی، مولازمی یەکەم و فەرمانبەری جبەخانەی دەستەی یەکیی ئالآی پێنجەمی تۆپخانەی گەڕۆك، لە خزمەتی تایبەتی عەلی شامیلی دوورخراوەدا بووەو هەمیشە لەگەڵیدا لە کارە نایاساییەکانیشیدا هاوکار بووە.

(١٨) مولازم عاسم ئەفەندیی سەنجەقداری ئالآی چوارەمی تۆپخانەی گەڕۆك، کەسێك بووە دوورخراوەی ناوبراو کە لەناو پیاوانی پادشادا بە شێوەی چەکدار بردوویەتی بۆ گەشتوگوزارو لەناو خەڵکدا بە شێوەی مەدەنی گەڕاوەو هەر جۆرە خزمەتێکی تایبەت و ناپەسندی ناوبراوی کردووەو لە کارە نایاساییەکانیشدا هاوکار بووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(١٩) جەمیل بەگ، مولازمی یەکەمی مۆسیقای شاهانەی جەنابی سوڵتان، برای ژنی دوورخراوەی ناوبراو بووە.

(٢٠) ئەنقەرەیی ڕاسم بن مستەفا، سەرچاوشی (پۆستێکی سەربازی عوسمانییە) دەستەی چواری تابووری چوارەم، لەلایەن دوورخراوی ئاماژەپێکراوەەی بە شێوەیەکی چەکدار و مەدەنی براوە بۆ ناوبازار و گەڕەکەکان و ڕایسپاردووە هەر فەرمانێکی دژی فەرمانی عالی جێبەجێ بکاو لە کارە نایاساییەکانیشدا لەگەڵیدا بووە.

(٢١) حەسەن، یەکێك لە سەرچاوشەکانی دەستەی چوارەمی تابووری چواری ئاگرکوژێنەوە، لەلایەن دوورخراوی ئاماژەپێکراوەوە بە شێوەی چەکدارو مەدەنی بە بازاڕ و گەڕەکەکاندا بگەڕێ و ڕاسپێردراوە بۆ جێبەجێکردنی هەر فەرمانێکی پێچەوانەی فەرمانی عالی و لە کارە نایاساییەکانیشیدا هاوکار بووە.

(٢٢) خەلیل، سەرچاوشی دەستەی دووەمی تابووری چواری ئاگرکوژێنەوە، ئەویش وەها بووە.

(٢٣) عەلی لە ئەندامەکانی دەستەی تابووری چواری ئاگرکوژێنەوە، ئەویش وەها بووە.

(٢٤) حسێن، لە سەرچاوشەکانی تابووری دووی ئالآی سێیەم: ئەویش وەها بووە.

(٢٥) سەیفەددین لە سەرچاوشەکانی دەستەی تەلگرافی سەربازیی بنکەی سەربازیی شاهانەی سەلیمییە، لەلایەن دوورخراوی ناوبراوەوە بە شێوەی چەکدارو مەدەنی بەناو بازاڕو گەڕەکاندا گەڕاوەو

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕایسپاردووە هەر فەرمانێکی پێچەوانەی فەرمانی عالی جێبەجێ بکا و لە کارە نایاساییەکانیشیدا لەگەڵیدا بووە.

(٢٦) مەولوود، کەسێك بووە لە دەستەی تەلگرافی سەربازیی بنکەی سەربازیی شاهانەی سەلیمییە، ئەویش وەهابووە.

(٢٧) سولەیمان، کەسێك بووە لە دەستەی تەلگرافی سەربازیی بنکەی سەربازیی شاهانەی سەلیمییە، ئەویش وەها بووە.

(٢٨) ئیبراهیم، کەسێك بووە لە دەستەی تەلگرافی سەربازیی بنکەی سەربازیی شاهانەی سەلیمییە، ئەویش وەها بووە.

(٢٩) ساڵح لە ئۆنباشیەکانی (پۆستێکی سەربازیی عوسمانی بووە) دەستەی یەکەمی تابووری دووی ئالآی سێیەم، ئەویش وەها بووە.

(٣٠) عەبدوڵلاّ، لە چاوشەکانی دەستەی دووی تابووری ئالآی سێیەم، ئەویش وەها بووە.

(٣١) چاوش عەبدوڵلاّ، لە دەستەی تەلگرافی سەربازی بنکەی سەربازیی شاهانەی سەلیمییە، ئەویش وەها بووە.

(٣٢) حافز شوکری، چاوش لە ئالآی تۆپخانەی گەڕۆك.

(٣٣) نووری بن عومەر بۆڵۆ (؟)، لە دەستەی خزمەتی سەربازیی نەخۆشخانەی حەیدەر پاشا، لەلایەن دوورخراوی ناوبراوەوە وەك خزمەتکار نێردراوە بۆ کۆشکی عەبدوڕڕەحمانی برای لە ئەرەنکۆیی.

(٣٤) ئەحمەد لوتفی ئەفەندی سەرکۆمیسیاری پۆلیسی قادی کۆیی، لە هاوڕێیانی دوورخراوی ئاماژەپێکراو بووەو هەموو کات لە

www.zheen.org

خزمەتیدا بووەو بۆ خزمەتی شەخسی خۆی دایمەزراندووە، هەموو جۆرە کارێکی نایاسایی لە ڕێی ئەوەوە ئەنجام داوە.

(٣٥) کازم ئەفەندی، لە کۆمیسیارەکانی بەندەری ئوسکودار بووەو ئەویش وەها بووە.

(٣٦) شەوکەت ئەفەندی، پۆلیس بووە لە وێستگەی حەیدەر پاشا، ئەویش وەها بووە.

(٣٧) ڕەزا بەگ، عەسکەر نەبوەو بەڕێوەبەری تەلگرافخانەی بنکەی سەربازیی شاهانەی سەلیمییە بووە، شەو و ڕۆژ لە ماڵ و شوێنی کارەکەی عەلی شامیل یەکتریان بینیوە، ڕاوێژکاری بووە بۆ ئەنجامدانی هەر کارو مامەڵەیەکی پێچەوانەی فەرمانی عالی و لە هەموو کارە نایاساییەکانیدا هاوکار بووە.

(٣٨) نەقیب ئیبراهیم ئەفەندی لە پزیشکەکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی گوڵخانە، بە دزیی دایک و باوک لەگەڵ کچی زەریفە خانمی خوشکی عەلی شامیلی دوورخراودا خێزانی پێک هێناوە، بەڵام بەهۆی پێکەوە نەگونجانەوە بیست ڕۆژ لەمەوبەر ماڵەکەی بەجێ هێشتووەو دوو ڕۆژ بەر لە ئێستاش چۆڵی کردووە. سەرەڕای ئەم زانیاریانەش بەو پێیەی کە زانراوە پۆلیس بەدوایدا دەگەڕێ، دەستگیر کراوەو فەرمانی فەرماندەیی و بە نووسراوی ڕەسمی داوا لە وەزارەتی خاوەن-شکۆی زابیتە (پۆلیس) کراوە زانیاریی بدرێ سەبارەت بە هۆی گەڕان بەدوای ناوبراودا.

(٣٩) فایەق ئەفەندی، لە مولازمی دووەمەکانی دەستەی یەکی ئارامساز (؟) لە ئالآی سێی سواری لە کووتاهیە، بۆ چارەسەری چاوەکانی و گۆڕینی هەوا بەپێی مۆڵەت لە ئەستەمووڵ بووەو عەلی شامیل بەتایبەتی نووسراوی کردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی خاوەنشکۆ تا لە ناوەندی ئالآی ئەستەمووڵ دایمەزرێنن. ئەمجارەیان بە یادداشتی بەڕێوەبەرایەتیی بالآ و خاوەنشکۆ، ناوبراو لە مەرکەز دەستگیر کراوە تا ڕەوانەی سوپای پێنجەمی شاهانە بکرێ، لە یادداشتێکی ئاماژەپێکراودا، ناوبراو بۆ خۆی بۆ بنەماڵەکەی ڕوون کردوەتەوە کە بەپێی ئاگادارییەکی فەرماندەیی ڕەوانە دەکرێ بۆ شوێنی دیکە.

ئەمشەو لەلایەن پیاوەکانی باشکاتب پاشاوە بە یادداشتی تایبەتی ئاگاداری دراوە کە تا بەیانی ناوی خزم و دەستوپێکانی دیکەی دوورخراوەکان عەلی شامیل و عەبدوڕڕەزاق کە دەستگیر کراون، لە دەفتەرێکی دیکەدا تۆمار بکرێن و بەپێی گرنگیی پلەو پێوەندیەکانیان ڕێك بخرێنو ...[٢٠٦] فەرمانی پادشایی ئەو کەسانەی کە دەستوپێوەندی ناوبراون و سەر بە بواری سەربازین، ناوەکانیان بەپێی پلەوپایەکانیان لە دەفتەرێکی دیکەدا ڕێك خراوەو ئەم دەفتەرەش پێشکەشی جەنابیان کراوە. لەوبارەوە ئەمڕۆ فەرمان هیی خاوەن نیعمەت و فەرماندەی گشتی و خاوەنشکۆ و پیرۆز پادشای گەورەمانە.

٢١ی مارتی ٣٢٢ [١٩٠٦/٤/٣]

---

[٢٠٦] وشەیەك لێرەدا نەخوێندراوەتەوە.

یاوەری بەڕێزی حەزرەتی شەهریاری، فەرماندەی ناوەندی ئەستەمووڵ

و فیرقەی یەکەمی شاهانە

جێگری فەرماندە

پیاوەکانی موشیر

مۆر (سەعادەددین*

سەرچاوە:

BOA. YPRK.AZN, 24/25, Tarih; 322/mart/30 [1906/4/12]

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پاشکۆی (٧)

## لیستێکی (٧٩) کەسی بۆ دەستگیرکردن و دوورخستنەوە

دوای کوژرانی ڕزوان پاشا، ژمارەیەکی زۆر لە خزم و ئاشناکانی بنەماڵەی بەدرخانیەکان دوور خرانەوە. لە خوارەوە ناوی (٧٩) کەس لەوانە هاتووە، لەکاتی ڕوونووسکردنەوەی دەقەکاندا خۆم ژمارەم بۆ داناون.

(مالمیسانژ)

(١) عەلی بن حامید، لە حەماڵەکانی بانگی عوسمانی، لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

(٢) مەحەمەد بن تەیار، برای وانلی حەسەن چاوشی تولۆمباجی، لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

(٣) هەککاریلی موحەمەد، لە سەرکردەکانی خێڵی شکاک[٢٠٧]، لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

(٤) هەککاریلی جەمال بن تەیموور، کە وەک ئەندامێکی جەندرمە تۆمار کراوە، لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

(٥) عومەر بن عەسکەر، خزمەتکاری ئەو موحەمەدەی کە ئاماژەی پێکرا، لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

---

[٢٠٧] محەمەد ئاغای باوکی سمکۆی بەناوبانگە و کەسەکانی ژمارە ٥، ٦و ٧ یش پیاوەکانی ئەون.

بنکەی ژین www.zheen.org

(٦) حەسەن بن عومەر، خزمەتکاری ئەو موحەمەدەی کە ئاماژەی پێکرا، لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

(٧) مووسای کوڕی مەحمەدی بتلیسی و خزمەتکاری ئەو موحەمەدەی کە ئاماژەی پێکرا، لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

(٨) مەلا محەمەدی ئەمینی کوڕی شێخ یاسین لە دانیشتوانی گوندی مەزرۆکەی (؟) ویلایەتی وان، لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

(٩) سدقی ئەفەندیی بتلیسی، کۆمیسیاری دووەم بووە، لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

(١٠) ساڵحی کوڕی عەباسی تولۆمباجیی وانلی، لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

(١١) عیززەتی کوڕی مستەفای تولۆمباجیی وانلی، لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

(١٢) ساڵحی کوڕی سولەیمانی تولۆمباجیی وانلی، لە لایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

(١٣) سەویش [شەوتیش؟]ی کوڕی حسێن کە ژمێریاری دووکاندارو حەماڵی کالەکویوولەری بوو، لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

(١٤) جەمالی کوڕی ئەحمەدی تفەنگی [تفەنگچی] وانلی، لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەستبەسەر کراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(١٥) سيرتلی مەجيد بن عەرەبی تفەنگی، لەلايەن ليژنەی تايبەتەوە دەستبەسەر كراوە.

(١٦) سيرتلی حاميد بن عەرەبی تفەنگی، لەلايەن ليژنەی تايبەتەوە دەستبەسەر كراوە.

(١٧) بتليسلی عوسمانی كوڕی عەبدوڵڵای تفەنگی، لەلايەن ليژنەی تايبەتەوە دەستبەسەر كراوە.

(١٨) مووشلوو يووسفی كوڕی حەسەنی تفەنگی، لەلايەن ليژنەی تايبەتەوە دەستبەسەر كراوە.

(١٩) جەلال ئەفەنديی نەقيبی جەندرمەی سواريی تفەنگی، لەلايەن ليژنەی تايبەتەوە دەستبەسەر كراوە.

(٢٠) مستەفا ئەفەندی مولازمی دەندەرمەی سواريی شيشلی، لەلايەن ليژنەی تايبەتەوە دەستبەسەر كراوە.

(٢١) ئوسكودارلی ئەمين بەگ كە لە نووسەرانی قەڵەمی بەڕێوەبەرايەتيی لقی وەرگرتنی سەربازيی فەرماندەيیی پيادە بوو، كاتبی تايبەتی عەلی شاميل بووە.

(٢٢) ئيسماعيلی كوڕی محێدين بتليسی كە لە ماڵی خەليل بەدرخان خزمەتكار بووە، لەلايەن ليژنەی تايبەتەوە دەستبەسەر كراوە.

(٢٣) ياوەر كە لە عەرەبانەچيەكانی گوومرگی ميوە بووە لە ئەستەمووڵ و لە خانووی ژمارە ٤ی كۆڵانی قەلەباچكەی فەريدييەی بەی ئۆغڵوو نيشتەجێ بووەو ناوەكەی پێشتری هريستۆيە، لە پياوەكانی عەبدوڕڕەزاقە.

www.zheen.org

(٢٤) ئیبراهیم بەك لە کاتیبەکانی دەفتەری حەقانی، کوڕی مستەفا بەگی برای عەلی شامیلە کە گیانی لەدەست داوە.

(٢٥) شامیلی مستەفا نووری ئەفەندی کە لە ئەوقافی شاهانە دامەزراوە.

(٢٦) فوئادی کوڕی ساڵح بەگ لە نووسەرەکانی قەڵەمی ئەنجومەنی شارەوانی، خوشکەزای عەلی شامیلە.

(٢٧) فەرید کە لە مەکتەبی مولکیەیە، کوڕی تاهیر بەگی برای عەلی شامیل کە لە یانیا پزیشکە.

(٢٨) تۆفیق کە لە نووسەرەکانی لیژنەی خێراکردنی مامەڵەکان بوو، ئامۆزای عەلی شامیل و کوڕی حوسنی پاشایە کە بۆ نابلوس دوور خراوەتەوە.

(٢٩) سورەییا کوڕی ئەمین کە لە مەکتەبی سوڵتانی خوێندنی تەواو کردووە[٢٠٨]، کوڕی ئەمین بەگی برای عەلی شامیلە کە لێکۆڵەرەوەی داد بووە لە ئەنقەرەو قۆنیە و لە ئیسپارتا نیشتەجێیە.

(٣٠) مستەفا حیکمەت کە دەرچووی مەکتەبی سوڵتانییە، کوڕی ئەمین بەگە کە باسی کرا. بەهۆی جیابوونەوەی دایك و باوکی لەگەڵ دایکی لەلای باپیری خۆی ماوەتەوە کە بەڕێوەبەری شارەوانیی قادی کۆیی بووە.

---

[٢٠٨] سورەییا بەدرخانی کوڕی ئەمین عالی بەدرخان، بەهۆی ڕووداوەکەی ڕزوان پاشاوە، لەم قوتابخانەیە دەر کرابوو.

(٣١) شاميلى فوئاد بن مستەفا كە لە كۆميسيارى پۆليس دەر كراوە، براى ژنەكەى عەلى شاميلە.

(٣٢) شاميلى شەريف ئەفەندى، خەزوورى خەليلى براى عەلى شاميلە.

(٣٣) سولەيمانى كوڕى خاليد، لە خوێندكارانى مەكتەبى سوڵتانى بووە، برازاى عەلى شاميلەو كوڕى خاليد بەگە كە كۆچى دوايى كردووە.

(٣٤) سەعدى، لە خوێندكارانى مەكتەبى سوڵتانى بووە، كوڕى حەسەن بەگى براى عەلى شاميلە كە دوور خراوەتەوە.

(٣٥) نوورى، لە خوێندكارانى مەكتەبى سوڵتانى، كوڕى عەلى شاميلە.

(٣٦) سەعيد بەگ كوڕى فەريقى كۆچكردوو ديڤريكلى حافز پاشا، براى ژنى موراد ڕەمزيى بەدرخانيەكانە.

(٣٧) حيكمەت بەگى كوڕى خواليخۆشبوو گريدلى وەلييوددين پاشا، براى ژنى ميدحەت بەدرخانە.

(٣٨) هەروەها فەرەيدوون بەگى كوڕى وەلييوددين پاشا كە لە جێگرەكانى قەڵەمى تابعييەتى خارجييەيە، براى ژنى ميدحەت بەدرخانە.

(٣٩) ماردينلى ئيبراهيم بن خەليل، خزمەتكارێكى عەلى شاميلە كە ئاگاى لە هەموو كاروبارەكانيەتى.

(٤٠) وانلى عوسمان بن عەبدوڕڕەحمان، لە خزمەتكارەكانى عەبدوڕڕەزاقە.

(٤١) وانلى عەبدوڵلاّ بن ئيبراهيم، لە خزمەتكارەكانى عەبدوڕڕەزاقە.

(٤٢) حەسەنی کوڕی ئەمینی بتلیسی، لە خزمەتکارەکانی عەبدوڕڕەزاقە.

(٤٣) عیسای کوڕی شەریف شیروانلی، لە خزمەتکارەکانی عەبدوڕڕەزاقە.

(٤٤) ئاندۆن نیکۆلای مانستری، باخەوانی عەبدوڕڕەزاقە.

(٤٥) تاتار ئەحمەدی کوڕی حامید، خزمەتکاری فەریدی برازای عەلی شامیلە.

(٤٦) بتلیسلی بەدچەشم عوسمانی کوڕی عەلی، خزمەتکاری میدحەتی برای عەبدوڕڕەزاقە.

(٤٧) ئیسماعیل بن محەمەدی ئەنقەرەیی، چێشتلێنەری عەلی شامیلە.

(٤٨) عەبدوڵلاّ بن حەسەنی قەستەمۆنی، خزمەتکاری عەلی شامیلە.

(٤٩) هاشم بن محەمەدی غەزەیی، خزمەتکاری عەلی شامیلە.

(٥٠) فارس بن ئەلاّهوەردی بتلیسی کە چاوشی شارەوانی بووە، لە دەستوپێوەندەکانی عەلی شامیل بووەو بەهۆی ئەوەوە وەك چاوش دامەزرێنراوە.

(٥١) ڕاشید بن حەسەنی قەرەحیسارلی، حەماڵی بەندەر بووەو لە قادی کۆیی و لە هاوڕێکانی ئیبراهیمی خزمەتکاری عەلی شامیلە.

(٥٢) وانلی عوسمان بن حاجی، لە خزم و کەسوکارەکانی ئەحمەدی پیاوکوژە.

**(٥٣) وانلی، عوسمان بن زەیدوون (؟) خەڵکی گوندەکەی ئەحمەدی پیاوکوژەو لە خزم و کەس‌وکارەکانیەتی.**

**٥٤. وانلی بەهرام، ناوەکەی تری خالیدە، لە خزم و کەس‌وکارەکانی محەمەدی پیاوکوژە.**

**٥٥. بتلیسلی شەعبان بن محەمەد، برای یەکێك لە پیاوکوژەکانە بەناوی عەبدوڵڵاوە.**

**٥٦. وانلی فارس، ناوەکەی تری قاسم بن سەعدوڵڵایە، برای یەکێك لە پیاوکوژەکانە بە ناوی محەمەدەوە.**

**٥٧. حەمزە بن عەلیی وانلی: خزمی یەکێك لە پیاوکوژەکانە بەناوی ئەسەدەوە.**

**٥٨. مەجید بن تەیمووری وانلی، زڕکوڕی یەکێك لە پیاوکوژەکانە بە ناوی ئەمین و لە کەسانی وابەستەی عەلی شامیلە.**

**٥٩. لە ...[209] گوومرگەکان محەمەدی قارسلی، یەکێك لەو خراپکارانەیە کە عەبدوڕڕەزاق کاروباری ناڕەوای پێ کردوون.**

**٦٠. محەمەد بن ساڵح کوردیی وانلی، بەڕێوەبەری کاروباری پاککردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی شەشەمی شارەوانی، لە کەسانی وابەستەی بەدرخانەکانە.**

**٦١. عەزیز ساڵح وانلی، لە کارگوزەرەکانی شارەوانییەو وابەستەی بەدرخانیەکانە.**

---

[209] ئەم وشەیەم بۆ نەخوێندرایەوە.

٦٢. موراد عەباس بەتلیسی، لە ئاگرکوژێنەکانی بەڕێوەبەرایەتیی شەشەمی شارەوانییەو لە کەسانی وابەستەی عەبدوڕڕەزاقە.

٦٣. عیسا عەباس بتلیسی، لە ئاگرکوژێنەرەکانی بەڕێوەبەرایەتیی شەشەمی شارەوانییە لە کەسانی وابەستەی عەبدوڕڕەزاق.

٦٤. عوسمان حەسەن بتلیسی، لە کەسانی وابەستەی عەلی شامیل و بەهۆی ناوبراویشەوە وەك کۆمیسیاری کاروباری پاکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی یەکەم شارەوانی دامەزراوە.

٦٥. سدقی یووسف لە نووسەرەکانی بەڕێوەبەرایەتیی دووەمی شارەوانییە، بەهۆی موراد ڕەمزی بەدرخانەوە وەك نووسەر لەو بەڕێوەبەرایەتیە دامەزراوە.

٦٦. شەریف قاسم کوردیی قارسلی، لە قاسم پاشا قاوەچییەو شارەوانی ڕایگەیاندووە ناوبراو یەکێکە لەو پیاوانەی عەلی شامیل کە بەچەکەوە لای خۆی دایمەزراندووە.

٦٧. ئەسەد ئیبراهیم بتلیسی، قاوەچییەو شارەوانی ڕایگەیاندووە ناوبراو یەکێکە لەو پیاوانەی عەلی شامیل کە بەچەکەوە لای خۆی دایمەزراندووەو لەڕێی پۆلیسیشەوە زانراوە کە ناوبراو بەهۆی کردەوەیەکی کوشتنەوە ڕابردووی تاوانی هەیەو لە زیندان ماوەتەوە.

٦٨. عەبدوڵڵا بن نەبی کوردیی بتلیسی، قاوەچییە لە غەڵەتە، بە گوێرەی شارەوانی یەکێکە لەو پیاوانەی کە عەلی شامیل بە چەکداری لەگەڵ خۆیدا گەڕاندوویە. بۆ خۆشی دانی بەوەدا ناوە کە وابەستەی عەلی شامیلە.

نیگەی ژین
www.zheen.org

٦٩. نوورەددین، پیاوێکی خوێڕی و سەرسەرییە. عەلی شامیل، بەچەکەوە لەگەڵ خۆیدا گەڕاندوویە و وەك چەکدار لە قومارخانەکان دایمەزراندووە.

٧٠. حەیدەر عەلی یووسف یانیالی، برای ژنی یانیالی نەعیم بەگی کۆچکردووەو زانیاری دراوە کە سەرەڕای ئەوەی وا لەگەڵ بنەماڵەی ئەو کۆچکردوەدا دەژی، پێوەندیشی لەگەڵ عەلی شامیلدا هەیەو لەبەر ئەوەش لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ.

٧١. حەیدەر عەلی مووشلوو، لە کاسبکارانی قاوەیەو لە کەسانی وابەستەی عەلی شامیلە.

٧٢. مەحموود ساڵح کوردیی بەغدادی، لە کەسانی وابەستەی عەلی شامیلەو وەك کارگوزاری پاککردنەوەی شارەوانیی قادی کۆیی دامەزراوە.

٧٣. قەرەحیساری شارکیلی شەریف یووسف: لە پاسەوانەکانی گەڕەکی قادی کۆیەو لەبەر ئەوەی زانیاری دراوە لەسەر ئەوەی کە وابەستەی عەلی شامیلە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ.

٧٤. ئاستانەلی مەحمەد کەمال نووری لە کاسبکارە پێڵاوفرۆشەکانە، بەوپێیەی کە باسی لە وابەستەییی ناوبراو بە عەلی شامیلەوە دەکرێ، لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵدا دەکرێ.

٧٥. ئیلیا وەلەدی کۆستی قاوەچی، بە فەرمانی عەلی شامیل بە شێوەیەکی هاوبەش و بە شەریکی قومارخانەیەکی لە قادی کۆیی کردوەتەوە.

www.zheen.org

٧٦. یانیالی بۆرکی قاوەچی، بە فەرمانی عەلی شامیل و بە شێوەیەکی هاوبەش و شەریکی قومارخانەی داناوە.

٧٧. نووری مستەفای وانلی، لە کەسانی وابەستەی عەلی شامیلەو بەهۆی ناوبراوەوە لە شارەوانیی قادی کۆیی دامەزراوە.

٧٨. عەبدوڵڵا محەمەدی ئەرزڕۆمی، کۆمیسیاری کرێکارانە لە عەمباری شەمەندەفەر و بەوپێیەی کە ڕاپۆرتی لەسەر دراوە سەبارەت بەوەی وا کاری تایبەتی بۆ عەلی شامیل کردووە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ.

٧٩. واسیلی کوڕی نیکۆلای نەوشەهیرلی کە پارێزەرە، لەبەر ئەوەی ڕاپۆرت دراوە لەسەر ئەوەی بۆ کاروباری تایبەت بە عەلی شامیل دامەزراوە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ.

٨٠. بواکیمی کوڕی مانوێلی شارکوێلوو، لە کەسانی وابەستەی عەلی شامیلە کە هەندێك کاری پێ کردووە.

٨١. مەولود خورشید بورسەیی، لە کەسانی وابەستەی عەلی شامیلەو کۆمیسیاری بەشی پاککردنەوەی شارەوانییە.

٨٢. میرزۆ قەیسەلای بتلیسی، لە کەسانی وابەستەی عەلی شامیلەو لە بەڕێوەبەرایەتیی شەمەندەفەری حەیدەر پاشا وەك پاسەوان دامەزراوە.

٨٣. سەعید ئەحمەد وانلی، لە ئاگرکوژێنەوەکانی هومبارخانەیەو لە کەسانی وابەستەی بەدرخانیەکانە.

٨٤. مستەفا فەقێ محەمەدی وانلی، لە ئاگرکوژێنەوەکانی هومبارخانەیەو وابەستەی بەدرخانیەکانە.

٨٥. ئەحمەد عەلی وانلی، زاوای سادقی پاسەوانە لە هاس کۆیی، لەڕێی عەبدوڵڵای هەککاریلی‌یەوە لە ماڵی عەبدوڕڕەزاق دامەزراوە.

٨٦ ...[٢١٠] سولەیمان کەلکەتیلی، لە خزمەتکارەکانی عەبدوڕڕەزاقە.

٨٧. عەلی عەبدوڵڵای کورد، لە خزمەتکاران و کەسانی وابەستەی عەبدوڕڕەزاقە.

٨٨. مەحموود محەمەدی ئەرزڕۆمی، لە حەماڵەکانی بەندەری حاجی ئۆغلووەو هەروەها لە ئاگرکوژێنەوەکانی هومبارخانەیەو وابەستەی عەبدوڕڕەزاقە.

٨٩. سەعید یووسف ئەرزڕۆمی، لە حەماڵەکانی بەندی حاجی ئۆغڵووەو هەروەها ئاگرکوژێنەوەکانی هومبارخانەیەو وابەستەی عەبدوڕڕەزاقە.

٩٠. مووسا بن خالیدی مووشلوو، لە حەماڵەکانی گوومرگ و ئاگرکوژێنەوەکانە، لەبەر ئەوەی زانیاری دراوە لەسەر ئەوەی کە وابەستەی عەبدوڕڕەزاقە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ.

٩١. حەسەن محەمەدی وانلی، لە حەماڵەکانی گوومرگ و ئاگرکوژێنەوەکانە، زانیاری دراوە لەسەر ئەوەی کە وابەستەی عەبدوڕڕەزاقە.

٩٢. ئاستانەلی خالید، فەرمانبەری پۆستەخانەی ئوسکودار، لەبەر ئەوەی هەواڵ دراوە لەسەر ئەوەی کە وابەستەی عەلی شامیلە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ.

---

[٢١٠] لێرەدا وشەیەك نەخوێندراوەتەوە.

٩٣. تۆفیق مستەفا ئینەنبۆڵووڵوو، لە کۆمیسیارانی بەشی پاککردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی دووەمی شارەوانییەو شارەوانی ڕایگەیاندووە ناوبراو وابەستەی بەدرخانیەکانە.

٩٤. مەلکۆنی کوڕی بۆغۆسی کیغیلی، لە ماڵی عەبدولرزەق کرێکارە.

٩٥. ئەسادۆری کوڕی ئاڤاریسی وانلی، لە ماڵی عەبدوڕڕەزاق کرێکارە.

٩٦. هاچەرسی هامپارسۆنی ئیزمیدلی، گازینۆچییە، یەکێك لەو کەسانەیە کە بە پیشتیوانیی عەلی شامیل قومارخانەی داناوە.

٩٧. کیفرۆك [کەڤرۆك]ی کوڕی ئاندیکی ئوسکودارلی، لەو کەسانەیە کە بە جەڕاح تۆمار کراون، لەبەر ئەوەی زانیاری دراوە لەسەر ئەوەی کە وابەستەی عەلی شامیلە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرچاوە:

BOA. YPRK.AZN, 24/55, Tarih: 30 mart 322 [12.04.1906]

## پاشکۆی (٨)

### لە بیرەوەریەکانی نیعمەت ئارزقدا

نیعەمەت ئارزق، نووسەری تورك، کە وا دەر دەکەوێ حەزی لە چارەی عەبدوڕڕەحمان و هاوسەرەکەی نەکردووە، لە بیرەوەریەکانی خۆیدا باسیان دەکا: ((... ئیدی فەنەرباخچەی ئەستەموولْ لە نزیکی هوتێلی بەلڤوو لەلاپاڵی گەڕەکی دالایان نیشتەجێ بووین. (ئەو شوێنانە گۆڕاون، خانوەکە رووخاوە.)

((.. خانوەکان لەناو باخچەدا و سێ نهۆم بوون. ئێمە لە یەکێك لەوانەدا بووین. عەبدوڕڕەحمان بەگی بەدرخانیش لەناو یەکێکیاندا نیشتەجی بوو. هاوسەرە فەرەنسایی‌یەکەی دەموچاوێکی گەورەی کاڵی هەبوو و چاوشین و زۆربڵێ بوو و لەناو شارستانیێ مەدەنیەتدا گەورە بووبوو. ئەویش لەگەڵ عەبدوڕڕەحمان بەگدا لەو ماڵە دەژیا. ئەوانەی ئێمە لەکاتی سەڵتی و بێپارەیی و لە دەورانی خوێندکاریدا لەگەڵ کەسانی سەیروسەمەرەی بیانیدا هاوسەرگیرییان دەکرد. خۆزگە نەڕۆیشتایە؛ عەبدوڕڕەحمان بەگیش بۆ خوێندن چووبوە فەرەنسا. بە وتەی نەنکم؛ ژنێکی چوارشانەی کەڵەگەت بوو، لەناو خانمانیشدا نوێنەرایەتیی ناسکی و جوانیی فەڕەنساییی دەکرد. ئەی خودا! عەبدوڕڕەحمان بەگ لە بنەماڵەیەکی ناوداری خۆرهەڵات بوو. لە خەلیج خانوویەکی زۆر گەورەیان هەبوە، دواتر کراوەتە بینای ڕەسمی. بەدرخان پاشای باوکی شەستوسێ منداڵی هەبوە. ئەو شەست و

دووەمین منداڵ بووە. باوکی حەڤدە ژنی هەبوە. خۆی [و. عەبدوڕڕەحمان بەدرخان] تەنیا سێ منداڵی هەبوو: لەیلا، کەریم، فەرید. دایکیان بە شێوەزارێکی ناتەواوی فەرەنسایی بانگی دەکردن. فەرید دەمرد، کات ڕزگاری نەکردو ساڵانێك پاڵی بە قەنەفەیەکەوە دا و هەروا مایەوە.

عەبدوڕڕەحمان بەگ هیچ کاروبارێکی نەبوو، بەڵام داهاتی هەبوو، هەرچی دەچوو لێی خەرج دەکرد. کاری دووەمی عەبدوڕڕحمان ئەوەبوو ژنەکەی بەسەریدا بقیڕێنێ: Vous, les tures (ئێوە تورکەکان). ئەگەر پەنای ببردایەتە بەر خوداو دوو زللەی لێ بدایە، زۆر باش دەبوو. بەڵام پیاوەکانی ئێمە نەیاندەتوانی ژنەکانیان ئازار بدەن. ئەو بێچارەیە هەرچی لە پارەکەی خۆی خەرج دەکرد، دەنگەدەنگ و هاوارەکانی ناو ماڵەکەیشی دەگەیشتنە بەرزترین شوێنەکانی ئاسمان. لەو دەوروبەرە تۆزێك کاریگەریی ئەڵمانی و بریتانیایی هەبوو، بەڵام ئەو کاتانە کاریگەریی فەرەنسایییەکان زۆرتر بوو...))

((زەنگی کڵێسە کاسۆلیکیەکان و ناوی فەرەنساییی هوتێلەکان و قیژەو هاوارەکانی ژنە مەدەنیەکەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان، هێشتا لە مێشکمدان. ئێمەش شیعری حەماسیمان لەدژی گاورەکان لە ماڵی خۆماندا لەبەر دەکرد:

((هامیلتۆن و گرەی هێشتا لەمە تێ ناگەن

جگە لە خودا، هیچ شتێك موسڵمان ناترسێنێ....))[٢١١]

[٢١١] مووسا عەنتەر، لە بیرەوەریەکانیدا بە بۆنەیەك باسی نیعمەت ئازرق دەکاو دەڵێ: ((ئەگەر بەرەسمیش نەبێ، ناوبراو بە براژنی کورد لەقەڵەم دەدرێ)). ئەمانەی لەبارەیەوە

نووسیوە: ((عەلی قەرەخان لەگەڵ کچی هاوشارییەکماندا بەناوی عەلی بەگی وێرانشەهیری‌یەوە کە دەرچووی کۆلێژی ئەدەبیات بوو، هاوسەرگریی کردبوو، دوو منداڵی هەبوو. لەوکاتانەدا عەلی قەرەخان یەکێك بوو لە جێگرەکانی داواکاری گشتیی دادگای باڵا. ئەو کاتانەش کە لەزیندان بوو، بە بەردەوامی باسی پۆستەکانی خۆی دەکرد، ((ئەو کاتانەی وا من لە شەمزینان دادوەر بووم))و بەو جۆرەش تا کاتی جێگیرکردنی بە داواکاری گشتیی باس دەکرد. ئەمە بە ئەندازەیەك بوو، تەنانەت ئەوانەی بۆ سەربازە قاپشۆرەکانیش باس دەکرد، کە خزمەتی ئێمەیان دەکرد. تومەز، عەلی بەر لەوەی دەستگیر بکرێ، لەگەڵ ڕۆژنامەنووس نیعمەت ئارزقدا پێکەوە ژیاون. کاتێك ئێمە لە ئینفرادی بووین، ژنەکەی عەلی لەبەر ئەوەی ئاگاداری ئەم ڕووداوە بووبوو، لە کۆبوونەوەیەکدا پەلاماری نیعمەت ئارزقی دابوو، سووکایەتیی پێ کردبوو، چونکە ناوی نیعمەت کەوتبوە سەرزاران. لەبیبەخانمی ژنی عەلی پێی وابوو ئەو کەسەی کە مێردەکەی بەدەستەوە داوە، نیعمەت ئارزق بووە. دوای ئەم شەڕە ژنانەیە، هەردوکیان نامەیان بۆ عەلی نارد. لەبیبە دەیگوت: ئۆی عەلی، شەرمەزار نەبووی کە لەگەڵ ئەو سۆزانیەدا نوستووی؟ سەیر کە، بەهۆی ئەوەوە من و تۆ و منداڵەکانیشم پەرێشان بووین؛ ئەو ژنە پۆلیسی نێهێنییە، ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ کردو تۆی بەدەستەوە دا. نیعمەتیش لە نامەکەیدا وەهای نووسیبوو: ئەی عەلی بەگ، تۆ چۆن لەگەڵ ئەو ژنە لاکۆڵانییە داربەدەستەدا هاوسەرگیریت کردووە؟ تۆ شایستەی ئەو بووی؟ بەخوا حەیفە بۆ تۆ، کارێکی باشت نەکردووە. عەلیش وەڵامی هەردوکیانی نووسی. لە وەڵامی هاوسەرەکەیدا وەهای نووسیبوو: ((کچی ئامۆزام، تۆ دایکی منداڵەکان و هەردوو چاومی. چی بکەین بەهۆی پیاوەتییەکی گێلانەوە لەگەڵ ئەو ... پێکەوە بووین، داوای لێبوردن دەکەم. بەڵێن دەدەم جارێکی دیکە شتی وەها ڕوو نەدا)).

لە وەڵامی نیعمەت خانمیشدا وەهای نووسیبوو؟ ((خۆشەویستەکەم، لەزەوییەوە هەتا ئاسمان هەق بە تۆیە. بەڵام دەزانی ئێمەی کورد بە خۆشەویستی و لاقەکردن نا، بەڵکوو بە دیاریکردن و دەستنیشانکردن هاوسەرگری دەکەین. ئەوەی منیش وەهابوو. هەر دەرفەتم هەبێ واز لەو دێنم و دێم بۆ لای تۆ)).

سەرچاوە: ئارزق، نیعمەت، بیرەوەریەکانی یەك ئەسپ، یەك ڕم، بڵاوکراوەکانی کانیاك، ئەستەمووڵ، ١٩٨٣، بەرگی١، ل٦٩-٧١.

---

بە شێوەی ئاسایی ئێمە نامەکانی خۆمان دەدایە بەڕێوەبەرایەتیی زیندان. ئەوانیش سانسۆریان دەکردو دواتر دەیاننارد. ئەو نامانەش کە بۆ ئێمە دەهاتن، سانسۆر دەکران. دادوەرە عاقڵەکەی شەمزینان و جێگری داواکاری گشتیەکەی ئێمەش لە یەك کاتدا هەردوو نامەکە دەداتە بەڕێوەبەرایەتیی زیندان و ئەوانیش کاتێ سەیری دەکەن، دەزانن لە دژی عەلیەو نامەی ژنەکەی دەخەنە ناو زەرفی خۆشەویستەکەی و نامەی خۆشەویستەکەیشی دەخەنە ناو زەرفی نامەی ژنەکەی و ئەوسا دەیاننێرن. هەفتەیەك دوای ئەوە ژنەکەی عەلی هات بۆ سەردان، زۆری پێ کرد. عەلی بە ڕەنگێکی زەردەوە لە ژووری سەردان گەڕایەوە. لێم پرسی وتم: خێر، عەلی هەواڵێکی ناخۆش هەیە؟ وتی: مەپرسە مووسا، ڕەزیل بووم، دواتریش ڕووداوەکەی گێڕایەوە. دوای نیوەڕۆ دیسان بۆ سەردان عەلیان بانگ کرد، کاتێ گەڕایەوە، ئەمجارەیان "عورق"ی تەنیشتمان پرسیاری لێ کردو وتی: عەلی بەگ دیسان براژن هاتبوو؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: نەخێر ئەمجارە جارییە هاتبوو، دوای ئەوەش عورق زۆر توور بوو، کەوتمە بەینیان و کێشەکەم چارەسەر کرد. دواتر عەلی باسی ئەوەی کرد کە نیعمەت خانمیش زۆری پێ کردووە.

پاش ئەو ڕووداوەش نیعمەت ئارزق لە عەلی دوور کەوتەوەو کتێبێکی گاڵتەجاڕی و تەنزی بەناوی مەحموود عەلی کوردەوە نووسی. لە کتێبەکەیدا بەسەرهاتەکانی خۆی و عەلی و بنەماڵەکەی گێڕاوەتەوە. وا دەر دەکەوت نیعمەت خانم خۆی بە تەواوی بۆ کوردان تەرخان کردبوو، چونکە بیستبووم دوای جیابوونەوە لە عەلی، سەری دۆستایەتیی لەگەڵ کینیاس کارتاڵ دانابوو. نیعمەت خانم پێشتر ژنی شەریف ئارزق بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی ئەنادۆڵ بوو، خانمێکی بەکەلتوور و خوێندەوار و زمانزان و شۆخ بوو. ساڵی (١٩٨٩) کۆچی دواییی کرد. ئەگەر بە شێوەی ڕەسمیش نەبێ، بە براژنی ئێمەی کورد لەقەڵەم دەدرێ. خودا ڕەحمی پێ بکا.)) (عەنتەر، موسا، بیرەوەریەکانم، بلاوکراوەکانی دۆز، ئەستەمووڵ، ١٩٩٠، ل١٧٠-١٧٢).

پاشکۆی (۹)


کۆڕنامەی دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران (مەجلیسی وکەلا)

کورتەی دانیشتنی ڕۆژ

بیرهێنانەوەو هۆشدارینامەیەکی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد (لە ئەستەموولْ دامەزراوە) کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بلاْو کراوەتەوە، لەگەلْ هەندێك باس و گوزارشت لەبارەی بڕیاری بابی عالییەوە بۆ ڕەوانەکردنی شاندێك یا چەند شاند بۆ لێکۆلْینەوە و چاکسازی لە بارودۆخی ئەنادۆلْ و ڕاپۆرتێکی پاتریکی ئەرمەن خوێندرایەوە.

بڕیارەکەی؛

لەو هۆشدارینامەیەدا کە ئاماژەی پێکرا باسی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کوردو ئەرمەن کراوەو ئامۆژگاری کراوە کە کێشەو داواکانی زەوی‌وزار لەنێوان کوردو ئەرمەن و گەلانی دیکەدا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارسەر بکرێ، هەروەها ناکۆکیی نێوان ئەو کەسانەش کە بە زەوی‌وزار و کشت‌وکالْەوە سەرقالْن، بەپێی یاسا یەکلایی بکرێتەوە. باس لەوەش کراوە کە ڕێنەدان بە دژایەتی و کێشمەکێشی نیوان خێلْ و سەرکردەکانی خێلْەکان لە بەرژەوەندایە. جگە لەوە باسی ئەوە کراوە کە پێویستە دەستەو شاندێکی (٥) کەسی بۆ ئامۆژگاری و چاکسازی کە یەك کەسی بەڕێوەبەرایەتیی مەدەنی و کەسێکی سەربازی و پیاوماقوولاْنی کوردو ئەرمەن و کەسانی ئاگادار لە ڕووداوەکان پێك هاتبێ، بەبێ بەفیڕۆدانی کات ڕەوانەی پارێزگاکانی




**کارتی ئەحمەدجەمیل دیاربەکریی سەرموحەڕڕیری غەزەتەی "کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی" (ساڵانی ١٩٠٨-١٩٠٩)**

www.zheen.org

**ئەرزڕۆم، بتلیس، وان، سیواس، مەعموورەتول عەزیز و دیاربەکر بکرێن. لەپاڵ ئەوەدا، پێویستە حکوومەتە ناوچەیی‌یەکانی ئەو شوێنانەی کە دەستەکە سەریان لێ دەدا، ئاگادار بکرێنەوە یارمەتیی ئەو دەستەیە بدەن و پێویستیەکانیان بۆ دابین بکەن.**

**لە ڕاپۆرتەکەی پاتریکی ئەرمەنیشدا باس لەوە کراوە کە پێویستە ئەو دەستەیەی وا باسی کرا، بە چاودێری یا سەرپەرشتیی وەزیر یان بەڕێوەبەرێکی ڕاستگۆ و بەئەزموون بێ کە بەشداریی لە بەڕێوەبردنی پێشوودا نەکردبێ. هەروەها ئەندامانی دەستەکەش کەسانێکی ڕاستگۆ بن لە لایەنە جیاوازەکان و یەکدوانێکیشیان فەرمانبەری دەوڵەت بن و چەند ئەندامێکی چاپەمەنیی عوسمانیشیان تێدا بێ.**

هەروەها دەستەکان دەسەلاَتیان هەبێ و ئەوەش بەگوێرەی ئەرکە گرنگەکانی داهاتوویان بێ و لەو شوێنانەی کە بۆی دەچن، هێزە سەربازیەکان یارمەتییان بدەن؛ یانی دەستەکە ڕێپێدراو بێ، ئەگەر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا بۆیان دەرکەوت، فەرمانبەرانی دەوڵەت بە مەدەنی و عەسکەرییەوە، تەنانەت پارێزگارەکانیش، خراپەیان کردبێ یا بە شێوەیەکی خراپ دەسەلاَتیان بەکار هێنابێ، ئاگادار بکرێنەوەو بیانگۆڕن و لەسەر کارەکانیان لایانبەرن. هەروەها ئەندام و بەرپرس و ئەفسەرەکانی لیواکانی حەمیدییە، جگە لە کاروباری سەربازی، ئەرکی پۆلیس (زابیتە) و فەرمانبەری مەدەنیی دەوڵەتیان پێ نەدرێ و کەسانی تاوانکار و تاوانبارانی ئاسایی کە ئازاد کراون، یەکسەر دەستگیر بکرێنەوەو ئەو کەسانەس کە شکاتی کوشتنیان لەسەرە، بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەو داواکانیان ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیی بنەماکانی لێکۆڵینەوەو موحاکەمەکردن بکرێن. هەروەها ئەو موڵك و زەویوزارانەی ئەستەموولْ کە بە شێوەی ئیداری داگیرکرانیان سەلمێنراوە، بگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان و بۆ هەموو ئەو کەسانەش کە ماڵ و موڵکەکانیان لێ وەردەگیرێ، ئەو مافە هەبێ کە سەر لە دادگا بدەن و سکالاَ تۆمار بکەن.

خاڵی دووەمیش ئەوەیە؛ ئەو مامەڵە نیزامییەی کە دەرهەق بە کۆچەرانی بیانی دەکرێ، دەرهەق بەو کەسانەش بکرێ کە گەڕاونەتەوەو خاوەنی موڵك و زەویوزار نین، یا زەویوزارەکانیان داگیر نەکراوە، بە فەرمانێکیش بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی ئاگادار

بکرێنەوە کە بە شێوەی کاتی ئەوانەی وا ئەمڕۆ لە ئەستەمووڵدان، نیشتەجێ بکرێن‌و گوزەرانیان دابین بکرێ. سێهەمیش ئەوەیە کە دادگاکان تەمێ بکرێن ئەو کەسە خاوەن نفووز و دەسترۆیانەی کە لە ئەنادۆڵ کاری ناپەسندیان بەرامبەر بە هەژاران، بە تایبەت ئەرمەنەکان، کردووە، بەپێی یاسای سزاکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. وەك خاڵی چوارەمیش باسی ئەوەی کردووە کە بەهۆی ئەو گرانی و قات‌وقڕییەوە کە ئەمڕۆ لە مەعموورەتول عەزیز، وان، بتلیس، سەنجەقی کۆزان هەیە، بەپەلە بە لێکۆڵینەوە یارمەتیی پێویستی ئەو جووتیارانە بدرێ کە تووشی نەداری و قات‌وقڕی هاتوون و [و. دەوڵەت] لە باجە کۆنەکانیشیان خۆش ببێ.

هۆشدارینامەی ئاماژەپێکراو و ڕاپۆرتەکەش شایانی سەرنج بوون و لەبەر ئەوەی دامەزراندن و ڕەوانەکردنی دەستەیەکی لێکۆڵینەوەو چاکسازی لە هەندێك لە پارێزگاکاندا بۆ نەهێشتنی بارودۆخی ناپەسندی ئانادۆڵ و سزادانی هۆکارەکارەکانی ئەو ڕووداناەو بەرقەراکردنی ئاسایش و ئارامی، شتێکی قابیلی تێڕوانین و گونجاو بوو، بڕیار درا دەستەیەك بە سەرپەرشتیی دانیش بەگ پارێزگاری ویلایەتی سەلانیك، لە سولەیمان نەزیف بەگ مەکتووبچی (نامەبەر)ی پێشووی قۆنیە، دارین ئەفەندی لە ئەندامانی دادگای بەراییی بەی ئۆغلوو و واهیب بەگ لە ڕائیدەکانی ئەرکانی حەربییەو فەریدوون ئەفەندی لە سەردەستەکانی ئەرکانی حەربییە کە لە سوپای چوارەم دامەزراوە، پێك بهێنرێ و دوو کەس لە بەڕێوەبەرانی داراییی

لەسەرکارلابراو لەگەڵیاندا بن و هەریەك لەو شوێنانەش کە بۆی دەچن، نووسەریك دابمەزرێنین ئاگاداری ڕووداوەکان و باردۆخەکە بێ.

وەك سەرەتاش ئەوە بەبیر هێنرایەوە کە پێویستە ڕەشنووسی ڕێنمایی‌یەك بۆ دەسەڵات و ئەرکەکانی ئەو دەستەیەی کە ئاماژەی پێ کرا، ئامادە و ڕەوانە بکرێ. جگە لەوە، وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار بکرێتەوە بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی کە ئاماژەیان پێ کرا، لە پارێزگاکانی مەعموورەتول عەزیز، وان، بتلیس و سەنجەقی کۆزان کە قات‌وقڕی‌و وشکەساڵییان تێدا پەیدا بووە، لێکۆڵینەوە بکرێ بۆ یارمەتیدانی ئەو جووتیارانە کە نەدارن وی‌تووشی قات‌وقڕی بوون و وردبینی لە بڕی یارمەتیدانەکانیان بکرێ و بەخێرایی یارمەتی بدرێن و مەسەلەی بەخشینی باجەکانی پێشوویان پێویستی بە بیرکردنەوەی زیاتر هەیە. هەروەها پێویستە دەستەی ناوبراو لە ڕێنمایی‌یەکەیدا ئەوەش دابنێ کە پێویستە ئەو کەسانەی وا چوونەتە وڵاتانی ڕووسیاو وڵاتانی دیکەو دواتر بە لێبوردنی گشتی گەڕاونەتەوە، لەبەر پێ‌نەدانی پارەی بەرامبەر بە سەربازی کە لەسەریەك کەڵەکە بووە، نەخرێنە بەر گوشارو لەوبارەیەشەوە وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار بکرێتەوە.

(١٢ ئیمزا)

ئیمزا (مانیاسی‌زادە ڕەفیق)[٢١٢]

سەرچاوە:

BOA.MV, 123/13, Tarih: 09/Za?1396

---

[٢١٢] مانیاسی‌زادە ڕەفیق لەو کاتانەدا وەزیری داد بووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# KAYNAKLAR

## ARŞİV KAYNAKLARI

Başbakanlık Osmanlı Arşivi Belgeleri

## DİĞER KAYNAKLAR


Abdurrahman Bedirhan'ın kızı Leylâ'ya yazdığı 11 Eylül 1908 ve 5 Ekim 1908 tarihli mektuplar

Adıvar, Halide Edib, Mor Salkımlı Ev, 3. baskı, Atlas Kitabevi, İstanbul, 1970

Alakom, Rohat, Eski İstanbul Kürtleri, Avesta Yayınları, İstanbul, 1998

Anter, Musa, Hatıralarım, Doz Yayınları, İstanbul, 1990

Arzık, Nimet, Tek At Tek Mızrak Anılar, Kaynak Yayınları, İstanbul, 1983, c. I

Bedil, Se'îd, Tarîxçeyê Conboşhayê Millîyê Kord Ez Qernê Nozdehom Ta Payanê Cengê Cîhanê Dovvom, İran Kürdistan Demokrat Partisi Yurtdışı Örgütü Yayınları, 1363 [1984]

Bedirhan, Abdurrahman, Aydın'ın Durumunun Özeti (25 Mayıstan 1 Temmuz 1919'a Dek)

Bedirxan, Ebdurrizaq, Autobîografiya Ebdurrizaq Bedirxan, Weşanên Kovara Havîbûn, Berlin, 1999

Bedirxan, M. Salih, Muzekkerati, Arapçaya çeviren: Rewşen Bedirxan, Şam, 1991

Bedr-Xan, Kamuran, Mémoires de l'Emir Kamuran Bedr-Xan, dictées au Révérend Père Thomas Bois, O. P., à Beyrouth du 7 au 10 décembre 1946 (Daktiloyla yazılmış metin)

Celîl, Dr. Celîlê, Jiyana Rewşenbîrî û Siyasî ya Kurdan (Di Dawiya Sedsala 19'a û Destpêka Sedsala 20'a de), Jîna Nû Yayınları, Uppsala, 1985

Celil, Celilê, XIX. Yüzyıl Osmanlı İmparatorluğu'nda Kürtler, Rusçadan çeviren: Mehmet Demir, Öz-Ge Yayınları, Ankara, 1992

Chirguh, Le Docteur Bletch, La Question kurde ses origines et ses causes, Publication de la Ligue Nationale Kurde Hoyboun, Le Caire, 1930

Demirayak, Sadettin, Kuva-yı Milliye'nin Aydın'da Doğuşu: Yörük Ali Efe ve Demirci Mehmet Efe'nin Faaliyetleri, 3. baskı, Aydın, 2007
Develioğlu, Ferit, Osmanlıca-Türkçe Ansiklopedik Lûgat, Ankara, 1970
Dündar, Fuat, Modern Türkiye'nin Şifresi: İttihat ve Terakki'nin Etnisite Mühendisliği (1913-1918), İletişim Yayınları, 2008
Ehmed, Dr. Kemal Mezher, Kurdistan Le Salekanî Şerrî Yekemî Cîhanî da, Çapxaney Korrî Zanyarî Kurd, Bağdat, 1975
Emîn, Newşîrwan Mistefa, Kurd û Ecem: Mêjûy Siyasîy Kurdekanî Êran, çapî duwem, Bilawkirawekanî Senterî Lêkolînewey Sitratîcîy Kurdistan, Silêmanî, 2005
Emir Bedirhan, Nâşiri: Kürdler Cem'iyyeti nâmına Lütfî, Matbaa-i İctihâd
Hanioğlu, Dr. M. Şükrü, Bir Siyasal Düşünür Olarak Doktor Abdullah Cevdet ve Dönemi, Üçdal Neşriyat, İstanbul, 1981
Hanioğlu, M. Şükrü, Bir Siyasal Örgüt Olarak Osmanlı İttihad ve Terakki Cemiyeti ve Jön Türklük (1889-1902), c. I, İletişim Yayınları, İstanbul, 1985 (?)
Hanioğlu, M. Şükrü, "Jön Türk Basını", Tanzimat'tan Cumhuriyet'e Türkiye Ansiklopedisi, İletişim Yayınları, İstanbul, 1985, c. 3
Hawar, M. R., Şêx Mehmûdî Qareman û Dewletekey Xwarûy Kurdistan, bergî duwem, Londra, 1991
Klein, Janet, Claiming The Nation: The Origins and Nature of Kurdish Nationalist Discourse, A thesis presented to The Faculty of Princeton University in candidacy for the degree of master of arts – recommanded for acceptance by the program in Near Eastern Studies, June 1996
Lütfî (Ahmed Ramiz), Emir Bedirhan, BGST Yayınları, İstanbul, 2007
Malmîsanij, Abdurrahman Bedirhan ve İlk Kürt Gazetesi Kurdistan Sayı: 17 ve 18, Stockholm, 1992
Malmîsanij, Cızira Botanlı Bedirhaniler ve Bedirhani Ailesi Derneği'nin Tutanakları, Avesta Yayınları, İstanbul, İkinci baskı, 2000
Mardin, Şerif, Jön Türklerin Siyasi Fikirleri 1895-1908, İletişim Yayınları, İstanbul, 1983
Mohseni-Sadjadi Chirine, Naissance du mouvement national Kurde en İran, memoire de maitrise, Universite de Paris X Nanterre, Departement de sociologie, Section de l'industrialisation et du developpement, Paris, Septembre 1983
www.zheen.org

Noel, Edward William Charles, Kürdistan 1919 Binbaşı Noel'in Günlüğü, Avesta Yayınları, İstanbul, 1999
Noel, Edward William Charles, Diary of Major Noel on Special Duty in Kurdistan, Bağdat (?), 1919
Olson, Robert, Kürt Milliyetçiliğinin Kaynakları ve Şeyh Said İsyanı, Öz-Ge Yayınları, Ankara, 1992
Safiye, Leylâ, Leyla: Bir Kürt Prensesinin Öyküsü, İstanbul, Avesta Yayınları, 2004
Sasuni, Garo, Kürt Ulusal Hareketleri ve Ermeni-Kürt İlişkileri (15. yy.'dan Günümüze), Orfeus Yayınevi, Stockholm, 1986
Sevgen, Nazmi, Doğu ve Güneydoğu Anadolu'da Türk Beylikleri, Türk Kültürünü Araştırma Enstitüsü Yayınları, Ankara, 1982
Silopi, Zinnar, Doza Kurdustan, Stewr Basımevi, Beyrut (?), 1969
Tunaya, Tarık Zafer, Türkiye'de Siyasal Partiler, c. II, Hürriyet Vakfı Yayınları, 1986
Türk Ansiklopedisi, Millî Eğitim Basımevi, İstanbul, 1989, c. 1
Türk Ansiklopedisi, Millî Eğitim Basımevi, Ankara, 1972, c. 20
Tütengil, Cavit Orhan, "Yeni Osmanlılar"dan Bu Yana İngiltere'de Türk Gazeteciliği (1867-1967), 2. baskı, Belge Yayınları, 1985
Xeznedar, Cemal, Rûznamegerî Der Kordestan, terceme: Ehmed Şerîfî, Tahran (?), 1357 [1978]

بنکەی ژین
www.zheen.org

## SÜRELİ YAYINLARDAN

Cemil, Ahmed, "Tıbbiyyelilerin Sahne-i Temâşâsını Ziyâret ve İshak Sükûtî-i Kürdî'ye Selâm", Kürd Teâvün ve Terakki Gazetesi: Cem'iyyetin vâsıta-i Neşr-i Efkârıdır, İstanbul, nr. 5 (20 Kanûn-ı evvel 1324 [1909])
Écho de Paris, 1 juillet 1906
Figaro, 13 juin 1906
Gazette de Francfort
"İctimâî Yaralarımızdan Maârifsizlik", Kurdistan (Kürtlerin menâfiini müdâfaa ve onbeş günde bir intişâr eder Kürt gazetesidir), Kahire, Nr. 5 (15 Muharrem 1336 [1917])
Journal de Genève, 3 juillet

Kurdistan, rojnama Kurdî ya pêşîn/ilk Kürd gazetesi 1898-1902, Arap harflerinden Latin harflerine çeviren: M. Emîn Bozarslan, c. I, Deng Yayınevi, Uppsala, 1991

Kurdistan, rojnama Kurdî ya pêşîn/ilk Kürd gazetesi 1898-1902, Arap harflerinden Latin harflerine çeviren: M. Emîn Bozarslan, c. II, Deng Yayınevi, Uppsala, 1991

Kurdistan Hey'et-i Tahrîriyyesi, "Karilerimize", Kurdistan (Kürtlerin menâfiini müdâfaa ve onbeş günde bir intişâr eder Kürt gazetesidir), Kahire, Nr. 1 (15 Zilkade 1335)

Levant Herald, 5 décembre 1908

Matin, avril 1906

Nouvelle Presse Libre (de Vienne)

Osmanlı, Londra & Cenevre, Nr. 2 (15 Eylül 1898), Nr. 49 (1 Aralık 1899), Nr. 56 (1900), Nr. 60 (1900), Nr. 65 (1 Ağustos 1900)

Pîrbal, Ferhad, "Zencîrey Bûjandinewey Nûsrawe Usmanîyekan-4", Yekgirtin: Govarêkî Roşinbîrîy Tiyorî ye, Kopenhag, Nr. 15 (1992)

Pîrbal, Ferhad, "Rojnamey Kurdistan Dewrey Yekem (1898-1902)", Kurdistan Yekemîn Rojnamey Kurdî, Le Bilawkirawekanî Binkey Edebî û Rûnakbîrî Gelawêj, 2000

"Rojnamey Kurdistan Dewrey Sêyem 1917-1918", Çirîkey Kurdîstan, Nr. 3

Stamboul, 8 avril 1908

Suissé Libérale, 1904

[Sükûtî, İshak], "Arnavutlar ve Kürtler", Osmanlı, Cenevre, Nr. 51 (1 Kânûn-ı sânî 1900)

"Teblîg-i Mahsûs", Kurdistan, Cenevre, Nr. 18, 21 Eylül 1315 [1899]

Temps, avril 1906

"Terceme-i Hal", Hetawî Kurd, İstanbul, Nr. 3 (29 Kânûn-ı evvel 1329/11 Ocak 1914)

Tribune, 31 mars 1906, avril 1906

Xeznedar, Marif, "Kurdistan 22y Nîsanî 1898", Rojnamevanî: govarêkî werzî ye, Hewlêr, Nr. 8 (Nîsanî 2002)

"Zıyâ'-ı Azîm", Kurdistan, Cenevre, Nr. 30 (4 Zîlhîcce 1319/1 Mart 1318 [14 Mart 1902])

بنکەی ژین
www.zheen.org

## DİJİTAL KAYNAKLAR

Hicri ve rumi tarihleri miladî tarihe çevirmek için şu kaynaktan yararlandım: http://193.255.138.2/takvim.asp?takvim=3&gun=21&ay=1&yil=1317

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org